# گزینگ ٢٩

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە پاییزی ٢٠٠٠ (١٣٧٩)

❑ تا کەی شەڕی ناوخۆیی؟!

❑ زبانی ستانداردی کوردی

❑ سەلیم بەرەکات: زایەلەیەک لە ئەفراندنی تراژیدیایەکی هونەرییانەی کوردی و ڕاقەیەک بۆ «مەهاباد»

❑ مەهاباد، بەرەو ئۆلۆمپیادی خوا

❑ ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی (٣)

❑ ناسنامە و کێشەی ژنی کورد لە کوردستان و تاراوگە

❑ ژن لە ئاوێنەی ئەلحی هێندێ هۆنراوەی کوردیدا

❑ ژ. ک لە کرماشاندا

❑ گۆ شینگیان و وەرگرانی خەلاتی ئەدەبی نۆبێل(١٩٠١-٢٠٠٠)

❑ برینەکان دەکولێنەوە(١)، شەست کەس بە پووشێک

❑ شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەوالی فەرهەنگی

## ئادرێسی گزینگ گۆڕاوە

هەر وەک لە ژمارەی پێشوو (٢٨)دا، ڕاگەیێندرابوو، سەرلەنوێ بە هەموو نووسەرانی بەڕێز و خوێنەرەوان و بەشدارانی خۆشەویست لە دەرەوە و ناوەوەی سوێد ڕادەگەیێنینەوە کە ئادرێسی پۆستیی و ژمارە تەلەفۆن و فاکسی گۆڤاری گزینگ گۆڕاوە، تکایە لەمەودوا بەو ئادرێس و ژمارانەی خوارەوە پێوەندی بە گۆڤارەکەوە بکەن و، هیچ بەستە و نامەیەک بە ئادرێسی پێشوو ڕەوانە مەکەن. هەروەها سپاستان دەکەین ئەگەر ئەو خاڵانەش لە بارچاو بگرن:

ـ لە ناردنی نامە و بەستە و ڕاسپاردەی پۆستیی و بانکییدا، تکایە نێوی (Solaiman Chireh) بەرپرس و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بنووسن و لە یادی مەکەن.

ـ ئەو کەسانەی کە بەرهەم و نووسراوە بۆ گۆڤارەکە دەنێرن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامیان بدرێتەوە، تکایە ئادرێسی پۆستیی خۆیان بنووسن و فەرامۆشی مەفەرموون. وێڕای ڕێز و سپاسی دووبارە.

(گزینگ)

Gzing
Valstavägen 62, 2tr
195 50 Märsta - sweden

Tel/fax: +46 - 08 59 11 36 50
Mobail:+46 - 070 23 59 687

# گزینگ ـ ژماره ٢٩

پاییزی ٢٠٠٠ (١٣٧٩)

## نێوەرۆک

تا کەی شەڕی ناوخۆیی؟: ........................ س. چ هێرش ٤
زبانی ستانداردی کوردی: ........................ د. عەزیز ژیان ٦
سـەلیم بەرەکـات: زایەڵەیەک لە ئەفـراندنی تراژیدیایەکی هونەرییـانەی ٩
کوردی و ڕاڤەیەک بۆ «مەهاباد»: ........................ هەندرێن
مەهاباد، بەرەو ئۆلۆمپیادی خوا: ........................ سەلیم بەرەکات ١٢
ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی (٣): ........................ ئازاد حەمە ١٦
ناسنامە و کێشەی ژنی کورد لە کوردستان و تاراوگە: مەهاباد قەرەداغی ٢٦
ژن لە ئاوێنەی تەڵخی هێندێ هۆنراوەی کوردیدا: ..د. محەمەد حوسێن عەزیز ٣٤
کچ لە دایک بووم: ........................ سارا ژوان ٣٧
ئەبولقاسمی لاهووتی: ........ سەعید نەفیسی، و:....... ئەنوەر سوڵتانی ٣٨
ژ. ک لە کرماشاندا: ....... محەمەد عەلی سوڵتانی، و: ئەحمەدی شەریفی ٤٢
سێ نووسینی کورت: ........................ حەمە سەعید حەسەن ٤٤
عیشق و بەراوردێکی سەمایی (شێعر): .............. حەمە شوان شەریف ٤٦
سپی دەنگ(شێعر): .... عومەر سوڵتانی(وەفا)، ئاگردز: حەمید کەشکۆڵی ٤٧
دوو پارچە هۆنراوە: شەهلا،................... تەنیایی: ئەحمەد ساڵح ٤٨
شاملووش ماڵئاوایی لە جیهانی شێعر کرد، من مەرگم کردە سروودێک(شێعر) ٤٩
حیزبی زستانە (کورتە چیرۆک): .................. محەمەد فەریق حەسەن ٥٠
گوڵ چاندن بڤەیە (کورتیلە چیرۆک): .................. عەباس شوان ٥١
هەنار (کورتە چیرۆک): ........................ کوردان کەریم مەحموود ٥٢
گەرما و گومرگ( تەنز): ........................ بێوار زەردەشتی ٥٧
کورتە باسێک لە سەر ڕۆمانی (مابیغمان مست): .............. مەرزە ٥٨
کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و چەند ڕوونکردنەوەیەک:.... حامید گەوهەری ٦٠
گۆ شینگیان، وەرگری خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل(٢٠٠٠): .................. ٦٤
گۆ شینگیان و وەرگرانی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل(١٩٠١-٢٠٠٠): ......... ٦٥
برینەکان دەکولێنەوە(١)، شەست کەس بە پووشێک: ........... ب. ئارام ٦٨
نامەیەک لە کوردستانەوە: ........................ بەهمەنی سەددیقی ٧٢
بەرقەرار بێ ئاشتی لە کوردستان(بەیاننامەی کۆمەڵێک نووسەر و ...) ...... ٧٤

**بەرێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

چاپ، کتێبی هەرزان: پاییزی ٢٠٠٠

ISSN 1104 - 3473

# تا کەی شەڕی ناوخۆیی؟

س. چ. هێرش

جار هەیە هێندێک ڕووداوی کۆمەڵایەتی و کارەساتی سیاسیی دەستکرد دەقەومێن کە گەورەترین کارتێکەریان لە سەر ژیان و چارەنووس و داهاتووی کۆمەڵگادا هەیە. شەڕی ناوخۆیی یەکێک لەو کارەساتانەیە کە هەروا بەردەوام دەبێ و نابڕێتەوە.

لێرەدا، بەر لەوەی درێژە بەو باسە بدرێ، سەرنجی هەموولایەک بۆ ئەو خاڵە ڕادەکێشرێ کە گزینگ، هەروەک لە ژمارەی یەکەمی خۆیدا ڕایگەیاندووە: بەربەرەکانی و دەمەلاسکەی هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی ناکا کە بۆمافی ڕەوای گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا تێدەکۆشێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ لەو هەڵە و تاوانانە چاوپۆشی بکا، کە لە لایەن حیزبە سیاسییە کوردییەکانەوە دەکرێن و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئامانجی دوارۆژ دەخەنە مەترسییەوە. هەروەها، پێویستە ئەوەش جەخت بکرێتەوە کە گزینگ، لایەنگریی لە هیچ حیزبێکی سیاسی ناکا، بەڵکە هەموویان بە یەک چاو دەنوارێ و، لایەنی کردەوە و ئاکارە باش و خراپەکانیان، بە ڕاشکاوی لە هەموو بوارێکەوە، واقیعبینانە هەڵدەسەنگێنێ. هەربۆیەش، نابێ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبانەی کە لەوانەیە لەو باسەدا نێویان بێتەگۆڕێ، چاوەڕوان بن کە ڕێبەرایەتی حیزبەکەیان، لەبری ڕەخنەی دڵسۆزانە و سەرکۆنەکردنی کوردانە، چەپڵەی دەستخۆشانەیان بۆ لێبدرێ.

هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن، یەکێک لەو تراژێدی و کارەساتە دڵتەزێنەی کە، نە شیکردنەوەیەکی مەنتیقی و زانستییانە هەڵدەگرێ و، نە ڕێگاچارەیەکی دروستیشی بۆ دەدۆزرێتەوە، شەڕی ناوخۆیی کوردستانە. شەڕێک کە هەر لە ڕۆژی شکڵ گرتن و دەستپێکرانی پرۆسەی نەتەوە ــ دەوڵەت، لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی ماکەی «کوردبوون»، «کوردایەتی»، «کوردستانی بوون» و «ئیدیکەبوون»، کە هەرکام لە حیزبێکی دیاریکراوی سیاسیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیسمی کورد هێلاوهێل ڕۆیشتووە و، ئاسۆی ئەو پرۆسەیەی لێڵ کردووە و جاری واشە هەر بە تەواوی کوێری کردووەتەوە. نە ئەوەیە کۆتایی پێبێت و، نە ئەوەشە کە ماکەیەک بە سەر ماکەیەکی دیکەدا زاڵ بێ و پرۆسەکە یەکلا بکرێتەوە.

هەروەک ئاشکرایە، تایبەتمەندیی ژێۆپۆلیتیکی و شێوەی دابەشبوونی سیاسی کوردستان لەلایەک و، سرشتی ویست و خواز و ئامانجی جەماوەریی ئەو جوغرافیا پان و بەرینە لەلایەکی تر، بارودۆخێکی وەهای خوڵقاندووە کە چۆنیەتی پرۆسەی نەتەوە ــ دەوڵەت یان ڕێبازی ستراتێژیی نەتەوەیی، پێ بەپێی بەستێنی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی جیاواز بێ و، شێوەی قانوونمەند و حاڵەتی شێنەیی بە خۆوە نەگرێ. هەر بۆیەشە، ئەغڵەب، ماکە جۆراوجۆرە خۆییەکانی کوردستان لە بەشە دابەشکراوەکاندا، بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی یەکتر، دەکەونە ژێر تەئسیری ماکەی دەستێوەردەری «ناخۆیی» بەشەکانی دیکە و، لە ئاکامدا بووالەتی نەتەوایەتی و بەرژەوەندیی گشتی پرۆسەکە، لە پێناو دەسەڵاتی حیزبایەتیدا قوربانی دەکرێ.

شتێکی ڕوونە، لە هەلومەرجی ناسکی ئێستادا، هۆی دەرەکی و هەندەری بەتایبەت بیرروڕای گشتی جیهانی بۆ ناساندن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، فاکتۆرێکی زۆر گرینگ و بایەخدارە، بەڵام ئەگەر ئەو ناکۆکی و ناتەبایی و چەند بەرەکییە هەروا درێژە پەیدا بکا، کورد بە جارێک لە بەر چاوی خەڵکی جیهان زیاتر سووک دەبێ. شەڕی چەند ساڵەی نێوان (ینک) و (پدک) لە پارچەیەکی خۆیی و هەروەها لێک ڕاسان و پێکدادانی لایەنە سیاسییەکانی ئەم دیو و دیوی کوردستان کە بە فیتی دەوڵەتە دراوسێکان وەڕێکەوتووە و وەڕێدەکەوێ، حاڵەتێکی وەها کاڵتەجاڕی و شەرمەزارانەیان بە خۆوە گرتووە کە هەر کەس نەختاڵێک شەرمی غیرەت و کوردستانی بوون بیگرێ، لە ئاست سەرنجدەرانی غەیرە کورد و بیروڕای گشتی جیهانی سەری هەڵنایە و دادەمێنێ.

دەوەدا شک نییە کە هیچکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی کە بۆ ماوەیەک بەشێک لە بزووتنەوەی پارچەیەکی دیاریکراویان نوێنەری کردووە و زۆربەشیان شێوەی خەباتی چەکدارییان بە تاقە ڕێگای بەرەنگاری و ڕزگاری زانیوە، لەو ڕاستییە ئاوارتە ناکرێن کە لە کاتی تەنگانە و لێقەومان و ئاشبەتاڵدا، سنووری ئەم دیو و ئەودیوی کوردستانیان بزاندووە و بە شێوەی ڕەسمی یان نارەسمی لە ناوچەیەک ماونەتەوە. هەڵبەت ناشێ ئەوەش لە بیر بکەین کە خەباتی چەکداری وەک ڕێبازی سەرەکیی خەبات، لە نەوعی خۆیدا گەلێک دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جۆرە فەرهەنگێکی مافیایی و جاشبەرەوەریی و نۆکەرسفەتی خوڵقاندووە. دیارە لایەنی هەرە خراپی زۆربەی ئەو حیزبە سیاسییانە ئەوە بووە کە بۆ مانەوەی خۆیان و چەک و چۆڵ وەرگرتن و بنکەی لۆجستیکی و پێگەی پشتی

جیبهه، دەستی هاوکارییان بۆ لای دەوڵەتە ناوەندییەکانی پارچەکانی تری کـوردسـتـان درێژ کـردووە و، ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی کـاتیی خـۆیان یارمـەتیـان داون و تەنانـەت توانیـویانـە بەشـێک لە کـاسـتی ڕێبەری ئەو حیزبانە بکرن و بۆ مەسڵەحەتی ڕۆژانەی خۆیان کایەیان پێـبکەن. ئەو بـەزم و کـایەپێکردنە لـە شـۆڕشی ئـەیلوول(١٩٦٢)ەوە، وەک سـەناریۆیەک هەروا بە جێگۆڕکێی حیزبەکان و دەوڵەتەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان دووپات دەکرێتەوە. شەڕی ناوخۆییش یەکێک لە ئاکـامـەکـانی ئەو دیاردە دزێوەیە کـە دەبێ بە هـەمـوو توانای ڕۆشنگەریی و ڕۆشـنبیریی و وزەی بەرژەوەندخـوازانەی گەلییـەوە دە گژییەوە بچین و چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە.

ئەگـەر بە شـێوەیەکی ڕاشکاو، ئاکار و کردەوەی هێندێک لەو حیـزبە سـیـاسـیـیـانە هەڵسـەنگێنـین و ، بەتایبـەت هەلومـەرجی باشـووری کوردسـتان بخەینە بەرباس، دەبینین کە ئەو هـەلومەرجە لەبارەی کە لەو دواییانـەدا بۆ بەشێک لە خـەڵکی کورد هاتە ئاراوە، لە هیچکام لە قۆناخـەکانی مێژوودا نەڕەخسـابوو. کەچی دوو حـیزبە سـەرەکییە یەکسـەرچاوەییـەکەی ئەیلوول(ینک و پدک)، لە بری عیبرەت وەرگرتن لە شـۆڕشـەکـانی پێشـوو، داڕشـتنی پلانێکی نەتەوەیی و هـەڵکردنی ئاڵای تەبایی و یەکگرتوویی، تۆوی پیلانیـان داچاند و پەڕۆی سـەوز و زەردی دووبەرەکیان بە تفەنگانەوە کرد و تا توانیان خوێنیان ڕژاند. لە کـاتی تەنگانەشدا، تاران و بەغدا و ئانکارا بگرە هاتم... هـەڵبـەت هیـچکـەس دژی ئەوە نیـیـە کـە ئەو دوو قـەوارە ئامـاڵ دەوڵەتەی کـوردسـتـان، مـافـی ڕەوای خۆیانە کـە لەگـەڵ دەوڵەتە دراوسـێکان و لەوانە ئێران و تورکیـا، پێوەندی سیاسـی و دیپلۆمـاسییـان هەبێ، بەڵام نـەک بەو شـێـوەیەی کـە لە هـەمـوومـان ڕوونە و پێـویست بە دووپاتکردنەوە ناکا.

دیاردەیەکی زۆر گـرینگ کـە دەبوو هەر لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، لە کوردسـتـانی باشـوور، سـەرنجی بدرابایە و دانیشـتـووانی هەرێم بە خـــورتی بەرەنگاری بـوویـانەوە، پاککردنـەوە و ســـڕینـەوەی لایەنی گێرەشێوێن و مـاکـەی خـراپەی سـەر بە ئاخـوڕی بێگانە و بەتایبـەت جاش و موستەشاری پێشوو بوون کە هەم لە ڕیزەکانی (ینک) و هەم لە ڕیزەکـانی (پدک)دا هەبـوون و هـەن. ئەوانە بـەشـێک لە دەسـەڵاتی هەرێمییـان لە دەست دایە و بە کەیفی خـۆیان خـەریکی ڕاوەڕووت و شەڕهەڵایسـانن. کاستی ڕێبەرایەتی هەردووک حیزبی سیاسیش بۆ قرتکردن و قڕکردنی یەکتـر و پەیڕەوی لە سیاسـەتی (زۆر و بۆر) و دەنگهێنانەوەی زۆرتر بۆ مـەسـەلەی دەسـەڵات،، کەڵکیان لێوەرگرتن. بێ لەوەش لە هـەردووک حـیـزبی سـەرەکی کوردسـتـاندا، چ(ینک) و چ(پدک)، خـەتێکی شـەڕانی و لە یەکتر نەبان و ئاشـتی نەخـواز هەن؛ کە یان تەواو کومانلێکراون و بە فیتی سیاسەتی دەوڵەتە دراوسێکان هەڵدەسـووڕێن،؛ یان لە سـەر ئەسـاسـی دۆگم و کـەللەشـەقی و دەمارگیریی حیزبایەتی کە کامیان دەسەڵاتی یەکەم بن، خزمەت بە لەناوچوونی دەستکەوتەکانی کوردایەتی دەکـەن. پێـویسـتـە ئەوەش بگوترێ کە ماکـەی شـەڕخوازیی و گیرفـان مـەزاجیی «کوردبوون» لە ناو کاسـتی ڕێبـەرایەتی (ینک)، لـە مـاکـەی «کوردایەتی»ی سـوننەتی (پدک) گەلێک بە هێزترە. دیارە، عەینی ئەو دۆگم و کەللەشـەقییەش لە قەوارەی (پکک)دا کە هەڕەشە لە داهاتووی سیاسی هەردووک حیزبی سـەرەکی دەکـا، بەرچاودەکـەوێ. بەڵام جـیـاوازییـەکـەی ئەوەیە کـە سیاسەتی سـەودا و موعامـەلە و دەست تێکەڵاوکردن لـە گەڵ دەوڵەتە دراوسـێکان، لە سـەر ئەسـاسـی تێچـاندن و لەنـاوبردنی حیـزبـەکـانی دیکە نەبووەتە سـوننـەتێکـی باو، وەک لـە ناو (ینک)و (پدک) و وردە حیزبە هاوپەیمانەکانیاندا هەیە.

دەوڵەتی تورکیا (کە جاری یەکەمیشی نەبووە)، لە ڕۆژی ١٥ی مانگی ئووتدا، بەشـێک لە مـەڵبـەندی بێ دیفـاعی باشـووری کوردسـتـانی لە ناوچەی بادینان، بەوپەڕی شـەرم و شـوورەییەوە بۆمباران کرد. (پدک) کە تا ئەو دواییانە بە هـاوکاریی سپای تورکیا شـەڕی (پکک)ی دەکرد و ئێـســتــاش لە دژایەتی و بـەربەرەکـانیکردنـی (پکک) دەســتی هەڵنەگرتووە، لە بەیانێکی ڕەسمیدا، ئەو بۆمبارانەی شـەرمەزارکرد؛ کەچی (ینک)، بە گوێرەی کـەین و بەینێک کە پێشتر لە گەڵ تورکیا لە ئارادابووە، ئەو ڕووداوەی مـەحکووم نەکـرد. ئاشـکرایە، هـەڵمـەت و پەلاماری ئەم دواییانەی (ینک) لە دژی هێزەکانی (پکک) لەم کەین و بەینەوە سـەرچاوە دەگرێ کە بە تیرێک دوو نیشـان بپێکێ: لە لایەک دەســتــمـزی خـۆی لە دەوڵەتی تورکـیـا داوا بکا و، لەلایەکـیـتـر خۆشـخزمـەتی خـۆی لە بەرانبـەر دەوڵەتی ئێران دووپاتبکاتەوە، واتە دیلەگـیراوەکـانی (پکک) کـە زۆریان خـەڵکی کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات بوون، بۆ پشـکنین و لێپرسـینەوە تەحویلی بەرپەرسـانی «قـەرارگای ڕەمەزان»ی جێگیر لە شاری سلێمانی بداتەوە.

ڕاستە، بە تێکڕایی بیروبۆچوونەکانی سەرۆکی (پکک) لە ناو زیندانی (ئیمرالی)یەوە، گەلێک ئاڵۆزیی و تەم و مژی خستووەتە ناو پێوەندیی لایەنە سـیـاسـیـیـەکـانەوە و، هـەر ئەوەش بە ڕواڵەت ڕێی دژایەتی و پڕوپاگەندەی بۆ هەردووک حیزبی هەرێمیی کوردستان خۆش کردووە کە بوونی هێزەکانی (پکک) لە ناوچەکەدا بکەن بە بیانوو و خـەتا و هەڵەکانی خۆیانی پێ پەردەپۆشی بکەن؛ بەڵام ئایا وایە؟!

ئەوەش ڕاسـتـە، کـۆنسـەی سـەرۆکـایـەتی (پکک)، دەبوو بارودۆخی ناوچەیی و هەرێمیی ئەو قەوارە سیاسییە کوردییە لە بەرچاو بگرێ، نەکا ئەو ڕیسە بنۆکە خراپ ڕستراوەشمان لێ ببێتەوە بە خوری! بەڵام ئایا ئەو شـــەڕەی کـــە لە دژی (پکک) وەڕێکەوتووە هـەر لە نەتیجەی ئەو دیاردە دزێوەیە نییە کە لە سەرەوە ئیشارەی پێکرا؟!

بە کورتی هەڵوێستی دژایەتی و شەڕکردنی (ینک) و (پدک) ـــ ئەویش بە نۆرە ـــ لە ئاست (پکک)دا؛ لە ئەسـاسـدا بۆ ئەوە نییـە کـە (پکک) بارەگای سلێمـانـی و هەولێری دابێتـە بەر هەڵمـەت، بەڵکە بۆ ئەوەیە بیری نەتەوەیی بوون و کوردستـانی بوونـی (پکک) سـەرەڕای تەواوی هەڵە و کـەم وکوڕییـەکـان، لە ناو گـەنج و لاوانی کورد کـە ڕیشـەیی داکـــوتاوە و تازەش لە بڕین نایە، لە ناو بەرن؛ هاکـــا بەرژەوەندی بەشـێک لە کـاسـتی ڕێبـەرایەتی وان، لە ڕاوەڕووت و قـوربانیکردنی ئامانجەکانەوە بگرە تا دەگاتە نۆکەری و گوێلەمستیی هەروا بەردەوام بێ و، سەڵتەنەتی بازرگانیی بە خوێنی گەنج و لاوان دوایی نەیا.

ئۆکتۆبری ٢٠٠٠

د. عەزیزیز ژیان

# زبانی ستانداردی کوردی

زبانی ستاندارد زبانێکی رەسمی و هەمە لایەنە کە لە هەموو بەشەکانی وەلات بۆ خوێندن و نووسین بەکاردەهێنرێت و لە وتارەکانی رادیۆ و تەلەویزیۆن سوودی لێ وەردەگیرێت. ئەو زبانە دەگەڵ زبانی وتووێژ(ئاخافتن) جیاوازییەکی زۆری هەیە. زبانی وتووێژ زبانی ڕۆژانەی خەڵکە و پێوەندییەکانی نێوانی خەڵک لە ناومال و لە دەرەوەی مال پێکدێنێ. ئەو زبانە لە زاران خۆشە و خەڵک بە بێ زەحمەتی فکرلێکردنەوە بەکاری دێنن و پەیام و مەبەستی خۆیان بەبێ مەحتەلبوون بە گوێی یەکتر دەگەیەنن. بەڵام زبانی نووسین و خوێندنەوە، واتە زبانی ستاندارد کاری لە سەر دەکرێ و بە وشەی هەڵبژاردە و ساکار دەڕازێتەوە و جلوبەرگی رەسمی و جوانی دەبەر دەکرێ. ئەو ڕازاندنەوەش بۆ ئەوەیە کە نێوەرۆک و پەیام و مەبەستی نووسەر جوانتر و کامیلتر بە زەینی گوێدەر و خوێنەر بگا. ئەو زبانە ئەگەرچی دەگەڵ زبانی وتووێژ جیاوازی هەیە بەڵام هەردووک زبانێکن و لە سەرچاوەیەک هێز و توانا وەردەگرن.

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە دە زۆربەی زبانەکانی ئەوڕۆی دنیادا ئەو دوو شێوە زبانە واتە شێوەی وتووێژ و شێوەی نووسین و خوێندن هەیە. دە هێندێک زباندا ئەو دوو شێوەیە زۆر جیاوازن وەکوو زبانەکانی فارسی و عەرەبی، دە هێندێکی دیکەدا جیاوازییان کەمە وەک زبانەکانی ئیسپانیۆلی و ئینگلیزی. دە زبانی کوردیشدا ئەو جیاوازییە هەیە و هەردێ زیاتر دەبێ.

زبانی وتووێژی کوردی زۆر کۆنە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، واتە لەو کاتەوە کە کورد هەبووە ئەو زبانەش هەر هەبووە. بەڵام زبانی ستانداردی کوردی شتێکی تازەیە و تەمەنی لە سەدەیەک بەولاوەتر ناچێ. لێرەدا بۆ ڕوونترکردنی ئەو باسە پێویستە ئاوڕێک بدەینەوە سەر مێژووی زبانەکەمان و هۆی وەدواکەوتنی زبانی نووسین و خوێندنی کوردی بدۆزینەوە:

ئەگەر بڕوانینە پلەنی زبانەکانی هیندوئەورووپایی دەبینین زبانی کوردی کەوتۆتە باڵی ڕۆژهەلاتی پلەنەکە و دەگەڵ زبانەکانی هیندوئێرانی خزمە. دیارە مەبەست لەو زبانە کوردییە زبانی وتووێژ(ئاخافتن)ی گەلەکەیە کە لە مەڵبەندێکی پان و بەرینی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست قسەی پێکراوە و شانی لە شانی زبانەکانی ئەوێستا و پەهلەوی و فارسی داوە. جا لێرەدایە ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ؛ بۆچی زبانەکانی ئەوێستا و پەهلەوی و فارسی لە ٢٥ سەدە لەوە پێشەوە بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکارهێنراون بەڵام زبانی کوردی بۆ ئەم مەبەستانە بەکار نەهێنراوە؟ جوابی ئەم پرسیارە ئەوەیە:

دە ڕابردوودا نووسین و خوێندنەوە لە هیچ وەلاتێک زبانی تێکڕای گەل نەبووە، بەڵکوو زبانی دەزگا دەوڵەتییەکان و دەرباری پاشا و ئەمیران بووە کە نامە و فەرمان و پەیام و وەڵامی نێوان دەربارەکانی پێ نووسراوە. ئەو نووسراوانە بریتی بوون لە هەڕەشە و پێهەڵگوتن و ستایشی ئایینی و باسی شەڕ و پاڵەوانەتی و سەرکەوتن و لەشکرکێشی و شتی دی. ئەوانەی کە توانیویانە ئەو جۆرە نووسراوانە بنووسن و بخوێننەوە ژمارەیان کەم بووە، بەڵام پایەیان بەرز بووە وا تە هەر لە دەرباری پاشاکاندا ژیاون. دەگەڵ تێپەڕبوونی کات دوو شتی تریش هاتوونەکایە کە زبانی نووسین و خوێندنەوەیان پتەوتر کردووە: یەکیان شێعری پێهەڵگوتن(پەسن) بووە و ئەویش بریتی بووە لەوە کە شاعیرەکان شێعریان بە شا و خێزانی هەڵگوتووە و باسی شەڕ و سەرکەوتنەکان و پاڵەوانەکانیان بە شێعر و ئاهەنگ هۆندووەتەوە. دە کاتی نەبوونی شەڕدا باسی ئافرەت و

جوانی و مەیخواردنەوە و بەزمی دەرباری شایان کردووتە شێعر. ئەو شێعرانەش هەر بە زبانی رەسمی واتە زبانی نووسین و خوێندنەوە بووە. ئەوی تریان مێژوونووسین بووە. ئەوەش بریتی بووە لەوە کە پیاوەکانی خاوەن تەجروبە و نووسەرەکان بەسەرهاتی دەربار و شا و ئەمیرەکانیان دە کاتی ژیانی ئەواندا، یان پاش مردنیان نووسیوەتەوە. ئەوانەش هەر لە دەرباری پادشاکاندا ژیاون و گرینگییەکی تایبەتییان پێدراوە.

ئەم سێ ستوونەی کە باسمان کرد دە درێژایی سەدەکاندا شێوەی نووسین و خوێندنەوەی زبانیان پتەوتر کرد. جا بۆیە زبانی فارسی بە هۆی دەسەڵاتداریی پادشاکان و درێژەی حکوومەتی وان، دە ماوەی چەند سەداندا بوو بە زبانی پێوەندیی نێوان دەربارەکانی ژێر دەسەڵاتی فارسەکان کە لە رۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانەڕا دەگەیشتە سنوورەکانی هیندوستان. لە ناو ئەو سنووورە بەرین و مەزنەدا قەومەکانی غەیرە فارسیش بۆ پێوەندی خۆیان دەگەڵ یەکتر و هەروەها دەگەڵ فارسەکان هەر بە زبانی فارسی نامەیان دەنووسی. هەر بۆیە بە زبانی فارسییان دەگوت «زبانی دەری» واتە زبانی دەرباری.

دیارە دە ڕابردوودا سووربوون لە سەر زبانی قەومی باو نەبووە، چونکە بیروباوەڕی نەتەوەیی بە شێوەی کاتی ئێمە وجودی نەبووە. لە هەموو وەڵاتێک پادشا خاوە ندەسەڵاتەکان بە هۆی لەشکری مەزن و ئەسپ و شمشێر و پاڵەوان وەڵاتەکانی دەوروبەری خۆیان داگیر کردووە و بە ئی خۆیان زانیوە و، پاش داگیرکردنی ئەو وەڵاتانە لە لایەن پادشای مەزنەوە، بۆ ئیدارەکردنی هەر مەڵبەندێک ئەمیرێکیان دادەنا کە بە ناوی پادشاوە حکوومەتی دەکرد. ئەوەش بڵێین باشە کە هیچکام لەو شانشینانە دەرفەت و توانای وەیان نەبوو کە زبانێک بهێننەکایەوە بەرامبەر بە زبانی فارسی ڕاوەستێ و وەک ئەو زبانە پەرە بگرێ.

دەوەدا گومان نییە کە زبانی کوردی کۆن، واتە زبانی مادی دە ماوەی دەسەڵاتی پادشاکانی ماددا زبانی رەسمی بووە و فەرمان و یاساکان بەو زبانە نووسراون. بەڵام هەتا ئەوڕۆ هیچ بەڵگەیەک بۆ ساغکردنەوەی ئەو زبانە وەدەست نەکەوتووە. پاش کۆتایی پادشایەتی مادەکان لە سەدەی هەشتی پێش زایین پادەشاکانی هەخامەنیشی بە سەر سنوورەکانی ماددا زاڵ بوون، پیاوە مەزن و خاوە ندەسەڵاتەکانی مادیان بە دیل گرت و، مێژووی ئەو سەرکەوتنانەیان لە سەر گاشەبەردەکان و سینگی شاخەکان نووسی کە ئەو نووسراوانە هەتا ئەوڕۆ هەر ماون. پاشماوەی خان و مەزنەکانی کورد پاش ئەو شکانە ئیدی سەرکەوتنیان نەبوو، زبانەکەشیان دەگەڵ وان کەوتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی وەڵات و، لە بەر رەگوڕیشەی ژیانی عەشایری، کوردەکان نەیانتوانی زبانی خۆیان وەک زبانە دراوسێکان بپارێزن و پەرەی پێبدەن.

وا دەردەکەوێ کە لە بنەماڵەی خان و میر و بەگەکانی کورد بۆ پێوەندییەکان دەگەڵ حاکم و شا و مەزنەکانی ناوخۆ و هەندەران و هەروەها بۆ فەرمانەکان، زبانی فارسی بەکارهێنراوە بەتایبەتی لە بەر دەسەڵاتی پادشا فارسەکان کە لە پاش مادەکانەوە هەتا ئەوڕۆ دستیان بە سەر کوردەکان داگرتووە و، دە درێژایی مێژوودا پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان دەگەڵ بنەماڵە مەزنەکان هەبووە و لە زۆر شەڕاندا لە یارمەتی هێزی عەشیرەتەکانی کورد سوودیان وەرگرتووە و بەشێکیان لە دەسەڵاتی خۆیان داوە بە ئەمیرەکانی کورد. کوردەکانیش بە ژیانی ئاغەڵداری و کشتوکاڵ و بەرەکەتی زەویوزار ڕازی بوون و شەڕ و کێشەی ناوخۆ و دەرەوەیان داوەتە دەست پادشاکانی فارس. جا بۆیە زبانی یەکگرتووی کوردی نەهاتووەتە کایەوە و پتەو نەکراوە. ئەم وەزعە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوام بوو هەتا ساڵە ئاخرییەکانی سەدەی نۆزدە کە بۆ ئەوەڵ جار شازادە و ئەمیرە کوردەکانی دانیشتووی ئیستامبوڵ هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە زبانی کوردی دە نووسینی ڕۆژنامەوانیدا بە کاربێنن. بۆ ئەم مەبەستە ئەوەڵین ڕۆژنامەی کوردییان بە نێوی «کوردستان»دەرخست. ئەوەش بڵێم باشە کە ئەحمەدی خانی ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر (مەم و زین)ی نووسیوە، بەڵام دە مێژووی زباندا کاری تاقەکەسێک یا چەندکەس بۆ نیشاندانی چۆنیەتی زبانەکە بەس نییە و حیسابی لە سەر ناکرێ. مەبەست لە زبانی خوێندن و نووسین زبانێکی پان و بەرین و هەمەلایەنە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەکار بهێنرێ و بنووسرێ و بخوێندرێتەوە وەک ئەو زبانە کوردییەی کە ئەوڕۆ ڕێبازی خۆی دیوەتەوە و بە دەیان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەنووسرێ، تەنانەت چووتە سەر شەپۆلی رادیۆ و تەلەویزیۆنیش.

دێرەدا پێویستە باسی شێعری کوردیش بکرێ. مێژووی شێعری کوردی زۆر کۆنترە لە کاتی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان»، بەڵام چونکە دە ڕابردوودا خوێندن و نووسین بە زبانی کوردی ئازاد نەبووە، شێعری شاعیرە کوردەکان چاپ نەکراوە و لە ناو گەل بڵاو نەکراوەتەوە. خەڵکەکەش نەیانزانیوە وەک ئێستا شێعری کوردی بخوێننەوە و لێی حاڵی بن. زۆر کەسیش بە دزی شێعری شاعیرەکانی خوێندووەتەوە. جا بۆیە شێعر نەیتوانیوە دە وەدیهێنانی زبانێکی یەکگرتووی هەموولایەنەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێ.

هێمن شاعیری پایەبەرزی کورد نەقڵێکی بۆ من گێڕاوەتەوە کە دەگەڵ ئەو باسە پێوەندی هەیە. دەیگوت: «لە ساڵەکانی ئاخری حکوومەتی رەزاخاندا، "سەیفولقوضات" شاعیری موکریانی چەند شێعری گوتبوو کە لە دیوەخانی ئاغاکانی دەوروبەری بۆکان و لە خانەقای شێخی بورهان دەیان خوێندەوە. من و هەژار گەنج بووین و گوێمان دەدا ئەو شێعرانە، پاشان کە چووینە مەهاباد بۆ دەرس خوێندن چەند لاپەڕەی دیوانی شێخ رەزامان وەگیرکەوتبوو لە ناو ئەشکەوتی باغی میکائیل کە لە نیزیک چۆمی سابڵاغ بوو شاردبوومانەوە. ڕۆژانە دەگەڵ هەژار دەچووینە ئەشکەوتەکە و شێعرەکانمان دەخوێندەوە. بەڵام کوردیمان باش نەدەزانی و شێعرەکەمان بە هەڵە دەخوێندەوە. بۆ وێنە وشەی «مێرووله»مان دەو شێعرەدا: «خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا/ مێرووله نەچێ باشە دە گژ قوللەیی قافا» بە «میر وەلە» دەخوێندەوە و پێمان وابوو باسی میرێکە

به نێوی وەلە!؟ بەڵێ شیعری کوردیش وەک زمانەکە ئازاد نەبووە و مەیدانی گەشە و سەرکەوتنی نە دراوەتێ، دەنا دەیتوانی دە وەدیهێنانی زمانی خوێندنەوە و نووسینی کوردیدا نەخشی بەرچاوی هەبێ.

### جیاوازییەکانی زمانی وتووێژ دەگەڵ زمانی ستاندارد

ئەگەرچی هەروەکوو پێشتر گوتوومانە زمانی وتووێژ دەگەڵ زمانی نووسین و خوێندنەوە یەکن و لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون، بەلام هەر یەک لەوان دە بەکارهێناندا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە لێرەدا تێدەکۆشم ئەو تایبەتمەندییانە بۆ خوێنەرانی بەرێز روونکەمەوە:

١- جیاوازیی گرینگی زمانی وتووێژ دەگەڵ زمانی ستاندارد ئەوەیە کە زمانی وتووێژ نارازێتەوە واتە سادە و ساکارە و، بە گورجی دەگوترێ، هۆی ئەوەش پێویست و نیازی ژیانە. دە کار و کاسبی و چاکوخۆشی و تەلەفۆن و شتی دیدا دەرفەتی ئەوە نییە کە بیر لە وشە بکرێتەوە. هەردووک لای وتووێژ بێ ئەوەی لە وشە بگەرێن مەبەستی خۆیان بە کەمترین کات ئاڵوگۆر دەکەن و قسە لە سەر نووکی زمانیانە. بەلام دە نووسیندا وا نییە. نووسەر دەرفەتی هەیە لە وشە بگەرێ و نووسراوەی خۆی برازێنێتەوە. کەس پەلەی لێناکا و چاوەنواڕی تەواوکردنی نووسراوەکەی نییە.

٢- دە وتووێژدا گوێدەر یەک یا چەند کەسێکن، ژمارەیان ناتوانێ زۆر بێ، هەروەها قسە دەگوترێ و تەواو دەبێ و زوو لەبیردەچێتەوە. بەلام دە نووسیندا خوێنەر دەتوانێ یەک کەس بێ، یا سەدان کەس یا هەزاران کەس بن و زیاتریش، نووسراوە سنووری جوغرافیایی نییە و دەکرێ لە چوارگۆشەی دنیا بخوێندرێتەوە، هەروەها سنووری زەمانیشی نییە و دەکرێ پاش سەدان ساڵ چاوی لێبکرێ و بخوێندرێتەوە.

٣- دەنگ دە زمانی وتووێژدا گرینگە و مانای تایبەتی هەیە. بۆ وێنە دەنگی شەڕ و جنێو جیاوازە لە دەنگی دڵداری و حورمەت یا دەنگی وتووێژی نێوان دوو خۆشەویست دەگەڵ یەکتر.
هەروەها دە وتووێژدا پرسیار بە دەنگە و گوشار دەکەوێتە ئاخری وشە یا ڕستە(جوملە)وە. بەلام دە نووسیندا دەنگ جێگای نییە و پرسیار بە نیشانەی (؟) لە ئاخری وشە یا ڕستە دەنووسرێ.

٤- دە وتووێژدا ئەوانەی وشە نین بەلام مانایان هەیە زۆرن وەک: حەیە حەی، هەیهوو، تەحا و پەحا و...
ئەوانە دەنووسیندا بەکار نابرێن، تەنیا دە چیرۆکدا دەکرێ شتێکی وا بنووسرێ.

٥- جنێو دە زمانی وتووێژدا زۆرە، وەکوو: مەوەرە، برۆ ماڵت شێوێ، قوڕت بەسەر، چەند کەرە ... و شتی تر. دە نووسیندا جنێو زۆر کەمە.

٦- چاکوخۆشی و تەعاروف و خۆ چووککردنەوە دە وتووێژدا زۆرە: چۆنی، چاکی شوکر، فەرموو، جەنابتان؟ قوربانتم، چووکەی تۆم، دەست وچاوت خۆش بێ... دە نووسین دا ئەو وشانە کەمن.

٧- زمانی وتووێژ لە مەڵبەندەکانی ناوخۆ لە ژێر تەئسیری ڕاوێژی مەڵبەندەکەیە، بۆ وێنە وتووێژی خەڵک لە شاری سنە دەگەڵ وتووێژی شاری زاخۆ فەرقی هەیە. بەلام دە نووسیندا ڕاوێژی مەڵبەندەکان شوێنیان کەمە.

٨- زمانی وتووێژ ئامرازێکی فرە پێویست و فرەگرینگە بۆ پێوەندییەکانی ژیانی مرۆڤ و، پێوەندییەکی زۆر نیزیکی دەگەڵ کۆمەڵگا هەیە و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا کار دەکاتە سەری، لە بەر ئەو هۆیانە وشەی تازەی بازرگانی و سەنعەتی و تێکنۆلۆژیکی دێنە ناوی و دەکەونە سەر زاری خەڵک. بەلام زمانی ستاندارد بەم جۆرە دەرگای ئاواڵە نییە و، لە لایەن نووسەر و شاعیرەکانەوە دەپاڵێورێ و وشەی دەرەوە ناتوانێ بە بێ زەحمەت بێتە ناوی.

٩- سوێندخواردن دەزمانی وتووێژدا زۆرە و هەروەها وتە و مەتەڵیش زۆر بەکار دەبرێن: بە سەری تۆ، بە خوێنی شەهیدان، کوڕم بمرێ، ئەگەر درۆ بکەم... داری هەڵێنی سەگی دز ڕادەکا، قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێ... بەلام دە نووسیندا سوێند و مەتەڵ زۆر کەم بە کاردەهێندرێن.
ئەوانەن هێندێک لە جیاوازییەکانی زمانی وتووێژ و زمانی ستانداردی کوردی. دیارە ئەو تایبەتمەندییانە هەر ئی زمانی کوردین و، دەوەدا گومان نییە کە هەر زمانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە ئێرە جێگای ئەو باسە نییە. ئەوە کاری زمانناسەکانە ئەگەر بە پێویستیان زانی، هەرنەبێ زمانە دراوسێکان بەرامبەر بە زمانی کوردی دابنێن و هەڵیانسەنگێنن. ئەم کارە بۆ ناسینی باشتری زمانەکەمان سوودی فرەیە.

### سەرچاوەکان


1) **Hassnpoor Amir** (1992) *Nationalism and Language in Kurdista 1918-1985*, San Francisco.

2) **Edmonds C. J**,(1957) *Kurds, Turks and Arabs*. 1919-1925, London.

3) **Hasanpoor Ja´far** (1999) *A Study of Loan words in Standard Sorani*, Uppsala University, 1999.

٤) گۆڤاری کوردی «**سروە**»، ژمارەکانی ١٦١، ١٦٢، ١٦٣ ساڵی ١٣٧٨.

٥) گۆڤاری کوردی «**گزینگ**»، ژمارەکانی ٢٠ی ١٩٩٨ و ٢٧ی ٢٠٠٠.

٦) گۆڤاری کوردی «**بەربانگ**»، ژمارە ١١٢ی ساڵی ١٩٩٩.

## سەلیم بەرەکات: زایەڵەیەک لە ئەفراندنی تراژیدیایەکی هونەرییانەی کوردی

## و

# ڕاڤەیەک بۆ «مەهاباد»

نووسین و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: هەندرێن

لە بەراییدا گەرەکە بڵێم، گەر بخوازین، پانتایی دەق و تایبەتمەندی جیهانڕوانینە ئەزموون بەخشەکەی «سەلیم بەرەکات»؛ سەلیم بەرەکاتی شاعیر و ڕۆماننووسی «یاریزان»ی "بوونەوەرە سەرواداڕەکان ــ شیعر ــ" و پەیڤە ڕەهەندگەل و مانا خەیاڵاندراوەکان، ڕاڤە بکەین، دەبێ تێکڕای دەقە شیعریی و پەخشانییەکانی بخوێنینەوە. چونکی خوێندنەوەی ڕۆمانێک یان کۆشیعرێکی وی، تەنیا دەبێتە بەشێکی ناتەواوی یەکێتی بەرهەمەکانی. سەرجەمی بەرهەمەکانی وەک ناوکۆیی (kontext)؛ بە شیعرو ڕۆمانەکانیەوە، ڕەگەزەکانی واقیع، هێماکانی مێژوو، وڕێنەی شوێن و ئاپۆڕەی بیرڕۆیی، لە جەستەی ژانێکی لێکچڕژاودا بەرەو تەقینەوە باڵا دەکەن. وێڕای ئەمانەش، ئیشکالی ناسنامە و، قەدەری پاڵەوانەکان و، بوونەوەرە دوڕدۆنگ و وەڕسەکان، بە دەست تلانەوەی چارەنووسی نادیار و فەرامۆشکراویانەوە، لە چڕترین ئاستی شیعرییەتدا داستانە تراژیدیاکانیان دەچننەوە. ئامادەیی گیانلەبەرە کێوییەکان، پەڕەندە هێما ئامێزەکان، سروشتی شوێنەکان و کاتە دژوارەکانیش، بە هەمان شێوە، ڕەگەزگەلێکی گرینگن لە بەرهەمهێنانی مانا و ئەستەمی ئیشکالیەتی قەدەرەکاندا؛ هەروەک خودی قەدەری کورد،

بەرەکات، لە ئاڵۆزترین پرۆسێسدا شتەکان لەدۆخی خۆیاندا دادەبڕێنێ و لە نوێڕا لەناو سترۆکتۆری زمانێکی ڕێزپەڕدا بوونیان بەرهەم دێنێتەوە. لە جەم ئەو، زمان، دەروازەیەکە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دنیا و یادوەرییە قەدەرگیرەکان، کە ئەو زمانەش بە دژواری و یاخیگەراییەکەی، ناسکیەکی نامۆ و ئاژاوەیەکی بێکۆتایی بەرهەمدێنێ.

لێرەدا، سەبارەت بە مەسەلەی ناسنامە، دەمەوێ بڵێم، ناکرێ بەرەکات لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە کوردن و بە زمانەکانی "ئەوتر" دەنووسن، بەراوردبکرێت. بەرەکات، زمانی "ئەوی تر" لە خەسڵەتی ڕەتکردنەوەی ناسنامەکەیەوە بەرەو بە ئاشناکردن و بەرهەمهێنەری ناسنامەکەی دەگوازێتەوە. ئەم ناسنامەیە بە ڕێگەی ئەو زمانەوە لەوپەڕی ئازادیدا دەفرازێ و ئازادی خۆی ڕادەگەیەنێ. بە واتایەکی تر، جیهانی ئەم ناسنامەیە دیلی ئەم زمانە نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە یان بە واتای «هایدگەر»انە: بوونی کوردی لە ناو زمانی عەرەبی سەلیم دا، میوانێکی نامۆ نییە، بەڵکوو بوونایەتی کورد، لە ناو ئەم زمانەدا ــ ئەم ماڵەدا ــ هۆگر و دڵنیا یە و، ئامارە، قەدەر، هێمان و گیانی خۆی ڕادەگەیەنێ. بەڵام لەساڵانی هەفتاوە ڕۆمانەکانی شار کەمال کراون بە سوێدی، کەچی تا ئەو وتارەی، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەمەڕ گوند وێرانکردنی کوردان بڵاونەکردبۆوە، زۆرینەی خوێنەرانی سوێد یەشاریان بە تورک دەناسی. یەشار کەمال، داستان و ژیانی کوردی لە ناو سیاق(kontext)ی دەسەڵاتی زمانی تورکیدا شوێن بزر دەکات و مۆرکی کوردانەیان لەبەر دادەماڵێنێ. بە واتایەکی تر، زمان لە جەم یەشاردا ڕاستینەی ناسنامە و چییەتی کورد بەرهەمناهێنێ. بۆیە ناسنامەی پاڵەوان و مێژووی ڕووداو و شوێنەکان، لە ڕۆمانەکانی یەشاردا تورکبوون جەستەبەر دەکەنەوە، یان ناسنامەیان، کوردییەکی شەرمنۆکە. کەچی ئەو ناسنامەیە لە بەرهەمەکانی بەرەکاتدا، ناسنامەیەکی بوێر و جەربەزانەیە. بەهەمەحاڵ، دەزانم ئەم بۆچوونە پێویستی بە وتارێکی سەربەخۆ هەیە. بەڵێ لێرەدا دەبێ ئەوە جەختبکەم کە دیاردەی بەرهەمی بەرەکات سەرەتایەکە بۆ بەرهەمهێنانی «تراژیدیای» ناسنامەی کوردی. مەبەستم لە تراژیدیا بە مانای نیتشەییانەیە، کە هێزی ناوەکی و ئارەزووی گەڕان بە دوای بەدەستهێنانی بەرزە مرۆڤ بەخۆوە دەگرێ.

لەم ڕوانگەیەوە، خوێندنەوە، یان سەفەری تەئویلکردن بۆ ناو جیهانە تووناوتوونەکەی بەرەکات، خۆی لە خۆیدا، تەرزە ئیشکالێکی ترمان بۆ بەرهەمدێنێتەوە، کە ئەم کارەش کارامەیی و توانستێکی داهێنەرانە دەخوازێ.

لێرەدا، من ئەو پەیمانەم بە خوێنەرەوە نەداوە، بەڵکە من هەوڵێکی

سادەم پێشکەشکردووە، کە خوێنەر بتوانێ تەنیا وەک پۆرترێتێک، بۆ چەشنە ناسینێکی سەلیم بەرەکات، ئەم نووسینە بخوێنێتەوە؛ وێڕای ئەمەش، ئەم شیعرە و بەدووبارە راڤەکردنەوەکەی نەک وەرگێڕانەوە، هەڵبەت ناتوانم بڵێم لە کەموکوڕیش بەردەرە.

سەرتاپای بەرهەمە داهێنراوەکانی بەرەکات وەک دەقێکی قووڵ و بزۆز، بۆ ئەو خوێنەرانەی کە چێژ لە نووسینی گۆرانی ئامێز و سادە وەردەگرن، سەخت و نامۆن؛ هەروەها نائاسایی بە ئاساییکراو، فەرامۆشکراوەکان بە رۆح زیندووکراو، کەمۆبوو بە یاخیکراو و شتە بێجووڵەکان بە جووڵەکراون. بە واتایەکی تر، بنەما و پێکهاتی دەقەکانی بەرەکات، بە فرە دەنگیی و مانا سوار و بزۆکەکانیەوە، لە بالاترین گەمەی زماندا مشتومالّ کراون، کە بە راڤەکردن نەبێ، ئەو خەیاڵە سەرکێش و ئاسۆیە هەمەڕەنگ و تەونچنکراوانە جەستەبەر ناکرێن. بۆیە ئەم قامەتە شیعرییە رسکاو و تۆکمەیە لەلایەن خوێنەر و رەخنەگرە باوەکان بە توێژگەرایی ناوبێژ دەکرێ.


بەرەکات، هەر لە "الجندب الحەیدی"ی و کۆشیعری "کل داخل سیهتف لاجلی وکل خارج ایضا"وە، لە سەفەرێکی بەردەوامدا، بە دوای قەدەری ناسنامەو پێکهێنانەوەی شوێن، دەگەڕێت. لە رۆمانە سێینە (ثلاثیە)کەیدا، "الفلکیون فی ثلاثاء الموت" پاڵەوانەکان بە دەست سەرگەردانی قەدەرە سەختەکانیانەوە، هەنیەیان بەر دیواری گەردوون دەکەوێ، دواجاریش خودی گەردوون، وێجا ئەمدیوی گەردوونیش، دەبێتە کانگای یارییە بە قەدەر داوێنگیرەکان.

«سەلیم بەرەکات»: بوونەوەرێکی ناڕازی و لاساری ناو ئەو بوونە ژەنگرەیە. کە لە ساتە فەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە بە فەرامۆشکردنەکاندا، شیعر و رۆمان، دوو سەفەری بەرهەڵدراو و بێ کۆتایی ئەون. لەو سەفەرەدا بە رووی ئەم دنیایە زەیرۆحگرو تەپیوەدا، یاخیگەرانە هەڵدەشاخێ. هەر دەڵێی، بەدژی دنیایەک، کە ئامێرە ئاوەز هێدی هێدی لێیدەخورێ و، بوونەوەرەکانیش لە نائاگاییە دەسبەرداربوونەکەیاندا، ئاگایانە سارده چێژی لێدەکەن، دنیایەکی مەحاڵگیر دەئافرێنێ (کە ئەمەیە خولیا راستینەکەی ئەفراندن). ئاخۆ دەبێ خەونی شاعیر چی بێ؟!

قەوارەی دژواری شیعر و رۆمانەکانی وی، هاوسەنگی قەوارەی برینی ناسنامەکەیەتی.

بەرەکاتی بوونەوەر کوردی عەرەبینووس، لەناو جوگرافیای شیعری تازەگەریی عەرەبیدا، تاکایەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە، بەهۆی ناسنامە کوردییەکەی و هێڵە هزرییە ئاشکراکەی ناو شیعر و رۆمانەکانییەوە لە گۆڕەپانی رەخنە و باسدا، زۆربەی دامودەسگا رۆشنبیرییە دەوڵەتیەکان و بگرە سەربەخۆکانیش، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و رەگەزپەرستانەیان پەردەی بێدەنگیان بەسەردا داوە و لە مافی خۆی بێبەریان کردووە.

جا گەر دەقە کوردگەراییە بە عەرەبی نووسراوەکانی «سەلیم بەرەکات» و ئەو نووسەرە ناسراوانەی تریش کە کوردن و عارەبینووس، فارسینووس و توورکینووسن ـ بە دەقی کوردی دابنرێن ـ، کەوایە، ئەرێ بۆ چەند هاوکۆفێکی ئەزموون ئاسای وا



هەندرێن

سەرنجراکێشمان، وەک ئەزموونی زمانی بەکوردی نووسین، بەرچاو ناکەوێ؟ گەر وانییە، بۆ هەمیشە دەڵێین رەوتی شیعرو رۆمانی کوردی لە ئاستی دەڤەردا قەتیسماوە؟!

بەلام، بێجگە لە دەراوێتەکردنی نموونەی چەند دەقێکی بە کوردی ـ وەک چەند دەقێک نەک ئەزموون ـ کە دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکرێ، کەچی ئەو دەقانەش بۆ ئەو رەخنەکارییە ساوایەی کە لە ئارادایە، ئاوڕیی لێنەداوەتەوە. لەوەش زیاتر ئەو رەخنەیە تازەیە، چونکە ئاست و قۆناغی دەستەوایی (استعارە)و، خزمایەتی و گیانی تۆڵەکردنەوەی نەبڕیوە، کە ئەزموونێکی رەگاژۆی هەیە لە رەخنەی کوردیدا. بۆیە تا ئێستاش دوای دەقە باو و ناوە باوەکان کەوتووە. وەک دیاردەیەکی تازەگەرانەی ئەدەبی، بەدوای خوێندنەوەی دیاردە تازەکان ناگەڕێ، یان گەڕانەکەی برادەرانەیە. بۆیە رەنگە ئەمە یەکێک بێ لەو هۆیانەی، کە نەهێڵێ ئەم رەخنە تازەیە ناسنامەکەی بە خەملیوی لە رەخنەی کوردیدا بالادەستبکات.

ئەرێ، لە سەردەمێکی ئاوا لێکچڕژاوی تۆتالیتارانە بەگشتی و، بەتایبەتیش لە خۆرهەلاتێکی تایفەگەر و هێزباز و کۆنباوی ئاوێزانبوودا، ئەدەبی ئەمڕۆمان دەخوازێ، بە جیهانڕوانینێکی بالاتر لەبەرانبەر گرێ کوێرەکانی بوون و ئاڵۆزەکردنی ژیان، جەخت لەسەر بە گرێ بوونی، چیەتی و کرۆکی دۆزەکەمان، وەک قەوارە و بارستایی تراژیدیا ئامێزەکەی بکات و بە پرسیارێکی تر وەلامی وەلامە گومان لێکراوەکان بداتەوە. نەک بۆ چەندان جار وەلامە بەدیهییەکان دووپاتە بکاتەوە. بەهەمەحاڵ...

شیعری "مەهاباد"، جوگرافیایەکی برینگری پڕ لە زەنا و یاخیگەریی و ئامـاژە و پرسـیـارهەڵگری دراماییانەیە. لە "مـەهاباد"ەوە بایەکی بریندارکـراو دنیـا دەتەنێـتـەوە. "مـەهاباد" دەشـێ جـەسـتـەی "هەڵەبجە"یەک بێ، لە جەستە شیعرییەکەی "مەهاباد"دا، کە یاری قەدەرێک بوونە تراژیدیایەکەی بەرەو یاریگەیەکی سەخت، وەک خودی کـۆمـاری «مـەهاباد» و خـودی «حکوومـەتی هەرێمی باشـووری کـوردسـتـان»ی ئێـسـتـا، پەلکێش دەکـات. لە شـووشـەی پەنجـەرە شیعرییەکەوە، سروشت و سیمای یاریکەرەکان و شاعیری یاریکار، یارییـەکی قـورس بەسـەر داسـەپێنراو، دەنگ و رەنگی سـەرتاپای ڕووداوەکان لەناو کۆڵانی پرسیارە شیعرییەکەدا زاوزێ دەکەن، وێجا لەناو ئـەم هاڤرکـێیـە خـوێناوییـەدا، مـێـژوو لـە دایکدەبێ. بە وێنە شـیـعـرییـە سرک و ئامـێـزلێکردووەکـانەوە هارمـۆنیای وڕێنەیەکی بەچێـژ، قـەوارەی شـیـعـرەکـە رایەڵ دەکـا و، هـێـمـای مـانـاکـان لە جـوگـرافـیـای دەقـدا دەزرینگێنـەوە. بەمـجـۆرە "مـەهاباد" لە هەناوی شـیـعـرەکەدا وەک سـێـمـفۆنیـایەکی تراژیدی، رووحـمـان لە باوەشی خـۆیدا هەڵدەگـرێ و لەگـەڵ شـەپۆلی پەیڤگەلە هێـمـدارە وڕێنە وەشێنەکانی شیعرەکەدا، بەرەو پێشـەوە، نەک پاشـەوە، بەرەو هزر کردنەوەو تێـڕامـان، نەک دەستـەپاچەیی و کەفەژیلەکەیی و کلۆڵی، دەمانبات:

"ئای لە "ژەنگاری" راکردوو بۆ "توری، ئای لە "جەزیرەی بۆتان":
قەڵاکان ناسکن، دیوارەکانیشی وەک دەستەکانم مرواری دەچننەوە"
...

یان: دەوڵەتێکی ترسنۆک و قـەدەرێک بە دوای تۆپە قـوڕینەکـانیـان خلۆر دەبنەوە"...

لێ: "دایکایەتیش بە مـەمکە بـەردینەکـانیـەوە لەنێـوان وەچەکـانیـدا دۆشداماوە.»...

بە باڵەفڕەی ژانەکانی شوێن، جەستە شیعرییەکەی "مەهاباد" لەدایک دەبێ. لەناو ئەم جـەسـتـەیەشـدا، جـەسـتـەی مێـژوویەکی گەمارۆدراو، گـــەمـــارۆمـــان دەداتـەوە. بە واتـایەکی تر، لـە بوونی کـــوردی ناوکۆیی(kontext)ێکی کوردییانە بەرهەمدێنێ.

"مـەهاباد" لە یـاریگەیەکی پڕ لە مـرکـێش مـرکـێشـدا، بوونـەوەرێکی زامـدار و، ناسنامـەیەکی راسـاوە لە مـەفتـەنێکی فـەرامـۆشکراودا. یاریکـەر، دەکـرێ شـاعـیـر خـۆی بێ؛ مـەهابادی شـیـعـرئاسـایە، بوونەوەرێکە بوونەوەرایەتییەکەی فەرامۆش دەکرێ. لە ئۆلومپیایەکی دارێژراودا، "قورساییەکی گەورەتری پێ بەرزدەکەنەوە". شـەڕ لەگەڵ هێـزی ناوەکی و هـێـزی دەرەکی و هـێـزی تەمـاشـاکـەران و هێـزی «ناوبژیوان» دەکات، کە "شەونخوونە لەسەر شەونخوونیەکانی".

هێزی بەرتەکی شـاعیر، وەک قـەدەری ناسمـاکەی، لەم پێشبڕکێیە نایەکسـانەدا، دەنگ و هێما و سەر سـەختی پەیڤەکانیەتی، کە وێڕای رەوتەنی ساتە فـەرامۆشکراوەکانی ناو ساتە دژوارەکانی پێشبڕکێی چارەنووسـە فـەرامـۆشکراوەکـە و کڵـپـەی سـووتانە شـیـعـرییـەکـە، دەفرازێن.

دەقە شیعرییەکە بە کلیلی ئەم پەیڤە زەنگدارانە و ئەمدیوی وێنەکان؛

ناو ئەو دنیا بووڵێڵەی کە «ئێسکەکان و مەزراکانی تێدا دەزرنگێنەوە» پانتـایی مـاناکـەی پێشکەش دەکـات. شـیـعـری "مـەهاباد" وڕێنەیەکی سـیـسـتـەمـاتیکی هارمـۆنیکراوە، نەک گـریان و واوەیلا. لەناو ئەم جیـهـانەدا، یـان یاریگەیەدا، هەمـوو رەگـەزەکـان بە ئاگاو هـۆشـدارن (دەئاخفن)و هێـمـای چییـەتی شـوێن جـەختـدەکـەنەوە، تاکو قـەدەری ناسنامەکـانیان جەستـەبەر بکەنەوە و، ئەو فێڵانەی کە بنەمـای یارییە دارێژراوەکـە پێکدێنێ، ئاشکرا بکەن. لە "مـەهاباد"دا واقـیـع، یان ڕووداو، لە سەخترین بۆسـەی زماندا خراوەتە روو. بەڵام ئەو ڕووداوە، وەک داسـتـان، ناگێڕدرێتـەوە، وەک ئەوەی کـە شـیـعـری کـوردی ـــ بە گشـتـی ـــ لەسـەر ئەو شـێـوە خـوێندنەوەیە رایهێـناوین. ئەم شـیـعـرە هەمـوو کـارەسـاتەکـانی قـەدەری کـورد لەناو خـۆیدا چڕدەکـاتەوە. دواجاریش شـیـعرەکە لەناو ساختمانی زماندا گووتاری ناسنامەکەی ئاراسـتـە دەکـات. - لێـرەدا مـەبـەست لە زمـان، زانینی رێزمـان، یان راست بەکارهێنانی، کردار، ئاوەڵناو، بکەر و زمان خـۆشـی، نییە، کە رەخنەگـرە ئامـادەباش و وانە بێـژە زارەکـیـە ئاسـاکـانی کـوردی، هەمیشە وەک پێوانەیەک، بێوچان بۆ هەمـوو نووسینێک لەسـەر زاری قـەڵەمـەکـەیاندا ئامادەیە، بەڵکە مـەبەسـتـمـان لە بە ئاژاوەگێڕی و بە شـەڕەنگێـزیکردن و "خـوێن لێبـەردانی" زمـانە لـە پرۆسـەی بـەکـار هێناندا. بەم پێوانەیە ئاستی شـاعیری ئەزمـوونبـەخش لە ئەفراندنی پرسیارەکـانی: بوون و نەبوون، لە بەرهـەمهێنانی زمـان و ناسنامە دا، هاوێر دەبێت.

شـیـعـری "مـەهاباد"، وەک ئەو هـەمـوو شـیـعـرە کوردییـانەی کـە بۆ هەڵەبجـە و ئەنفالەکان، یان کـارەسـاتەکانی کـورد نووسـراون، لەناو گریانی نۆسـتـالژیدا گـیـرخـواردوومـان ناکـات، بەڵکە بـە زمـانێکی تر، دەمـانبـات بۆ ناو ئۆلومـپـیـادەکـانی خـوا، کـە خـودی خـۆمـان و ئەو جیرانانەی کە ئێمە پێیانەوە ئاوێزانین و قـووڵایی گشت کێشەکـانی تیـادا ئامـادەن. بەرەکـات، لـەوێ، لەناو پێـشـبـڕکـێـیـەکی دارێژراوی تەفروتوناخوازدا، بە هێـزێکی بوونەوەر ئاسا، کە شیـعرە؛ دۆزە رەگەز مــرۆڤـایەتیـیـەکـەی، لە دۆزێکی پڕ لـە دەلالەت دەتەقـێنێـتـەوە و پێشبڕکێیەکە دەبەزێنێ:

«وەک ئازارێک کورد بەرەو هەقیقەت دەچێتە پێش »...

لێرەڕا، جلـەوێ سـەرایی دۆزەکەی بۆ ناو جەرگەی ئەم دنیایەی ،کە لە یاریگەیەکی پێشـبڕکێی فـەرمانڕەوایانەی ناهەق و سـاختـەبازی دەچێ و دەیبات، تا لەسـەر گومبـەزی شـیـعرێکی مـەڕمـەڕیدا رادەوەسـتێ و یاخیبوونێکی مـەحاڵئامێز لە دژی مەحـاڵییـەتی کورد دەست پێدەکا، زمـانی دەسـتـەواکراوی بەرەکات «ڕاستی»یەکی تر و «بوونێکی والا»، بە دژی نەبـوونی کـورد، کـە «نوێنـەر» و «فـەرمـانـدە مـیلیـتـارەکـانی کوردی» بۆ ئەمە هانا بۆ «دەرەوە» دەبەن، نەک بۆ «ناوەوە»،کەواتە:

«ئەم هەقیقەتە رابگرن!»

ڤێجا: «عەدەمیش، بەرەو ئەو سەکۆیەی کە قورسهەڵگرەکان فەنایەکی قاڵکراو وەک ئاسنێکی هەنگوینی لە سەر هەڵدەگرن، هەڵدەکوتێ.»

ستۆکهۆڵم ١٩٩٥- ٢٠٠٠



# مەهاباد، بەرەو ئۆلۆمپیادی خوا»

سەلیم بەرەکات

بۆ ئێسکەکان زرینگانەوەیان،
بۆ مەزراکانیش زرینگانەوەیان،
بوولێڵیش، لە سوتانێک هەڵایساوترە کە ڕێنیشاندەری مەرگ بۆ سەر نیشتەنیەکەی دەکات.

تۆ نەی فریشتەکە، ئێستا، نە بەو هەمان پیتە بنووسە کە ژیانی لەسەر گۆزە سازگارەکان سەر کۆنەکرد و لە مەرەکەبدا شەرم دەکاو یەقینی خۆی دەپۆشێ، نە تاراوگەی ئاوالا بنووسە کە وەک دەرگایەک بێهوودەکان بە کلیلی شێوەکان دایدەپلۆسن.

لێ، ئەو خەوزڕانەی کە منداڵە وێڵەکان لە باخچەیەکدا پەرشیدەکەنەوە، خەوزڕانێکی پان و بەرینە، لە ئاخماندا بەسزا بەسەرچووەکان مەحفکراوەتەوە، ڕێگا بەهێزەکانیش هی قاچە بەهێزەکانن، پێچەرەکانیش کە خانووسازەکان ـ لە گوێنەدانێکا ـ بۆ ئایندەیان فرێی دەدەن، شۆڕ دەبنەوە. سمەکان لە نێوان من و تۆدان ئەی فریشتە: گاسنەکان، لم و، جادوگەران تەختەی پەنجەرەکان و دەسکی مسی دەرگاکان دەدزن. بووکە کازێوە تواوەکانیش لە نێوانی دەستەکانمدان. بەڵام یاریکەرەکان ـ ئەوانەی ـ لە مانەندەکاندا، مێژوو بەسەر کەلاوەکانیدا دەپرژێنن. ئەوان ڕاسپاردەی بوولێڵن لە نێوانماندا. هەتا مەفتەنێکیان بۆ پەیداکەین کە شایستەی ئێسکەکان بێ.

ئێستاکە یاریکەرەکان بە گۆچانِ درێژ و تۆپ و بازدانەکانیان و، بە ئاسنە سووکەکانیانەوە، ئەم بوولێڵەی وەک کازێوەیەکی لە کەر بارکراو تاقیدەکەنەوە. بەڵام زەوی هانکەهانکی تەماشاکارێکی خنکاوە، کاتێک بە هاوارەوە بەرەو پەرژینەکەی رادەکا: «ئەم هەقیقەتە رابگرن.»

ئەمە چ گێڕانەوەیەک بوو کە گێڕامەوە؟ ئەوان لەوێن: ڕاگوێزراون، ڕاکردوون؛ یاریکەرانی ئاسنن، چەکوش وەشێنن، لە بای غاردانەوە لەمپەرەکان دەبەزێنن، بە پاڵدانەوە و قوونەخشکێ ڕێدەکەن، بە قامیشە درێژەکانیانەوە بەرز بازدەدەن، بەسەر پلیکانەکانی یاریگەکەدا لەسەر ئەژنۆ ئەو قورساییە تاقیدەکەنەوە کە بەرەو ئاگریان دەبات.

دەبێت من، لە نۆرەکەمدا، وەک یاریکەرێکی تاقیکراوە بچمە پێش، ئەو ئاسنە بەرزکەمەوە کە ئەوانیتر بەرزیدەکەنەوە، بە یەقینێکی پەردەپۆشی ئەوتۆ، بێ مەبەستی بردنەوە، بەڵکو تەنیا لە یادی سەرکەوتنێکی نیوەچڵ و، سەرفرازییەکی نیوەچڵدا لەبەردەم ئاپۆرەیەکی لێکچڕژاودا بووەستم و هاوارکەم: «ئای لە قورسییەکەم!»:

چۆن، ماسوولکە بە ماسوولکە، ئێسک بە ئێسک ئاوا ئەترە بەردەم؟ چۆن، خۆم لەو دیدارە مردووە بدزمەوە، کە بۆ دیداری مردووان بەستراوە؟

بەڵام ئەز لە ئاپۆرەکەی ئەوێ دەترسم، کە وەک ڕۆنی نیوەڕۆیەک بەسەر پلیکانەکاندا تواوەتەوە، بۆیە پەراسووەکانم لە ڕێزێکدا گلدەدەمەوە و سییەکانم لەسەر بوولێڵێکی بەزیودا بەرزدەکەمەوە، من بە بەرچاوی ئەو ئاوبژێوانەی کە شەونخوونی بەسەر شەونخوونییەکانی خۆیەوە دەکات، رمەکەم دەهاوێژم، تا بڵێت کە من زیاترم هاوێشتووە لە هەڵدانی رمێک بۆ ئەو یاریگەیەی کە ئێشک بۆ ئاوبژێوانەکەی دەگرێت.

ئایا ئێستاکە، بازەکەم هەڵدەم، یاخۆ ئەو خوولە کورتەی کە ئاوزەکانم چاوەڕێی دەکەن ببڕم، منیش تا چۆکەکانم بەر زەوی پێشبڕکێیەکە دەکەوێ دەچەمێمەوە، چاوەکانیشم لەسەر کازێوەیەکە کە دەمامکی باوکایەتی پۆشیویەتی؟

ئاخۆ یاریگەکە لەنێوان خۆم و هەڵاتووەکاندا ببەشمەوە؟

هەموو ئەو تۆپانەی، کە نیشانەکانیان ئەپێکا دەهاوێژم، بە دانایی بەفرە ساوا لە مەمک هاڵبڕاوەکە هەڵ دەخلیسکێم؛

بەخشینەکانم پێشکەش دەکەم؛

«با»ش به تەنها ، هەنجیر لە راکردوویەک دەدزێ، کە هەنجیری نەچنیوە.
وەک باوکێک کە بە هەڕەتی باوکایەتی نەگەیشتووە، ئێوارەیەکی هەڵبەزیو بۆ ڕاکردن دەپشکنم، لەناخمدا نێوان بازدانەکانی من و بازدانەکانی هاوسەنگدەکەم، من بردنەوەیەکم ناوێ، بەڵکو دەمەوێ گەمەکە بە ئامادەبووان تەواو بێ، هەتا دۆڕاوان بە ناوبژیوانەکە نەڵێن نە هەوڵی سەرکەوتن بە هیچ کەس دەبەخشێ و نە ئەو لێدانانەش دەژمێرێت کە مرێنەرد.
بە هەمەحاڵ، ئەزیش لێرەم، من و ئامادەبووانیش لەوێن، ئەو لایەنانەی کە وەرگیراون بە داخوڕپانی خوێن وەک یاریکەرێکی دەرکراو لە پێستی خۆیان دێنەدەرێ، کاتێک کۆتایی خار خار توێکڵ هەڵدەدات و بەسەر ژاندا دەبورێتەوە؛
ئەزیش لەوێم، لە شەکەتیدا بە دراوسێیەک ئاوێزانم، دەست بەسەر رۆژەکە دادەگرم تا بە دزییە کوێرەکانی جەختم بکات؛
ئەزیش لەوێم، دابەشبووم لە نێوان دوو ڕاکردوودا، لە بوولێڵێکدا کە کەسێک نەیبردۆتەوە، لە بوولێڵێکی شمشێر بەدەستدا، کە سپێدە بە بایەکی قورسکراو ڕادەکێشێ.
ئەزیش لەوێم و، لۆرییە تیژڕەوەکان بەرەو ڕووم دێن و دەستی سایەقەکان لەسەر سوکانەکانیان دەخلیسکێ. هەتا ڕێککەوتی مردنێکی تر بۆ مردووەکان دابینبکەن و ژیانێکیش بە درۆکانیەوە دابهێنێ.

ئایا بۆتان بدرکێنم کە بۆ چوونەناو ئەم پێشبڕکێیە جیرانێک چەند فریوی دام؟:
فریویدام کە من بەژنوباڵای باریک و فێڵی پەرژینم هەیە. باخچەکەمیان بەوە تاوانباکرد کە فرێنێکە بەدوای پەردا، جا لە تەنگەبەرییاندا ڕاکشان، لەژێر خوناوێکی قەحبەی سپێدەیەکی تێکراوی سوراحییەکی بەردینیدا، لەهاتنە دەرەوەی منیان ڕوانی لەو دەرگایەی کە جووتێ پێڵاوی وەرزشی و کراسێکی خەڵتێنراویان لەپێش دانابوو.
منیش بۆ سەرکەوتنەکەم ئەوەم بە هەلێک زانی تاکو بەژمارە دیاریکراوەکان ڕازیبم.
سەرمەستم کردن: جیرانەکە، ناوبژیوانە ژاکاوەکە و، ئەو ڕوناکەییەی پشت ئەستوورە بە دارزانا* درێژەکە و یاریگەکە، تێکڕا سەرمەستم کردن.
لە توانستێکەوە بۆ توانستێک، لە مەرەکەبێکەوە بۆ مەرەکەبێک، بەڕاکردنەوە مووڕووە شکاوەکانی ئادەمییەکەم لە ژێر ئەو پێیانە هەڵگرتەوە، کە لەپێشیدامەوە و نەیبردەوە.

ئاخافتنەکەم سەختە. ئەز دەزانم.
خوازینە چکۆلانەکەم سەختێ. ئەز دەزانم.
هەنگاوەکانم سەختێ، چونکو بۆ پێشبڕکێ ئامادەم کردوون.
ئەزیش سەختم، چونکو ئێوە مانای سەرقاڵبوون لە یەقینە وردوخاشبووەکە تێدەگەن، کە ڕاگوازراوان لێیدەڕوانن.
زەویەکەش سەختە، ئەو دارزانایانە بۆ بازدانن، ئەو چەکوشانەی کە لە وەشاندنیاندا دەناڵێنن، ئەو ڕانە بەلەز خوێنراوانەش ـ ساتێ ماسوولکەکانی لە شەهوەتا دەتریوێنن بۆ دۆڕانێکن، کە لە ژماردن نایەن، هەموویان سەختێ.
یاریگاکەش سەختە، لەبەرئەوەی قورسایی گەورەی مەرگ بەدەنگێکی نەوی دەگێڕێتەوە.

(تۆ ئەی مەرگ
ئەی ئەو شمەکە کۆنەی سەر دوو شانە تێکسمڕاوەکە؛
ئەی لاستیکە لەرزیوەکە، ئەی یاقووتە لەقیوەکەی سەر ئەمووستیلەکە؛
ئەی خۆ لە میان نازناوان پەخشکراو،
هەر وەک تانجییەک بەهەنکەهەنک پەلکێشت بکات،
هەر دەڵێی یادوەریەکەت پشیلەیەکی توورڕدراو لە تارمەکانەوە دەبینێ.
تۆ ئەی مەرگ،
ئەی ئەو نقومبووەی کە هەموو دەستەکان بەهاناتەوە دێن،
کەمێک مەسەلەکانت ئاسان کەوە.)

بەڵام منی ڕاکردوو بە دارزانا درێژەکەمەوە، لەناوجەرگەی ئەو هوڕا کێشانەی کە دەمکاتە بەشداریکەری یەکەمین ئادەمییە ڕاکردووەکەی نێو جەرگەی هوڕا کێشانەکان. ساتێک کە بەهەموو هێزێکمەوە خۆم دەخەمە سەر ئەو دارە، جەستەم ئەو شێوە کەوانەییە وەردەگرێت و هەوا لێزانییەکەم دەبینێ، ڕووناکی تیشک بە تیشک لە منداڵێتییە وێڵییەکەیدا دەستڕەنگینی لە گێڕانەوەکەمدا دەکات، چونکو من یەقینەکانیم وا وەسفکرد کە وەسفناکرێن.
لە تێپەڕینمدا، بەبازدانەوە، دانیشتووەکان بەسەر پلیکانە شێوە ئاساکانی خۆیانەوە خلۆردەبنەوە، لەسەر ئەو بازدانە چرکراوانەی نێوان شێتی و شێتیدا

دەستەکانیان توند گوشیوە و، هاوارم لێدەکەن: «کۆتاییەکە ببە»، منیش کۆتاییەکە بە لم و، چەوری و، لاپەڕە و، قیر و، پاسەوان و، سەرتاش و، سەنگەر و، وەنەوز و، تریقە و، کورسی و، پەیکەرەکانیەوە، وە ئەو لێبوردنەی کە خوێن لەپارزونگەکەی دەدەلێنێ، دەبەم.
عەدەمیش، بەرەو ئەو سەکۆیەی کە قورسهەڵگرەکان فەنایەکی قاڵکراو، وەک ئاسنێکی هەنگوینێکی لەسەردا هەڵدەگرن، هەڵدەکوتێ. منیش شوێنەکەم لە نێوان ئینزارکراوەکاندا دەگرم ـ تا بە نۆرەی خۆم بچمە سەر سەکۆکە، لەپی دەستەکانم لەو لە هەڵدەسووم کە وشکیان دەکردەوە نەبادا ئاسنەکە لە دەستەکانمەوە بخلیسکێن. لە هێکڕا ئێوارە بەرزدەکەمەوە، سی بەرد، ئەو دوو هۆقەیەی کە ژیان بۆ شەونخونی ئێوارە بەجێیهێشتبوو، ئەو گوارانەی تریش لە ڕەنگزەردی قومارچییەکان کە با بەسەر براکانیدا دەیبەشێتەوە.
ئایا ئەو ئالایانەی کە لەوێن بۆتان ناوبێژبکەم، کەلەسەر تارمە بەرزەکانەوە بە تفەنگەکانەوە ڕاگیراون؟ ئایا ئەو تفەنگە زۆرانەی ئەوێتان بۆ ناوبێژبکەم، کە ئەو پاڵەوانێتییەی لەشەرما بڕوا بە دەستدرێژی بەسەر کوردا دەکات؟ ئایا کورد ناودێربکەم تا شەو بە کراسە تاڵانکراوەکەیەوە گەرمبێتەوە؟

دوو بازدان. لە خوولی یەکەمدا، بە دار زانایەکی شکاوەوە؛
دوو بازدان، بە خورتییەوە بۆ خواوەندێکی شکاو.

ئایا ئاسمان دیل کەم تا ئەم وەسفکردنە تەواوکەم، یان ئێوارەکە بۆ خولیا وەرزشییەکانی جێهێڵم؟ ئایا لە کۆتایی پەسنەکەدا، چەکوشە هاوێژراوەکان کۆکەمەوە، یان بەم واوەیلایە بە مەتر پێوراوانەی کە لە گەڵمدان بەو خولە مشتومالکراوانەی کە بۆ جارسکردنی مرۆڤن، دەستهەڵگرم؟
کەوایە، وا لەسەر تەختەیەکی تۆکمەدا ئەم ئاسنەش بەرزدەکەمەوە کە لەژێر قاچە تۆکمەکانمدا دەلەرزێ. تاقیکردنەوەی ماسوولکە و تاقیکردنەوەی هەوا دەبینم، کە دەمارەکان دەگەنە چلەپۆپەی هەڵچوونیان کە بۆ خوێن پاکیزەیی و قەحبەیی ڕێ خۆشدەکەن.
ئەم ئاسنە بە حیکمەتی ئاسن بەرزدەکەمەوە.
سوێند دەخۆم کە ئەو ئاسنە بەرزکراوەی سەر دەستەکانم ئایندەیەکی شۆڕاوەی ناو سینەی کوردێکە
بەم جۆرە خۆم لە یاریەکەدا بینییەوە.
بەم جۆرە خۆم لە یاریەکەدا بینییەوە تا سەرقاڵمبکات، تاوەک دارتاشێک لە سەر مەزەندەکردنی گۆشەکان لەم بەزمگایەدا سەرنجبگرم، ئاساییە بۆ جیرەکردن کە ڕێ بە قوفڵەکان بدات تا ببینن، بەو فیتنەیەی کە وێرانگەکان یەکدەخات.

دەبا هەموو پێغەمبەرەکان، بەو ئازارە وردەکارەی کەپەرناسایە ئامادەبن، تاکو ژیان وەک پەیڤینی گرۆکارەکان بەقسەبێن. با دابەشبن ساتێ کە دەبینن، چونکە نیعمەتەکە بە گوێچکەیەکی هەڵەشەوە گوێڕادەدێرێت و، ئێستای ناڵەناڵکەریش بە چەنەچەنە تەڵاقدراوەکانیەوە نەک بە قسەی شاهیدکاران، دەنووسێتەوە.
دەبا بازێکی بەرز بێت،
ڕاکردنێکیش لە نشێوییەکی بەرزدا
دەبا فریشتەکە لەژێر کەوانەکەدابێت،
لە دەروازەیەکی باکوریی هەقیقەتدا،
ئەو پاڵتۆیانەی پۆشیوە کە هی خۆیەتی، بوندق دەکرۆژێ، تا بە شیفایەک دەگات کە شۆخییەک نۆکەرەکەی هەڵدەبژێرێت، ئامادەبووانیش لە یاریگەکەدا بە سوراحییەکانیانەوە کە مەرگ شتێک لە نیگارە زیندووەکانی لەسەر بەجێ نەهێشت، دەچنەدەرێ.

ئای بۆ «ژەنگار»ی ڕاکردوو بۆ «تۆرۆس»، ئای بۆ «جەزیرەی بۆتان»:
شوراکان ئاسکن و، پەرژینەکانیش وەک دەستەکانم مرواری دەچننەوە،
پەیکەرەکانیش ـ با ـ دەمبەست دەکەن.
بەڵام ئەوانەی، من ئاسا، بەسەر پلیکانە تاتەبەردینەکاندا بەرەو تاریکی هەڵدەزنێن، ئەوان تاقیکردنەوەی وریاییەکی خەواڵوون لە جەنگی دارتاشاندا.

ئەزیش...
من بۆم هەیە ناوبژی کەسێک بکەم؟:
دەوڵەتە ترسنۆکەکان و، قەدەرێک بەدوای تۆپە قوڕینەکانیانەوە تلدەبنەوە.
تەنیاش، بەیانیەک پرچی شانەدەکا، با خانووسازەکان بەرەو ئەبەدییەت ڕێکەون، هەروەک ـ پاش کەمێک دوای مەرگ ـ داستانەکەم بەقەرز بدەم، تابەسەر عەدەمدا پەرێشانە ئامێرییەکەی بگێڕێتەوە، هەروەک کورد تریقانەوەکانیان پێ تاقیبکاتەوە، کە ئەوان سەوڵی بەستەڵەک بەرەو ئەو سەکۆ گەورانە سەوڵ لێدەدەن کە هی ناڵە گەورەکانە.

خودێی من
ئەوانە کوردانی تۆن، خودێی من.

...بوندقەکانیش هەڵدەڕژێن، هەڵووژەکان هەڵدەڕژێن. هەرمێکان، ڕۆڵەکان دابەشدەکەن، گەنمیش ورینەدەکا: تا گوڵە گەنم ببێتە ویستی مەرگ، دەبا مەرگ لەو تونێلانەی کە تویژ هەڵدەدا زەنادارتر بێت، ڕێبوارەکانیش لەناویدا بە سرتەیەکی نزم ئاخافتنە دواخراوەکانیان ببێژن.
تۆ ئەی فریشتەکە بە بیانوویەکی زیندوو مەمبە، چونکو من ـ تۆ ئاسا ـ چارەنووسەکان وەک میوە بەسەر بێچارەکاندا دابەشدەکەم، بە دەستە ورێنەکردووەکانمەوە تارماییەکەم لە دەرگاوە توڕدەدەم تا بەچیرۆکەکانی لەمەڕ ژیان بگێڕێتەوە.
چاوەڕوانیشم مەبە، چونکو ئەز وەک ڕاکردوویەکی ناو چیرۆکەکانم. ئەو کەسەی کە نایگێڕێتەوە دەمرفێنێ، کاتێکیش کە داستانبێژ پایانی چیرۆکەکە ناگێڕێتەوە، ئەز دەبمە کۆتایی. گەر ویستیشت چاوت لێم بێت ئەوا دارزانا درێژەکەت بەرزکەرەوە و پێڵاوە وەرزشییەکەشت لەپێکە ـ تۆش وەکو من ڕاکردووی ناو چیرۆکەکانیت ـ گرەوەکەرەکانیش لە هەڵکوتاندنە پەسنکارییەکانیاندا دەرگا بە دەرگا دەکوتن و ئەو بەختانەت لەگەڵدا دابەشدەکەن کە ترس پیرۆزباییان لێدەکات.
لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد» وەک من، بە کەمێک ئەفە ئۆفەوە، تۆ ئەی فریشتەکە، قەیتانی پێڵاوەکەت دەکەیتەوە و کراسە خاکییەکەت دادەکەنی، تاسەر ئێسقان هەناسە هەڵدەمژیت، هەروەک پەسنکارەکان لە واویلاکە ڕزگاریان کردی و پێکەنین بۆ تۆ گریا؛ دەڵێی
شەڕەنگێزەیەکی تر
لە ئاسمانێکەوە
بۆ ئاسمانێکی تر
پەلکێشت دەکات.
ئازاریش وەک چۆن هەوا پاڵتۆ لە ئەمبارەکەیدا هەڵدەواسێ، کورتت دەکاتەوە.
لە سووتانێکەوە بۆ سووتانێک با قەدەر ئەو دەسکەوتە بە هەل وەرگرێ کە کورد بە قەدەری دەبەخشێ تا لە چەنەبازییەکدا تەمبەڵە زێڕینییەکەی لەسەر زەویدا پێبگێڕێتەوە، بەر لەوەی ڕاکردووەکان بە تارماییەکانیانەوە پەرژێنە ترسنۆکەکەی ئایندەیان داگیربکەن، کە ئەوان کراسەکانیان تووڕهەڵدەدا تا هەوا گەرمیکاتەوە، پێڵاوەکانیشیان بۆ گەمارۆدانێک جێدێڵن تا برینی گەمارۆدان لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێک بە پیادە بگوازێتەوە.
بایەکەش؟! چییەتی؟ دیسانەوە لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».
هەر هەموو لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».
هەموو لێدانێک لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».
هەموو واویلاکان لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».
دایکایەتیش بە مەمکە بەردینەکانییەوە لەنێوان وەچەکانیدا دۆشداماوە:
کە خوا بێدارم کاتەوە، لە پەسەندانێکی شێدارانە بۆ خوێن، پێڵاوەکانم ئامادە کرد، کە خوێن بێداری کردمەوە خوام ئامادەکرد.

بەلام، وەک ئازارێک باڵەکان دەچنەپێش،
وەک ئازارێک کورد بەرەو هەقیقەت دەچێتەپێش.

وەک ئازارێک بوولێڵ کۆچاوکۆچ شوێنەکە لەسەر کێژەکانیدا دەگێڕێتەوە؛
وەک ئازارێک هەتاوی کوێر دەچێتە ناو «مەهاباد».
ئەزیش
کۆچاوکۆچ.
بە هەمان دارزاناکەمەوە، بە دوو پێڵاوە وەرزشییەکانمەوە، بە چەپڵە کەرە لەبیرکراوەکەی سەر پلیکانەکانەوە، کە کەسێک بەسەریدا هەڵنەگەڕا، ئەی فریشتەکە ـ ئارەقەی سەر هەنیەت وشک دەکەمەوە، بە ئێسکەکانم باڵەکانت ڕادەگرم تا ئەو زەوییەی کە لەدواتەوە، زریان بە زریان، جوانی بە جوانی دەڕوخێ، بچنمەوە، هەتا دوا ڕم بۆ لایەکانی دوا خوێن بوەشێنم. دوای ئەوەش،
بە ناڵەناڵ،
بە خۆما هەڵدەچمەوە
لە «مەهاباد»ەوە بۆ «مەهاباد».

١٩٨٨

* زانا: مەبەست لەبازدانی بەرزە، یارییەکی وەرزشی یە «الزانە»، بەهۆی دارێکی درێژەوە باز دەدرێت.

ئازاد حەمە

# ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی

## لە میانەی خستنەرووی بیری ژاک دریدا

(بەشی سێهەم)

**هەڵوەشانەوەگەریی ـ دەروازەکردنەوە لەسەر پاش بنەماخوازی دریدا**

**دریدا، پۆل دۆمان، قوتابخانەی یال Yale هەڵوەشانەوەگەریی لەنێوان فەرەنسا و ئەمریکا**

**بیرکردنەوەی فەلسەفی دریدا نووسەرایەتی لەودیو پەیڤەوە**

**واتای جیاوازی لە لێکسیکۆنی دریدا**

**ڕەخنە لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرل ڕەخنە لەسەرچاوە**

**ئاسۆی بیرکردنەوەی دریدا لەمەڕ هێدگر**

**دریدا/ هابرماز، نیو ـ بنەماخوازیی دریدا و نوێنەری قوتابخانەی فرانکفۆرت**

**فەلسەفەی دریدا و شیعرگەرایی پۆل سیلان، تێپەڕاندنی سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەب**

### هەڵوەشانەوەگەریی ـ دەروازەکردنەوە لەسەر پاش بنەماخوازی دریدا

هەڵوەشانەوە یەکێکە لە میتامۆرفۆسەکانی فەلسەفەی ئەدەب لەدوای ساڵانی شەستەوە. بۆ گەلێک هەڵوەشانەوە بە شەپۆلێکی ڕەخنەیی دوای ئایاری ٦٨، شۆڕشی قوتابییان کە زۆربەی زانکۆکانی لە ڕۆژئاوا گرتەوە، لەقەڵەمدەدرێ. دریدا ئەم پەیڤە بۆ یەکەمجار لە سیمینارێکدا لە ساڵی ١٩٦٦ لە مۆنتریال بەکاردەبا. لەم سیمینارەدا دریدا شانبەشانی پەیڤی هەڵوەشانەوە، پەیڤە هێدگرییەکانیش(Abbau, Destruktion) بەکاردەبا و دەیانخاتە ناو یەک کۆنتێکستەوە. ئەم دوو پەیڤە لەم کۆنتێکستەدا هەردوو بەمانای کارکردن لەسەر بنەما یان ئارکتوکتۆری ترادیسیۆنی بۆ واتاکانی ئۆنتۆلۆژیا و میتافیزیکی ڕۆژئاوایی دێ. بەڵام(Destruktion) لە فەرەنسی بە واتای وێرانکردن دێ کە پتر لە(Démolition)ی نیچە وە نزیکە تا لە لێکدانەوەی هێدگریانە و ئەو شێوازە خوێندنەوەیەی کە دریدا پێشنیاری کردووە.

لەو نامەیەش دریدا دەینووسێ بۆ پرۆفیسۆرێکی یابانی بەنێوی (بۆ هاوڕێیەکی یابانی)، کە گرینگی خۆی هەبووە لە ڕوونکردنەوەی پرۆبلێماتیکەکانی هەڵوەشانەوە، لەو نامەیەدا دریدا دەپرسێ: هەڵوەشانەوە چی نییە؟ یان بەواتایەکی تر، هەڵوەشانەوە پێویستە چی نەبێ؟ دریدا پێیوایە وەرگێڕانی پەیڤی هەڵوەشانەوە نەک بۆ سەر زمانی تر ئاسان نییە بەڵکوو بەکاربردنی ئەم پەیڤە لەناو زمانی فەرەنسیشدا کێشەی دێتەرێ و دوچاری بەهەڵەتێگەیشتن دەبێ. جا، دریدا بە پشت بەستن بە فەرهەنگی(Littré) هەندێ لێکدانەوە لەبارەی سەرچاوەی ئەم پەیڤەوە بەمجۆرە بەردەست دەخا:

هەڵوەشانەوە زاراوەیەکی ڕێزمانی و گراماتیکییە. هەڵوەشانەوە دەستکردنە بە شێوان لە بونیادی پەیڤی دەربڕینێک یان شتێ کە بنەما(Konstruktion) کەی لەدەست بدا .هەڵوەشانەوەش وەک کردار، واتە یەک: هەڵوەشانەوەی بەشەکانی هەمەیەک. هەڵوەشانەوەی پارچە ئالەتێک بۆ گوازتنەوە بۆ شوێنێکی تر. دوو: هەڵوەشانەوە زاراوەیەکی گراماتیکی یە. هەڵوەشانەوەی بەندێکی شیعر، شێوەی پەخشان بەهۆی لەغوکردنی کێشەکەیەوە.

دریدا بانگەشەی ئەوەدەکا کە هاوکۆکە لەتەک هەموو ئەوەی لە فەرهەنگی ناوبراودا گوتراوە. بەڵام ئەوی خۆی ویستوویەتی بیڵێ هەموو ئەوە نییە کە هەڵوەشانەوە دەیەوێ بیڵێ.

بەپێی ئەوەی هەڵوەشانەوە نە شیکردنەوەیە و نەش ڕەخنە، داوای ئەوەمان لێدەکا لە کاتی وەرگێڕاندا ئەم مەسەلەیە لەبەرچاوبگرین. هەروەها پێشی وانییە کە وشەی ناوبراو میتۆد بێ و یان شیاوبێ بکرێ بە میتۆد. چونکە دریدا باس لەوەدەکا کە لە هەندێ نێوەندی زانکۆیی و کولتووری لە ئەمریکا ئەم کارەکراوە (واتە هەوڵی کردنی هەڵوەشانەوە بە میتۆد). لەمرووەشەوە دریدا پرسیاری ئەوە دەکا ئایا دەشێ هەڵوەشانەوە بکرێ بە میتۆد؟ ئایا ئەم دامەزراوانە دەتوانن دەستی بەسەردا بگرن؟ لەڕاستیدا دریدا باوەڕی بەوەشە کە، ناشێ هەر بەوەوە وابەستەبین کە هەڵوەشانەوە ناکرێ نەگۆڕدرێتە ئامرازێکی میتۆدی یان کۆمەڵێ ڕێسا و میتۆدی ئامرازیی. هەروەها بەس نییە بگوترێ هەموو ڕووداوێکی هەڵوەشانەوە شتێکی دەگمەنە یان زمانێکی تایبەتە یان ئیمزایە. بەڵام لەهەمان کاتدا دریدا ئەوەشمان پێرادەگەیەنێ کە هەڵوەشانەوە نەکردەیە و نەش

نۆپەرەسیۆنە. ئەم مەسەلەیەش لەبەر ئەوە نییە کە شتێک لە پاسیڤیتێتی تێدایە. یان نەک لەبەرئەوەی ئەمە نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ خود(ئیندڤیدوێل یان کۆلێکتیڤ)ێکی دیاریکراو. دریدا بەگەلێ شێوە باس لە سەختیی وەرگێڕانی پەیڤی هەڵوەشانەوە بۆ سەر زمانەکانی تر دەکا. بەڵام کۆششەکانی دریدا ڕوونکردنەوەیەکی زۆری خستۆتە سەر فەرهەنگی پەیڤی ناوبراو. ئەم پەیڤەش دەتوانێ نرخێ بۆ خۆی لە میانەی زنجیرەیەک نووسراوی تردا پەیدابکا، ئەوی پێیدەگوترێ: کۆنتێکست. کۆششی دریدا بۆ ئەوەبووە نرخی ئەم پەیڤە لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا دیاریبکا کە لە توانایدا بێ جێگای پەیڤی تر بگرێ. یاخود لەلایەن پەیڤی ترەوە دیاربکرێ. نموونەشمان لەسەر ئەو پەیڤانە بۆ دێنێتەوە، وەک: پاشماوە، جیاوازی، پەراوێز، فارماکۆن، پارێرگۆن، نووسین، سوپلیمێنت... و هتد.

خوێنەری کارە هەڵوەشانەوەییەکانی دریدا، دەتوانێ لەوە بەئاگابێ کە، هەڵوەشانەوەگەرییەکانی دریدا بۆ ڕەخنەگرتن نین لە تێکستی فەلسەفی یان ئەم هەڵوەشانەوەگەرییە شێوازێ گریمانی نییە، بەڵکوو بریتی یە لە ستراتیژ. واتە دریدابەڕێگای ستراتیژ دەیەوێ بگاتە بیری جیاوازی. بیری جیاوازیش بیرێکی فەلسەفی یە، بەڵام فەلسەفەیەکی پرسیاری یە، نەک جۆرە فەلسەفەیەکی تر، بەتایبەت ئەو شێوە فەلسەفە مردووانەی ئەمڕۆ باون. بەپێی لێدوانەکانی دریدا بێ، کەواتە هەڵوەشانەوەگەریی فەلسەفەیەکی پرسیاری یە، نەک پرۆسەیەکی تیۆری یان سیاسی پوخت. گەلێک لەگەڵ دەموەختی سەرهەڵدانی بزاڤی هەڵوەشانەوەگەریی بۆ ئەوە چوون کە ئەم بزاڤە بزاڤێکی نیهلیستی و گومانخوازی یە. بەڵام پێداویستییەکانی تەکنیکی خوێندنەوە و پشکنین، لەدووتوێی ڕەخنە و لێکدانەوە، ئامێزی بۆ ئەم بزاڤە کردەوە و بوو بە گەڕان بەدووی سروشتی زمان و بیر و ئاقاری نیشانە.

دریدا هەڵوەشانەوەگەرییەکانی لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی پراکتیسێرە دەکا. لەبنەڕەتیشدا فەلسەفەی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا بناغەیەکی فینۆمینۆلۆژی هەیە و، ئەو سێ بەرهەمەش کە دریدا لەسەرەتای نووسەرایەتی خۆی نووسیویەتی دەروازەن لەبارەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرل ەوە. بەڵام دریدا وردە وردە بەپێچەوانەی ڕەوتی ئەم فەلسەفەیە کاردەکا و، لەژێرسایەی ستراتیژی هەڵوەشانەوەشدا پێشنیاری هەڵاوگۆڕانی دوانەییە میتافیزیکییەکان (وەک: نووسین/ ئاخاوتن، ژیان/ مەرگ، دال/ مەدلوول، پەچە/ ڕامالین،ناوەوە/ دەرەوە، باشە/خراپە...) دەکا و داوای ئەوەش دەکا ئەم هەڵاوگۆڕانە بەشێوەیەکی زۆر توند و تیژ ئەنجامبدرێ تا لایەک لەلایەکان لەڕووی ئاکسیۆمی و لۆژیکییەوە زاڵتربێ. گەر لەمڕووەوە گوێ بۆ دیدێکی تیۆریزەگەریی فێمینیستی نەرویژی توریل موا (Toril Moi) هەڵخەین، دەبینین ئەوەمان پێڕادەگەێنێ کە، مرۆڤ ناتوانێ شتێ هەڵوەشێنێتەوە کە بوونی نییە. بەمجۆرە هەڵوەشانەوە واتە قەبوڵکردنی لۆژیکی سنووردارکردنی میتافیزیک. ڕەنگە ئەم شێوە کارکردنەی دریدا لەپشت ئەوەوە بووبێ نووسەری فەڕەنسی لۆک فێری(L.Ferry) بگاتە ئەو باوەڕەی کە هەڵوەشانەوەگەریی بە یەکێ لە سێ ئێپۆکەکانی فەلسەفەی مۆدێرنیتێ(ئێپۆکی تیۆلۆگی یان ململانێ دژ بەئاین: سیستەماتیسێرەکردنی ئۆنتۆ- تیۆلۆژی، ئێپۆکی ژینییەلۆژی: هەڵوەشانەوەی میتافیزیک. ئێپۆکی فەلسەفەی تیۆری و پراکتیکی نوێ: بەمێژووکردنی واتای ئۆنتۆلۆژی و ڕەخنەی خودی بناسێنێ. چونکە بەلای ئەم نووسەرەوە ئەم سێ ئێپۆکە بەشدارییان لە هەڵوەشانەوەی میتافیزیک دا کردووە. بەڵام لە گەلێ شوێنی تردا نووسەری ناوبراو لەگەڵ هاوکارێکیدا بەنێوی ئالان ڕینۆ (A.Renault) و لە بەرهەمێکیاندا بەنێوی (بیری ئایاری ٦٨) کە لە ساڵانی هەشتاکاندا بابەتی دێبات بووە، ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی دریدا و فۆکۆ و لاکان و بۆردیۆ دەکەن و بە ئەنتی هیۆمانیست ناویان دەبەن.

بەگشتی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا جگە لە سەرچاوە فینۆمیۆلۆژییەکەی، کە پاشان دژی وەستاوەتەوە، سەرچاوە سەرەکییەکانی نیچە و هێدگر ن و، هەروەهاڵە هەندێ ڕووشەوە کەڵکی لە ترادیسیۆنی هێرمینۆتیکی ئەڵمانیش (شلێیرماخر، دیلتای، گادامێر) وەرگرتووە. لێرەدا نامانەوێ باس لە پێوەندی نێوان هەڵوەشانەوەگەریی دریدا و هەڵوەشانەوەگەریی ئادرنۆ بکەین. چونکە ئەم دوو هەڵوەشانەوەگەرییە، کە یەکەمیان ئەنتی دیالیکتیکی و ئەوی تریان دیالیکتیکی یە، جوداوازن. بەڵام بەرچاویترین شت کە دەکرێ سەبارەت بە هەڵوەشانەوەگەریی دریدا باسکرێ ڕەنگە ئەو تێڕوانینانە بێ کە دریدا سەبارەت بە پەیڤی هەڵوەشانەوە و بنەما لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی ژاپانی باسی لێوەدەکا. لەم ڕوونکردنەوەیەدا دریدا دێتەسەر ئەو لایەنە کە کاتێ لە کتێبی (لەمەڕ گراماتۆلۆژی) بەهای بەکاربردنی هەڵوەشانەوەی دیاریکردووە بنەماخوازیی دەسەڵاتدار بووە. ئەڵبەتە هەڵوەشانەوەش هەمان ئاڕاستەی هەبووە بەتایبەت کە ئەمیش بایەخی بە بنەما داوە. بەڵام هەڵوەشانەوە هەوڵیداوە نە ئیدیا بێ نەش فۆرم، نە سینتێکس بێ و نەش سیستەم. دریدا دەیەوێ بڵێ کە هەڵوەشانەوە بەخۆشی بزووتنەوەیەکی بنەماخوازیی بووە. بەڵام چۆن بزووتنەوەیەک! بزووتنەوەیەک کە پرۆبلێماتیکەکانی بنەماخوازیی لەبەرچاودەگرێ و، لەهەمان کاتیشدا وەک بزووتنەوەیەکی ئەنتی بنەماخوازیی خۆی دەردەخا. کەوابێ سەرکەوتنی هەڵوەشانەوەگەریی لەگەلێ ڕووەوە بۆ ئەم نادیارییەی بزووتنەوەی بنەماخوازیی دەگەڕێتەوە. پەیڤی هەڵوەشانەوە لەئەمریکا بە پاش بنەماخوازی ناوزەدکراوە. بەڵام ئەم پەیڤە لە فەڕەنسا نەناسراو بووە، کەچی دواجار لە ئەمریکاوە بەرەو فەڕەنسا گەڕاوەتەوە. هەڵوەشانەوەگەریی وەک شەپۆلێکی ڕەخنەیی فەڕەنسی بەرپەچدانەوەی شەپۆلێکی تری فەڕەنسی بوو بەناوی بنەماخوازییەوە. ئەم بەرپەچدانەوەیەش لەسەر بناغەی لەغوکردن و دیکۆمپۆنێرەکردن و هەڵوەشانەوەی بنەماکان بووە. لێرەدا مەبەست لە هەموو شێوەکانی بنەمایە: زمانەوانی، لۆگۆسێنتریستی، فۆنۆسێنتریستی. بەواتایەکی تر، هەڵوەشانەوەی تێکڕای بنەما کۆمەڵایەتی، داوودەزگایی، کولتووری، سیاسی و بەتایبەت

فەلسەفییەکان. ئەم شێوازەش لە ڕەخنەگرتن کاتێ بە باشی هەنووکە کرا، کە هەڵوەشانەوەگەریی شوێنی کارکردنی لە نێو تیۆری ئەدەب و تێکستناسی و جوانکاریی هونەریدا بۆخۆی دۆزییەوە. ماوەیەکی زۆریش دریدا سەبارەت بە پەیڤین لەبارەی تێکستەوە لەژێر کاریگەریی گروپی تێل کێل(Tel Quel) دا بووە. بەڵام ئەوەبوو دواتر لەژێر سایەی پشکنینەکانی تری دریدا و بەشێ لەو تیۆریزەکەرە ئەدەبییانەی پەرەیان بە بزاڤی ڕەخنەگری دریدا دەدا (کە بەشێکی زۆریان ئەمریکییەکان بوون وەک دۆمان، کلەر، ستانلی فش، نۆرێس) تێندێنسی ڕەخنەی ڕەخنە یان ڕەخنە لەمەڕ ڕەخنە هاتەکایەوە.

**دریدا، پۆل دۆمان، قوتابخانەی یال Yale هەڵوەشانەوەگەریی لەنێوان فەڕەنسا و ئەمریکا**

دۆمان(de Man) کەسایەتییەکی دیاری ناو بزاڤی هەڵوەشانەوەگەری یە. ئەم فیلۆلۆگە جووە ئەمریکی بە ڕەچەڵەک بەلژیکییە پەرەپێدەرێکی چاکە بە هەڵوەشانەوەگەریی فەڕەنسی یان دریدایی. شێوازی هەڵوەشانەوەگەریی دۆمان بۆ بایەخپێدانە بە ڕەوانبێژی. یان هیپۆستەسێرە بەسەر ڕەوانبێژییەوە دەکا و، لەکارە ڕەوانبێژییەکانیدا گرینگییەکی زۆر بە فیگور و وێنە و زمان دەدا و هەوڵی هەڵوەشانەوەی ڕێزمان بەهۆی ڕەوانبێژییەوە دەدا. بەواتایەکی بەرینتر، بەڕێزمانیکردن بە ڕێگای ڕەوانبێژی ئەو هەوڵەیە کە دۆمان داویەتی. لەهەمان کاتدا ڕێڕەوی هەڵوەشانەوەگەریی دۆمان ئەو تیۆری مانایە پێکدێنێ کە کۆششە بۆ هەڵوەشانەوەی خوێندنەوە ڕەها و تۆتالیتێرەکان. بەئاشکراش دژی ئەو لێکدانەوە ئەدەبییانە دەوەستێتەوە کە بە دووی گەواهی دەگەڕێ لە خوێندنەوەی تۆتالیتێرانەی شیعردا.

دۆمان گومان لە مێژوو و مێژووخوازیی دەکا. بوونی مێژووی ئەدەبیش وەک جۆرێ لە جۆرەکانی مێژوو بەهەڵە دەزانێ. بەڵام پێشی وایە ئەمە بە دووبارە و سەرلەنوێ خوێندنەوە چاکدەکرێتەوە. دۆمان نووسینێکی باشی لەسەر زاراوە دریدا ییەکان نووسیوە و باوەڕیشی وایە تێکستەکانی دریدا پڕن لە چاوقایمی و ڕیسک و توانیوشیانە لەنێومندی ڕەخنەی ئەکادیمی ئەمریکی جێگا بۆ خۆیان داگیرکەن و، ئەم کارانە پتر لەکارەکانی ڕوناکبیرانی تری ئەمریکی بابەتن بۆ سەرچاوە. دۆمان هەروەک دریدا ڕەخنە ئاڕاستەی سیمیۆلۆژە نوێیە فەڕەنسییەکان(گریماس، تۆدۆرۆڤ، ژێرار ژێنێت، بارت،...) دەکا و بایەخ بەو کێشانەش دەدا کە تیۆری کردەی ئاخاوتن(لێرەدا مەبەست سێرل ە) دەیخولقێنێ. ئەڵبەتە دۆمانیش هەروەک دریدا کاری لەسەر تێکستی فەلسەفی و ئەدەبی جۆراوجۆر کردووە، ڕۆسۆ، نیچە، هێدگر، هۆڵدرلین، ڕیلکە، بودلێر...، ڕەنگە لەم ڕووەوە دریدا شتێکی جیاواز بێ. چونکە دریدا بەزۆری کار لەسەر تێکستی مۆدێرنی فەلسەفی و ئەدەبی، ئارتۆ، باتای، بلانشۆ، مالارمێ، کافکا، سیلان، ژان ژینێ، تادەگاتە هەندێ تێکستی تایبەت تر لەکاتی خوێندنەوەدا، ئیمانۆئێل لێڤانس، هوسرل، سۆسێر، مارکس، ستروس. بەڵام هەرچی دۆمانە پتر کار لەسەر تێکستی کلاسیک دەکا.

ئەڵبەتە هەندێ نالێکچوویش لەنێوان دۆمان و دریدادا هەیە. لەوانە، هەردوو لەژێر کاریگەریی هێدگردا بوون. بەڵام ئەم کاریگەرییە لەسەر دریدا زۆرتربووە، هەروەها کاریگەریی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی، کە بنەچەکەی ئەڵمانی یە(هێگل، هۆسرل، هێدگر)، بەسەر دریدا وە بەهێزتر بووە. دۆمان وەک ڕوناکبیرێکی پاش جەنگ و وەک زۆربەی ڕوناکبیرانی ئەو دەمە، لەژێر کاریگەری سارتەر بوو. هەرچی دریدا یە کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری سارتەرەوە. ئەمە جگە لەوەی دۆمان پێیوایە دریدا ناچارە قسە لەسەر دەستگای ئەکادیمی زانکۆ بکا لەکاتێکدا کە ئەم باسە ئەو نرخەی بۆ دۆمان نییە. ئەمەش لەبەرئەوەی زانکۆ لە ئەمریکا ئەو ڕۆڵە ڕوناکبیرییەی نییە کە لە ئەوروپادا هەیەتی. جا بەپێی ئەوەی دریدا لە ناوجەرگەی ئەوروپا دەژی بۆیە دۆمان گوتەنی دریدا مەحکوومە بەو قسەکردنە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دریدا پاش مەرگی هاوڕێکەی، ساڵی ٨٣، کتێبێکی بەناوی (بەیادی پۆل دۆمان) بەچاپدەگەیێنێ کە پڕن لە یادگاری خۆش لەگەڵ ــ دریدا گوتەنی ــ هۆڵدرلین ەکەی ئەمریکا. ئەم دوو نووسەرە، دریدا و دۆمان بە ڕەچەڵەک جووە تاوانێکی زۆر لێرەو لەوێ دەدرێتە پاڵیان و بۆیە دریدا لەم بەرهەمەیدا داکۆکی لە هاوڕێکەی دەکا کە چۆن ئەنتی ڕاسیست بووە و هیچ وەختێکیش پێوەندی بە نازیسمەوە نەبووە.

ئەڵبەتە جگەلە دۆمان کە یەکێکە لە ڕووەکانی ڕەخنەی نوێ لە ئەمریکا گروپی قوتابخانەی یاڵ(Yale) یش بەشداری خۆیانیان هەیە سەبارەت بە پەرەدان بە تێزەکانی دریدا. ڕوناکبیر و تیۆریزەکەرانی قوتابخانەی ناوبراو(جگەلە دۆمان، جیۆفری هارتمان Geoffrey Hartman، هارۆلد بلۆم Harold Bloom ، هلیس میلێرHillis Miller) هەڵوەشانەوەگەریی وەک تیۆر یان مێتۆدێک تەماشادەکەن. ئەڵبەتە ئەمە جیاوازییەکی بەرچاوی یە لەنێوان بزاڤی هەڵوەشانەوەگەریی ئەمریکی و فەڕەنسی. پێشتریش ئەوەمان باسکرد کە چۆن دریدا ڕەخنە ئاڕاستەی ئەکادیمیکەرە ئەمریکاییەکان دەکا (دۆمان نەبێ کە هەڵوەشانەوەگەریی پێ وانییە) کە هەڵوەشانەوەگەرییان کردووە بە مێتۆد. مەسەلەکە هەر ئەم لایەنە ناگرێتەوە. چونکە ڕەخنەی ئەدەبی لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەمریکا وەک دیسیپلینێکی ئەکادیمی بەدامەزراوکراوە و نەختێکیش پرۆژەی ئەکادیمیکەرانی ئەمریکی ڕووی لەجۆرە ئۆرتۆدۆکسیەتێک ناوە. جگەلە زانکۆی یال هەندێ زانکۆی تر هەن (وەک Baltimore , Maryland , Cornell) کە بایەخ بە هەڵوەشانەوەگەریی دەدەن و گرینگی خۆیانیان لە ژیانی فکریی و ئەکادیمی ئەمریکیدا هەیە.[٢]

پاش چەند ساڵێک لەپێکەوە کارکردن گروپی قوتابخانەی ناوبراو شانبەشانی دریدا کتێبێک بەناوی (هەڵوەشانەوەی ڕەخنەگریی) دێننەدەرێ کە دەکرێ بە مانیفێستی ئەم گروپە دانرێ. هەروەها شوێنی گوتنە گەر تەماشای کاری ڕەخنەگرانی هەڵوەشانەوەگەریی ئەمریکی بکرێ، دەرک بەوە دەکرێ کە مەودایەک لەنێوان کارەکانی ئەمان و کارەکانی ڕەخنەگرانی شەپۆلی ڕەخنەی

نوێ(Newcriticism) هەیە. بەڵام ئەم شەپۆلە ڕەخنەییە لە ئەوروپادا کەمتر جێگای بایەخی ئەدەبناس و ڕەخنەگران بووە و پتر بزووتنەوەی ئەدەبی تر لە شوێنی شەپۆلی ناوبراو کاریکردووە.

**بیرکردنەوەی فەلسەفی دریدا نووسەرایەتی لەودیو پەیڤەوە**

پشگوێخستنی پرسیارە فەلسەفییەکان ماوەی جارێک یەکێکە لە کێشەکانی تیۆری فەلسەفەی پوخت لە ڕۆژئاوا. دریدا دوای ئەوەی لە سەرەتای شەستەکاندا، بەهۆی ئەو دەروازەیەی بەنێوی هوسرل و بنەچەی هەندەسە نووسیویەتی لە ساڵی ٦٢، هاتووەتە گۆڕەپانی فەلسەفی فەرەنسی و دواتریش ڕۆژئاوایی، توانی بەهۆی کارەکانی پاشتری شوێنێ لە ناو جوگرافیای فەلسەفی نوێدا داگیربکا و پرسیارە خەوڵێکەوتووەکانی پاش نیچە، هۆسرل، هێدگر، سارتەر بێدارکاتەوە. بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی دریدا ناچنە خانەی فەلسەفەی زمانەوانی پوختەوە. چونکە دریدا لەیەک کاتدا کاری لەناو چەند پۆلێکدا کردووە (فەلسەفە، ئەدەب، زمانەوانی). بەڵام بەخۆی دریدا زۆرجار تەگەرەیە لەبەردەم ئەو لێکدانەوانەی کە لەبارەیەوە دەکرێن. ئەوەتا لە کتێبی (پۆزیشن، ١٩٧٢) دا بە ئاشکرا باس لەوەدەکا کە بیری خۆی وەک بیرێکی فەلسەفی لەقەڵەم نادا و، هەروەها تێکستەکانی نە سەربە فەلسەفەن و نەش بە ئەدەب. تەنانەت لە لێدوانێکیشدا ددان بەوەدا دەنێ کە نە بیریارە و نەش کاری بیرکردنەوەیە. ئەمانە لەڕاستیدا ئەو جۆرە یارییە زمانەوانی و میتافۆریانەن کە دریدا و گەلێ لە نووسەرانی هاوسەردەمی پێی بەناوبانگن. بەڵام دوای ئەو هەموو ئیشکردنانەی دریدا لەسەر سۆسێر، سیلان، ئارتۆ، هوسرل، ڕۆسۆ، باتای، ئارتۆ، ژان ژینێ، کافکا، بلانشۆ، فلیپ سۆلرێز، بارت، لیڤی ـ ستراوس، لاکان، هێدگر، نیچە، لێڤانس، دۆمان، سێرل، هێگل، مارکس، ماندێلا و چەندین ناوی تر بەڵگەن لە فرە پۆلی بواری کارکردنی و، جۆراوجۆری شێوازی بیرکردنەوەی دریدا.

دریدا وەک هەڵگری ترادیسیۆنی فەلسەفیی هێدگر و نیچە لەلایەک و میراتگری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرل لەلایەکی تر ئەو ئارکتکتۆرە فەلسەفییەی بونیادناوە کە بە هۆیانەوە دێتە ناو مەیدانی فەلسەفیی جیهانییەوە. وەکی تریش، بیری فەرەنسی پاش جەنگ لەژێر کاریگەریی سێ شەپۆلی فکریدا بووە کە هەر یەکێک لەو شەپۆلانە گرینگی خۆیانیان لەناو ژیانی فکری ئەو دەمەی فەرەنسا دا هەبووە. ئەم سێ شەپۆلەش ئەمانە بوون: شەپۆلی فکری مارکسیزم(مارکس)، شەپۆلی فکری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی(هوسرل، هێدگر)، شەپۆلی فکری شیکردنەوەی دەروونی(فرۆید). بەڵام دریدا بەزۆری لەژێر کاریگەریی شەپۆلی بیری دووەم و سێیەمدا بووە. هەر سەبارەت بە باری فەلسەفەی فەرەنسی لەپاش جەنگ دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم فەلسەفەیە لەناوەوە و لەدەرەوە شوێنی دیار بووە. ئەمەش بۆ ئەو بنەمایە دەگەڕێتەوە کە فەلسەفەی فەرەنسی لەودەمەدا سەرچاوەی لێوەهەڵگرتووە، بەتایبەت نیچە، هوسرل، هێدگر، بەڵام لە فەرەنسا کارێکی زۆر لەسەر ئەم فەلسەفانە کراوە و، دواجار ڕووەو دەرەوەی فەرەنساش بەڕێوەکراوە. لەگەڵ ڕووشەوە ڕۆڵیان هەبووە لە سەرهەڵدانی چەند بیرکردنەوەیەکیشدا، وەک: بوونخوازیی، بنەماخوازیی، پاش بنەماخوازیی، پاش تازەگەریی.

ئەگەرچی ئەمڕۆ بیرکردنەوەی دریدا دەسەڵاتێ نێودەوڵەتی هەیە بەڵام تاماوەیەکی زۆریش دریدا پتر لەدەرەوەی فەرەنسا(ئەمریکا، ژاپان) ناودار تر بوو وەک لەناوەوەی فەرەنسا.هۆی ئەمەش دیارە لەلایەک بۆ ترادیسیۆنی ڕوناکبیری فەرەنسی دەگەڕێتەوە لەلایەکی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاریس هەمیشە هەوڵیداوە ببێ بە نێوەندێ بۆ ڕوناکبیریی فەرەنسی.

ئەگەرچی دریدا لە کتێبی (پەراوێزەکانی فەلسەفە)دا باسێکی لەژێر ناوی (مێتۆلۆژیای سپی) تایبەت بە واتای میتافۆر و شوێنی میتافۆر لە زمانی فەلسەفیدا نووسیوە، بەڵام بەخۆی نووسەرایەتی دریدا بەگشتی زمانێکی میتافۆری شێوە نیچەـ هێدگرانەی بەسەردا زاڵە. کەچی نیوتن گارف، وەرگێڕی کتێبی (دەنگ و دیاردە)، هاوشێوەیەک لەنێوان دریدا و ڤیتگنیشتین(Wittenstein)ی چووەسالدا دەبینێتەوە. بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو بوارانەبێ کە دریدا کاری لەسەر کردوون نەک شێواز، ئەوا دریدا ئەرکی زۆرتر بووە لە ڤیتگنیشتین. ستاتووسی فەلسەفیی دریدا سەرەتاکانی جوداوازتر بووە و، هەروەها زۆرتر بۆ ڕەخنە ئاراستەکردنی میتافیزیک بووە و بەتایبەت بەرپەچدانەوەی میتافیزیک لەناو بیری نوێی فەرەنسیدا: میتافیزیکی بنەماخوازیی، میتافیزیکی مارکسیستی، میتافیزیکی فەلسەفەی ئاگایی. بەخۆی ڕەتکردنەوەی بیری میتافیزیک تەنیا کاری دریدا نەبووە و، بەڵکوو زۆربەی بیریار و ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوای سەرقاڵکردووە.

بە گەڕانەوەمان بۆ کارە فەلسەفییە پوختەکانی دریدا، وەک: (پۆزیشن)، (لەمەڕ گراماتۆلۆژیا)، (نووسین و جیاوازی)، (ڕاستی لە فەلسەفەدا)، (دەنگ و دیاردە)، (هوسرل و بنەچەی هەندەسە) لەوە بەئاگادەبین کە چۆن ڕاستی و زانین لەلایەن ئیدیاکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و، چۆن ئەمیش وورده وورده خۆی لە هەموو فۆرمەکانی بیری هەمەگەریی کشاندووەتەوە.لە لێدوانێکیشدا لەتەک کریستیڤا بەنێوی (سیمیۆلۆژی و گراماتۆلۆژی)، کە دواتر لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە کە بەخۆی بریتی یە لەچەند لێدوانێ لەتەک دریدا. دریدا بەڕاشکاوی ددان بەوەدا دەنێ کە ناکرێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ئاسانی لە چنگی میتافیزیک بێینەدەرێ. بۆ گەلێ بیرکردنەوەی فەلسەفی، دریدا هەنگاوەکانی ئەنتی ـ میتافیزیکی یە و، زۆربەی بیریارانی ڕۆژئاواش بە بەرهەمهێنەری میتافیزیک یان میتافیزیکی ئامادەبوون تاوانباردەکاو، خستنە ژێرپرسیاری فەلسەفەی ڕۆژئاواش لەناوەوە، دریدای بەرەو ئەم ئاکامە بردووە. ئەمەیان هەر کێشەی دریدا نییە و بەڵکوو کێشەی زۆربەی ئەوانەشە کە دریدا ڕەخنەیان ئاراستە دەکا.

هەروەک لەمەوبەریش ئاماژەمان پێکرد، هەڵوەشانەوەگەرییەکانی دریدا گرینگی خۆی لە لاوازکردنی بەهای مۆراڵ و ڕوناکبیری

ترادیسیۆنی ڕۆژئاوا هەیە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی کردەی فەلسەفی دریدایە. واتە ڕەخنەگرتن لە ترادیسیۆنی فەلسەفی ڕۆژئاوا یان وتاری فەلسەفی میتافیزیکی ڕۆژئاوا. خوێنەری کارە فەلسەفییەکانی دریدا درک بەوەدەکا کە فەلسەفە بۆ دریدا بریتی یە لە مێژووی فەلسەفە، مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش بریتی یە لە میتافیزیکی ئامادەبوون. ئەڵبەتە هەڵوەشانەوەگەریی دریدا سەرنجێکی زۆر دەخاتە سەر واتای ئامادەبوون. پێشیوایە، واتا میتافیزیکییەکان بۆ مێژوو، ئاگایی، مانا، خود، ناسنامە و... بوونیان نەدەبوو گەر شێوازی ئامادە واتای میتافیزیکی بۆ کات و شوێن دیاری نەکردبایە. ئەم ڕوونکردنەوەیە ئەوە نیشاندەدا کە دریدا میتافیزیک وەک ئامادەبوون پێناسەدەکا.

ئەوەی ڕاستی بێت، فەلسەفەی ئامادەبوون فەلسەفەیەکی میتافیزیکی یە و سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ پلاتۆن دەگەڕێتەوە و لەدوای ئەویشەوە هەر بکەر بووە و لێدوانی زۆربەی بیریارانی نوێی داگیرکردووە. میتافیزیکی ئامادەبوون، وەک فەلسەفەیەکی نوێ، تێکڕای خەیاڵی ڕەخنەیی دریدای داگیرکردووە. ئەم شتە، واتە میتافیزیکی ئامادەبوون، بە بۆچوونی دریدا هەمیشە ئامادەیە و، بە هەموو شێوەیەکیش خۆی دەردەخا (لەژێر ناوی: یەزدان، ویژدان، مرۆڤ، ئاگایی، ترانسندنتال، مادە، ماهیەت، خود، بوون، تێلۆس،...). گرفتی سەرەکی ئەم فەلسەفەیە ئەوەیە کە تەنێ دان بەو شتانەدا دەنێ کە لەئاگایی(هوشیاریی) ئامادەیە. واتە فەلسەفەی ناوبراو خود لە ئاگاییدا چڕدەکاتەوە. چڕبوونەوەی خود لە ئاگاییدا هاوشێوەیی بەرهەمدێنێ. سەرباری ئەوە، بایەخی دریدا بۆ خستنەژێر پرسیاری خودی مرۆڤایەتی وەک بناغەی زانین و هەڵوەشانەوەی ئیدیاکانی ڕۆشنگەریی، کە کاری بۆ ئەوەکرد زانینی مرۆڤایەتی یان زمانی زانین لە ئامادەبوون دا ئامادەبکا، سەفەرێکە لە سەفەرەکانی نووسەرایەتی فەلسەفیی دریدا. بەڵام ئەم شێوە بۆچوونانە لەپشت ئەو ڕەخنانەوەیە کە دریدا بە ئەنتی ـ هیۆمانیستی لەقەڵەم بدرێ.

ئەو فەلسەفەیەی لەسەرەوە باسکرا، ڕێ بۆ مرۆڤ دەکاتەوە کە سەروەرایەتی بکا؛ سەروەرایەتیش واتە ماف بەخۆدان و ناسنامە بە خۆ بەخشین، یان بەکورتی کردنی مرۆڤ بە چەقی شتەکان. ئەمەش لەو سیستەمە مەعریفییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە پلاتۆن ودواتر هێگل بناغەیان بۆ داناوە. بەمشێوەیە، خود و ئاگایی فەلسەفەی ئامادەبوون لەتەک یەکدا هاوتان و جیاوازی ناخەنە نێوان خۆیانەوە، یان مانای جیاوازی نازانن. بەڵام دریدا هەوڵی ئەوە دەدا بەرامبەر بەمە فەلسەفەی ئامادەنەبوون(لێرەنەبوون) دامەزرێنێ. لە دووتوێی ئەم فەلسەفەیەشدا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاگایی و خود لەنێوان خۆیاندا ناکۆک و جیاوازن و، هەروەها ئاگایی لەتوانایدا نییە ڕەنگدانەوەی سەد لە سەدی خود بێ. فەلسەفە یان بیری جیاوازی دریدا بۆ بێ کەڵککردنی پرنسیپی هاوتایەتی یە، کە ئەمەش بەرهەمی فەلسەفەی ئامادەبوونە.

گەر هەندێ لە کاراکتێرەکانی فەلسەفەی ئامادەبوون لە زمانی دریداوە، کە فەلسەفەیەکی پلاتۆن ـ هێگلی یە، دەستنیشان بکەین ئەوە دەڵێین فەلسەفەی ئامادەبوون، یەک: جیاوازی دەخاتە پەراوێزی هاوتایەتییەوە، دوو: ئۆنتۆلۆژیای هاوتایەتی و واتای یەکێتی پاڵپشتی نووسینی میتافیزیکین. ئەمەش لە خزمەتی فەلسەفەی ئامادەبوون دایە، سێ: فەلسەفەی ناوبراو گرینگی بە لۆگۆس دەدا و بایەخ بۆ نیشانە دانانێ، چوار: ئەم فەلسەفەیە دەنگی پێ لەپێشترە وەک لە پاشماوە، پێنج: لە فەلسەفەی ئامادەبووندا لۆژیکی هاوتایەتی بەسەر تێکستدا زاڵە و، شەش: کارکردن لەناو ئەم فەلسەفەیەدا پایەدارکردنی میتافیزیک دەگەیێنێ.

**واتای جیاوازی لە لێکسیکۆنی دریدا**

دریدا پەیڤی جیاوازی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٧ لە کتێبی (دەنگ و دیاردە)دا بەکاردەبا، کە بەخۆی ئەم کتێبە لەبارەی هوسرل وەیە. بەڵام پاشان دریدا لە کارەکانی تریدا (نووسین و جیاوازی، لەمەڕ گراماتۆلۆژی، پەراوێزەکانی فەلسەفە) بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بەکاری دەبا.

ناوی جیاوازی لە زمانی فەڕەنسیدا بەم جۆرە دەنووسرێ (Différence) کە لە کرداری جیاوازیکردنەوە(Différer) وەرگیراوە. بەڵام دریدا ئەم شێوە نووسینەی جیاوازی دەگۆڕێتە سەر شێوەیەکی تر کە ئەوەش بەم جۆرە دەنووسێ(Différance) و، ئەمەش تەنیا بە گۆڕانیe بۆ a. دریدا کاتێ جیاوازی بە پیتی بزوێنی a دەنووسێ ئەوا جیاوازی نە واتایە و نەش پەیڤ. ئەم جۆرە بەکاربردنەی دریدا کە جیاوازە لە بەکاربردنی ئاسایی زمانی فەڕەنسییەوە بە واتای جیاوازی و لێکنەچوویی و لێکدی جوداکردنەوە و، هەروەها نێوان و دوورکەوتنەوە و کەڵێنیش دێ. ئەم جیاوازییە لە بەکاربردن بۆ پەیڤی ناوبراو هیچ جوداوازییەک ناخاتەگۆی پەیڤەکەوە. جگەلەوە، بەکاربردنی پەیڤی جیاوازی بەمجۆرە، جۆرە بەکاربردنێکی ئابوورییانەیە لە ڕووبەرێکی فراوانتر وەک لەوەی کە لە دیالیکتیکی هێگل دا لە ڕووبەرێکی تەسکدا بەکاردەبرێ. بەخۆی جیاوازی لە تێگەیشتنی فەلسەفی هێگل دا کاتێک بوونی هەیە کە دیالیکتیک لە خزمەتی یاسای نێگەتیڤدا بێ. واتە جیاوازی لەم حاڵەتەدا لە خزمەتی ئامادەبوون دایە و لەتەک ناسنامەشدا هاوتایە.

هێگل باوەڕی وایە کە جیاوازی لە ناخی خۆیدا ناکۆکە. ئەمەش لەبەرئەوەی دیالێکتیکی نێگەتیڤی هێگل وابەستەی میتافیزیکی ئامادەبوونە. ئاشکرایە لەم ڕووەوە هەڵەی هێگل ئەوەیە کە مێژوو(یان بیر) لەناو بووندا دەبینێ و تێگەیشتنی فەلسەفیشی بۆ کات سەرچاوە لە ئۆنتۆلۆژیاوە هەڵدەگرێ، کە ئەوەش ئۆنتۆلۆژیایەکی سرووشتی یە. گومانیشی ناوێ کە هێگل ئۆنتۆلۆژیا وەک لۆژیکێکی ڕەها تەماشادەکا و بوونیش وەک ئامادەبوون.

بەڵام شێوازی بەکاربردنی دریدا بۆ پەیڤی جیاوازی لەوی هێگل جوداوازە. بەوەدەچێ سەرکەوتوویی بەکاربردنی پەیڤی جیاوازی بەمجۆرە، بەزۆری بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەتەک گەلێ پەیڤی تردا(پاشماوە، نووسین، پەراوێز، سوپلیمێنت، فارماکۆن،...) بەکاردەبرێ. دریدا هاتووە پەیڤی پاشماوە، کە لە فەیلەسووفی

فینۆمینۆلۆژی فەرەنسی لێڤانس هوەی وەرگرتووە، وەک سیمیۆلاکر(شێوەی خەیاڵی)ی ئامادەبوون بەکاری دەبا و لەتەک فەلسەفەی جیاوازییەکەیدا هاوتایدەکا. ئەم واتایە کە لەتەک ئامادەبووندا لە ناکۆکی دایە و لە ناخیدا لادان و جیاوازی لەخۆدەگرێ. ئەم پاشماوەیەی دریدا باسی لێوەدەکا لەدەرەوەی جیاوازی بوونی نییە.

لە ڕوانگای دریدا جیاوازی نە واتایە و نەش بیر، بەڵکوو بریتی یە لە کارێکی تێکستی و ستراتیژی نووسینیش. بزووتنەوەی خولقانی جیاوازی واتە نەگەڕانەوەی مێژوو بۆ میتافیزیک و دانانان بەوەش کە ئێستا لە لەمەوبەر دابڕاو نییە. دریدا لە هەڵوەشانەوە گەرییەکانییدا دابڕان لەتەک میتافیزیک بەرهەمدێنێ بەهۆی جیاوازییەوە. ئەم جیاوازییەش بەکاردەبا بۆ خولقانی نووسین، یان بەواتایەکی تر نووسینی ئەنتی میتافیزیکی.

**ڕەخنە لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هوسرل ڕەخنە لەسەرچاوە**

هوسرل کە دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هاوچەرخە لە سالانی سییەکاندا باسێکی زۆری بەهیوای ڕزگارکردنی عەقڵ بەرامبەر بە هێرشی بوونخوازەکان(ئەڵبەتە هێدگر یەک لە قوتابییەکانیەتی کە دامەزرێنەری ئەم شەپۆلەیە) و ناڕاسیۆنالیزمی نازی نووسی. لەم دەموەختەدا هوسرل کۆششەکانی گەلێ فۆرمی ڕەخنەیی وەرگرت و گرینگترینیان ئەو ڕەخنانەبوو کە ئاڕاستەی زانستی جێگیر و ئەو فەلسەفەیەی دەکا، کە بەبێ ڕەخنە کار لەناو ئەو مێتۆدانە دەکا کە ناواخنی تیۆری، زانینیان نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە. شایانی باسە کە زۆربەی بۆچوونەکانیشی تایبەت بەم لایەنانە لە کتێبی (گرفتی زانستە ئەوروپاییەکان و فینۆمینۆلۆژیای ترانسندنتال) جێگاکردۆتەوە. ئەم جۆرە فەلسەفەیە گەلێ کاتیگۆری بناغەیی وەک خود، زمان، ئاگایی،... ژێر پرسیار خستووە و، هەروەها وەک یەکێ لە سیستەمە فەلسەفییە مەزنەکان هەوڵی داوە بناغە یان ئوسولێ بۆ ئاگاییمان، بۆ زانینی مرۆڤایەتی دابنێ. زانینیش لەمیانەی کردەی ئاگاییدا دەخولقێ. بەڵام ئەوی خۆی لە شێوەی کردەی زانینی تیۆری پوختدا دەردەخا پێیدەگوترێ دیاردە (فێنۆمێن) و، ئەو زانستەش یان لۆگۆسەش کە لەمە دەکۆڵێتەوە ناوی فینۆمینۆلۆژی(دیاردەناسی) لێدەنرێ.

گەر تەماشای نەخشەی فەلسەفیی فەرەنسی سالانی شەستەکان بکەین دەبینین چەند فەلسەفەیەک وەک بنەماخوازیی و پاش بنەماخوازیی، کە لە بنەچەدا ناویان بە فەلسەفەی ئەنتی هیۆمانی ڕۆیشتووە دەسەلاتدارە، کە لە زۆر ڕووەوە بە فەلسەفەی هوسرل هوە پێوەنیدارە. هەڵوەشانەوەگەرییەکانی دریداش بۆ فەلسەفە و لۆژیکی ترانسندنتالی هوسرل، کە بەخۆی پێشتریش یەکێ بووە لە سەرچاوەکانی بیری دریدا، لە شەستەکاندا گرینگییەکی تری هەبووە لە سەرلەنوێ خوێندنەوەی هوسرل. بەگشتی، کاریگەریی سێ هایەکەی(هێگل، هوسرل، هێدگر) ناو فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی ئەڵمانی بەسەر بیری فەلسەفیی فەرەنسی بەتایبەت و بیری فەلسەفی ئەوروپیی شتێکە لەبیر ناکرێ. بەڵام بیری ئەم سێ هایە هەمیشە لە فەرەنسا ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ڕوانگەی تازەدا هەبووە. گەلێ لەوانەش کە لێکۆڵینەوە لەبارەی بیری دریدا ئەنجام دەدەن جگەلە گرینگی هوسرل و هێدگر لە ژیانی فکری دریدا باس لە ڕۆڵی بیریارێکی فێنۆمێنۆلۆژی فەرەنسی دەکەن کە ئەوەش ئیمانوئێل لێڤانس ە، کە دریدا لەتەمەنی لاویدا لەژێر کاریگەریدا بووە.

دریدا لە دووتوێی دووکتێبدا یەکێکیان بەنێوی (هوسرل و بنەچەی هەندەسە) کە یەکەم بەرهەمیەتی و لەساڵی ١٩٦٢ نووسیویەتی و، ئەویتر بەنێوی (دەنگ و دیاردە) کە لە ساڵی ١٩٦٧ نووسیویەتی دووخوێندنەوەی دەگمەن و پڕ لە ڕیسک سەبارەت بە فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژی هوسرل بەردەست ڕوناکبیرانی فەرەنسی دەخا، کە ئەو دەمە زۆربەیان گرفتاری دەستی ئەم فەلسەفەیە بوون.

کتێبی یەکەم، کە یەکەم بەرهەمیەتی و کتێبێکی سەردەمی لاویشیەتی(لە سی و یەک ساڵیدا نووسراوە)، بە جیدی دێبات لەسەر شیاوبوونی مێژوویەکی فێنۆمێنۆلۆژی دەکا و ڕەخنەش ئاڕاستەی ڕێدیکسیۆنی فێنۆمێنۆلۆژی دەکا. بەڵام هوسرل لەو بەرهەمەی کە دریدا ڕەخنەی لێدەگرێ، واتە ئۆریژینی یان بنەچەی هەندەسە، ڕەخنەیەکی زۆر لەلایەک ئاڕاستەی ئوبژێکتڤیزم و لەلایەکی تر مێژووگەریی(Historicisme) دەکا[٣]، کە پێشتریش هۆسرل ئەم ڕەخنانەی لەکارەکانی تری(فۆرماڵ و لۆژیکی ترانسندنتال، تێڕامانە دێکارتییەکان)دا ئەنجامی داوە. ئەڵبەتە، پرسیاری بناغەیی ئەم بەرهەمە لەبارەی مێژووگەریی ئیدیاڵە ئوبژێکتەکانەوەیە. بەو مانایەی گشت مانایەکی ئوبژێکتیڤ مێژوویەکی خۆی هەیە. وەکوو دەردەکەوێ مێژوو بۆ هوسرل پاڕادۆکساڵە و دووبارەکردنەوەی بنەچەیە. بۆئەوەی ئەم شتەش شیاوکرێ پێویستە ڕاستیی ئوبژێکتیڤ بکرێ. ئەمەش تەنێ بە ڕێگای زمانەوە دەلوێ. وەکی تریش ئەم کتێبە بە هیچ جۆرێ هەوڵدان نییە بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی هەندەسە. بەڵام دەکرێ بەوە لەقەڵەم بدرێ کە بەزۆری لەبارەی مێژووی زانینی ماتماتیکە. لەهەمان کاتدا، دریدا لەم کارەیدا باس لە جۆیس(Joyce) یش دەکا بەڵام وەک دژە جەمسەرێکی جیهانەکانی هوسرل. ئەم بەرهەمەی هوسرل بەشێکە لەو بەرهەمە گەورەیەی هوسرل، کە لەساڵی ١٩٣٦ بەناوی (گرفتی زانستە ئەوروپییەکان و فینۆمێنۆلۆژیای ترانسندنتال) بەچاپی گەیاندووە.

بەڵام بەرهەمی دووەمی دریدا(دەنگ و دیاردە) بە زۆری لێکدانەوەیە بۆ نیشانەی زمانەوانیی ئاگاییەکان، کە بەخۆی گرینگترین تێمای هوسرل ە. بەواتایەکی تر ئەم بەرهەمەی دریدا دەروازەیە لەسەر کێشەی نیشانە لە فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژی هوسرل. دریدا کە لەم کارەیدا ڕەخنە لە تیۆری مانا لای هۆسرل دەگرێ سەرچاوەیەکی چاکە لەسەر بزاڤی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا.

لەو بەرهەمەدا کە دریدا باس لە تیۆری نیشانە دەکا ئەوەمان بۆ بەر باسدەخا کە چۆن لای دامەزرێنەری فەلسەفەی ئاگایی مانا لەمیانەی ئاخاوتندا بوونی نییە. بەڵام دریدا خۆی مانامان بەوە بۆ دیاردەکا کە بەشێکە لە سیستەم، لە پاشماوە و لە دژەبەرامبەرەکان(باشە /

خراپە، ڕاستی / درۆ...). لەهەمان کاتدا، دریدا بابەتی وەک خود، بیر، دیاردە دەخاتە گەمەیەکی زمانەوانییەوە. زمانیش بەجۆرێ بەر باسدەخا کە لە ئاگایی مرۆڤایەتی گەورەترە، کە ئەمەش بە سیستەمی نیشانەی زمانەوانییەوە وابەستەیە. بەشێوەیەکی گشتی دریدا لە هەردوو کارەکەیدا ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو تیۆرە دەکا کە لەبارەی مانای زمانەوانییەوە هوسرل پێشنیاری دەکا.

سەرباری ئەوی لەبارەی ئەم دوو بەرهەمەی دریدا وە گوترا، دەکرێ بڵێین دریدا لە هەردوو کارەکەیدا خۆی وەک ڕەخنەگرێک لە فەلسەفەی ئاگایی هوسرل دەردەخا و زۆربەی ئەو واتایانەی هوسرل بەهۆی فەلسەفە خودگەرییەکەی زەقیاندەکاتەوە(وەک ناسنامە، خود، یەکە و تۆتالیتێتر)، دریدا دەیانگۆڕێ بە کردنەوە، جوداکردنەوە، فرەیەتی، پاشماوە و نووسین. لەو دوو بەرهەمەدا دریدا ئەو لایەنە پاڕادۆکسالانە دەستنیشاندەکا کە لە فەلسەفە و لۆژیکی هوسرل خۆیان پەنهان داوە و کێشەیان بۆ وێنە فەلسەفییەکانی هوسرل بەگشتی درووست کردووە. ئەمە لەکاتێکدا هەوڵی هوسرل بۆ یەکلاکردنەوەی پاڕادۆکسەکانی بیری فەلسەفی ڕۆژئاوا بووە.

دریدا لە لێدوانێکدا جەخت ئەخاتە سەر ئەوە کە کتێبی (دەنگ و دیاردە) ژێردەری هەردوو کتێبی (لەمەڕ گراماتۆلۆژی؛ نووسین و جیاوازی) یە. پێشی وایە ئەگەر مەسەلەکە میعمارێکی فەلسەفی بێت ئەوا کتێبی (دەنگ و دیاردە) لەپێش هەموویانەوەیە. چونکە ئەوی لەو کتێبەدا بایەخی دراوەتێ دەنگ و نووسینی دەنگی یە و، هەروەها دیاریکردنی شوێنی ئەم دوانەیە لەناو مێژووی ڕۆژئاوا و بەتایبەت لەناو فێنۆمێنۆلۆژی ترانسندنتالی هوسرل. بەمشێوەیە فەلسەفەی گوماناوی و هەڵوەشانەوەگەریی دریدا لەسەر بناغەی ڕەخنە ئاڕاستەکردنی هوسرل پەرەی سەندووە.

**ناسۆی بیرکردنەوەی دریدا لەمەڕ هێدگر**

هێدگر ناوێکی تایبەت و گرینگە لە ژیانی بیری دریدا دا.[4] گەر ئاوڕێ لە یەکێ لە ئەندێشەکانی دریدا بدەینەوە دەبینین بەم جۆرە گوزارە لەم بیریارە ئەڵمانییە دەکا: تێکستی هێدگر لە دیدی مندا گرینگییەکی زۆری هەیە. هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە کە لە وێنەیدا نەبووە. هەنگاوێکە کە ناگەڕێتە دواوە. هەنگاوێکە کە ئێمە لەوەوە دوورین توانیبێتمان کەڵک لە کەلەپووری ڕەخنەیی وەربگرین. بیری هێدگر بۆ من بەهایەکی باڵای هەیە. بەڵام ئەم بیرە وەک خۆی لەلایەن ئێمەوە بەکارنەبراوە. ئەوی من لە نووسینەکانمدا بەکارم بردووە هەوڵم داوە لە پرۆبلێماتیکە هێدگرییەکانی دوورخەمەوە.

بەوەدەچێ هیچ شتێک بۆ دریدا شیاونییە، دەروازەی لێبکرێتەوە بە بێ پرسیارەکانی هێدگر. زۆربەی کارەکانی دریداش دەرگا لەسەر فەلسەفەی هێدگر دەکاتەوە. هێدگر لەکارە فەلسەفییەکانیدا بانگەشەی کۆتایی میتافیزیکی کردووە و، دریداش لەسەر هەمان ستراتیژ کاریکردووە. بەڵام دریدا و زۆربەی بیریارانی پاش بنەماخواز و پاش تازەگەر وای بۆ دەچن هێدگر نەیتوانیوە لە تارمایی دیدی میتافیزیک بێتەدەرێ. ئەمەش بەوە دەرکی پێدەکا کە هێدگر نەیتوانیوە لە لۆگۆسێنتریزم بێتەدەرێ. بەواتایەکی بەرینتر، خوێنەری لێکدانەوە هەڵوەشانەوەگەرییەکانی دریدا دەکارێ دەرک بەوەبکا کە پێوەندی نێوان دریدا و هێدگر پێوەندییەکی هاوتا نییە. وەک دەردەکەوێ هێدگر سەرچاوەیەکی بەرچاوی و دیاری دریدا یە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دریدا هەوڵی هەڵوەشانەوەی تێکستی هێدگر یش دەدا هەروەک ئەوانی تر، لێرەدا مەبەست ئەو بیریارە ڕۆژئاواییانەن کە هێزی میتافیزیک لە بیریاندا پەنهانە، وەک: پلاتۆن، هێگل، ڕۆسۆ، هوسرل، سۆسێر،... واتە دریدا لەلایەک هەوڵی هەڵوەشانەوەی هێدگر دەدا و لەلایەکی تر هەمان تێکست بۆ هەڵوەشانەوەی تێکستی تر بەکاردەبا. جا ڕەخنەی گەلێ لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا لە پڕۆژەی هەڵوەشانەوەی دریدا ئەوەیە کە دریدا ئەم کارە سەبارەت بە هەموو ئەو بیریارانە دەکا کە سەرچاوەی بیرین.

سەبارەت بە بابەتی بوون، دریدا لەو باوەڕەدایە کە هەموو ئەوی ئەو بایەخی دەداتێ ئەوەیە کە هێدگر بە چارەنووسی فەلسەفەی دادەنا. واتە پرسیاری دیاریکردنی مانای بوون وەک ئامادەبوون. لەم ڕووەشەوە دریدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی پرسیارەکانی هێدگر لەمەڕ بوون گرینگییان لەناو وانەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بێ ئەندازە بەسوودە و، ئامۆژگاریی ئەوەشمان دەکا کە لەمبارەیەوە ڕێگای هێدگر هەڵگرین و وەدووی ئەو پرسیارانە بکەوین کە هێدگر سەبارەت بە بوون کردوونی. بەپێی ئەوەی کە مانای بوون لە دیدی هێدگردا بە مەدلوول دانانرێ بۆیە دریدا گرینگییەکی زۆر بەم لایەنە دەدا. کاتێکیش هێدگر دەنگی بوون ئامادە دەکا جەخت لەوە دەکا کە ئەم دەنگە لاڵە و مانای بوون لەدەرەوەی زمان بوونی نییە. واتە لەدەرەوەی زمان پەیڤ بوونی نییە.

ئەو فەلسەفەیەی دریدا کاری لەسەر دەکا بە ناوی هەڵوەشانەوەگەرییەوە بناغەیەکی هێدگریانەی هەیە و، هەروەک ئەوەی کە هێدگر بەکاری بردووە دژ بە میتافیزیک، دریداش بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەبا. لەهەمان کاتدا هێدگر بەدەم دێستروکسیۆنەکانییەوە، فەلسەفەیەک دێنێتەکایەوە دژ بە فەلسەفەی ئامادەبوونی میتافیزیکەرانی ڕۆژئاوا کە ناوی فەلسەفەی ئامادەنەبوون ـ لێرەنەبوون ـ (Absence)ی لێدەنێ و، دواتریش دریدا بە بەکاربردنی ئەم فەلسەفەیە لەبواری زمانەوانی و ئەدەب و فەلسەفە ئاقارەکانی بەرفراوانتر دەکا. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوی گوترا، دریدا کە پێوەندییەکی ڕێڕەوی بە بیری دێستروکسیۆنی هێدگر و لەهەمان کاتیشدا بە ڕێڕەوی ژینالۆژی نیچ وە هەیە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەم دوو ڕێڕەوە لەدوای هێگل ەوە توانیویانە بیری ڕۆژئاوا بەرەو سەردەمێکی تر بگوێزنەوە. تەنانەت دریدا وەک هەڵگرێکی ڕێگای هێدگر و نیچە، داکۆکی لەو خوێندنەوەیە دەکا کە هێدگر بۆ نیچە ی ئەنجامداوە و پێشیوایە کە تێکستی نیچە دەبێ پتر بۆ خوێندنەوە ئاوەڵا بکرێ.

دریدا لە خوێندنەوەکانی بۆ هێدگر هەرزوو ئەو لایەنەی بەرباسخست کە پرسیاری هێدگر لە میتافیزیک تەنیا پرسیار نییە لەبارەی

بوونەوە، بەڵکوو پرسیاریشە لەبارەی مانا، ڕاستی و لۆگۆسیش. هەروەها دریدا لەگەڵ ئەوەش کە بە هیدگرخوازیی ناویدەرکردووە بەلام جورئەتی ئەوە ناکا بڵێ: ئەمڕۆ ئێمە خۆمان لە ئێپۆکێکدا دەبینینەوە کە بوون تێیدا لە هەڵوەشانەوەدایە.

**دریدا/ هابرماز، نیو بنەماخوازیی دریدا و نوێنەری قوتابخانەی فرانکفۆرت**

تیۆری ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت(Frankfurt) لە تیۆرە ڕەخنەییە فرە جەمسەرەکانی(فەلسەفە، شیکردنەوەی دەروونی، لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی،...) هاوچەرخە. یەکەم دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە(ئێریک فرۆم، هربرت مارکۆز، واڵتەر بینیامین، ژۆرژ لۆکاش، ئارنست بلۆخ، کارل ئۆتۆ ئاپڵ، تیۆدۆر ئادرنۆ، ماکس هۆکهایمێر) بناغەێ چاکیان بۆ ئەوانی دواتریان دانا. سەرچاوەکانی تێڕامان و ئەندێشەی بیریارانی ئەم قوتابخانەیە لەلایەک فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی یە(شیلەر، شێلینگ، فێختە، کانت، هێگل، فیورباخ، مارکس) و لەلایەکی تر کەلەپووری فەلسەفی هاوچەرخیشە(هوسرڵ، نیچە، هیدگر). فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانیش پتر لەدەرەوەی ئەڵمانیا(لێرەدا مەبەست فەڕەنسا یە) بەر خوێندنەوەی جیاوازتر خراوە وەک لە ناوەوە. دواجار هەر ئەم خوێندنەوانەش لەپاڵ ئەو شەپۆلە ڕەخنەیی و فکرییە سەیرانەوە بووە کە لەدوای پەنجاکانەوە لە شوێنێکی وەک فەڕەنسا و لەسەر دەستی بنەماخواز و پاش بنەماخواز و پاش تازەگەرەکان بەرهەمهاتووە. بەمە، دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکرێ کە ئەوی ناومان لێنا بە فەلسەفەی هاوچەرخ لە دەرەوەی ئەڵمانیادا زۆرتر کاری لەسەر کراوە و دواجار ئاکامەکانی ڕەوانەی ئەڵمانیا کراوەتەوە. سەبارەت بەم ئاکامانە تەنیا هابرماز دێتە پەیڤین.

هەوڵی هابرماز بەگشتی بۆ پایەدارکردنی پرۆژەی ڕاسیۆنالیستی مۆدێرنیتێی ڕۆژئاوایە و، هەروەها ڕزگارکردنی ئەم پرۆژەیە لە گرفتە هیۆمانییەکانی. ئەم شێوە کارکردنەی هابرماز لەسەر ڕاسیۆنالیستی مۆدێرنیتێ یان کۆششی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هابرماز دەرگا لەسەر جۆرە ڕەخنەیەکی عەقڵی دەکاتەوە کە جێگای ڕەزامەندی بیریارانی نوێی فەڕەنسی نییە. ئەم پرۆژە ڕاسیۆنالیستییەی هابرماز لە بارودۆخی دێباتی ڕوناکبیرانی ئانگلۆ ـ سەکسۆنییەوە نزیکە و کۆکیشە لەتەک ئەو دێباتانەی دەزگا ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی ئەمڕۆی سیستەمی زیاد لە پێویست هاوچەرخی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەم ڕووەوە دەیکەن.

هەروەک لەمەوبەریش باسمان لێوەکرد، هابرماز ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی بیری بیریارانی، بەقەولی خۆی ئەنتی ڕاسیۆنالیستی و ئەنتی هیۆمانیستی و نیهلیستی دوای شەستەکانی فەڕەنسا(بنەماخواز، پاش بنەماخواز، پاش تازەگەر) دەکا. ئەم بیریارانە(بارت، فۆکۆ، دریدا، شتراوس،...)، کە بە دەستەبژێرێکی نیو ـ کۆنسەرڤەتیزم لەقەڵەمدەدا بیریان لە دووتوێی ئەو کتێبەدا بەر باسدەخا کە بە نێوی (مۆدێرنیتێ پرۆژەیەکی ناکامڵە) نووسیویەتی. ئەگەرچی ئەوی دریدا بەهۆی هەڵوەشانەوەگەرییەکانییەوە ئەنجامی داوە و بەتایبەت لە بواری وێرانکردنی پێوەندییە دوانەییەکان بۆ هابرماز، کارێکی مەزنە. بەلام لەهەمان کاتیشدا هابرماز گلەیی ئەوە لە دریدا دەکا کە تێکستەکانی هوسرڵ، سۆسێر، یان ڕۆسۆ مەجبووردەکا تیۆرەکانی خۆی پێ بونیاد بنێ. بۆ هەمان مەبەست هابرماز لە سەروتارێ کە بەنێوی (ڕژێمی ڕەوانبێژی) نووسیویەتی کە بەخۆی دەروازەیەکە لەمەڕ دریدا، ڕەخنە لە هەوڵی دریدا بۆ تێپەڕاندنی سنووری نێوان ڕەوانبێژی و لۆژیک، فەلسەفە و ئەدەب دەگرێ.

هەر لەهەمان باسدا هابرماز پاراڵێلێکی زۆر لەنێوان دریدا و ئەدرنۆ دا دەدۆزێتەوە. ئەوەش یەکلادەکاتەوە کە دیالیکتیکی نێگەتیڤی ئەدرنۆ و هەڵوەشانەوەگەریی دریدا لەیەکترەوە نزیکن. بەلام ئەوە ئاشکرایە کە دریدا بەهۆی هەڵوەشانەوەگەرییەوە هەوڵی فراوانکردنی حاکمیەتی ڕەوانبێژی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی لۆژیکی دەدا. ئەڵبەتە ئەمەش دەکرێ بۆئەوەی ئەو کێشەیەی پێ چارەسەربکا کە ڕەخنەی عەقڵ لەبەردەمیدایە. هابرماز یش دریدا ئاسا ڕەخنە لە لۆگۆسێنتریزم دەگرێ. لۆگۆسێنتریزم بۆ هابرماز واتە بایەخدان بە ڕاستی وەک جیهانێ لە شت و، ئەو شتەشە کە زمان وەک ڕوونکەرەوەیەکی فاکت بەرباسدەخا.

کاتێ هابرماز ڕەخنەی دریدا و هاوبیرەکانی لە عەقڵ بە ڕەخنەی وێرانسازیی لەقەڵەمدەدا، ددان بەوەدا دەنێ کە هیدگر توانیویەتی خۆی لە پارادۆکسی ڕەخنەی عەقڵ دوورخاتەوە، بەلام ئەمەیان نە ئەدرنۆ توانیویەتی ئەنجامی بدا و نەش دریدا. بۆ هابرماز ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە دریدا هەڵوەشانەوەگەرییەکەی وەک ئامرازێک بەکاردەبا بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕادیکاڵی عەقڵ و ئەو دۆزە ئۆنتۆلۆژییانەشی پێ وێراندەکا کە عەقڵ بە درێژای مێژووی خۆی دروستی کردووە. گومانیشی ناوێ کە ڕەخنە لە عەقڵ و میتافیزیک سەرچاوەکەی ئەڵمانی یە(لێرەدا مەبەست نیچە و هیدگرە) و، ڕوناکبیرانی فەڕەنسی لە پاش سارتەرەوە کەوتنە بەکاربردنی.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە باسکرا، هابرماز لە کتێبی (وتاری فەلسەفی بۆ تازەگەریی) ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی دریدا دەکا و فەلسەفەکەی بە فەلسەفەیەکی میستیسکی جوو و ناڕاسیۆنالی دەشوبهێنێ. لەم بەرهەمەدا، هابرماز تەنیا ڕەخنە لە دریدا ناگرێ بەڵکوو لەزۆربەی ڕوناکبیرانی سەردەمی دریدا (باتای، فۆکۆ، لیڤی ـ ستراوس، کاستۆریادیس، بارت) یان ئەو فەلسەفانەش دەگرێ کە سەرچاوە لە نیچە وە هەڵدەگرن و، خۆیان لە فەلسەفەی سێ کوچکەی کانت(تیۆری زانین، ئیتیک، جوانکاریی) بەدووردەگرن.

بەلام دریدا وای بۆدەچێ کە هابرماز لە بۆچوونەکانیدا تایبەت بە فەلسەفە یان بیری فەیلەسووفانی جوو، ئەوەمان بۆ دەسەڵمێنێ کە لەم فەلسەفەیە نەگەیوە. ئەوی دریدا کردوویەتی مامەڵەیەکی هەڵوەشانەوەگەرانەیە لەگەڵ ئەو ترادیسیۆنەی کە هابرماز ڕەخنەی ئاڕاستەدەکا. بەلام دریدا ئەم ترادیسیۆنە وەک دیاردەیەکی مێژوویی لەقەڵەمدەدا. پاشان ئەو مامەڵەیەی دریدا لەتەک ئەم فەیلەسووفە جوویانەدا (وەک هوسرڵ، هیدگر، لیڤانس) کردوویەتی لەتەک

فەیلەسووفانی تریشدا کردوویەتی وەک پلاتۆن، ڕۆسۆ و هتد.
ئەو ڕەخنانەی هابرماز و دریدا لەیەکتری دەگرن بەزۆری بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەسیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دواییەوە نەختێ دیباتی ڕوناکبیری نێوان دریدا و هابرماز گـــۆڕانی هاتووەتە ســـەر. ئەوەتا دریدا لە لێـــدوانێکدا لەم ماوەیەدا(بەهاری ١٩٩٨) لەتەک ڕۆژنامەی(Die Zeit)ی ئەڵمانی باس لەوەدەکا کە کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوان خۆی و هابرمازدا نییە و، بگرە هاریکارییەکی زۆرتر لەنێوانیاندا هەیە و، بەتایبەت بەهۆی کارکردنیان لەپەرلەمانی نووسەران، بۆ داکۆکیکردن لەنووسەر و ڕۆژنامەگەران، لەپێش هەمووشیانەوە جەزائیرییەکان. ئەم پێکەوە کارکردنەیان وایکردووە کە بۆچوونیان زۆر لە یەکەوە نزیک بێ و بەتایبەت لەبارەی پرسیارە سیاسییەکانی ڕۆژانەوە.

### فەلسەفەی دریدا و شیعرگەرایی پۆل سیلان، تێپەڕاندنی سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەب

دریدا لە سەرەتای هەفتاکاندا لە کتێبی (پۆزیشن)، کە لە ناوەڕۆکدا لە چەند لێدوانێک پێکهاتووە، ئەوەدەردکێنێ کە هەندێ تێکست هەن (وەک تێکستەکانی باتای، مالارمێ، سۆلرێس، ئارتۆ) کە بە تێکستی ئەدەبی ناویان دەرکردووە جۆرە پێشکەوتنێکی سەیریان بەخۆوە دیوە و لەتواناشیاندا هەیە ئەو ڕوانگایەمان هەڵوەشێنەوە کە لەسەر ئەدەب هەمانبووە. ئەڵبەتە ئەم تێکستانە بەقەولی دریدا، داواشمان لێدەکەن گومان لە دەربڕینی ئەدەبی هەموو ئەوانەش بکەین کە ئەدەب دەخەنە ژێر سایەی ئەدەبە جوانەکان و هونەر و شیعر و ڕەوانبێژی و فەلسەفەوە.
بەڵام بۆ دریدا ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە تێکستی تر پێش ئەم تێکستانە ئەو کارەی ئەنجام نەدابووبێ. بەڵام بۆ ئەوەی بکرێ ئەم مەسەلەیە ئاشکراکرێ دەبێ دیدی خوێندنەوەمان فراوانبێ. هەر بەهۆی ئەو خوێندنەوانەوە دریدا کۆششی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەوی پێی دەگوترێ مەسەلەی ئەدەبی دیاریبکا. ئەو مەسەلە ئەدەبییەش کە هەوڵی بۆ داوە پتر لەبارەی فۆڕماڵیستەکانی ڕووسەوە بووە.
دریدا، چ فەلسەفە بێ و چ ئەدەب یان ڕەخنەی ئەدەبی، هەریەکێک لەوانە توانایی باشیان تێدا بەدیدەکا بۆ هەڵوەشانەوە و هێنانە پەیڤین. ئەوی دریدا بەلایەوە گرینگە لێرەدا یادمان بخاتەوە ئەوەیە کە ئەدەب یان ڕەخنەی ئەدەبی بەزۆری دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەلسەفەی کلاسیکەوە. کەچی سەیرە باس لە بوونی هەندێ تێکست دەکا، وەک تێکستەکانی مالارمێ و باتای... بۆ نموونە، کە ناکەونە ژێر دەسەڵاتی فەلسەفە یان لێکدانەوەی ڕەخنەیی یان شیعرگەرایی.
هەوڵی دریدا بۆ نزیککردنەوەی ئەدەب لە فەلسەفە لە گەلێ شوێندا لەکارەکانیدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە. بۆ نموونە، شانۆی قەساوەت و سنووری نواندن ـ کە تایبەتە بە ئارتۆ ـ، گلاس(Glas)، کە لەبارەی ژان ژینێ وەیە، دیسێمینەشن باسێکە لەبارەی ڕۆمانێکی فلیپ سۆلرێز، دۆبل سێن، تایبەتە بە مالارمێ، ئەمانەو تادەگاتە بەرهەمێ بەناوی(Schibboleth) کە بۆ خوێندنەوەی شیعرگەرایی پۆل سیلان تەرخانی کردووە.
ئەم بەرهەمە، کە بەخۆی سیمینارێک بووە لە بارەی شیعری پۆل سیلان وە لە ساڵی ١٩٨٥ لە سەردانێک بۆ ستۆکهۆڵم سازیکردووە و دواجار لە دووتوێی بەرهەمێکدا بەناوی(Schibboleth) لە ساڵی ١٩٨٦ بە چاپی دەگـــەێنێ. بەرهەمی ناوبراو بریتی یە لە سێ خوێندنەوە: دوانیان زۆر فەلسەفییە و سێهەمیان فەلسەفییەکی ئەدەبییە. دوو خوێندنەوە فەلسەفییەکە، یەکێکیان ناوی(parages) و ئەویتر ناوی ئەویترگەریی(Altérité) یە، کە تایبەتی کردووە بە دوو مامۆستا، یەکەمیان مۆریس بلانشۆ (M:Blanchot) و دووەمیان ئیمانۆئێل لێڤانس.
ئەوی کە تایبەتە بە شاعیری ئەڵمانی پۆل سیلان وە، واتە ئەو خوێندنەوەیەی کە ناوی(Schibboleth) بەخۆوە دەگرێ، دریدا تێیدا جۆرە خوێندنەوەیەکی ریتوالیستی(ritualist) فەلسەفی ئەنجامداوە. بەهۆی ئەم خوێندنەوەیەوە لەلایەک شیعرگەرایی سیلان بەرباسدەخا و لەلایەکی ئەم بەرهەمە وەک تێکستێ یان ئیستدلال (raisonnement)ێکی فەلسەفی و زمانەوانی بەرچاودەخا.
بەدەم باسکردنی شیعرەکەوە دریدا پێش هەموو شتێک ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چۆن شیعر زمانێکی تایبەتە و فۆڕمی وەرگرتووە. پاشان بۆ دریدا لەم بەرهەمەدا، مەسەلەکە تەنیا بریتی نییە لە خوێندنەوەی شیعری سیلان و، دڵنیابوون لەوەی کە لەبارەی چییەوەیە. بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە بتوانرێ ئەوە بکرێ کە شاعیر کردوویەتی. بەهۆی شیعری(Schibboleth)، دریدا هەوڵی هێنانە پەیڤینی سیلان دەدا و، لەهەمان کاتیشدا ماهییەتی شیعر بەر،لێکدانەوە دەخا. بەڵام ئەمەیان زۆر فەلسەفییانە کاری لەسەر دەکا. چونکە لەبنەڕەتدا ڕوناکبیریی فەلسەفی و ئەدەبی دریدا یەکی گرتووەتەوە بۆ لێکدانەوەی شیعرگەرایی سیلان یان شیعرگەرایی ڕێکەوت، تەنیایی یاخود گومڕایی شیعر. واتە، گەشتی بەردەوامی دریدا لەکاتی خوێندنەوەی تێکستی(Schibboleth) دا لەنێوان فەلسەفە و شیعردایە و، هەروەها هەوڵێکیشە بۆ نەهێشتنی ئەو دابەشکردنەی لەنێوان ئەدەب و فەلسەفە، شیعر و پەخشان بونیاد نراوە. ئەمەش پێوەندی بەو بڕوایەی دریداوە هەیە کە فەلسەفە هەمیشە خۆی لەدەووروبەری ئەدەب دا دەبینێتەوە. ئەم بایەخدانەی دریدا بە ئەدەبەوە پێشتریش لای مامۆستاکەی(هێدگر) کاری بۆ کراوە. ئاوڕدانەوەکانی هێدگر لە شاعیرانی ئەڵمانی، لەوانە هۆلدرلین، تراکل(Trakl)، ئەو تەقەلایە بووە کە هێدگر خستوویەتە ناو فکری ڕۆژئاواوە. تەنانەت دریدا بەخۆشی لەو سمینارەی لە زانکۆی(Irvine)ی ئەمریکی سازیکردووە قسەلەسەر ئەوەدەکا بیری ئەدەبی هێدگر لە کاتی لێکدانەوەکانی شیعری هۆلدرلین و تراکل دا بەچاکی ڕەنگدانەوەی خۆی بەرجەستەکردووە. بەڵام بۆ هێدگر دیالۆگ لەتەک شاعیردا دەبێ شاعیرانە بێ. دیالۆگی هێدگریش وەک بیریاریارێ (ئەڵبەتە هێدگر وشەی بیریار بەکاردەبا نەک فەیلەسوف) لەتەک شاعیرانی ناوبراو بەشێک بووە لە پڕۆژە فکرییەکانی کە لەسەر نەتەوە و زمان یان نەتەوە و فەلسەفە ئەنجامدراوە. ئەم

بەسەرکردنەوەیەی هیدگر لێرەدا تەنیا بۆ پشتگیریکردنە لەوەی دریدا لەکاتی لێکدانەوەی تێکستەکەی سیلان دا کردوویەتی، واتە لەناوبردنی سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەب.

گرینگترین شتێک کە دریدا زیاد لەپێویست لەکاتی لێکدانەوەی تێکستەکەی سیلان بایەخی دەداتێ مەسەلەی ڕێکەوت(Date) ە. بەروار لە شیعرەکانی سیلان دا لۆژیکێکی تایبەتی خۆی هەیە و دریداش دێ و ئەم لۆژیکە لەگەڵ ناو و ژمارە و نیشانە دا باسدەکا. قسەکردنی دریدا لەسەر ڕێکەوت قسەکردنیەتی لەسەر دۆز، لەسەر دۆزی ژیانی مرۆڤایەتی لە شوێنێکدا، لەناو زمانێکدا، لە پێوەندییەکدا. ئەڵبەتە وشەی (Circumcision) بەرچاوترین وشەی ناو تێکستەکەن. گرینگی ئەم وشەیەش لەوەدایە کە تەنیا جارێک جێگاداگیردەکا. بۆ قسەکردنیش لەسەر ئەم وشەیە دریدا ئەوە پەسەند دەکا کە قسە لەسەر ڕێکەوت بکرێ. بەڵام پێی باشترە بەو جۆرە بێ کە پۆل سیلان باسی لێوەدەکا.

ئەوی سەرنج ڕاکێشە دریدا لەمیانەی شیعرەکانی سیلان موە باس لە شیعر دەکا. لەمیانەی لێکدانەوەکانیشی بۆ شیعری سیلان ئەوە دەردەخا کە شیعری سیلان دەیەوێ قسەبکا. ئەوی دەیەوێتیش قسەبکا ئەوە ڕێکەوتە. ئەم ڕێکەوتەش سروشتی بوونی وایلێکردووە قسە بۆ هەموو و، هەروەها قسە بۆ گشت و ئەوی تریش دەکا. دریدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ماهییەتی شیعرگەرایی مۆدێرنیتێ و پۆست مۆدێرنیتێ ناتوانێ هیچمان لەبارەی ڕێکەوتەوە پێبڵێ ئەوەندەی سیلان لەوبارەیەوە شتمان پێدەڵێ. تەنانەت ئەو شیعرگەراییەش کە سیلان دەخوازێ پێشانمانی بدا، ئەوا هەر بەهۆی بەکاربردنی ڕێکەوتەوە ئەنجامی دەدا. ئەم وشەیەش، واتە ڕێکەوت، کە بەخۆی گومڕایە، دریدا بەهۆی پرسیارێکەوە کە لەسەر چییەتی ڕێکەوت دەیکا، بەمجۆرە بەرسیڤ دەداتەوە: ڕێکەوت مێژوویەکە، بنەچەیەکە، ئیمزایەکە لەلایەن شوێنێکەوە دیاریکراوە.

ئەم گرینگییەی دریدا بە ڕێکەوتی دەدا لەم تێکستەدا شتێکی نائاسای یە و، پێوەندییەکی زۆری بە سەوچاوەی ڕوناکبیریی فەلسەفی خۆیەوە هەیە. بەباوەڕی هانس ڕوین(Hans Ruin)، وەرگێڕی کتێبی(Schibboleth) بۆ سەر سویدی، بایەخدانی دریدا بە ڕێکەوت لە لێکدانەوەکانی بۆ شیعری سیلان سەرچاوە لە ترادیسیۆنی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی ئەڵمانییەوە هەڵدەگرێ. بەڵام ئەوی کە سەیرە لەم لێکدانەوەیەدا ئەوەیە کە دریدا هیچ قسە لەسەر پێوەندی سیلان بە میتافیزیکەوە ناکا کە پێشتر ئەم کارەی سەبارەت بە مالارمێ یان ئارتۆ کردووە. لەبارەی مالارمێ وە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو لایەنە کە گوایە ناوبراو لەناو و لەدەرەوە لە تەک میتافیزیک کاری کردووە، هەرچی ئارتۆ شە نەیتوانیوە لە لۆژیکی دیالیکتیکی هێگل بێتەدەرێ.

ئەوی لێرەدا شیاوە بەسەرکردنەوەی بۆچوونێکی ئەدرنۆ یە، کە گوایە لەدوای ڕووداوی ئۆشوێتز(Auschwitz) موە شیاو نییە شیعر نووسین. کەچی سیلان شیعر دەنووسێ لە کاتێکدا کە خۆی یەکێکە لە قوربانییەکانی ئە م ڕووداوە. بۆیە شیعرگەرایی سیلان جۆرێکە لە شیعرگەرایی کە لەدوای ئۆشوێتز موە سەریهەڵدا. ئەم جۆرە شیعرەش پڕە لە ئازار و گومڕایی. هەر بەگشتی سیلان وەک شاعیرێکی بە ئازار و گرفتاری دەستی ئۆشوێتز خۆی وەک ئەویتر دەبینێ یاخود ڕەفتار لەتەک خۆیدا بەجۆرێ دەکا کە ئەویتر بێ. ئۆشوێتز لە پشت ئەوەوەیە کە سیلان والێبکا کە قسە لەسەر جۆرە شیعرێ بکا کە بوونی نییە. شیعرێک کە تا بینەقاقا پڕە لە نهێنی و تەنیایی و گومڕایی. بەڵام تەنیایی شیعر(شیعری سیلان) سادە نییە. ئەم تەنیاییە لە ناخیدا لەچاوەڕوانیدایە بۆ یەککرتنەوە لەگەڵ نهێنیدا. ئەمانە ڕووخسارەکانی شیعرگەرایی سیلان ە، ئەو شیعرگەراییەی کە بەشێکە لە کەلەپووری شیعری هۆڵدرلین.

بۆ کۆتایی پێهێنان بەوەی لەسەرەوە وەدەستپێکردنی هاتین ئەوە دەڵێین کە دریدا لە دووتوێی لێکدانەوەکانی بۆ شیعری سیلان دەیدرکێنێ ئەوەش ئەو پرسیارەیە کە: چۆن مرۆڤ هیچ دەنووسێ!!

**بەشی کۆتایی و سەرچاوەکان لە ژمارەی داهاتوودا**

**پەراوێزەکان**

٢) کە باس دێتە سەر کاریگەریی دریدا بەسەر ئەکادیمیکەر و ڕوناکبیرانی ئەمریکی بەسەر کردنەوەی هەندێ لە ڕوانینەکانی فەیلەسووفی پراگماتی ئەمریکی ریکارد رورتی( R. Rorty) گرینگە. رورتی بەهۆی ڕەخنەکانی لە ڕەخنەگران لە میتافیزیکی ڕۆژئاوا(دریدا، ڤتگنیشتین، هێدگر) بەو کەسانە پێدەکەنێ کە ئەگەر باوەڕیان بەو کارانە هەبێ کە ئەو جۆرە ڕەخنەگرانە ئەنجامیان داوە. دژی ئەو جۆرە شەپۆلە فەلسەفییانەشە کە لەژێر کاریگەریی ئەو جۆرە کەسانەدا ئەگەر سەریهەڵدابێ. ئەوی دریدا دەینووسێ بۆ رورتی نە فەلسەفە یە و نەش فونکشنێکی سیاسی هەیە. بەگشتی فەیلەسووفە ناکانتییەکان بە بەرهەمهێنەر نازانێ. بۆ رورتی ئەوی دریدا دەینووسێ نە بەرپەچی هیچ قوتابخانەیەکی فەلسەفی دەداتەوە و نەش لەتوانایدایە هیچ کێشەیەک چارەسەربکا. پێشیوایە، دریدا، هێدگر، دۆمان و هیتلەر هەر هەموو ئامرازی یەک دەستگان.

٣) هوسرل هەمیشە ڕەخنەی ئاراستەی هێگل کردووە. جا ئەمەی یان ڕاستەوخۆ ئەنجام داوە یان لە ڕێگای دێلتای(Dilthey) یەوە. ڕەخنەگرتنی هوسرل لە مێژووگەریی بەشێکە لە ڕەخنەکانی لە هێگل و هێگل گەریی (Hegelianisme) شی بە مێژووگەریی( Histor-icism) شوبهاندووە.

٤) دریدا جگەلە بایەخەکانی بە بیری سێ هایەکەی(هێگل، هۆسرل و هێدگر) ناو فەلسەفەی ئەڵمانی بایەخ بە بیری هەندێ کەسی تریش دەدا وەک:

Martin Buber, Franz Rosenzweg, Gershem Scholem.

▲▲▲

مەهاباد قەرەداغی

# ناسنامە و کێشەی ژنی کورد لە کوردستان و تاراوگە

"ئێمەی مرۆڤ دوارۆژی ژیانی خۆمانین، لە ئەنجامی ئەوەی هەموو کاتێ هەڵدەبژێرین و بڕیار دەدەین، فۆرمێک دەدەینە ژیانی خۆمان و مانا و ناوەڕۆکێک دەدەینە ئەو فۆرمە."

سارتەر

**پێشەکی:**

بۆ داپۆشینی هەموو لایەنەکانی بابەتێکی وەک ئەمەی ئێستا(ناسنامە و کێشەی ژنی کورد لە کوردستان و لە تاراوگە) لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و پشتبەستوو بە فاکتی باوەڕپێکراو و، بە ئەژماری جیاجیا (کە مەخابن بە دەستمانەوە نین) و هەروەها بە گفتوگۆی هەمەجۆر لەگەڵ ژنانی کوردی لە تاراوگەدا ژیاو، پێویستە (کە لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە لە چەندان گفتوگۆ کە پێشتر ئەنجام دراون).

بە پێی هەلومەرجی ژیانی جیاوازی تاراوگەکان و ڕادەی هۆشمەندی جیاوازیی ژنانی کورد خۆیان و هۆکاری جیاواز بۆ ئاوارەبوون و وڵات بەجێهێشتن و پلەی جیاوازیی کەسایەتی ئەو ژنانەش کە مەبەستی سەرەکی ئەم باسەن کێشەکان دەگۆڕێن و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە تاراوگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی شێوەی جیاواز لە خۆ دەگرن. کێشەکان هەندێکیان دەچنە قاڵبی کەسیی و تایبەتییەوە کە ئەمەیان مەبەستی باسەکەی ئێمە نییە و، هەندێکی تریان دەچنە خانەی گشتییەوە کە ئەمەیان دەتوانرێ بکرێتە هێڵی سەرەکی ئەم باسە و بۆچوونەکانمانی لەسەر بنیات بنێین.

بە هۆی ئەو ئاڵۆزییەی کە مێژووی سیاسی و جوگرافیای سیاسی ئێمەی شێواندووە و بەهۆی ئەو سنوورە دوژمنکردانەی وڵاتەکەی ئێمەیان دابەش کردووە، کەسایەتی مرۆڤی کوردیش لە هەر یەک لەو بەشانەدا بە شێوەیەکە و، لە ژێر کاریگەری کولتوور و زەبروزەنگیی سیاسی ئەو وڵاتانەدا بووە و، نەتوانراوە ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ کورد وەک نەتەوەیەک دروست ببێ. هەر بەو پێیەش ژنی کورد خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش نییە و ژنانی هەر بەشێک لە ژێر کاریگەری کولتووریی میللەتانی سەردەست و بە تایبەتیش لە ژێر کاریگەری کولتووریی ژنانی میللەتی سەردەست دان. بەڵام لە هەندەران بواری دروستبوونی ئەو ناسنامە هاوبەشە بۆ کورد تا ڕادەیەک باشتر دەڕەخسێ و دەتوانرێ سەرەتاکانی دروستبوونی ئەو ناسنامە هاوبەشە ببینرێ.

بۆ ئەوەی باس لە ئەرک و مافەکانی ژنی کوردی هەندەران بکەین، دەبێ لە کوردستانەوە دەست پێبکەین و ڕۆشنایی بخەینە سەر جیاوازیی ئەرک و مافەکانی ژن لە هەر یەکێ لەو بەشانە بە پێی هەلومەرجی جیاوازیی ژیانی ئەوان لە سایەی داگیرکەرەکان و ستاتووی ئەوان لەناو شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەو بەشانەدا. هەروەها بەشداری ئەوان لە چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستییەکاندا. هەروەها سەرنجی ستروکتووری خێزانی کورد لە کوردستان بدەین و ئەم پرسیارانە بورووژێنین:

— ژنان لە کوێی هەرەمی سیاسیدا جێدەگرن و، لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیارداندا ئامادەیی ژن چەندە؟

— دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کە لە ڕەفتاری ڕۆژانە و دابونەریتدا خۆی دەنوێنێ چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ سەر کەسایەتی ژن؟

— دەسەڵاتی ئایین لە چ ئاستێکدایە وکاریگەری ئەو بۆ سەر کۆمەڵگە بە گشتی و ژن بە تایبەتی چۆنە؟

— ئایا ژنی کورد لە کوردستاندا توانیویەتی ناسنامەیەکی هەبێ؟

— ئەگەر نا، ئەی لە تاراوگەدا توانیویەتی ناسنامەیەکی بەرجەستە بۆخۆی پێکەوە بنێت؟

**کرۆکی کێشەکە:**

بۆ ئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی ژنی کورد بکۆڵینەوە، دەبێ باس لە کێشەی کەسایەتی ئەوان بکەین. کێشەی کەسایەتی نەک تەنها بۆ ژنی کورد ئاڵۆزی دروستکردووە، بەڵکە بۆ پیاوی کوردیش و تێکڕا کۆمەڵگەی کوردیش. کەسایەتی میللەتی ژێردەست لە چاو هی سەردەستدا وەکوو کەسایەتی کۆیلەیە لە چاو خاوەندار و ئاغاکەیدا. کە ئەم خاڵەیان تایبەتمەندێتی کەسایەتی کوردە لە چاو ئەو میللەتانەی کە ئاغای کوردن. بێگومان تایبەتمەندێتی کەسایەتی ژنی کوردیش سەرەڕای ئەو خاڵە هاوبەشەی نێوان خۆی و پیاو، ستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووریش وەک سەربار، هۆکاری ئاڵۆزبوونی کەسایەتی ئەوانە. ئەگەر ستەمی سیاسی ڕێگر بێ لە بەردەم دروستبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ تێکڕای کورد، ستەمی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووریش ڕێگرن لەبەردەم دروستبوونی ناسنامەیەکی تایبەت بە ژنی کورد و کەسایەتییەکی

بەرجەستە و تایبەت بەخۆی وەک مرۆڤێک.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ژنی کورد کە نابێ نکۆڵی لێ بکرێت و کێشەکەی ئاڵۆزتر دەکاتەوە لە هی ژنانی دنیا و تەنانەت لە هی میللەتانی دەوروبەری خۆیشی، کورد بوونە.

ژنانی کورد هەمیشە وەک ئامانجێکی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە لایەن داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەکاربراون، کە ئەم خاڵەیان تەنها کێشەی ژنانی کورد و میللەتانی لە شێوەی کوردن.[١]

ئەو پێوەرانەی کە سیستەمی باوکسالاری بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دایڕشتوون و بە هۆیانەوە ژن کراوە بە مرۆڤی پلە دوو، بەهۆی خەباتی ژنان خۆیان و بیرازی کۆمەڵایەتی و ئایینی و پێشکەوتنی ئابووری و زانستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا کاڵبوونەتەوە و وەکوو جاران حوکم ناکەن. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە وەک پێویست دەستی پێشکەوتنیان ناگاتێ، ڕۆژبەڕۆژ هێڵەکانی دابونەریتی باوکسالاری لە کۆمەڵگەدا تۆختر و پابەندیتی بە ئایین توندتر دەکرێتەوە. شەرەفی کۆمەڵگە کە جەستەی ژن پێوانەکەیەتی دەکرێتە پەیکەری پیرۆز و لە مێشکی ئەواندا پاراستنی ئەو پەیکەرە ئەرکی پیاوە، چونکە (خاوەن)ی ئەو پەیکەرەن، بۆ ئەوەی ئەو پەیکەرەش لە هەڕەشە و دەستدرێژی بپارێزن دەیشارنەوە، دیواری بەرز و ئەستوور لە نێوان ئەو و سەرچاوەی هەڕەشەکاندا ـ کە خودی پیاوە دروست دەکەن. ئەوان ئەو پەیکەرەیان بە درزبردوویی ناوێ ـ کە مەبەستیش لە درزبردن پەیوەندی سێکسی ئەوە بە پیاوەوە لە دەرەوەی سنوورە ئایینکردەکان — هەر کە درزی برد ئامادەن بیشکێنن، کە کوشتنی سەدان ژن بە دەستی ئەوان لە دنیادا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە تایبەتی و لە کوردستانیش تایبەتیتر، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەن.[٢]

جەستەی ژن کە کۆمەڵگە خاوەنێتی و بە تایبەتیش دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە کە پیاوانن کارێکی نێگەتیڤی هەبووە بۆ سەر کەسایەتی ژن بە گشتی. مامەڵەی پیاو لەگەڵ جەستەی ژن نەک عەقڵی، گرینگیی عەقڵی لە چاو جەستەدا کەمکردووەتەوە، ئەمە نەک تەنها لای پیاو بەڵکە لای ژن خۆیشی. لە کاتێکدا بۆ گەشەدان بە کەسایەتی و پەرەدان بە بەهرە و توانای مرۆڤ عەقڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ و نومایشی ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنەی مرۆڤ دەکات. گرینگی نەدانی ژن بە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و زانستی و کولتوورییەکان نیشانەی ئەو سستییەیە کە لە کەسایەتییاندا بەرجەستە بووە و سەقامگیرکراوە. لە سروشتی مرۆڤدا حەزکردن بە گەشەسەندن و خۆنواندن و پێشبڕکێ هەیە، لە ئەنجامی هەبوونی بوار بۆ ڕەهاکردنی ئەو وزەیە لە مرۆڤدا کەسایەتی مرۆڤ پەرەدەستێنێ و بە پێچەوانەشەوە چەپاندنی حەزەکان لە مرۆڤدا بێ هێزی دەکات و لە کەسایەتی بەهێز و توانای نواندن ڤالای دەکاتەوە.

بە پێی کارڵ ڕوکەرس، کە دەروونناسێکی ئەمریکی یە، مرۆڤ بە کۆمەڵێ سیفەتی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤەوە لە دایک دەبێت، هەروەها ناوکێکی بنەڕەتی بۆ سەلماندنی خود لە مرۆڤدا هەیە.[٣]

بۆ ئەوەی خود سەلمێندراو بێ، مرۆڤ پێویستی بە بەشداریکردن لە چالاکییە بەهادارەکاندا هەیە. ئەو بەشدارییانەیە کە مانا دەدات بە بوون. هەر کەس و شتێک ڕێگە لەو بەشدارییانە بگرێ، بوون لە ماناکانی خاڵی دەکاتەوە. تەنها بە جێبەجێکردنی ئەرکەکان دەتوانین لە سەلماندنی خود نزیک ببینەوە. ڤیکتۆر فرەنکڵ ـ یش بەم شێوەیە گوزارەی لێ دەکات: "مرۆڤ بە سەلماندنی خود ناگات، ئەگەر ئەو(خودسەلماندنە) خۆی بکرێت بە ئامانج، بەڵکە دەبێ ئەوە ئەرکێکی لابەلایی بێ لە پرۆسەی (خودتێپەڕاندن).[٤]

مەبەستی فرەنکڵ لە خود تێپەڕاندن ئەوەیە کە مرۆ بازنەی تەسکی خۆی تێپەڕێنێ و ڕوو لەو مرۆڤ و خەبات و ئەرکانە بکات کە لە دەوروبەرییەوەن، لەوێوە وەک کیرکیگارد دەڵێ: "دەرگای بەختی بۆ دەکرێتەوە."[٥]

ئەگەر لەبەر تیشکی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا کە دەروونناسەکان وەک دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەریانبڕیون لە کەسایەتی مرۆڤی خۆمان بە گشتی و هی ژن بە تایبەتی وردبینەوە، لەسەر ئەوە ساغ دەبینەوە کە ژن ئەو سیفەتە مرۆڤایەتییە زگماکییەی کە (خودسەلماندن)ە، لە ئەنجامی سنووردارکردنی جووڵە و چالاکییە جەستەیی و عەقڵییەکانی لە کارخراوە. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە گشتی لە پێناوی داگیرکردنی لایەنە فیزیکییەکەی — جەستەی — ژن، ڕێگە لە گەشەی لایەنە دەروونییەکەی ـ هۆش ـ ی دەگیرێ و، بەمەش کەسایەتی کۆیلەیەکی پێ دەبەخشرێ.

**ژنی کورد و بەهای شەرەف:**

بۆ ئەوەی وێنەی کەسایەتی ژنی کوردمان بێتە بەرچاو دەبێ بپرسین بە درێژایی مێژوو، بە ئەمڕۆشەوە چەند لە سەدی ژنی کورد توانیویەتی بە کردەوە گوزارە لە ئارەزووەکانی بکات و لە بوارە جیاجیاکاندا خۆی بنوێنێ و پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتری و ئەوی تردا بکات بۆ پەرەدان بە خۆی؟ چەند بواری هەبووە ئەو وزەیە ڕەها بکات کە لە بیر و جەستەیدا هەبووە تا بتوانێ بوونی خۆی وەک کەسایەتییەکی جیا لەوی تر بسەلمێنێ و ڕای جیاواز و تایبەت بەخۆی و هەڵقوڵاو لە بیر و ئەزموونی خۆی نەک گرێدراو بە پیاوەوە دەربڕێ؟ کاتێ کۆمەڵگەی کوردیش وەک کۆمەڵگەیەکی باوکسالار و پابەند بە ئایین و وەکوو نەتەوەیەکی کە تایبەتمەندییەکانی زەوتکراوە و مافی خاوەندارێتی لە بوونی خۆی وەک نەتەوە نییە و، خاکەکەشی کە ناوی خۆی وەکوو مۆرک پێوەیە چەندان هەزار ساڵ تیا نیشتەجێبووە لێی دزراوە. وەکوو قەرەبووی هەموو ئەو شتە پیرۆزانەی کە لە دەستی چووە، سەرسەختانە بە ئایین و دابونەریتەوە خۆی بەستووەتەوە، بە تایبەتیش بە پێوەری شەرەفەوە. سیاسەتی داگیرکەرانیش بۆخۆیان ڕۆڵیان بینیوە لەوەی کورد گرێبدەن بەو پێوەرەوە و کارێکی وا بکەن خێزان پیرۆزتر بکەن لە دەوڵەت و بیری دەوڵەت دامەزراندن لای کوردان.

لە ناو خێزانیشدا ئەو پیرۆزییە نێگەتیڤەی کە دراوە بە جەستەی ژن

دایکی وابەستە کردووە بە باوکەوە و کچانیشی ملکەچی هەموو ئەو فـەرمـانانە کـردووە کـە لە باوک و براکـانەوە دەردەچن. زۆربەی گیروگرفتەکانی خێزان لەو بێئەرککردنەی ژن و، ئەرکزۆرییەی پیاوەوە سـەرهەڵدەدەن. بێ بەرنامـەیی ژیان، یاخـود بەرنامـەیەکی سەرلەبەر هـەڵەی ژیان، خێزانی بێهێز و لەویشـەوە مرۆڤی بێهێز بەرهەم دەهێنێ. (دامەزراوی خێزان لە کوردستاندا مرۆڤی ئێمەی خاڵی کردووەتە لە هێز و تا ڕادەی خنکان لە ناو گیروگرفتدا گیری داوە).[٦]

ئەرکە سەرەکییەکان دەکەوێتە ئەستۆی باوکەوە، ئەو ئەرکانەش کە زۆر و سادەن و، ناکەونە خانەی پێشبڕکێی گەشەدان بە کەسایەتی مرۆڤ، بۆ ژن بەجێهێڵدراون. نان پەیداکردن، پاراستنی هێلانەی خێزانەکەی، پاراستنی ژن لە دەستدرێژی شەرەف و نامووس کە ئەمە لە لایەکەوە پیاو دەخاتە نێو بازنەیەکی بەتاڵەوە و گەشەی کەسایەتی ڕادەوەستێنێ لە لایەکی تریشەوە ژن وابەستە دەکات بە پیاوانێکەوە کە خۆیشیان کەم هێز و کەم دەرەتانن. ڕاپەڕاندنی هەموو ئەرکە سەرەکی و ناوەندییەکان، مافی سەرداریتی بۆ باوک لە خێزاندا دەستەبەرکردووە. ژن لە هەرەمی خێزاندا بە هۆی ئەو ئەرکە لاوەکییانەی لە ئەستۆی گرتووە مافەکانیشی لاوەکین و لە پایینی هەرەمەکەوە جێدەگرن، لە کاتێکدا کە خودی کۆمەڵگەی کورد لە پایینی هەرەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەو دەوڵەتانەن کە کوردستانیان داگیرکردووە.

ئەگەر باسی شۆڕش و بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کوردیش بکەین هەر لەو ئەنجامە نزیک دەکەوینەوە کە ئەم کۆمەڵگەیە بە ئەرک و هێز و هۆشی نیوەی مرۆڤەکانی چووە بەڕێوە. لە مێژوویەکی نزیک بڕوانین دەبینین لە ئەمارەتە کوردەییەکاندا کە تا سەدەی نۆزدەش بەپێوە بوون، ژنان خاوەنی جێگایەک نین لە ناوەندی دەسەڵاتدا. سیاسەت کە چەقی بڕیارەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکە لێوە دەردەچێ، لەو ناوەندانەدا ژنان بزرن. ڕووانینێکی وردی مێژووی سیاسی کورد بە گشتی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە.

ئەگەر وردکۆڵانە سەرنج بدەیتە گرینگترین سەرچاوەی مێژووی کورد کە (شەرەفنامە)یە پێتوا دەبێ لەو قۆناغە مێژووییانەدا و لەو کۆمەڵگە کوردەی کە باسی لێوەدەکرێ ژن نەبووە و نەژیاوە. تەنانەت لە پایین و پەراوێزی ئەم مێژووەشدا باس لە ژن و چۆنێتی ژیانی نەکراوە. (مێژووی کورد و کوردستان)ی «ئەمین زەکی بەگ»یش هەمان شێوە ژیانی ژنی کـوردی لە تاریکیـدا هێـشـتـووەتەوە و ڕووناکی نەهاویشـتـووەتە سـەر. ئەمـەش بە مـانای ئەوە نایەت کـە ئەو مێژوونووسانە کەمتەرخەم بوون و ژنیان بە گرینگ نەزانیوە، بەڵکە زیاتر مانای ئەوەیە کە مێژووی کورد، مێژوویەکی سیاسیی ڕووتە و ژنی کـورد ڕۆڵی کـاریگەریان نەبووە لە سـیـاسـەتدا و ئەو ئەرکـە لاوەکییانەی کە پێی هەڵساون گۆڕانکارییەکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دروست نەکردووە کە شایانی نووسینەوە بێ.

لە مێژووی سـەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا باس لە چالاکی سنوورداری چەند ژنێک دەکرێت کە بەهۆی دەسەڵاتی پیاوەکانیانەوە توانیویانە لە ژنانی ئاسایی کۆمەڵگە بواریان بۆ ڕەخساوتر بێت و بەهرە لە دەسـەڵاتی ئەوان وەرگـرن بۆ جـوڵانەوە ـ بێگومـان جووڵانەوەیەکی سنوردار ـ، نموونەی حەپسەخانی نەقیب و عادیلە خانم و تاک و تەرایەک کە چالاکی ئەوان جێی دڵشادین، بەڵام لەناو مـێـژووی نەتەوەیەکی گـەورەدا تەنهـا چەند نموونەیەک ژنـی چالاک مایەی نیگەرانی یە.

ئەم بیست ساڵەی دوایی سەدەی بیستەمی لێ بترازێ کە ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چالاکی سیاسیدا و لەناو خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەشدار بوون و ژنانی کوردی باکووری کوردستانیش بە پلان و بەرنامەوە لە شۆڕشدا جێیان گرت و ئەرکی پاراستنی وڵاتیان لە ئەستۆ گرت، کە دەبێ هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤمان بۆی هەبێ و بە خـاڵی وەرچەرخـانی دابنێین لە مـێـژووی سـیـاسـی کوردستاندا و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سترکتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کورددا؛ کە ئەمە دەبێ ببێتە موتیڤێک بۆ بەشداری ژنان لە هەموو چالاکییەکانی تریشدا هاوتەریب لەگەڵ خەباتی سیاسی، لە هەموو ئەو پێشبڕکێیانەی کە گەشە دەدات بە کەسایەتییان و جێی ژنان لە هەرەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بڵند دەکاتەوە.

**ژنی کورد لە تاراوگەدا:**

تا ئێرە وێنەیەکی ژن پیشان دەدا لە دوێنێ و ئەمڕۆی کوردستاندا، لە ژیانێکی بێ ئاسۆ و لە تونێلێکی بنبەستەوە، کە هیچ پێگەیەکی سـیـاسی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتیـیـان نەبووە کـە باڵەخـانەی کەسایەتییەکی پتەو و ناسنامەیەکی بەرجەستەی بۆخۆیان لەسەر بنیـات بنێن. هەر ئەم ژنانەن لە ژێر پاڵەپەسـتـۆی سـتـەمـە جۆربەجۆرەکانەوە هەڵدێن و دێن بۆ تاراوگە، بەڵام بە تەنها نا و، (زۆربەی زۆریان) بە خێزانەوە. بەو کۆت و پێوەندانەوە کە هەر لەوێوە لە دەست و پێیان نراوە، هەر بەو کەسایەتییەوە و بەو جەستەیەوە کە خۆیان خاوەنی نین.

پێش ئەوەی بۆچوونی خۆم لەسەر کێشەکانی ژنی کورد لە تاراوگە دەرببڕم، هەندێک لەو ژنانە بە نموونە دەهێنمەوە کە خۆیان لە کێشەی خۆیان دەدوێن و بەراوردێک لەگەڵ ژیانی ئێرە و ئەوێی خۆیان دەکەن. گفتوگۆکان لەگەڵ هەر یەکەیاندا دوورودرێژ ترە، بەڵام من لێرەدا ئەوەی پەیوەست بێ بە باسەکەمەوە لەم بابەتەدا بەکاری دەهێنم، هەر لە سەرەتاشەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە ناوەکان نهێنی بن و تەنها بە پیت گوزارەیان لێ بکرێ.

**دەربازبوون لە دیوارەکان:**

(ش) لە باشووری کوردستانەوە هاتووە، (ناوچەی بادینان)، تەمەنی ٢٥ ساڵە، دوو منداڵی هەیە، حەوت ساڵە لە سوێد دەژی. لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا دەدرێ بە پیاوێک کە لە سوێدەوە دەچێتەوە بۆ ژنهێنان و ١٥ ساڵ لە خۆی گەورەترە. (ش) حەوت پۆلی خوێندووە و لە قوتابخانە دەرکراوە، چونکە بە ڕای باوک و براکانی خوێندن بۆ کچ

ئەوەندە گرینگ نییە و لەبەر ئەوەی کە گەیشتووەتە تەمەنی هەرزەکاری و بە ڕای ئەوان تەمەنێکی پڕ خەتەرە، ئیدی نابێ لە ماڵ بچێتە دەرەوە. لە نێوان ماوەی دابڕانی لە قوتابخانە و شووکردنی ماڵ و کارەکانی نێوماڵ و خزمەتکردنی باوک و براکانی گرینگترین کاری ئەم بوون، جگە لە میوانە ژنەکان و ژنانی دراوسێ نزیکەکان تێکەڵ بە کەسی تر نەبووە. کە فرسەتی شووکردنی بە پیاوێک بۆ هەڵکەوتووە کە لە ئەورووپاوە گەڕاوەتەوە باوک و براکانی و خۆیشی بێ دوودڵی قبوڵیان کردووە. بە ڕای (ش) هاتنی بۆ ئەورووپا بە هەر شێوەیەک بێت دەربازبوونێتی لەو ژیانە وەستاوەی کە لە کوردستان هەیبووە. سەبارەت بە ژیان و پەیوەندییەکانی خۆی لە تاراوگەدا دەڵێ:" لە یەکەمین مانگی شووکردنمەوە بە ویستی مێردەکەم سکم پڕ بوو، منداڵمان دروست کرد، بەهۆی ئەوەوە نەمتوانی بچم بۆ قوتابخانە و زمان فێربم، هەتا ئێستاش بۆ بچووکترین کاروباری ڕۆژانە کە پەیوەندی بە زمانەوە هەبێ پشت بە مێردەکەم دەبەستم بۆم جێبەجێ بکات، لەخۆم نارازیم و تەریق دەبمەوە کە تا ئێستا ناتوانم کارێکی خۆم جێبەجێ بکەم، هەر کە منداڵی یەکەمم بوو بە یەکساڵ و ویستم دەست بە خوێندنی زمان بکەم، مێردەکەم داوای منداڵی تری کرد و دووبارە سکم پڕ بوو، لەبەر ئەرکی ماڵ و ئەو دوو منداڵە و مێردەکەم ناپەرژێمە سەر هیچ شتێکی تر. مێردەکەم یارمەتیم نادات نە لە کاری ماڵ و نە لە بەخێوکردنی زارۆکەکان. ئەو خەیاڵانەی دەربارەی ئەورووپا هەمبوو هەموویم بە پێچەوانەوە دی، وام دەزانی پیاوی کورد لێرە جیاوازن و زیاتر ڕێز لە ژن دەگرن وەک لە کوردستان. دەتوانم بێژم جگە لە باری ئابووریم کە لێرە بەهۆی یارمەتی دەوڵەتەوە مەیسەرە هیچ فەرقێک لە نێوان ژیانی ئێرە و ئەوێمدا نابینم، لێرە هەستکردن بە تەنیایی و غەریبیشم زیادی کردووە."

**دووبارەبوونەوەنەوەی ژیان لە قاڵبێکی تردا:**

(ئەلف) ژنێکی ٣٣ ساڵەیە و ئەویش لەباشووری کوردستان، لە شاری هەولێرەوە هاتووە. بەشی ئەندازیاری لە زانکۆدا خوێندووە و شەش ساڵە شووی کردووە، مێردەکەی ئەندازیارە و خەڵکی هەمان شارە، کە بۆ ژنهێنان چووەتەوە کوردستان. کەسوکاری ئەمیان بۆ دەستنیشان کردووە و لە ماوەیەکی کەمدا زەماوەندیان کردووە، (ئەلف) دوو منداڵی هەیە.

دەربارەی ژیانی تاراوگەی دەڵێ:" لێرە سەیری ژنێکی خوێندەوار و نەخوێندەواری بێگانە بە هەمان چاو دەکەن، هیچ نرخ بۆ بڕوانامەی زانکۆکانی ئێمە دانانێن و وات لێ دەکەن خۆشت نرخی زانکۆکانی ئەوێت لا کەم بێتەوە. من حەز دەکەم بخوێنم و لێرە کار بکەم، بەڵام بەهۆی منداڵەوە هێشتا نەمتوانیوە و نازانم لە داهاتوودا دەتوانم یان نا. ئەرکی منداڵەکان و ماڵەوە بە تەنها لەسەر منە." (ئەلف) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆی و مێردەکەی وەک دوو خوێندەوار دەڵێ:" ڕاستە ئێمە خوێندەوارین و لە ئەورووپاش دەژین، بەڵام ژیانمان هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ هی دایک و بابمان و پێم وایە زۆربەی خێزانەکانی تریش وادەژین"، ئەگەرچی ئەلف بە تەواوەتی هەست بە چەوساندنەوەی خۆی دەکات و لە ناخەوە لەو ژیانەی نارازی یە، بەڵام هیچ هەوڵێکی بۆ گۆڕینی ئەو بارە نییە و دەستپێشکەری ناکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک.

**سەرسامبوون لە ئازادی:**

(ک) لە باشووری کوردستانەوە، لە سلێمانییەوە هاتووە و تەمەنی ٣٩ ساڵە، خۆی و مێردەکەشی دەرچووی زانکۆن، لە کوردستان لەڕێگەی پەیوەندیی خۆشەویستییەوە زەماوەندیان کردووە، دوو منداڵیان هەیە، ١٢ ساڵە لە سوێد دەژین. (ک) لە کوردستانیش کاری کردووە و لە تاراوگەشدا دوای فێربوونی زمان دەستی بە کارکردن کردووە، ئەو دەربارەی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی تاراوگە وا دەڵێ:"ڕاستە ژیانی ئەورووپا بۆ ئێمە لە سەرەتادا سەختی زۆری تێدایە تا مرۆڤ لەگەڵ کولتوورێکی نوێدا ڕادێ و زمانی ئەو وڵاتە فێر دەبێ، بەڵام دەرفەتی سوودوەرگرتن لە ژیانی ئێرە بۆ ژنی کورد زۆر لە بارە و ئەگەر ژن خۆی بیەوێ، تەنانەت پیاویش ڕێی لێ بگرێ دەتوانێ خۆی پێش بخات. مێردەکەی من خۆشبەختانە چەوسێنەر نییە، بەڵام من بۆ خۆشم لە ژیانمدا چەوساندنەوە قبوڵ ناکەم و هەرچی مافێ ئەو هەیەتی منیش دەمەوێ و بۆی تێدەکۆشم. من لێرە زۆر لە ئارەزووەکانم هێناوەتە دی، مەلەوانی یەکێکە لە ئارەزووەکانم، هەموو هەفتەیەک دەچم بۆ مەلە، بە داخەوە هیچ ژنێکی کورد لە مەلەوانگە نابینم، بەڵام پیاوەکانیان دەبینم کە بە تەنها هاتوون. پیاوە کوردەکان بە سەرسامییەوە سەیری من دەکەن، وەک ئەوەی مەلەوانی بۆ ژنی کورد ڕەوا نەبێ، پێیان ئاسایی یە ژنێکی ئەورووپی هەرشتێ بکات. بەڵام من هیچ گوێیان نادەمێ، زۆر جار من و مێردەکەم و کچ و کوڕەکەم پێکەوە دەچین بۆ مەلە و زۆر جاریش بە تەنیا دەچم. ژنی کورد وەک پێویست سوودی لە دەرفەتی ئێرە نەبینیوە، من نازانم چۆن دەتوانن بەرگەی ئەو ژیانە وەستاوە بگرن ."

**ترس و شەرم لە کەسایەتی ژنی کورددا:**

(م) لە کەرکووکەوە هاتووە، تەمەنی ٣٤ ساڵە، شەش ساڵە لە ئەورووپایە، خۆی و مێردەکەشی دەرچووی زانکۆن، لە ڕێگەی پەیوەندییەوە زەماوەندیان کردووە، تا ئێستا منداڵیان نییە. (م) سەبارەت بە ژیانی خۆی لە کوردستاندا دەڵێ:" لە منداڵییەوە هەستم بە ژیانی نائاسایی ژنی کورد کردووە و لە مێشکی خۆمدا هۆی ئەو شەرم و ترس و نائازادییەم لێکداوەتەوە کە لە کەسایەتی ژنی کورددا هەبووە. هۆکاری ئەو شەرمکردنەی ژنان ئەو هەموو عەیب و نەنگەیە کە کراوە بە چوارچێوەی ژیانی. ژن سڵ دەکاتەوە لە نزیکبوونەوە لە مێژوو، ئەو ترس و شەرمە بە جۆرێک لە کەسایەتی ژندا جێگیر بووە کە نەتوانێ وەک پێویست چالاک بێ." (م) سەبارەت بە ژیانی خۆی و ژنی کورد لە تاراوگەدا دەڵێ:" ئەو ترس و شەرمە مێژووییەی کە کەسایەتی ژنی کوردی سست و بێبەرهەم کردووە تەنها بە دەربازبوون لە سنوور ناشکێ، زەمینەیەکی زانستی پێویستە بۆ

گۆڕینی کەسایەتی ژن کە دەبێ ژن خۆی دەستپێشکەر بێ بۆ گۆڕین و دەربازبوون لە بازنەی ترس و شەرم. پیاوی کوردیش دەبێ هاوکار بێت لەو گۆڕانەدا، گرینگترین هاوکاریش ئەوەیە دەستبەرداری ئەو زەبرزەنگە بێ کە بەسەر ژندا پیادەی دەکات." (م) سەبارەت بە پەیوەندیی خێزانی خۆی دەڵێ: "پەیوەندییەکانمان زۆر مرۆڤانەن، مێردەکەم ڕۆشنبیرە و پشتیوانیم لێ دەکات و هانیشم دەدات، نەک هەر لێرە لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە بوو، بە ماوەیەکی کەم زاڵ بووم بەسەر زمان و بەردەوامیم بە خوێندن دا، ئێستا قوتابی زانکۆم و دەشمەوێ تا پێم بکرێ بەردەوام بم لە خوێندن."

**لە دێیەکی کوردستانەوە بۆ ئەورووپا:**

(س) خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە دێیەکی نزیک شاری بانە پەروەردەبووە، تەمەنی ٣٠ ساڵە، تەنها سێ پۆلی قوتابخانەی سەرەتایی خوێندووە. (س) هەشت ساڵە لە ئەورووپا دەژی، پێش ئەو ماوەیە شەش ساڵ پێشمەرگە بووە و لە چەندان شەڕدا ڕووبەڕووی دوژمن بووەتەوە. دوو جار برینداربووە. هەر لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی هاوسەنگەری خۆیدا زەماوەندی کردووە، دوو منداڵی هەیە.

سەبارەت بە ژیانی کوردستان و پێشمەرگایەتی خۆی وا دەدوێ: "من لە لادێ گەورە بووم، بە داخەوە بەهۆی ڕەوشی ناشایی ژن لە کوردستاندا نەمتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەم. هەر لە منداڵییەوە هەستم بە ستەمی جنسی و ستەمی نەتەوەیی کردووە و ویستوومە لەبارەی گەلەکەی خۆمەوە فێر بم و خەبات بکەم، کە پێشمەرگە دەهاتن بۆ دێکەمان دەچوومە لایان و گوێم لێ دەگرتن، لە تەمەنی چواردەساڵیدا چوومە ڕیزی پێشمەرگەوە. پێشمەرگایەتی ئەزموونێکی باشی پێ بەخشیم، ژن کە بە تەنها لە ماڵ دێتە دەرەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵ دەبێ و ئەم دێ بۆ ئەو دێ و ئەم شار بۆ ئەوشار دەکات باوەڕی بە خۆی زیاتر دەبێ. لە کۆمەڵەدا تەنانەت ژنانی فەرماندەش هەبوون، ئەمە بۆ خۆی کارێکی باشی دەکردە سەر پیاوانیش، لەناو کۆمەڵەشدا پیاوی وا هەبوون دانیان بە توانای ژندا نەدەنا و دەیانویست پیاوەتی خۆیان بەسەر ژناندا فەرز بکەن، بەڵام بە سەرجەم بەشداری ئێمە لە خەباتدا کاری باشی هەبوو بۆ ئەوەی باوەڕمان بە توانای خۆمان پتەو بێت." (س) هەرچەندە کەم خوێندەوارە، بەڵام زۆر بە ئازادییەوە گوزارە لە دەروونی خۆی دەکات. سەبارەت بە ژیانی ئەورووپاشی وا دێتە گۆ: "من بە داخەوە لە کوردستان نەمتوانی بخوێنم، دەمەوێ قەرەبووی ئەو بێبەشبوونەم لە خوێندن لە ئەورووپا بکەمەوە، من فێری خوێندن و نووسینی سوێدی بووم و ئێستا کار دەکەم، دەمەوێ واز لەم کارەم بهێنم و دەست بە خوێندن بکەم. دەمەوێ سبەینێ کە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و، وڵاتەکەم ئازاد دەبێ سوودێکم هەبێ بۆ گەلەکەم."

**ژن لە قۆناغێکی نوێدا:**

(ل) لە باکووری کوردستانەوە هاتووە، تەمەنی چل ساڵە و چوار منداڵی هەیە، ١٢ ساڵە لە تاراوگە دەژی، نەخوێندەوارە، سەبارەت بە ڕەوشی ژنان لە باکووری وڵاتدا دەڵێ: "بیست ساڵە نە تەنها ڕەوشی ژنان، هی پیاوانیش گۆڕاوە. پێش شۆڕش و سەرهەڵدانی پکک ژن هەر لە ماڵێ بوو، سست و بێبەرهەم بوو، بەڵام ئێستا هەموو ڕابوونە، هەبوونی کچان لە ناو شۆڕش و لەسەر چیادا هێز دەداتە ئێمە. سەرۆکایەتی گەلێک گرینگیی دەداتە ژن." سەبارەت بە ڕەوشی ئێستاشی لە تاراوگەدا دەڵێ: "لێرەش خەباتی ژن گەلێک پێویستە، ژن دەبێ بەشداری چالاکییە سیاسییەکان ببێ. ئەورووپا بۆ من وەک نەخوێندەوار سەختە، بەڵام من کار دەکەم و ئەوەندەش زمان فێر بوومە کاروبارەکان بەڕێوە ببەم. من بەشداری هەموو جەژن و مەشیەکان دەبم، هەبوونی مە لەو جەژن و مەشیانە گەلێک پێویستە."

ئەم ژنانەی کە وا کردمانن بە نموونەی باسەکەمان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو بوارانەی لە ئەورووپادا بۆ ژن ئاوەڵایە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتدا زیاترە، بەڵام ڕادەی هۆشمەندیی ژنان خۆشیان ڕۆڵ دەبینێ لەوەی تا چەند سوود دەبینن لەو بوار و ئازادییە و چۆن بەرەنگاری ئەو کۆسپە نوێیانە دەبنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و، بە چ شێوەیەک هەوڵی دروستکردنی کەسایەتییەکی باوەڕبەخۆ بۆ خۆیان دەدەن و چۆن ئەو ئازادییە لە کەسایەتی خۆیاندا دەچەسپێنن. ژنانی کوردی هەر بەشێکی کوردستان لەم خاڵەدا جیاوازن، دەتوانرێ ئەوەش بەدی بکرێ لە بەشێکی کوردستانیشدا ژنانی شارێک و شارێکی تر جیاوازن.

**کچی کورد لە نێوان مەنگەنەی دووکولتووردا:**

کێشەیەکی بەرچاوی تر کە لە تاراوگەدا ڕووبەڕووی کچانی کورد دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە منداڵی هاتوون و بە دوو کولتووری دژ بە یەکی ئەورووپا و کوردستان پەروەردە بوون. لە ماڵەوە دابو نەریتێکی کۆنپارێزانەی باوکیان بەسەردا دەسەپێ و ئازادییان لێ زەوت دەکات، لە دەرەوەش کولتوورێکی تر کە مافی ئازادییان پێ دەبەخشێ. لە ماڵەوە بە دووچاوی جیاواز تەماشای خۆی و براکەی دەکرێ و ئەوەی بۆ براکەی ڕەوایە بۆ ئەم ناڕەوا، کەچی لە دەرەوە ئەم مافە بۆ کچ و کوڕ وەک یەکە. لە هەموو ئەمانەش ناڕەواتر لە دوای تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بردنەوەیان بۆ وڵات و بەشوودانیان بە خزمێک یان ناسیاوێک کە بۆ یەکەم جارە دەیبینن، کە دێنەوە بۆ ئەورووپا جیاوازی پەروەردە و بیروبۆچوونی ئەم دوو مرۆڤە پێکەوە کێشەی بەردەوام دروست دەکات.

با سەرنجێ لەم چەند نموونەیەش بدەین:

— (ن) و(م) دوو خوشکن، تەمەنیان ٢٤ و ٢٢ ساڵە، ١٤ ساڵە لە سوێد دەژین، لە باشووری کوردستانەوە هاتوون. قوتابی زانکۆن. لە ساڵی ١٩٩٨دا، باوکیان بردنییەوە بۆ کوردستان و هەردووکیانی بە شوو دا بە ئامۆزا و پوورزایان. (ز) سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ماڵەوەیان دەڵێ: "هەموو بڕیارێ بە دەستی باوکمە، دایکم هیچ ڕایەکی لە هیچ مەسەلەیەکدا وەرناگیرێ، دایکم بۆ خۆشی زۆر ملکەچی فەرمانی باوکمە. شەش خوشکین و برایەکی بچووکمان

هەیە، باوکم لە هەموو ئازادییەکی ئەوروپا بێبەشی کردووین. من تەمەنم دە ساڵ بوو کە هاتوومەتە سوێد و بە کولتووری قوتابخانەی ئێرە پەروەردە بووم، بەڵام باوکم نەیدەهێشت لەگەڵ کچان و کوڕانی ئێرە هەڵسوکەوت بکەین. ئێستاش ناچار بووین شوو بەو کەسە بکەین کە ئەو هەڵیبژاردووە بۆمان. خوشکەکانی تریشم هەر ئەم چارەنووسەیان دەبێ."

ـــ(ئەلف) تەمەنی ١٩ ساڵە، ١٢ ساڵە لە سوێد دەژێ، قوتابی ئامادەییە لە ساڵی ١٩٩٨ بردیانەوە بۆ دهۆک و دایان بە کوڕێکی خزمی. دەڵێ: "لە بادیناندا بڕیاری تەواو بە دەستی باوکە و کچ نابێ سەرپێچی بکات لە فەرمانی باوکی، منیش با لە سوێد گەورە بووبم بەو کولتوورە پەروەردەکراوم. لە ماڵەوە لێیان دەدام ئەگەر لەگەڵ کوڕێک لە قوتابخانە قسەم بکردایە. چاوەڕێ بوون ببم بە هەژدە ساڵ و بمبەنەوە بۆ کوردستان و بمدەن بە شوو."

ـ (ڕ) تەمەنی ٢١ ساڵە، ١٣ ساڵە لە سوێد دەژی و قوتابی زانکۆیە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا باوکی بردیەوە بۆ کوردستان و دای بە شوو. ئەویش بەم شێوەیە سکاڵای خۆی دەردەبڕێ: "باوکم خوێندەواریشە و خۆیشی بە ڕۆشنبیر دەزانێ، بەڵام ڕەفتاری لەگەڵ دایکم و مندا کە تاقەکچی ئەوم زۆر کۆنەپەرستانەیە. لەبەر هەڕەشەکانی ئەو هەمیشە لە قوتابخانەدا گۆشەگیرم و ناوێرم پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی ئەوروپاییدا بکەم. دەمزانی هەرکەی بێ هەردەبێ لە کوردستان شوو بکەم، بۆیە هیچ بەرهەڵستیم نەکرد و شووم کرد."

ـ (م) تەمەنی ٢٣ ساڵە و ١٤ ساڵە لە سوێد دەژی، لە ساڵی ١٩٩٨ دا بردیانەوە بۆ نوسەیبین لە باکووری کوردستان و دایان بە شوو. دەڵێ: "باوکم دوو ژنی هەیە و کەسیان لە فەرمانی دەرناچن. من و خوشکەکانم هەر لە منداڵییەوە پێمان وتراوە نابێ پەیوەندی بە کوڕی سوێدی یان ئەوروپییەوە بکەین. ئەوەی شووی پێ دەکەین دەبێ کورد بێ و باوکمان لە ڕەوشتی ڕازی بێ."

ـ (ب) تەمەنی ٢٢ ساڵە و ١٢ ساڵە لە سوێد دەژی، لە ساڵی ١٩٩٨ بردیانەوە بۆ کوردستان بۆ بەشوودان، بەڵام پرۆژەکەی باوکی هەڵوەشاندەوە و ئەو کوڕانەی کە بۆی دەستنیشان کرابوو هیچیانی بە دڵ نەبوو بوو. (ب) دەڵێ: "باوکم دەیەوێ بە دڵی ئەو شوو بکەم. بەڵام من نامەوێ کەسێ کە خۆم بە دڵم نەبێ، ببێتە هاوسەرم. دایکیشم زۆر ملکەچی باوکم نییە و یارمەتیم دەدات. دەتوانێ هەندێ لە بڕیارەکانی باوکم هەڵوەشێنێتەوە. من بۆخۆم حەزم لە کوڕێکی سوێدی بوو، ناچار بووم دەست لەو حەزەم هەڵگرم، چونکە باوکم دەیووت ئەگەر نەتوانم تۆ بکوژم خۆم دەکوژم ئەگەر شوو بە سوێدی بکەی. قەینا شوو بە کوڕی کورد بکەم بەڵام دەمەوێ بە دڵی خۆم بێت."

**زەبروزەنگ تا مەرگ:**

کێشەکان لە خێزانی ڕۆژهەڵاتیدا بە گشتی زۆر جاری وا هەیە دەگەنە حاڵەتی زەبروزەنگ و توندوتیژی و تاوان. سەبارەت بە خێزانی ڕۆژهەڵاتی و ناکۆکیان لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوادا ڕۆژانە دەیان زەبروزەنگ دژ بە ژنان و کچان بەرپادەبن. خێزانی کوردیش بێبەش نییە لەو دیاردە ناهەموارە و نموونەش زۆرە. لە ساڵی ١٩٩٨ دا سێ ژنی کورد لە سوێد ژیانیان لە دەست دا، دوو کچ بە دەستی براکانیان بە چەقۆ کوژران، یەکەمیان دەیویست شوو بکات بە کەسێ کە خۆشی دەوێ و، دووەمیان چونکە چووبوو بۆ دیسکۆ. ژنێکیش بە دەستی کوڕەکەی بە چەقۆ کوژرا، چونکە لە مێردەکەی جیا ببووەوە و دەیویست شوو بکاتەوە. لە یەکی ئاداری ١٩٩٩ یشدا ژنێک بە دەستی مێردەکەی لە ئەنجامی کێشەکەیەکی خێزانیدا بوو بە شەڕیان و درایە بەر چەقۆ و ژیانی لەدەست دا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩یشدا ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکانی سوێد پەردەیان لە ڕووی تاوانێکی تر هەڵماڵی سەبارەت بە کوشتنی کچێکی نۆزدەساڵی کە تەمەنی لە سوێد بەسەر بردبوو، بەڵام باوکی و مامی دەیبەنەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بەشووی بدەن، کەمترین بەرهەڵستی ئەو کچە بووەتە هۆی کوشتنی بە دەستی باوکی و مامی.

کێشەی سەرداریتی موتڵەقی پیاو، یەکێکە لەو کێشە سەرەکییانەی کە لە تاراوگەی ئەوروپادا و لەگەڵ کولتووری پێشکەوتوودا لە دژایەتییەکی بێ وێنەدایە. ئەو پاوەنکردنەی ژنی کورد لە لایەن پیاوەوە کە لە کوردستان و لە ناو ئەو ژیانە بێگۆڕانکاریی و تونێلئاسایادا شیاو بوو لە ئەوروپادا نەشیاوە، بەڵام ناتوانن دان بەو نەشیانەدا بنێن و دەست لەو ڕەفتارانە هەڵگرن کە لەگەڵ کولتووری ئەوروپادا لە دژایەتی دایە. ژنانی کوردیش لە وڵاتدا دەستبەرداری زۆرینەی مافەکانی خۆیان بوون، یان ڕوونتر بگوترێ مافەکانی خۆیانیان نەدەناسی، لێرە بە تێکەڵ بوون و ناسینی دەیان کولتووری تر و بەراوردکردنی ژیان و مافەکانی ژنی ئەم وڵاتانە لەگەڵ مافەکانی خۆیاندا دەبنە ئاشنا و ئەو بێدەنگ و سەنگییەی کە لە وڵاتدا هەیانبوو، لێرە دەیشکێنن و ئەو ئاغایەتییەی کە لەوێ لە پیاویان قبووڵ دەکرد لێرە نایکەن. بەم شێوەیەش کێشەی خێزان سەرهەڵدەدات و دەنگی نارەزایی پیاوان سەبارەت بە ئازادی ئەوروپا بڵند دەبێتەوە.

ترسان لە ئازادیی ئەوروپا و شیکردنەوەی نێگەتیڤی ئەو ئازادییە لە لایەن زۆرینەی خەڵکی سەر بە کولتووری ڕۆژهەڵات کە ئێمەی کوردیش دەگرێتەوە، هەروەها تێڕوانینێکی ئایینیانە بۆ دیاردەکان لە مێشکی ئەواندا خێزان دەخاتە خەتەرەوە . بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەو خەتەرەش خۆبەستنەوەیەکی زیاتر بە ئایین و پێوانە ئایینییەکان کە دابونەریتیان لەسەر هەڵچنراوە دروست دەبێ. لە لای هەندێ خۆبەستنەوە بە دابونەریت و ئایین و پێوانە ڕەوشتییەکان لە تاراوگەوە دەست پێدەکات، چونکە لە کوردستاندا خەتەری ئازادی لە ئارادا نەبووە، کۆمەڵگە هەموو لە ئاستێکی یەکسانی نائازادیدا ژیاون، ژنان جگە لەو ژیانە سنووردارەی بۆیان دەستنیشانکراوە جۆرێکی تری ژیانیان نەناسیووە، بەڵام لە ئەوروپادا هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە دەرک بە نائاساییبوونی ژیانی خۆیان دەکەن و دەکەونە بەراوردی خۆیان و ژنانی ئەوروپا.

ئەم بەراوردکردنە تا چەند دەبێتە موتیف بۆ جوڵەی ژنانی کورد لە

ئەورووپا بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەت بە ژنی کورد. یاخود تا چەند کێشەی دروستکردووە لە خێزاندا و ململانێی خستۆتە نێوان ژن و پیاوی کوردەوە؟ نموونەکان تا ڕادەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی ڕۆژهەڵاتی کە کوردیش دەگرێتەوە، لە هەندەران بە بەراورد لەگەڵ ناوەوەی وڵات ڕێژەیەکی بەرچاوی یە. مرۆڤ ئەگەر لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵێتەوە لەسەر چەند خاڵێک دەگیرسێتەوە کە سەرەکین، بێگومان هۆکاری لاوەکیش هەن کە کاریگەریی لەسەر هاوسەری کورد دابنێن، بە بۆچوونی من خاڵە سەرەکییەکان کە زۆربەیان لە کوردستانەوە دەست پێدەکەن ئەمانەن:

١ـ چۆنێتی دروستبوونی ئەو خێزانە: لەسەر چ بناغەیەک خێزان دادەمەزرێ و چۆن بڕیار بۆ دروستبوونی ئەو پەیوەندییە دەدرێ؟ ئایا هەردوو هاوسەر ئازادانە بڕیاریان بۆ ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ـ خێزان ـ داوە؟ بڕیارەکان لەسەرچاوەی بیری خودی هاوسەرەکانەوە دراون، یان لە دەرەوەی خۆیان ـ کەس و کار و خێزانی هەریەکەیان و کۆمەڵگە ـ کاریگەریی لەسەر داناون و تا ڕادەیەک ناچاری کردوون؟

٢ـ ئەرک و مافەکان: ئایا لەناو چوارچێوەی ئەو دامەزراوەدا توانراوە پەیوەندی ئەرک و مافەکان ڕێک بخرێن؟ مێرد توانیویەتی دان بە مافە مرۆڤایەتییەکانی ژن بنێ و ڕێز لە ڕا و بڕیاری ژن بگرێ؟ ئایا ژن توانیویەتی بەرامبەر بەو مافەی کە دەیەوێ دانپێدانراو بێ، ئەرک لە ئەستۆ بگرێ و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ؟

٣ـ ڕادەی هۆشیاری: ئایا لە هەلومەرجی ژیانێکی داخراوی ناو خێزانی کوردەواری، کە زادەی کۆمەڵگەیەکی نەریتیی و، بە یاسا و ڕێسای ئایینی گۆشکراوە، ژن تا چەند دەتوانێ لە چەمکی ماف بگات و لە کێشەکەی خۆی نزیک بێتەوە؟ ئایا پیاو تا چەند دەتوانێ لەوە بگات کە ئەوەی ژن لە خێزاندا ئەنجامی دەدات، وەکوو کاری ماڵ و پەروەردەی منداڵ هیچ لەو ئەرکە بێبایەختر نییە کە ئەو لە دەرەوە ئەنجامی دەدات ــ ئەمە لە کاتێکدا کە ژن ئەرکی دەرەوەشی نەبێ ــ یاخود ئەو ئەرکەی ژن لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامی دەدات و هاوکات کاری ماڵەوەش و منداڵیش لەئەستۆ دەگرێ، پلەی مافەکانی بەرزتر دەکاتەوە و دەبێ نرخ و بەهای بۆ دابنرێ؟

بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵگەیەکی نائازادی وەک هی ئێمە، کەسەکان با خوێندەوار و ڕۆشنبیریش بن، خاوەنی ڕا و جیهانبینی خۆشیان بن، فشار و شەپۆلی دواکەوتوویی و یاسا و ڕێسای ئایین و پاڵەپەستۆی دابونەریت کاری خۆیان دەکەن و جۆری بڕیارەکەیان سنووردار و پڕ کەم و کوڕیی دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا، بە داخەوە ڕادەی نەخوێندەواری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرزە و ئەوان زۆربەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن.

خێزانی بێ بنەما تا ئەو کاتە بەرگە دەگرێ کە هێزێکی ورووژێنەری دەرەکی لێ نزیک نەبووبێتەوە، هەر کە ئەو شەپۆلە دەرەکییە شاڵاوی هێنا، یەکێ لە هاوسەرەکان، یان هەردووکیان دەورووژێن و ئەودامەزراوە بێبنەمایە هەرەس دەهێنێ. خێزانی بێ بنەما کە کوردستان بە جێدەهێڵن و دەگەنە یەکێ لە وڵاتانی ئەورووپا، کولتووری ئەورووپا بۆ ئەوان دەبێتە ئەو هێزە ورووژێنەرە و بە پلەی یەکەم ژن بەخەبەر دەهێنێتەوە. ژن کە لەوێندەرێ لەناو قۆزاخەی ماڵ و کۆمەڵگەیەکی نەریتییدا مت بووە و ئاگای لە جیهان بڕاوە، لە هەندەران ئەو قۆناغی متبوونەی کۆتایی پێدێت و وردکۆڵانە لە دەوروبەر ڕادەمێنێ و پرسیارەکانی سەبارەت بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و مافەکانی خۆی سەرهەڵدەدەن. ژنی کورد لە هەندەران لە ئەنجامی ئەو تواناکارییەی بۆی دەرەخسێ، پێنج هەستەکانی ئەکتیڤ دەبنەوە. کولتووری جۆراوجۆر دەبینێ و لێیانەوە فێردەبێ، سەبارەت بە کێشەی ژنان، لەبارەی خەبات و تێکۆشانی ژنانی دنیاوە زیاتر دەبیستێ و بەڵکە ئەنجام و بەرهەمی ئەو تێکۆشانانەش بە چاوی خۆی دەبینێ، هەست بە نائاساییبوونی ژیانی لەوەوبەری خۆی دەکات و لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ململانێ و خۆی و دەوروبەرەکەی بەراورد دەکات.

لەئەنجامی بەراوردی زۆر، بڕیار دەدات لە ژیانی نائاسایی پێشووی خۆی یاخی بێت، کەسێکی پاسیڤ نەبێ وەک لە ڕابردوودا و بووە. ڕادەی هۆشیاری ژن بڕیاردەرە لەوەی چۆن ژیان و پەیوەندییەکانی ئەورووپا دەخوێنێتەوە و بۆ خۆی لە کام ڕووەوە سوودیان لێ دەبینێ.

لە ئەورووپا پابەندێتی ژن بە پیاوەوە بەهۆی باری ئابوورییەوە دەمێکە نزیکەی کۆتایی پێهاتنە. مێرد، ڕۆڵی بەخێوکەر نابینێ، ژن خاوەنی کار و مووچە و سەناتووی ئابووری خۆیەتی. بە هەمان شێوەش باوک بۆ منداڵەکەی نابێتە تاقە سەرچاوەی بژێویی. دەوڵەت بەشێکی بەرچاوی ئەو ئەرکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی و بەشەکەی دیکەشی دایک و باوک پێکەوە دابینی دەکەن. هۆی ئەوەیە ژن نابێتە کۆیلەی ئەو دەسەڵاتەی کە ئابوور دەیبەخشێتە پیاو ـ وەک لە کۆمەڵگەی ئێمە ـ و، منداڵیش نابنە کۆیلەی دەسەڵات و زەبروزەنگی باوک.

خێزانی کوردیش، لە هەندەران تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریی ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەپاوەدا و، لە هەلومەرجی ژیانێکی کراوەتر و ئابوورییەکی بۆرەخساوتردا، لە ئاستێکی جیاوازتر لە هی ناوەوەی وڵات بڕیارەکانیان سەبارەت بە پێکەوە ژیان یان نەژیان دەدەن. ژن کە بڕیار بۆ جیابوونەوە دەدات، هۆی ئەوەیە لە پەیوەندی بەسەردا سەپێنراو، یان لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگەدا دروستبوو پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێ ئەمجارە خۆی بڕیاردەر بێ لە هەڵبژاردنەکانیدا. پیاویش کە نەتوانێ لەهەلومەرجی تازەی ژیانی هەندەرانیدا گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ بخولقێنێ، هەڵوەشاندنەوەی خێزان هەڵدەبژێرێ. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە مرۆ ئەگەر هوشیار نەبێ، کاریگەریی نەرێتی* زیاتر لە هی ئەرێتی دەکرێتە سەر و مەرج نییە بڕیارە نوێکانی لە کۆنەکانی پۆزەتیڤتر بن.

دەرەنجام:

ــ ژنی کورد چ لە کوردستان و، چ لە هەندەران، لە قەیرانی گەڕان بە دوای ناسنامەی خۆیدایە وەک ژن، لە ململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ دەروونی خۆی ــ کە لەژێر کاریگەری پەیوەندییە

بەسەرداسەپێنراوەکانیدا کەسایەتی لاواز کردووە ـــ و، لەگەڵ کەسانی خولگەی یەکەمی بازنەی خۆیدا کە خێزانە و لە دەسەڵاتی باوک و برا و پیاوەکانی خزمیەوە بۆ دەسەڵاتی مێرد، هەروەها لەگەڵ دەوروبەری خولگەی دەرەوەتریدا کە کۆمەڵگەیە.

ـ ئەم ململانێیە چەند لایەنییەی و سەرباری کێشەی ئەو وەک کوردێک، لە نێوان خەباتی ئەو بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی ژنێتی ئەو و کوردێتی ئەودا توانای دابەش دەبێ. لە کوردستاندا لە بێبواری و ژیانێکی داخراودا، نە کۆمەڵگەی باوکسالاریی و غەرقبووی دابونەریت و ئایین رێگەی دەدات لە کێشەکەی نزیکبێتەوە و تێی بگات و خەباتی بۆ بکات بە شێوەیەکی دروست و زانستی، نەش ئاستی هوشیاری و باری ئابووری و سیاسییش یارمەتیدەرە لەوەی کە ناسنامەی ژنێتی و کوردێتی خۆی بدۆزێتەوە.

ـ بەهۆی نائاسایی و بەسەردا سەپاوی پەیوەندییەکان، ژن و پیاو هاوکاری یەکتر نین و ئەو پەیوەندییەی کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە لە ئەنجامی ترس و پاڵەپەستۆی جۆراوجۆرەوە دروستبووە نەک خۆشەویستی و تێگەیشتن. بوارەکان بۆ پیاوان ئاوەڵان و بۆ ژن داخراو. لە هەرەمی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا ژنان لە خوارەوەترین پلەکاندا جێگەیان بۆ دانراوە.

ـ خێزانی کورد لە هەندەران، لەبەر شاڵاوی کاریگەریی کولتوورەکان و سیستەمی ئابووری دا، تووشی بومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێت. لەو بومەلەرزەیەدا دامەزراوە بنەما هەڵەکان دادەڕووخێن. ژنی کورد لە هەندەران لە پەیوەندییە نائاسایی و بەسەردا سەپاوەکانی یاخی دەبێ و دەیەوێ خاوەنی بڕیار بێ و ژیانی خۆی بگۆڕێ. ئەگەر پیاوەکان هاوکاریان نەبن لەو پرۆسەی گۆڕانەدا و دۆگمایانە بڕواننە پەیوەندییەکانی پێشوویان، ئەنجامەکەی هەردەم نێگەتیڤ دەکەوێتەوە.

**دوا وتە:**

لە کۆتاییدا، ڕەنگە مرۆ بپرسێ ئەی چار چییە و چۆن ئەم هاوکێشە چەندلا نادیارە هاوسەنگ بکرێتەوە و ئەم مێژووە سەرتاپا هەڵەیە چۆن ڕاست دەکرێتەوە.

دیارە تیۆری، دایکی پراکتیکە و ئەوەی دەیڵێین ئەگەر بە ئەنجامیشی بگەیەنین لە ئامانج نزیکمان دەخاتەوە. دیارە لە مەیدانی تیۆریشدا هێشتا لە مەڕ کێشەی ژن و کەسایەتی و ناسنامەدا خاوەنی ئەزموونێکی بەرفراوان نین، بەڵام هەنگاویان بۆ نراوە و بەردەوام دەنرێن.

بە ڕای من بوونی ناوکێکی ڕەخنەگرانە لە مرۆڤدا بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەکانی دەوروبەری، توانای یاخیبوونێکی پۆزەتیڤی تێدا دەخولقێنێ. یاخیبوون و ڕەخنەگرتن لە ئایین، لە مێژوو، لە سیاسەت، لە فەلسەفە و لە پێوەرەکانی پەیوەندی مرۆڤ و مرۆڤ و، مرۆڤ و سروشت و، مرۆڤ و خوا، دەرگای لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و داهێنان ئاوەڵا دەکات. ناڕازیبوون لە ڕابردوو ئێستایەکی جیاوازتری خولقاندووە، ناڕازیبوونێکی پۆزەتیڤانەش لە ئێستا و ڕەخنەلێ گرتنی و، یاخیبوون لە پێوەرەکانی ئێستا گەشە دەدا بە بەرهەمی داهاتووی بیر و ڕەفتار و تواناکانمان.

هیچ شتێ موتڵەق نییە، ڕێژەیی بوونی دیاردەکان یارمەتیدەرن بۆ بینینی جیاواز و هەڵسەنگاندنی جیاواز. هیچ شتێ نابێ لە خانەی پیرۆز و دۆگمادا قفڵ بدرێ و، دەکرێ گۆڕانی بەسەردا بهێنرێ. ئایین، سیاسەت، فەلسەفە، هەموویان زادەی بیر و کردەی مرۆڤن و هەر مرۆڤ خۆشی دەتوانێ بیانگۆڕێ.

یاخیبوونی ژن لە پەیوەندییە نائاساییەکان و دیاردە بەسەرداسەپێنراوەکان نابێ کۆمەڵگە بتۆقێنێ، بەڵکە دەبێ وەک هەنگاوێکی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی چاوی لێ بکرێ. ژن تەنها بە بوونی کەسایەتییەکی ئازاد و هوشیارییەوە دەتوانێ بەشداری ئەو پرۆسەیە بێ و لە مێژوودا ناسنامەیەکی بەرجەستە بۆخۆی دابین بکات. پیاویش بە دەستهەڵگرتن لە ڕۆڵی سەردار و دەسەڵاتدارە و، هەڵبژاردنی ڕۆڵی هاوکار و، یەکسانیخوازی دەتوانێ بەشداری ئەو پرۆسەیە بێت.

لەو شوێنانەی کە ژن تیایا خاوەنی ناسنامەی خۆیان نین، ناسنامەی پیاوانیش ساختەن. لەو کۆمەڵگانەی کە دادگەریی کۆمەڵایەتی ونە، پەیوەندییەکان مرۆڤانە نین. ئەو مێژووەی ژن و پیاو پێکەوە دروستیان نەکردبێ پڕ کەموکوڕیین، ئەو کەسانەشی کە بێبایەخن بەرامبەر هەموو ئەو کەموکوڕیانە، بەرپرسیارن بەرامبەر دواکەوتوویی کۆمەڵگە.

**پەراوێزەکان**

١) نموونەشمان بۆ ئەمە زۆرن، لە باشووری کوردستاندا بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان ژنان و کچان بە بارمتە دەگیران و لە زیندان دەنران لە جێی ئەو باوک و برایانەیان کە پێشمەرگە بوون و مەرجی ئازادکردنیان دەبەسترایەوە بە خۆ بەدەستەوە دانی پیاوەکان. کاتێ لە کولتووری کورد و داگیرکەرەکانیشیدا شەرەف لە جەستەی ژندا بەرجەستە کراوە، لە لایەن داگیرکەرەکانەوە بە مانای بە بارمتەگرتنی شەرەفی کورد دێت و دەکرێتە خاڵی بێهێزی پیاوی کورد. کە ئەم سیاسەتە بە کردەوەش ئامانجی خۆی پێکاوە.

٢) هەر بۆ نموونە: لە چوارمانگی کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا، ٧٠ ژن لە باشووری کوردستاندا کوژران. سەرچاوە: *یانەی خانزاد.*

٣) سەرچاوەی ژمارە ١، ل ٨٨.

٤) ـــــــ، ل ٧٧.

٥) ـــــــ، ل ٨٧.

٦) سەرچاوەی ژمارە ٢.

**سەرچاوەکان**

Ole Shultz Larson-Psykologiska perspektiv-1997-Århus.

**عبدلله اوجلان** ـ کیف نعیش ـ المرأه الکردستانییە الحرە، ١٩٩٦.

• **تێبینی گزینگ**: لەبری وشەی (نەرێتی) کە نووسەر بە مانای «مەنفی» دەکاری کردووە، وشەی «نەێتی» داندراوە. وشەی نەرێتی(مەنفی) بۆ هاوسەنگی و هاودەنگیی لە ئاست وشەی ئەرێتی (موثبەت) بۆ یەکەمجار لە لایەن هەرکەسێکەوە داشترابێ و دەکارکرابێ، کارێکی ناشیانە و دژی زمانەوانی یە. ڕاستە دەکارهێنانی وشەی (نەرێ+ تی) نادروست نییە کە نەرێ مانای (نا) دەدا، بەڵام وشەی (نەرێ+تی) لەوجێگەیەڕا کە ئەگەر پاشگری چاوگەکەی لێهەڵگرین، نەرێ بە مانای (نە/ نا) نایە و، ئەگەر (نە)یەکەی ئەو مانایە بدا کە هەرواشە، (رێ)کەی شتێکی زیادی یە و تەنیا بۆ هاووەزن(سەجع) بوون لەگەڵ وشە هاوتاکەی واتە (ئەرێتی) سازکراوە.

د. حوسێن محەمەد عەزیز

# ژن لە ئاوێنەی تەڵخی هێندێ هۆنراوەی کوردییدا

کارێکی زۆر سەیر نییە، گەر لە کۆمەڵە دواکەوتووە نیمچە دەرەبەگیی ـ دەرەبەگییەکاندا، گەر لە کۆمەڵە دابڕاوە خاوەن تیرە و هۆزەکاندا، گەر لە کۆمەڵە موسوڵمانەکاندا، ژن و پیاو، هەرگیز بە یەک چاو تەماشا نەکرابن و یەکسانیی لە نێوانیاندا نەبووبێ! هەروەها، کارێکی هێندە سەیر نییە، گەر ژنانی کوردیش، لە زۆربەی مافەکانی ژیان بێبەشبووبن، یان لە بواری وێژەی کوردیی بە گشتیی و هۆنراوە هۆنینەوەدا بە تایبەتیی، زۆر بە کەمیی، جێپەنجەیان دیاربێ. چونکە، گەر هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، سەرنجێکی ورد، لە لیستی ناوی هۆنەرەکانی کورد بدەین، زۆر بە ڕوونیی بۆمان دەردەکەوێ، زۆربەی زۆری ئەو هۆنەرە کوردانەی، لە کۆندا هۆنراوەیان گوتووە و ئەوڕۆش دەیڵێن، لە ڕەگەزی نێرینە «پیاو» پێکهاتوون. کەچی، زۆر بە دەگمەن، لە نێو ڕەگەزی مێینەدا «ژن»، نووسەرێ یا هۆنەرێکی تێدا هەڵکەوتووە. چونکە، لە کۆندا، لە زۆربەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بە تایبەتیی، لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، ژن ئەرکێکی زۆری لە سەر شان بووە. بەڵام، هەرگیز وەک پیاو، هەموو جۆرە مافەکانی نەبووە و بەشخوراوبووە!

ژنانی کورد، لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیاون. هەمیشە سەرقاڵ و جەنجاڵبوون. چونکە، لە لایەکەوە،ماڵدارییان کردووە، ماڵیان خاوێنکردۆتەوە، منداڵیان بەخێوکردووە، ڕایەخیان ڕاخستووە، جێگەیان داخستووە، جلیان شتووە، خواردنیان لێناوە، تەنووریان داخستووە، گونکیان بڕیوە، نانیان کردووە، مەشکەیان ژەندووە، ئاویان لە کانی هێناوە، گۆرەوییان چنیوە، تەپاڵەیان ڕزکردووە، گۆرانییان بۆ زارۆکان چڕیوە، چیرۆکیان بۆ گێڕاونەتەوە، لایلایەیان بۆ کردوون، خەویان لێ خستوون. بەزەییان بە گچکەدا هاتۆتەوە، ڕێزی گەورەیان گرتووە. کاتێ دەسیشیان بەتاڵبووە، شەو لەگەڵ مێردەکانیاندا تێخزاون، بێ بەشیان نەکردوون و دڵیان نەڕەنجاندوون!

لە لایەکی دیکەشەوە، بە ڕۆژ لە کێڵگە کاریانکردووە، لە بەر قرچەی گەرما، جووتیانکردووە، خۆیانیان گێرەکردووە، تووتنیان شکاندۆتەوە، گەنم و جۆیان دروێنەکردووە، شەن و کەویان کردووە، نۆکیان دەسکەنەکردووە، تەماتەیان ئاوداوە، کەر و وڵاخیان بۆ سەر ئاو بردووە، مەڕوماڵاتیشیان لەوەڕاندووە. ئەو هەموو کارانەیان کردووە، هێشتا، ژنێکی گەورە، بەقەدەر مێردمنداڵێکی نێرینە، هەموو مافەکانی ژیانی پێ ڕەوا نەبینراوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هەر کاتێ پیاوەکە، ئارەزووی گۆڕابێ، دڵی بۆ پەریزادێکی دیکە لێیدابێ، بە تیری ئەڤینی خۆشەویستیی جوانێ گرفتاربووبێ، یەک و دووی لێ نەکردووە، دەسبەرداری هاوسەرەکەی بووە، بووکێکی نوێی دابەزاندووە. یان دەسبەرداری نەبووە و ژنی بە سەر هێناوە، دوودوو و سێسێ، لە یەک ماڵدا ڕیزیکردوون! ئەم مافەش، تەنیا هەر بە پیاو ڕەوابینراوە، ژن بە هیچ شێوەیێ بۆی نەبووە، لە مێردەکەی جیابێتەوە، یا لە یەک مێرد پتری هەبێ! پیاوانیش، بۆ ئەو کارە ناڕەوا و ناشایستانەی خۆیان، گەلێ بڕوبیانوویان هێناوەتەوە، پەنایان بۆ دەقەکانی قورئان و گوتەکانی پەیامبەر بردووە، هەموو ئەو مافانەیان بە خۆیان ڕەوابینیوە و لە ژنیان زەوتکردووە. ئیدی، لە کۆمەڵێکی «دەرەبەگیی، خێڵەکیی، کشتوکاڵیی و موسوڵمان »ی وەک کۆمەڵی کوردەوارییدا، کەی ژنان توانیویانە، پێبگەن؟ کەی مافیان هەبووە؟ کەی هۆنەریان تێدا هەڵکەوتووە؟!

لە مێژووی کۆنماندا، ئەو ژنە کوردانەی هەڵکەوتوون، زۆر نین و بە پەنجەی دەست دەژمێررێن. ئەگینا مەگەر، تەنیا چەند شێرەژنێکی کوردی ناوداری هەڵکەوتووی وەک: «قەدەمخێر» یا «خانزاد» توانیبێتیان، لە دیوەخانەکاندا، خۆیان لەو کارانە بدزنەوە، لە سەروو پیاوەوە دانیشن، فەرمانڕەوایی بکەن و فەرمان بۆ پیاو دەرکەن! مەگەر هەر «مەستوورەی کوردستانیی» هۆنەر و مێژوونووسی، خێزانی «خەسرەو خانی ناکام »ی هۆنەر و والی «سنە»، لە نێو بنەماڵەی خانەدان و فەرمانڕەوای دەسڕۆیشتووی «ئەردەڵان»، یا هەر «ئاتە خان»ی پووری «سالم»ی هۆنەر، لە نێو بنەماڵە گەورە و فەرمانڕەواکەی «بابان»، یا هەر مامۆستا «فاتمە محێدین»ی هاوسەری «حەمدیی»ی هۆنەر، یا هەر «حەپسەخانی نەقیب» ی ژنی « شێخ قادری حەفید »، لە نێو بنەماڵەی شێخانی «بەرزنجە»، یا هەر « عادیلەخانم »ی دایکی « ئەحمەد موختار جاف »ی هۆنەر، لە نێو بنەماڵە گەورە پێشکەوتووەکەی هۆزی «جاف »دا، ئازادییەکی تەواویان هەبووبێ، سەریان لە قاوغەکەی خۆیان دەرهێنابێ، وەک چەند ژنە کوردێکی هەڵکەوتوو، ئەسپی خۆیان لە گەلێ بواری جیاجیای ژیاندا تاودابێ، پاشان دەرکەوتبێ و پێشکەوتبێ.

هەروەها، لە مێژووی نوێشماندا، مەگەر چەند ژنە کوردێکی چاوقایمی وەک: «ڕەوشەن بەدرخان »ی بلیمەت، «مینا خانم»ی هاوسەری پێشەوا «قازی محەمەد»، کیژە کوردێکی نیشتمانپەروەری وەک شەهید «لەیلا قاسم» و چەند خەباتگێڕێکی کوردپەروەری دیکەی وەک «خەجۆ» لە باکووری کوردستان توانیبێتیان، لە نێو ئەم کۆمەڵە دواکەوتووەدا، لە گەلێ بواری «نەتەوەیی، شۆڕشگێڕیی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، وێژەیی و ... تاد »دا، جێ پێی خۆیان بکەنەوە و بوونی خۆیان بسەپێنن. ئەگینا، باری لە سەدا نەوەدونۆی ژنانی کورد، بەو شێوەیە بووە، کە لە سەرەوە باسمانکرد.

بە داخەوە، هێندێ «خوێندەوار، ڕووناکبیر، نووسەر و هۆنەر»ی کورد، هێندێ جار، بێ ئەوەی بیریان لە واتای نووسین و هۆنراوەکانی خۆیان کردبێتەوە. یان، بێ ئەوەی سەرنجێکی وردیان، لە واتای بەرهەمەکانی خۆیان دابێ، دوای قسەی باو و خراپی ڕەشەخەڵکە کەوتوون و وەک تووتی دووبارەیانکردۆتەوە. بۆیە، لە بەرهەمی هێندێکیاندا، زۆر بە

زەقیی ڕەنگیانداتەوە!

هەر چەندە، بە گـەواهیی دۆست و دوژمن، تا ئەندازەیەکی زۆر، ژنانی کورد ئازدبوون. بە تایبەتیی، لە گوندەکانی کوردستاندا، ئەمە زۆر بە ئاشکرا بینراوە و دەبینرێ. بەڵام وەنەبێ، ئەم ئازادییە، مافە ڕەواکانی ژنانی بۆ دەسەبەرکردبن. لە هەمـان کـاتیـشـدا، ژنان، لە کۆمـەڵگەی کوردەوارییدا، هێندە بە سووکیی و بێ بایەخیی تەماشاکراون، تەنانەت، ئەو تەماشاکردن و کولتووره ناشیرینە، لە نووسینی نووسەر و هۆنراوەی زۆربەی هۆنەرە کلاسیکیی و هێندێ لە هۆنەرە نوێخوازەکانیشماندا ڕەنگیانداوەتەوە، کـە ئەوان بە هەمـوو لێکدانەوەیەک دەبووایە، لە ڕەشەخەڵکەکەی دیکە، «خوێندەوارتر، ڕووناکبیرتر، تێگەیشتووتر و پێشکەوتووخوازتر » بوونایە! ژن، لە وێژەی کوردییدا، لای نووسەر و هۆنەرەکانی کورد، وەک نیشانەی ترسنۆکیی و بێ دەسەڵاتیی، ئامێری زاووزێکردن و ماڵداریی بەکارهێنراوە. لێرەدا دەتوانین، چەن نموونەیەک بێنینەوە:

ئایا، لە مێژووی وێژەی کوردییدا، کەس هەبووە، وەک «نالی»، لە ڕێی هۆنراوەوە، جنێو بە « مەستوورە خانمی کوردستانیی » بدا و سووکایەتی بە ژنێکی هەڵکەوتووی لەو چەشنە بکا، هەر لەبەرئەوەی، دڵی خۆی پێ نەداوە و وەڵامی نەداوەتەوە؟!

با بزانین، «حاجی قادری کۆیی »، دەربارەی ژن چی گوتووە؟ چۆن لە ژنی ڕوانیوە؟ کاتێ لە هۆنراوەیەکدا گوتوویەتی:

ئەوانەی، مـولکی خـۆیان کـردە دەوڵەت
وەکوو بت دەپەرستن، جەمعی میللەت
میسالی ئێوە بوون، یاخود وەکوو من
ئەوان بۆچی پیاون، ئێمە وەک ژن[1]

«مەحویی»، لە چوارینەیەکدا، ڕووی لە نەیژەن کردووە و گوتوویەتی:

هەی لە ژن کەمتر، موعەططەل بۆچی؟ نەیژەن! لێدە نەی
ساقیا! ساقت شکێ، بەس ڕابوەستە، بێنە مەی
ئەو قورمساغە، دەڵێن: پیری موغانە، پێی بڵێن:
پیری ئاخر شەڕ! دەری مەیخانە تا کەی دادەخەی؟![2]

«موخلیس»، لە چەند هۆنراوەیەکدا، سووکایەتی بە ژن کردووە و لە «پەند»ێکدا گوتوویەتی:

دنیا، بە قەدەری یەک سەرەموو، قەدەری گەر ئەبوو
قەت نەیئەدا بە گاور و قەت نەیئەدا بە جوو
دنیا ژنێکە فاحیشە، شەیتانە واریسی
ئانێک لە عیددەدا، بە هەزاری ئەدا بە شوو[3]

هەروەها، لە هۆنراوەی «شیعری گاڵتە»دا، دیسانەوە گوتوویەتی:

ئامان خوایە، لە دەس دووژنە
کێ دوو ژنی بێ، جەرگی کونکونە
شەڕەسەگ ئەکەن، بە یەک ئەوەڕن
ئەم لە «کانیسارد»، ئەو لە «هەرمنە»
ئەم ڕازیی ئەکەی، ئەو ڕازیی نابێ
گەر ئەمیان دۆستبێ، ئەویان دوشمنە
موافیقی شەرع، نۆرە جێ ئەکەی
هەزار سوێندئەخوا، نۆرە جێی منە
بەد خولق و ڕوو ترش، بۆڵەبۆڵکەرن
لە کەر کەرترە و تەبیعەت ژنە[4]

«پیرەمێرد» گوتوویەتی:

دێی فرە کوێخا، مسکێن هەڵ ناگرێ
ترە کەڵەکێ، دیارە سەرناگرێ
کە هات سیاسەت کەوتە ناو ژنان
ئەبێ دەس بکەین بە قوڕەڕەش پێوان[5]

هەروەها، دەڵێن: ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیەش، هەر « پیرەمێرد » دایناوە. بەڵام، لە دیوانەکەیدا نییە. بەڵکوو، لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ نەکراوەوە وەرگیراوە. گوایە، گوتوویەتی :

خوا ژنی بە ژن دروستکردووە
ماڵ و زاوزێی پێ سپاردووە
قژیان درێژە و عەقڵیان کورتە
ئیتر چییانە، لەم جرت و فرتە[6]

«سەلام »، لە چامەیەکی درێژدا، ڕووی دەمی لە «سالم » کردووە و لە دێڕێکدا گوتوویەتی:

تۆ بە شمشێرۆ هجومت کردە سەر تۆپ و تفەنگ
ناوی پیاوە دوژمنی ئێستە، وەلێ عەینەن ژنان[7]

«دڵدار»، لە هۆنراوەی «منداڵی هیوا»دا، بە هۆنراوەیەکی بیستوشەش دێڕیی، ئامۆژگاریی منالانی کردووە، بە هیوای پاشەڕۆژی داناون. کەچیی، لە دێڕێکدا گوتوویەتی:

ئەوە ژین نییە، کە وەک ژن بژیت
ئەبێ، هەم ئازا و هەم مەزن بژیت[8]

تەنانەت، یەکێکی وەک «دلزار»ی هۆنەریش، لە دەس ئەو پەتای سووک تەماشاکردنەی ژنان، قوتاری نەبووە. کاتێ، لە گوندی «دەرگەڵە» بووە، هۆنراوەی « ئافرەت و جگەرە »ی لە « ۱۹۷۳/۰۵/۰۸ » هۆنیوەتەوە. ژنی بە جگەرە بەراوردکردووە و گوتوویەتی:

ڕاستە ئافرەت و جگەرە هەر دوو
سنگی پیاو دەکەن، شەکەت و ماندوو
بەڵام پیاو تووتن دادەگیرسێنێ
ئافرەت بێ پەروا پیاو دەسووتێنێ[9]

لای خۆی، « دلزار » کۆمۆنیست بووە، ئەوانیش لە هەموو لایێ پتر، بەوە ناسراون، کە ڕێزی ژن دەگرن و داوای یەکسانیان بۆ دەکەن. کەچی، لە دوو نیوەدێڕ هۆنراوەدا، چاکە و خراپەی ژنی تێکەڵکردووە و گوتوویەتی:

هۆی کڵۆڵی و کامەرانی زۆرەها کەس، هەر ژنە
گەنترین مایەی ژیان و چاترین گەوهەر، هەر ژنە![10]

گەر بڵێین: هۆنەرە کلاسیکییەکانی کورد، زۆربەی زۆریان، لە «هەیوانی مزگەوت، ژووری حوجرە، سەر سەکۆی تەکیە و حەوشەی خانەقا»کاندا پێگەیشتوون، هێندێکیان هەر خۆیان «فەقێ، مەلا، شێخ و زانای ئایینیی»ش بوون. هێندێکی دیکەشیان، کاسبکار و هەژار بوون. هەموشیان، لە ژێر کارتێکردنی باوەڕی ئایینی ئیسلامدا، بەو شێوەیە لە ژنیان ڕوانیوە، ئەوا هەموو ئەو دید و بۆچوونانە، بە ڕوونی دیارە و پێویستی بە دەمەتەقێ نییە. چونکە، ئایینی ئیسلام، دان بە یەکسانیی و بەرابەری ژنان و پیاواندا نانێ. ژنان لە پیاوان بە لاوازتر دادەنێ. لە میراتبەشکردن و گەواهیداندا، دوو ژن بە یەک پیاو تەماشادەکرێن. تەنانەت، لە هێندێ ئایەتی قورئانیشدا، زۆر بە ڕاشکاوی ئەمەی پیشانداوە، وەک لە سوورەتی « ئەلنساء » و ئایەتی ٣٤ دا نووسراوە: (الرجال قومون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض و

بما انفقوا من اموالهم فالصلحت قانتت حافظت للغيب بما حفظ الله و التى تخافون نشوزهن فعظوهن فى المضاجع و اضربوهن فان اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا)[11] ئەوەتە، پیاوانی لە ژنان بە تواناتر و بە دەسەلاتتر ناساندووە. بە ئاشکرا ڕێگەی پیاوانی داوە، گەر ژنان بە قسەیان نەکردن، ئەوا دەتوانن، سزایان بدەن، شەوجێگەیان لەگەڵ نەکەن، لێیان دەن. باشە گوتمان: ئەو هۆنەرە کلاسیکییانە، باوەڕەکانیان لە سەرچاوی بیری ئایینییەوە هەڵێنجاوە، ئەدی، هۆنەرە نوێخواز و هاوچەرخەکانمان، کە زۆربەیان باوەڕیان بە ئایین نییە، لە بەر ڕۆشنایی کام باوەڕ و ئایدۆلۆژیادا، بۆچوونەکانی خۆیان دارشتووە؟! بۆ بەو شێوەیە، لە ژنیان ڕوانیوە و دەڕوانن؟!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەوڕۆ، کۆمەڵگەی کوردەواریی، لە گەلێ ڕووەوە، لەگەڵ جاراندا جیاوازیی هەیە. لە گەلێ بواردا پێشکەوتووترە. بە دەیان ژنی کورد دەبینین، لە ڕیزی «یەکێتی نووسەران»دا کاردەکەن، شانبەشانی پیاوان دەنووسن. بە سەدان ژنی کورد هەن، لە «یەکێتی ژنان»دا ئەندامن، بۆ مافە ڕەواکانی خۆیان تێدەکۆشن. بە هەزاران ژنی کورد هەن، شانبەشانی پیاو، چەکیان هەڵگرتووە و داکۆکیی لە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن. بە میلیۆنان ژنی کورد هەن، لە کارگە و دەزگەکانی دەولەتدا کاردەکەن و بژێویی ڕۆژانەی خۆیان پەیدادەکەن.

لە کۆتایی ئەم گوتارە کورتەدا، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم: ئەز پێم وایە، هێندێ جیاوازیی «بایۆلۆژیی و فیزیۆلۆژیی» نەبێ، هیچ جۆرە جیاوازییەکی دیکە، لە نێوان ژنان و پیاواندا نییە. چونکە، بە هەر دووکیان دەڵێن مرۆڤ و بە هەر دووکیان مرۆڤێ پێکدێن، تەواوکەری یەکدین. هەر کامێکیان بێ ئەوی دیکەیان، بە ناتەواو دادەنرێن و کۆمەڵگەیان لێ پێک نایە. بۆیە، هەر وا بە خۆڕایی نەیانگوتووە: ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی دیکەشێتی!

هەروەها دەڵێم: ژن لە کۆمەڵی کورددا، گەلێ لەوە بەرزتر و درەوشاوەترە، کە ئەو هۆنەرانە باسیانکردووە و تاماشایانکردووە.[12] لە هەمان کاتیشدا، گەر چەند هۆنەرێکمان هەبووبێ، بەو شێوەیە لە ژنانی کوردیان ڕوانیبێ، ئیدی واتای ئەوە نییە، هەموو هۆنەرانی کورد، هەر بەو شێوەیە، بیریانکردۆتەوە، باوەڕیان بە مافە ڕەواکانی ژنانی کورد نەبووە، داکۆکییان لێ نەکردوون، هۆنراوەی جوانیان بۆ نەهۆنیونەتەوە. نەخێر، بەڵکوو، چەندین هۆنەری پێشکەوتووخوازی وەک: «مەلای گەورە، ئەسیریی، بێکەس، موفتیی، قانع، گۆران ... تاد» یشمان هەبوون و هەن، ئەو ئەرکە مرۆییەیان لە ئەستۆ گرتووە و زۆر بە ڕێزەوە، ناوی ژنیان بردووە. هەر چەندە، لای من، ژن گەلێ لەوە بەرزتر و پیرۆزترە، کە «ئەسیریی» هۆنەر، لە هۆنراوەی «ئافرەت لە شەڕی کوردەواریدا» باسیکردووە. بەلام، هیچ لە باسەکەمان ناگۆڕێ، گەر ساتێکیش، لە وەلامی ئەو هۆنەرانەی پێشوودا، گوێ لە هۆنەر بگرین، بزانین، چی گوتووە. «ئەسیریی»، بە حەڤدە دێڕ هۆنراوە گوتوویەتی:

گەر هەرایێ بێ لە نێو کوردستان
یاریدەی پیاوان ئەدەن کیژ و ژنان
سەنگەر ئەگرن، شەڕ ئەکەن مێرد و کوڕان
نان و ئاویان بۆ دەکێشن ئافرەتان
یەک لە پیاوان لێ درێ، ژن زووبەزوو
دەیرفێنن، دەینێنە سەر کۆڵ و شان
دایکەپیرە، زامەکەی تیمار ئەکەن
دەیبەنە دێ، بۆ نەخۆشگەی دیدەوان
بۆ ئەوەی پیاوان، هەموو بۆ شەڕگە چن
وا دەبینی دۆتە[13]ی شێخ، بووە شوان
کیژی ئاغا و بەگ، بە لەنجەولارەوە
خۆی لە ناچاریی، دەبێتە باغەوان
واکناچە[14]ی ڕیش سپیی گوند و مەلا
یەک لە سەر بێستانە، یەک ساوەلەوان[15]
هەرچی کاری کوڕ بێ، کچ سازی ئەکات
تا لەبەر دوژمن، نەبن تەنگاو ئەوان
شەڕ کە هاتەدەس بە پەنجە و قایە
جێدەمێنێ، باخ و ساوا و کەپرەوان
مێینە بڕبڕ، بۆ جێ شەڕ ڕائەکەن
نابێ لەو چاخە، لە هیچ کەس ترسی گیان
خوێش و خەڵک و مێرد و خێزان پێکەوە
تێدەکۆشن، هەر وەکوو خوشک و بران
تا وەکوو دوژمن، شکست ئەخوا تەواو
شەڕئەکەن، بڕبڕ ئەدەن هەوڵ و دەوان
هەر کە دوژمن سەرفرۆ بوو، شاد ئەبن
پیاوەکان دیل ئەگرن و تالان کوڕان
ئافرەت زامدار و کوژراو خڕئەکەن
کاکە و ڕۆڵەی شیرین و بابیان
لەم شەڕی شێرانە، چۆن سەرکەوتوون
نابیستێ هیچ کەس، گرین و دەنگیان
شادیی و بەزم و زەماوەن هەڵپەڕین
هەر لە ئێوارێ گڕئەدرێ، تا بەیان
ئەی « ئەسیریی »، میللەتێک وابێ ژنی
تێبگە، ئنجا چلۆنە پیاویان[16]

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١) **حاجی قادری کۆیی**، دیوان، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦، لاپەڕەی ٢٦٠.

٢) **مەحوی**، دیوان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفێست، بەغدا، ١٩٨٤، لاپەڕەی ٣٥٨.

٣) **موخلیس**، دیوان، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی ١٩٨٨، لاپەڕەی٤٣.

٤) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی٦١.

٥) **ئەسیری** ـ دیوان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی «ئەلحەوادث»، بەغدا، ١٩٨٠، لاپەڕەی٣٩.

٦) **ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی**، پێویستی ئەو شیعرانەی پێویستنین، چاپی یەکەم، چاپخانەی سلێمانی، کوردستان ـ سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕەی٣٩.

٧) **سەلام**، دیوان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەلحەوادث، بەغدا، ١٩٩١، لاپەڕەی١٨٤.

٨) **عبدالخالق علاءالدین**، دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی « دار افاق عربیه للصحافه و النشر »، بەغدا، ١٩٨٥، لاپەڕەی ٢١٧.

٩) **دلزار**، دیوان، چاپی یەکەم، سوید ـ ستۆکهۆلم، ١٩٩٢، لاپەڕەی ١٤٣.

١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی١٤٨.

١١) **قورئان**.

١٢) لە سەر ژنانی کورد، بابەتێکی فراوانترم بە دەستەوەیە، لە هەلێکدا بلاوی دەکەمەوە.

١٣) کچ.

١٤) کچ.

١٥) بەرخەوان.

١٦) **ئەسیری** ... لاپەڕەی ٥٥-٥٧.

# کچ لە دایک بووم

سارا ژوان



لە ژێر ئاسمـانی چاوداگـیـرساوی تاسـەبار، لە شـەوێکی درێژی قورقوشم دا، کە خوێن لە باڵای کات دەچۆڕا...

لە کاتێکدا کە خەم ڕەشماڵی لە سەر خانووە قوڕەکان هەڵدابوو...

لە زستـانێکی تووشی سـەخڵـەتدا کە دەنکە لەرزۆکەکانی بەفر، کلو کلو سەمایان دەکرد...

لە کاتێکدا کە ئەستێرەکانی دەوری مانگ لە جریوە جریو کەوتبوون...

دایکم کـە زەویش لە گـەڵیـدا ژان گرتـبووی، ژان گـرتی و کـچێک ــ گۆزەی دەستکردی خـوا ــ بە گریان و زیکە زیک کەوتە نێو سـارای ژیانەوە.

کچ لە دایک بووم، لە هاتنم سام لەشی دایکمی داگرت، لەو وابوو کە پارووپەکم و دەیخنکێنم...

دارەمەتێک و وێنەیەکی پێچەوانە و خواروخێچ بووم بۆ باوکم.

کچ لە دایک بووم، ڕووخسـاری ئەسـمـەر و بڕۆنزیم، دیمەنێکی پڕ لە وشەی جوانیی بوو.

پرچ ڕێڕین، چاو خـەزاڵ، لێـو یاقـووتی سـوور، لەش نەرم و نـاسک، مـەمک پڕ لـە ئیحـسـاس و تورت و توند، ڕوح شـەونمـی گـوڵی یاس، بەژن چناری بەرز... تابڵـــۆیەکی پڕ لە نەخش و نیگار لە نێـــو چوارچێوەیەکی ڕازاوەدا.

کچ لە دایک بووم، بە شــیــری تاڵیی گـــەورە بووم، تەوقی ڕەشـی بەدبەخـتی لە گـەردنمدا، پرسـیـار لە سـەر پرسـیـار وەک ڕێچکەی مێرووله ڕێیان دادەگرت، بەڵام وەڵام وشەی بێدەنگ و فەرهەنگی ڕەنج بوو...

کچ لە دایک بـووم، ڕەنگ زەرد و خـەمـاوی، هەمـوو جێگـەیەک تەنگ و نامـۆ، هەمـوو شـتـێک نەناسـراو، تەجـرەبەی ژیان لە چواردیواری خانووە قوڕەکان دوورتر نەدەڕۆیشت.

کچ لە دایک بووم، کوژەکە و حاجیله و پاوانە مووڕووی خەم و ماتەم، کڕوگاڵی دەروون و پێکەنین مۆسیقای کلۆلیی، بیر و باوەڕ بەسـتراو بە دەسـرازەی بێبـەزەیی، خـانووچکەی خـەیاڵ قـورمـاوی و هەناسـە هەڵمژینی ئاخ...

کچ لە دایک بووم، هەمـــوو کـاتێک لە ڕازی عـادەبوونی مـــانگانەم دەترسام، لەم پەرستگای وێرانەدا حـەیا و عیسمـەت نەماوە و عیفەت و پاکی فرۆشراوە، لە دوای هـەر شـەوێک بەرگی خۆفرۆشی لە بەرمدا، لە خـــۆرەتاوی بەیانی ئاشــتــیـدا فــیـدای زەرەدەپەڕی ئێــوارەی هەوەسبـازان کراوم. تەوری ملیەڕێنی شەهەوتپەرستانی داڵ سـفەتی چاو زەرد، سەدەف و مرواریی جوانیمیان شکاند.

ملهـوڕ و چەتەکـانی زەوق و هـەوس، وەک مـاین دەیان ڕەتاندم. وەک داری پاییـز ڕووتیـان دەکـردمـەوە... ئاخ چەندەم شــەرم دەکـرد لە ڕووتبـوونەوە، بەڵام لەشی ڕووتم بۆ ئەو داڵاشـانە چ لاکێکی خـۆش و بەتام بوو.

دووگی حوشـترە مل درێژەکان پڕ لە شـەهوەت بوو. ڕشکی سـەری ئەو هـەوسبـازانە تەواو نەدەبوو... وەک جاڵجـاڵۆکە بە لەشـمەوە دەئالان و خاڵخاڵۆکەی پاکیمیان دەتەنی.

کچ لە دایک بووم، دنیا دەشـتێکی کاکی بە کاکیی پڕ لە پرسـیاری بێ وەلام... مێژوو داستانبێژێکی لاڵ، زەمان دادوەرێکی کەڕی ناردەستی داگیرکەرێکی زۆردار، چارەنووسیش شەوکوێر...

کچ لە دایک بووم، لە نێـو جـەغـزی کـات، لە نێـو ئاوێنەی خـولاویی ڕابردوودا، لە نێو کتێب و لاپـەڕەی نووسـراوەکـانمدا ون بووم و خـۆم نادۆزمەوە، یادم بە دوای فەرامۆشییەکانمدا دەگەڕێ.

کچ لە دایک بووم، هیوا و ئامـانجـەکانم لە گۆڕستـانی دڵمدا نێژران، تەمەنم وەک گەڵای داری پاییز وەری...

ژان دەمگرێ، ژانی نیگایەک کە هـەرگیز نەیتوانی ئەوین بخوێنێتەوە...

ژان دەمـگرێ، زام... دەرد و ڕەنج زام: مـنـاڵێکـی گـــۆج و ئیـــفلیج و نەقوستان، کچ لە دایک بووم، نەهەنگی ژیان قووتی دام...

# ئەبولقاسمی لاهووتی(١٩٥٧-١٨٨٧)

**بە بۆنەی چاپی هەڵبژاردەی شێعرەکانیەوە**

نووسینی: سەعید نەفیسی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئەنودر سوڵتانی

**سەرەتای وەرگێڕ**

وەک لە ژمارەی پێشووی گزینگدا بەڵێنم دابوو، وا تەرجەمەی کوردی وتارێکی سەعید نەفیسی، نووسەر و توێژینەری ئێرانی لەمەڕ شێعری لاهووتی دەخەمە بەرچاوی خوێنەران.

نەفیسی ئەم وتارەی وەک سەرەتا بۆ چاپی شێعرە هەڵبژاردەکانی لاهووتی بە زمانی فارسی نووسیوە. هەڵبژاردەی شێعری لاهووتی و ئەم وتارەی نەفیسی پێکەوە لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئێران بڵاوبوونەتەوە.

وتارەکە بە زمانی فارسی نووسراوە و پاشان لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری «پیام نو»، ساڵی ٢، سپتەمبەری ١٩٤٦ی بڵاوکراوەی ئەنجومەنی دۆستیی ئێران و سۆڤیەتدا لە تاران چاپ کراوە و ئینجا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. بە داخەوە نەمتوانی دەقی وتارە فارسییەکە بدۆزمەوە و ئەم وتارەم لە بەر تەرجەمە ئینگلیزییەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. جێی خۆیەتی سپاسی کاک دوکتور ئەمیری حەسەنپوور بکەم کە دەقی ئینگلیزی وتارەکەی بۆ ناردم.

بۆ هەندێ بابەتی نێو وتارەکە هەوڵم داوە، پەراوێزێکی کورت ئامادە بکەم و بەم شێوەیە یارمەتی خوێنەرانی کوردی غەیرە ڕۆژهەڵاتی بدەم کە دوور نییە بە شێک لە بابەتەکان بۆیان نامۆ بێت.

هیوادارم بتوانم هەردوو وتارەکە بخەمە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی خۆم لەمەڕ لاهووتییەوە و ئەم شاعیرە کوردە فارسی نووسە زیاتر بە خوێنەری کورد بناسێنم. خۆ ئەگەر توانیم سەرە هەودایەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی دەربکەوێت لاهووتی هیچ نەبێ لە سەرەتای لاوەتیدا بە کوردیش شێعری گوتووە، ئەوا ماندوویيم دەحەسێتەوە.

کاتێ ئەم وتارە بە تایپکراوی بۆ چاوپێداخشاندنەوە و هەڵە ڕاستکردنەوە ڕەوانە کرابوو، بەرگی سێهەمی کتێبی «حدیقه سلطانی»ی نووسینی کاک «محەمەد عەلی سوڵتانی»یم گەیشتە دەست کە نووسەر خۆی بۆی ناردبووم. ئەم کتێبە کۆمەڵەی شێعری شاعیرانی گۆران و هەورامانی یە. لە بەرگی سێهەمدا پارچەیەک شێعری کوردیی لاهووتی چاپ کراوە. کاک محەمەد عەلی نەینووسیوە، شێعرەکەی لە کام سەرچاوە وەرگرتووە بەڵام هەرچۆنێک بێت بڵاوبوونەوەی ئەم شێعرە لە پێوەندی باسەکەی ئێمەدا گەلێک گرینگە.

شێعرەکە، «حەج»ی بۆ من هێناوەتە سەر «لەج» واتە ئەوەی لە دوور بۆی دەگەڕام و دەمەویست ئیسپاتی بکەم، وا ئێستا لە بەردەستمدایە و ئیتر لەو بە ڕوونی دەتوانم بڵێم لاهووتی کرماشانی، کورد بووە، بە کوردی قسەی کردووە و بە کوردیش شێعری گوتووە. کوردی شێعرگوتنی لاهووتی بێگومان هی سەردەمی لاوەتی و ژیانی کرماشانیەتی. دواتر لە تاران، گۆڕانکارییەکی زۆر بە سەر بیر و فیکریدا هاتووە و ئیتر کوڕە کوردە کرماشانییەکە لە ژێر تەئسیری بۆچوونی باوی سەردەم، مەسەلەی نەتەوایەتی وەلاناوە، گەرچی تاسەردەمی مردن ئێرانیچییەتی هەر کردووە. لە پێوەندی لە باسی ئێمەدا گرینگ ئەوەیە لاهووتی لێرە بەدواوە ئاوڕی لە شێعر و زمانی کوردی نەداوەتەوە و بەهرە و توانای خۆی تەرخانی شێعر و زمانی فارسی کردووە.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا، دەقی شێعرە کوردییەکەی لاهووتی دێنمەوە و سپاسی زۆری کاک محەمەد عەلی سوڵتانی دەکەم بۆ ئەم کارە مەزنەی کردوویەتی.

***

ناوی لاهووتی، یەک لە بیرەوەرییەکانی ئەدەبی سەردەمی زووی منە ـ سەردەمی گەنجیەتی و کەم خوێندەوارییم و ئەو کاتانەی وا دەمویست ببم بە شاعیر و نووسەر.

ئەوەدەم، تاقە ڕێبەرێک کە بەهرەی ئەدەبیی منی دەرخست زەوق و شەوقم بوو بە نیسبەت شێعرەوە لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ کتێب. ئەوانەی وا لە جیهانی سایکۆلۆجیدا گەورەبوون(؟) دەزانن، یەکەمین نیشانەی بەهرە و حاڵەتی زاتی لە قوتابیدا، بریتی یە لەو خواستەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شوێنی شاعیرێک بگرێتەوە وا خۆشی ویستووە و شوێنی لێ هەڵگرتووە، ڕاست وەک ئەویندارێکی پەرێشان کە بیەوێ لە باوەشی دڵدارەکەیدا بحەسێتەوە. منیش شتێکی ئەوتۆ بووم و بیرم لە هیچ دیاردەیەکی دیکە نەدەکردەوە. بیرەوەریم لە شێعرەکانی لاهووتی، هی ئەو سەردەمانەیە.[1]

ئەوکات، من تەنیا سێ شاعیری هاوچەرخم دەناسی: سەید ئەشرەفەدینی حوسێنی گیلانی[2]، مەلیکوشوعەرا محەمەد تەقی بەهاری مەشهەدی(١٩٥١-١٨٨٦) و ئەبولقاسمی لاهووتی کرماشانی(١٩٥٧-١٨٨٧). ئەوانەش وا هاوتەمەنی من، ئەو سێ کەسەیان بە باشی لەبیرە.

لاهووتی تەنیا هەشت ساڵ پێش من هاتبوە جیهان[4]، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئەو لە نۆزدە ساڵانەوە دەستی کرد بە شێعر گوتن[5]، ئیتر لەو

کاتانەدا کە من یەکەم هەنگاوم لە جیهانی ئەدەبیاتدا هەڵدێناوە ئەو ببوە شاعیرێکی ناسراو.[٦]

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لاهووتی هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک لە خەباتکارانی ڕێبازی ئازادی، چوو بۆ تورکیا، دوای شەڕ، گۆڤاری «پارس» چاپی ئەستەمول کە یەکێک لە باشترین گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەو دەم بوو، هەندێ جار شێعری لاهووتی بڵاودەکردەوە[٧] و جاروبارە دەگەیشتە ئێران. کاتێکیش لە تورکیا گەڕایەوە ئێران و جارێکی دیکە[٨] چوو بۆ ئازەربایجان، شێعرەکانی هەندێجار دەگەیشتە دەستی ئێمە.

کاتێ لە ساڵی ١٩٣٢دا بۆ یەکەم جار لە مۆسکۆ چاوم پێی کەوت، ١٣ ساڵ بوو لە یەکیەتی سۆڤیەت دەژیا و بیست ساڵیش بەسەر ئەوەدەمانەدا تێدەپەڕی کە من بۆ یەکەم جار شێعری لاهووتیم خوێندبووەوە.

ڕووداوەکانی جیهان، شێواز و ڕێبازی جیاوازیان گرتبووەبەر. ئەو شاعیرەی من لە ساڵی ١٩٣٢دا، بۆ یەکەم جار لە مۆسکۆ بینیم تەنیا شاعیرێکی ئێرانی بە بۆچوونی شۆڕشگێرانە و لایەنگری ئازادی یاخود سووکە شاعیرێک نەبوو کە باسی ئەوینی نیشتمانپەرستیی ئێرانییەکان بکات. لەوێ، لە سۆڤیەت نیتر ناوی لاهووتی بە هەموو لایەکدا بڵاوبووبووە، وڵاتە ئازادکراوەکانی دیکەش[٩] ناوی لاهووتییان بەرگوێ کەوتبوو و کارە هەڵبژاردەکانی وەرگەڕابوونە سەر چەندین زمان.

پاشان لە ساڵی ١٩٣٦، لە هاوینە گەشتی ئەم دواییەی خۆم بۆ مۆسکۆدا، چاوم بە شاعیرێکی ناودار کەوت و لە گەڵیدا وتووێژم کرد.

باوەڕ ناکەم هیچکام لە هاوولاتییەکانم هەستی ڕاستەقینەی لاهووتی بە نیسبەت ئێرانەوە وا بناسن کە من دەیناسم. خۆشویستنی شێعر وبۆچوونەکانی لاهووتی لای من، ڕاستییەکی تێدایە: شێعری لاهووتی باشترین نموونەی شێعری فارسین و دەبێ شاعیرانی دیکە لە باری کێش و هەروەها لە باری ناوەرۆکەوە، پێ بنێنە جێ پێی ئەو. هۆی بۆچوونەکانیشم ئەو ڕاستییانەی خوارەوەن:

زۆربەی زۆری شاعیرانی هاوچەرخ لە نیشتمانی ئێمەدا، بۆنی شێعریان هەڵنەمژیوە. ئەو خەڵکانە، وابیر دەکەنەوە کە مەسەلەی سەرەکی لە شێعر گوتندا، تەنیا ڕواڵەت واتە تەکنیکی نووسین و ئاڵۆزاندنی ناوەرۆک و کینایە و چواندنە. بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان، هەر ئەوەندە بەسە لاسایی کێش و قافیە و توانای شاعیرانی پێش خۆیان بکەنەوە و هیچی تر! گومان لەوەدا نییە کە شاعیرانی مەزنی ئێران بە پارێزەوە هەوا و کێش و قافیەیان بەکارهێناوە و هەر بەم شێوەیەش جیهانیان گرتووە. ئەوان ئیتر مەیدانێکی ئەوتۆیان بۆ شاعیرانی دیکە نەهێشتۆتەوە.

بە زمانێکی تر بڵێین، شاعیرانی [ئەمڕۆی] ئێران لە باری فکر وهەروەها تەکنیک و ناسکییەوە، کە تایبەتمەندیی شێعری فارسین، هیچ کاتێ ناتوانن ببن بە فیردەوسی و عومەری خەییام و سەعدی و حافز، کەوابوو دەبێ ڕێبازێکی دیکە هەڵبژێرن، ناوەڕۆکی نەناسراو بخوڵقێنن، سەرەوای نوێ بدۆزنەوە و قافیەکان جارێکی دیکە بخەنەوە بەر ئەزموونکاریی.

لە کۆندا، شاعیران ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لەسەرشان نەبووە[!] و ئەوەی لە دڵیاندا بوو بێت و بە خۆیان گوتبێتیان، بە سەربەستی لە شێعریشدا دەریان بڕیوە. ئەمڕۆ (ساڵی ١٩٤٦)، وێژەر و نووسەر، ڕێبەران و پێشڕەوانی بیرۆکەی شارستانیەت و بیری نوێی جیهانن، بەم پێیەش دەبێ لە ڕیزی یەکەمی پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستدا بوەستن. ئەوە گرینگترین لایەنی شێعری لاهووتی یە و هۆی ئەوینداریی منیشە بە شێعرەکانی.

لاهووتی، ئەو وێژەرەیە کە شیری لە کالان کێشاوەتەدەرێ و بە سینگی ڕووتەوە کەوتۆتە گۆڕەپانی شێعرەوە لە هەموو ٥٩ ساڵی تەمەنی، نزیکەی سی ساڵی لە مەیدانی خەباتدا بەردۆتەسەر. پێشمەرگە شێعر نالێت[١٠] بەڵام زۆر شاعیر هەن کە خەبات دەکەن و لاهووتی یەک لەوانەیە.

لایەنێکی دیکەی کاری لاهووتی، خۆ بەختکردنیەتی لە پێناو ئەو ئاوات و باوەڕانەی وا لە شێعرەکانیدا دەری دەبڕێت. ئەوەی لە شێعری لاهووتیدا دەیبینی عەینوبیللا هەر ئەو شتانەیە وا لە بیروبڕوایدا هەیە.

من لە پێوەندییەکی نزیکی ئەم شاعیرە بەهێزەدا بووم و هەم. ژیانی لاهووتیم خستۆتە بەر سەرنج، سەردانی ماڵیم کردووە، هەموو نووسراوەکانیم خوێندۆتەوە، گوێم لە قسەکانی گرتووە و دەزانم شێعری لاهووتی، ڕەنگدانەوەیەکی تۆخی بیر و بڕواکانین. ئەو وتووێژە دوورودرێژەی لەگەڵ شاعیردا کردوومە، باشترین نیشاندەری ئەوین، لە خۆبوردوویی و شەوقی تایبەتیی ئەون بە نیسبەت نیشتمانەکەیەوە. لەوەش ئاشکراتر، ڕەوانبێژییەتی لەو شێعرانەدا کە بە ئێرانیدا هەڵگوتوون.

لاهووتی، ئەم مەیلە بەسۆزەی لە خێزان و مندالەکانیشیدا خولقاندووە. سەرەڕای دوورمانەوە لە ئێران و ئێرانی، پێوەندیی نزیکی خۆی لەگەڵ زمانی فارسیدا پاراستووە و هەمان بۆچوون و هەمان تەرکیب بەکاردەهێنێت کە لە زمانی فارسیدا بەکاری دەهێنن. بۆ ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونی خۆی بە خەڵکی تاجیکستان، کەڵکی کەم لە وشە و عیبارەتی تاجیکی وەردەگرێت. ئەوەش لایەنێکی دیکەی گرینگە لە شاعیریەتی لاهووتیدا کە بۆتە هۆی ئەوەی شێعرەکانی لە نێو خەڵکی تاجیکستان و ئۆزبەکستاندا خۆشەویست بن. گەلێک گرینگە کە لاهووتی نیجازە نادات خەڵکی تاجیکستان بنەمای نووسینی پێشینیانی خۆیان لە بیر بەرنەوە.

چۆنیەتی بۆچوون و قسەکردنی لاهووتی، تەواو ئێرانی یە و ئەوەش گرینگایەتییەکی دیکەی بەکارهێنانی زمانە لەلایەن ئەوەوە. نموونەی باشی وشە و عیبارەتی جوانی شێعری فارسی لە نووسینەکانی لاهووتیدا بەدیدەکرێت.

ئەوانەی سەرنجیان داپێتە نووسینەکانی لاهووتی، دەزانن لە ماوەی مانەوەی تورکیادا، تەنیا شتێک کە پێی براپێت، گلەیی و شکات و خەم و دڵساردی یە. شاعیر، لەوێ وەک پەپوولەیەک وایە لە قەفەزدا ڕاگیرابێت یاخود لە باڵندەیەکی ئەسیر دەچێت.

بەڵام ئەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەت پێی براوە، شەوق و هەست و خەبات لە ڕێگای نیش و کاری خۆی و بیرەوەریی ئێرانە و هیوای گەڕانەوەیەتی بۆ وڵات. شاعیر، هەمیشە یەکیەتی سۆڤیەتی بە نیشتمانی دووهەمی خۆی زانیوە و وەک ئاکامێک، شەوق و هەست، خۆشەویستترین باوەڕ و ئاواتەخوازیی بۆ جیهانێکی باشتر و ڕازاوەیی وشە، هەموو لێرە سەریان هەڵداوە.

ڕۆحی ئێرانیچییەتی لاهووتی لە هەندێک لە باشترین شێعرەکانیدا

دەرکەوتووە. لەوانەن: «مەرگی موجاهید»[11]، «وەلامێک بۆ فریوکاران»[12]، «وەحدەت و تەشکیلات»[13]، «وەسیەت»[14]، «ئێرانی من»[15] و «وەلامێک بۆ ڕۆمن ڕۆلان»[16]. شێعری لاهووتی، یەک یەک یا خود سەرجەم، چەندین جار لە یەکیەتی سۆڤیەت چاپ کراون. کۆمەڵەی شێعرەکانی تەنانەت لە شاری «تەورێز»یش چاپ کراوە[17]، زۆر شێعری وەرگەڕاوەتە سەر زمانە جیاجیاکانی یەکیەتی سۆڤیەتی بە زمانی ڕوسییەوە. لەم دواییەدا، چاپی تازەی باشترین شێعرەکانی بە ناوی «کارە هەڵبژاردەکان» لە ٤٦٢ لاپەڕەدا لە مۆسکۆ چاپ کراوە و هەندێک لە باشترین شێعرەکانی گرتۆتەبەر. چاپی تازەی نۆیبرێتی «کاوەی ئاسنگەر»[18] لەم دواییەدا لە تاران بڵاوبۆتەوە.

ئێستا کە چاپی تازەی «کارە هەڵبژاردەکان»ی لاهووتی کەوتۆتە بازاڕەوە، دەتوانم بە وردی و ڕوونییەکی زیاترەوە لێیان بڕوانم. هەربۆیەش بە پێویستم زانی ئەم سەرەتایە بنووسم. هەروەها پێشنیاری خوێندنەوەی کتێبەکە، بە هەموو خوێنەرێک دەکەم.

هیوادارم ئەمڕۆ، کە ئێرانی خۆشەویستی ئێمە وەک گەمییەکی بێ گەمیەوان کەوتۆتە جەرگەی کارەساتەوە[19]، ئەفەسی پڕ هەستی ئەم شاعیرە مەزنەی ئێران، شوێنی پێویست لە سەر برا ئێرانییەکانمان دابنێت. هەروەها بە هیوام ڕۆحی بە جەرگی و ئازایەتی ئەم شاعیرە مەزنە کە لە نووسینەکانیدا شەوق دەداتەوە، لاوانی ئێرانی بخاتە سەر ڕاستەڕێگای خەبات.

لایەنێکی دیکەی ژیانی لاهووتی کە دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە، دۆستایەتی و نزیکایەتییەتی لە «ئیحسانولڵاخانی دۆستدار»، ئەندامی «کۆمیتەی موجازات» و ڕێبەری باڵی چەپی بزووتنەوەی جەنگەڵ. ئیحسانولڵاخان (١٩٤١-١٩٨٤؟) زۆر واهەیە لەو سەردەمەدا تێکەڵ بزووتنەوەی جەنگەڵ بووبێت کە لاهووتیش دوای کوژرانی ئەفسەرە ئێرانی و سوێدییەکان ویستی بچێت بۆ «ڕەشت» و نەیتوانی. درەنگتر، دوای هەرەسی بزووتنەوەکە، ئیحسانولڵاخان کە بە هەڵە تاوانی کوشتنی میرزا کوچک خانی دەدرێتە پاڵ دەچێتە سۆڤیەت و پاش ماوەیەک شرت وگوم دەکرێ. پێوەندیی ئەو دوو کەسایەتییە جێگەی سەرنجی تایبەتی یە.

هەروەها، بە بڕوای من، دەبێ وتار و شێعری لاهووتی لە ڕۆژنامەی «شفق سرخ/ شەفەقی سورخ»ی عەلی دەشتی دا بڵاوبووبێتەوە و پێداچوونەوەی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، کارێکی پێویستە.

• • •

## شێعری کوردیی لاهووتی:

(لە وەڵامی «سولەیمان خانی زەنگەنەی مووسا نارنجی» دا گوتوویەتی)

نوتق و کەلامەن
ئیفتخار شەخص نوتق و کەلامەن
کەلام وەدیعەی حەی عەلامەن
شێوەی خاصانەن نە بەهر عامەن
کەلام وەدیعەی جان ئافەرینەن
کەلام، ئیلهام روح الامینەن
نە هەر کەلامێ نەعز و صەواوەن
کەلام بێ حیکمەت زایە و خەراوەن
کەلام خەواص غەیر لە عەوامەن
عەوام کەی قابیل نوتق و کەلامەن
مەردم عەوام ضرب المثلن
مەعنای «کالانعام» بل هەم ئەمەلەن
کەلام ئینسان بایەد مەتین بوو
عاقڵ پەسند بوو، حیکمەت قەرین بوو
پەیغەمبەر کە تاج «لولاک»ش بەردەن
وە کەلام ئیسپات نبووەت کەردەن
وە کەلام مووسا نە فیرعەون پێش بی
وە خەلق بێگانە، وە خودا خوێش بی
کەلام بی باعیث ئیجاد بەشەر
کەلام بی موعجیز پاک پەیغەمبەر
نەبی وات: من فەخرمەکەم وە کەلام
الملوک، ملوک الکلام
خەلق کەلام کەر چون حی سوبحان
ئی مەنسەب خاص دا، وە سولەیمان
رەسم ثانیە ئیسمش بی پەیدا
تنزل الاسماء و من السماء

هاوار هەمسەران! هەم دیوانە بیم
دیوانەی کەلام ئی فەرزانە بیم
لە ئەو چون تووتی نوتقم خاموش بی
شەکەرفشانی وێم فەراموش بی
یە، کەلام نیەن سیحر حەلالەن
چەشمەی تەسنیمەن، ئاو زولالەن
ماشەڵلا ژی نوتق سولەیمانیە
لی ئاغانیە، لی سولتانیە
لی دوڕئەفشانی، لی خوەش کەلامی
سەعدی ثانی، ثانی نیزامی
عەیب نیەن کە بی بیابان نشین
نە فەخر لە مەکان ومن المکین
ژەوبۆ نە سەحرا کەردن وە یا نە
تا بزانۆن گەنج ها لە وەیرانە
لاهووتی! بەس کە دوڕئەفشانیە
مەدح و مەنقەبەت سولەیمانیە

**سەرچاوە**

محمد علی سلطانی، «حدیقه سلطانی»، جلد سوم، خط: فریبا مقصودی کرمانشاهی، چاپ اول، نشر سها، تهران ١٣٧٩، صص ٦٨ و ٦٩.

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

١) سەعیدی ئەفیسی، ئەدیب و نووسەری ناسراوی ئێرانی (١٩٦٦-١٨٩٥)، بۆ ماوەیەک لە تەمەنی خۆیدا پێوەندییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ پێشکەوتنخوازان و تەیاری چەپی ئێراندا هەبووە و چەند جارێک سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی

کـردووه. ئەم وتارە، بەرهەمی ئەو سـەفـەرانە و چاوپێکەوتنی لاهووتی یە لە وڵاتی سۆڤیەت.

٢) سـەید ئەشـرەفـەدینی حـوسـێنی، شـاعـیـر و ڕۆژنامـەنووسی ئێـرانی و سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی «نـسـیم شمـال» (١٣١٣-١٢٨٨). سـەید ئەشرەف، شوێنی زۆری میـرزا عەلی ئەکبەری صابیر (هوپ هوپ) شاعیری شۆڕشگێڕی ئازەربایجانی لە سەرە و ئەویش بەشبـەحاڵی خۆی، شوێنی لە سـەر لاهووتی داناوە.

٣) شـاعـیـر، نووسـەر، توێژێنەر و ڕۆژنامـەنووسی گـەورەی ئێرانی. «بەهار» لە پێوەندییەکی نزیکی دوکتور سەعیدخانی کوردستانیدا بوو و لە ڕێگای ئەوەوە شارەزایی لە ئەدەبیاتی کوردیش پەیداکردبوو. یەکەم کەسێک کە شێعرە تەزویرە ناڕاستـەکەی: «هورمـوزگـان ڕمـان، ئاتران کـوژان = وێشـان شـاردەوە گـەورەی گەورەکـان»ی لە نێو ئێرانییەکاندا بڵاوکردەوە «بەهار»بوو. بەهاریش شێعرەکەی لە زمـانی دوکـتـور سـەعـیـدخانەوە بیـسـتـبـوو. وابزانم ئەم شـێـعـرە یەکـەم جـار خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی باسی لێ کردبێت.

٤) ئەفـیسـی لە سـاڵی ١٨٩٥دا هاتۆتە جیـهـان و هەشت ساڵ پێش ئەو، دەکاتە سـاڵی ١٨٨٧، واتە لاهووتی لە سـاڵی ١٨٨٧دا، لە دایک بووە. بەڵام ساڵی لە دایکبـوونی لاهووتی لە هەندێ سەرچاوەدا، بە ١٨٥٥ نووسراوە و من بە کەڵک وەرگرتن لەوانە، سـاڵی لە دایکبـوونی لاهووتیم لە سـەرەتای وتاری «سـەبارەت بە خۆم» (گزینگ ژمارە ٢٧) ١٨٨٥ نووسیوە کە سـەرچاوەکانی بەردەستی من وەک دیوانی چاپی تاران، سـاڵی ١٨٨٥ دەسەلمێنن بەڵام ئەفـیـسـی ئەم سـاڵەی بە ١٨٨٧ ناو.بردووە. دیارە، لە ژمـارەی پێشـووی گزینگدا، سـاڵی لە دایکبـوونی لاهووتی بە ١٨٥٥ نووسـراوە کە هەڵەیە و لەگەڵ داوای لێبووردن لە خوێنەران، ئەم ساڵە لە ڕاستیدا دەبێ ١٨٨٥ بێت.

٥) دەبێ ئەم نۆزدە ساڵانە تاریخی چاپ و بڵاوبوونەوەی یەکەم شێعری لاهووتی بێت لە ڕۆژنامـەی «تەربیـەت» چاپ کـرمـاشـاندا. دەنا وەک لە زمـان خـودی شـاعـیـرەوە دەبیـسـین، لاهووتی هەر لە سـەرەتاکـانی مێـرمندالی و سـەردەمی شەڕەگەڕەکی مندالانەوە شێعری هۆندۆتەوە. (بڕوانە گزینگ ژمارە ٢٧).

٦) بە بڕوای من هۆی ناودەرکردنی لاهووتی و کـەم ناویی «ئەفیـسی) تەنیا لە مـەسـەلەی سـاڵ و مـانگدا نابێ بدۆزرێتـەوە. لاهوتی وەک خـەباتگێـڕێکی بە جەرگ ـ بە قـەڵەم و بە قـەدەم کەوتبوە خزمەتکردنی کۆمەڵگاوە و لە هەمـوو کۆڕ وکۆمەڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ـ ئاپینیدا، چالاکی دەنواند. ئەوەش ببوە هۆی ڕێز وحورمەت لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە.

٧) لاهووتی خۆی بۆ ماوەیک سەرنووسەر گۆڤاری «پارس»بوو.

٨) دەبێ نیـازی لە «جـارێکی دیکە»، بەشـداریکردنی لاهووتی لە شـەڕی مـەشـروطەخـوازان دژ بە ئیـسـتـیـبـداد» بێت لە سـاڵی ١٩٠٧دا، کـە چووبۆ «تەورێز»ی مەرکـەزی ئازەربایجان و یارمەتی «سەتتارخان» سەرداری مەشروطە و خـەڵکی ڕاپەڕیوی ئازەربایجـانی دا. جـاری دووهەمـیش ئەوکـاتەیە وا بە ئیجـازەی «موخبـیرولسـەلطەنە» گەڕایەوە نێـو ڕیزەکانی جەندەرمـە و لە شاری «شەرەفخانە»ئازەربایجان دامەزرا.

٩) وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات واتە «هۆردووگای سوسیالیزم».

١٠) لای کـەم ئەو بۆچوونە بۆ پێشـەمـەرگـەی کـورد ڕاست نییـە، کـورد زۆر پێشمەرگەی شاعیری هەن وەک چۆن شاعیری پێشمەرگەشی هەر هەیە.

١١) پارچەشێعری «مرگ مجاهد»:

ئەم شێعرە سەبارەت بە کوژرانی «حەیدەر عەمونۆغلی» شۆڕشگێڕی ناوداری ئازەربایجان لە سەردەمی مەشروطەی ئێرانە:

سپاه شاه، در سمت جنوب جادەی تهران
قشون ملی اندر شهر رشت و جنگل گیلان..

١٢) شێعری «پاسخ به اغواگران» لە ڕاستیدا وەڵامی ئەو قسـانەیە کە ڕژێمی پەهلەوی بڵاوی کـردبۆوە، گـوایە لاهووتی لە سـۆڤـیـەت هەڵاتووە و چوە بۆ هیندوستان:

بشد با مرد مشهوری در ایران
ملاقی، شخص ناپاکی از اعیان..

١٣) «وحدت و تشکیلات»وا هەیە لە نێو خەباتکارانی تەیاری چەپی ئێراندا، ناسراوترین شێعری لاهووتی بێت: ئەم شێعرە لە سەر شێوازی نوێ هۆنراوەتەوە:

«سر و ریشی نتراشیدە و رخساری زرد
زرد و باریک چو نی
سفرەای کردە حمایل، پتونی بر سر دوش
ژندەای بر تن وی...»

تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێ:

«چارە، رنجبران وحدت و تشکیلات است». مۆسکۆ، فوریە ١٩٢٤.

١٤) شێعری «وصیت»: لاهووتی شێعرێکی بە ناوی «وصیت نامە» هەیە کە لە ڕوسییەوەتەرجەمەی کردووە و هۆنراوەی «تاراس شوچنکۆ» یە: «چون میرم خوابانید یاران ـ مرا زیر زمین»، بەڵام دڵنیام ئەو شێعرەی وا سەعید ئەفیسی ئاماژەی پێکردووە ئەوە نییە و زۆر واهەیە شێعری «پنجە انتقام» بێت:

گوئید زمن ستمگران را/ گویند وداع مادران را! مۆسکۆ، ١٩٢٤.

یاخود شێعری «کلمە شهادت رنجبری»:

«شهادت میدهم بر اینکە من از ملت کارم..» نخجوان،فوریە ١٩٢٢.

ئەم شێعرە، بە بڕوای من، هەوێنی شێعرە ناسراوەکەی مامۆستا هەژارە بە ناوی «تەڵقینی کوردی».

١٥) شێعری «ایران من»، دارماڵی نۆستالژی و بیری دووریی لە ئێرانە، بەڵام لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیـهانیـدا گوتراوە و تێـیدا هێرش کراوەتە سەر هیتلەر و لەلایەکی دیکەوە لینین و ستالین ڕیزیان لێ گیراوە:

بشنو آواز مرا از دور، ای جانان من!
ای گرامیتر ز چشمان، خوبتر از جان من!
اولین الهام بخش و آخرین پیمان من!
کشور پیر من اما پیر عالیشان من
طبع من! تاریخ من، ایمان من، ایران من! (استالین آباد، مارس ١٩٤٣).

١٦) شێعری «به رومن رولان» بۆ نووسەری ناسراوی فەرەنسی «ڕۆمەن ڕۆلان» گـوتراوە کـە دەبێ نامـەی بۆ لاهووتی نووسیـبێت و ئەویش بەم شێـعرە وەڵامی دابێتەوە:

به نامەات، وطنم را نوشتەای آزاد
به رخ ز دیدەام از شادی آب می آید
من آن مبارز ایرانیم که از وطنم
فقط بیادم دار و طناب می آید. (ژوئن ١٩٣٦)

١٧) کۆمەڵە شێعری «دیوان اشعار لاهوتی» یەکەم کۆمەڵە شێعرەکانی لاهووتی بوو، کە لە ساڵی ١٣٢٠/١٩٤١ دا لە ئێران و لە شاری تەورێزبڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە بچووکە، «محمد لوی عەبباسی» چاپی کرد. عەبباسی هەمان ئەو کەسەیە وا درەنگتـر چوو بۆ سۆڤـیـەت و لە گـەڕانەوەدا بۆ یەکـەم جـار «شـەرەفنامـەی بدلیـسـی» لە تاران بردە ژێر چاپ. نوسـخـەی شـەرەفنامـەی چاپی عـەبباسی، ئۆفسـێت کراوی نوسـخەی چاپی «فەرج الله ذکی الکردی»یە و خـۆی سەرەتا و هەندێ پەراوێزی لێ زیاد کردووە. نوسخەیەک لە دیوانی لاهووتی چاپی تەورێز، تا سـاڵی ١٩٧٠ش کە من لە زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگەی تاران دەمخوێند، لە کتێبخانەی ی زانکۆ پارێزرابوو و بە ڕواڵەت تاقە نوسخەی ئەم کۆمەڵە شێعرە بوو کە لە کتێبخانە گشتییەکانی ئێراندا مابووەوە و نەکەوتبوە بەر زەربی ساواکی شا. لە ساڵی ١٩٣٥یشدا کۆمەڵە شێعرێکی لاهووتی بە ناوی «هزار مصراع» لە مۆسکۆ بڵاوکرابووەوە.

١٨) کاوەی ئاسنگەر، لە ڕاستیدا شانۆنامەیەکە بە شێعر و جگە لەوەی لەگەڵ سەرجەمی شێعرەکانی لاهووتیدا بڵاوکراوەتەوە، چاپی سەربەخۆشی هەیە.

١٩) ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٤٦، واتە ساڵی دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و بێ دەسەڵاتیی ڕژێمی محەمەدڕەزاشا لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بڵاوکراوەتەوە. چاپی وتاری ئەوتۆ لە ساڵانی دواتری ئێران بۆ کەس نەدەگونجا. سەرەڕای ئەوانەش، ئەفیسی چاو لە ڕاستییەکان دەقووچێنێ و ئێرانی ئەو ساڵانە بە «گەمیەی بێ گەمیەوانی نێو جەرگەی کارەسات» دەشوبهێنێ.

محەمەد عەلی سوڵتانی

# ژ. ک لە کرماشاندا

وەرگێڕانەوە: ئەحمەد شەریفی

**کورتە سەرەتایەک**

خوێنەری هێژا، (ژ.ک لە کرماشاندا) بەشێکە لە جلدی ۲ی کتێبی (*احزاب و انجمن های سری کرمانشاه*)، کە نووسەری گەورەی کورد بەڕێز دوکتور **محەمەد عەلی سوڵتانی**، گردوکۆی کردووە و لەم دواییانەدا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. کاک محەمەد عەلی، نووسەر توێژەوان و مامۆستای زانستگەیە، کوردێکی دڵسۆز و کارامەی کرماشانە. هەتا ئێستا بە دەیان نووسینی لە سەر بارودۆخی کرماشان بڵاوکردۆتەوە. ئەوەڵین کوردێکی ڕۆژهەڵاتە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بە شێوەیەکی ڕەسمی کتێبی کوردی چاپ کردووە.

ژ.ک لە کرماشاندا، زانیاریگەلێکی پڕ باشی سەبارەت بەو کۆمەڵە کوردییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدایە کە هەتائێستا لە هیچ کتێب و نووسراوەیەکی تر ئاماژەیان بۆ نەکراوە. هەر بەم هۆیەشەوە، ئەم بەشەم وەرگێڕایەوە سەر کوردی، هەتا ئەوان کەسان کە لە سەر ژ.ک دەخەبتن کەڵکی لێوەرگرن.

ئەم وەرگێڕانەش پێشکەش بە برام کاک محەمەد عەلی و فەریباخانی خێزانی دەکەم. با ئەوەش بێژم کە فەریبا خان ژنێکی زانای کوردی کرماشانە، یەکێکە لە گەورەترین خۆشخەتانی ئێران کە بە خەتە خۆشەکەی خزمەتێکی بەرچاوی بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە. دیوانی سەی یاقوبی ماهیدەشتی، سەید ساڵەی کرماشانی، موناجاتە عیرفانییەکانی کوردی و چەند کتێبی تری کوردی نووسیوەتەوە و لەگەڵ شووی زانای بە دووقۆڵی بڵاویان کردۆتەوە.

ئەحمەد شەریفی

... دە بارودۆخی پاش شەهریوەری ۱۳۲۰[ ۱۹٤۱ ]دا، گۆڕانکاری فکری و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و گەشەی تێکۆشانی حیزبی، هاوکاری نزیکی حیزبە سیاسییەکانی چەپ لەگەڵ دەوڵەتی ئەوێ ڕۆژێ و، بەشداری وەزیران لە پێکهاتنی حکوومەتدا، بواری بۆ پەلاژۆی کۆمەڵەی ژ.ک لە کوردستانەوە بەرەو کرماشان و هەرێمی کەڵهوڕ و پشتکۆ و هەتا لوڕستانی هەموار کرد و لقوپۆی ژ.ک لەوان ناوچانەش دامەزرا.

یەکێک لە تێکۆشەرانی ژ.ک لەو هەرێمانەدا، میرزا عەولای موددبیر مەشهور بە ئاغا گەورە بوو. ئاغا گەورە دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ لێنین و مائۆ تسەدۆنگ دا هەبووە. چەند جارێ چۆتە لایان و وتووێژ و ڕاوێژی لەگەڵ کردوون. هەروا دۆستایەتیشی لەگەڵ ئەبولقاسمی لاهووتی دا هەبووە.[1] ئاغا گەورە، سەرۆکی شاخە و ڕێکخراوی ژ.ک لە سنە و کرماشان و کەڵهوڕ و لوڕستان بووە. ڕێکخراوی کرماشان، لەلایەن چەند نووسەری خاوەنقەڵەم و سیاسەتمەدارەوە بەڕێوەچووە. یەکێک لە سیما نەناسراوەکانی کارگێڕی ڕێکخراوەکە، میرزا برایمخانی نادری بووە کە دەبیر و سکرتێری کۆمەڵەی ژ.ک لە لوڕستان، کرماشان، پشتکۆ [ئیلامی ئێستا] و کەڵهوڕ بووە. خودا لێخۆشبوو مامۆستا سەید محەمەد تاهیری هاشمی، سەرۆکی لقی ژ. ک لە ئوستانی کرماشان بووە و قازییەکی دادگوستەریش لەم کارەدا ڕاوێژکاری بووە. جگە لەوانە، ڕەشیدخانی باجەلان، وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری لە عێراق کە لە ناوچەکەدا بەناوبانگ و جگە لەوەی مەسئولی هەموو لق و ڕێکخراوەکان بووە، سەرۆکی ژ.ک لە خانەقین بووە و ڕێکخراوەکەی هەتا بەغدا دۆماندووە و بەرپرسی هەموو شاخە و ڕێکخراوەکانی لە گەڵ دەفتەری ناوەندی ژ.ک یش لە سەرشان بووە. ڕەشیدخان لە مەسەلەگەلی سیاسیدا زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە.



ئیبراهیمی نادری

میرزا برایمی نادری بە گوێرەی قسەی بەساڵاچووانی کوردستان و مەهاباد، دەبێ لە ساڵی ۱۲۹۰ی هەتاوی[ ۱۹۱۱ز]دا لە دایک بووبێ و کوڕی فەیزوڵلای نادری کرماشانی بووە. بنەماڵەی برایم خان لە بنەڕەتا لە کوردەکانی فەیلی و خەڵکی کرماشان بوون. هۆگرییەکی زۆری بە شێعر و سیاسەت هەبووە، ڕەنگە جگە لە ئەبولقاسمی لاهووتی، یەکێک لە شاعیر و سیاسەتمەدارە هەرە باشەکانی کرماشانی بووبێ.

برایم خان لە کرماشان و بەغدا دەرس دەخوێنێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێند ن چووەتە ئەوڕووپا و لە ڕشتەی حقووقدا خوێندوویەتی. ماوەیەک لە زانستگەی فەرانسە و پاشان لە زانکۆی ئەفسەری زانستگەی تاراندا مامۆستای دەرسی تاریخ و مێژوو بووە. چونکە تەنیا کوڕی بنەماڵەکەیان بووە، لە سەر خواستی بنەماڵەی دەگەڕێتەوە کرماشان و لەوێ دەزەوجێ. لەبەر ئەوەی لە کرماشانی چاخی ئەوێ دەمێدا، جێگایەکی ئەوتۆ نابێ کاری لێ بکا، ناوەندێکی ئەلکتریکی دادەنێ و خەریکی کاروباری ڕۆژانە دەبێ. دە جەریانی شەڕی جیهانیی دووەمدا، برایم خان ماڵاوایی لە خزم و دۆستان و بنەماڵە و کرماشان دەکا و چەند جارێ دەچتە ئەوڕووپا و سەر لە چەند شار و شارۆچکەی تری وڵات دەدا و تەواوی ساڵەکانی ۲۲-۱۳۲۱، هەر لە هاتوچۆدا دەبێ.

برایمخان جگە لە زاراوەی کوردیی ماڵباتی، هەموو زاراوەکانی تری کوردی

ژی دەزانی و چەند جۆرە جل و پۆشاکی کوردی و سجیل و شناسنامەی جۆربەجۆری هەبووە. وەک دەڵێن دە قسەکردندا کەم وێنە بووە. بێجگە لە کوردی و فارسی، زمانی عەرەبی و فەرانسەیی و ئینگلیزی زانیوە. خوداڵێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی دە باسی زانایی و فراوێژی برایمخاندا سەدان قسەی هەبووە.

کاتێ کۆماری خودموختار بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد ڕادەگیێندرێ، برایم خان، لەگەڵ میرزا عەولای مودەبیر پێکەوە خۆ دەگەیێنە مەهاباد. چونکە زانایەکی گەورەی خوێندەوار دەبێ، دەکرێتە سەرۆکی گشتی فەرهەنگی کوردستان و دەرەجەی سەرهەنگیشی پێدەدرێ و دەبێتە یەکێک لە ڕاوێژکارانی نزیکی قازی محەمەد.

برایم خان لەوێ دەورێدا، جگە لە وتار نووسین بۆ (**کوردستان**) ئۆرگانی حکوومەت، هێندێک وتاری کوردی بۆ (**گەلاوێژ**) و زنجیرە وتارێک بو ڕۆژنامەی (**کوهستان**) دەنووسێ. کوهستان ئەوکات لە تاران بە فارسی دەردەچوو و زنجیرە وتاری «سەلاحەدینی ئەیووبی» بە خامەی برایم خان دەو ڕۆژنامەیەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[2]

برایم خان لەگەڵ ئەنوەر دڵسۆز، مامۆستا ئەیووبیان [عوبەیدوڵلا ـ ش] سەدیقی هەنجیری، مەحموود مەحدوود[3]، عیززەت عەبدولعەزیز و میرحاج... دەکۆشن گەلالەیەکی گۆڕانکاری بە ناوی کۆمیتەی لاوانی پێشڕەو ساز بکەن. لەم کارەدا، بەتایبەتی لەگەڵ مەحموود مەحدوود و سالح ئۆقلیدۆس دا هاوفکرییەکی زۆریان هەبوو. لە پێشدا کۆشان گۆڤارێک بە ناوی (ژیان یان ژیانەوە) دەرکەن بەلام موافەقەتیان لەگەڵ نەکردن. پاش ماوەیەک گۆڤاری (**دەنگی کورد**)یان بڵاو کردەوە. دە ئاخرین ژمارەدا، باسی قەیران و تێکچونی حکوومەتی ناوبراو کراوە (وتووێژ لەگەڵ عوبەیدوڵلا ئەیووبیان ۱۵/٤/۷٤ هەتاوی لە تاران).[4]

پاش تێکچوونی کۆمار، قازی محەمەد (پێشەوا) لەگەڵ سەید محەمەدی ئەیووبیان وەزیری بێهداری و بریکاری قازی و تاقمێکی تر لە کاربەدەستانی کۆمار دەگیرێن.

پاش تەواوبوونی قۆناغی داوەری، قازی و ئەوانی دیکە موحاکەمە دەکرێن و برایم خان بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم دەبێ. دوای تەواوبوونی زیندان، لە ترسی مەئموورینی حکوومەتی شا، لە تەورێزدا بە شێوەیەکی نهێنی دەژی. لە ماڵە دۆستێکی جوولەکە کە ژنەکەشی کەلیمی بووە، خۆ دەشارێتەوە. لە دەوروبەری ساڵی ۱۳۲۹دا، لە وڵات دەردەکەوێ و دەچێتە سووریە. لە سووریە گۆیا بە هۆی «حەسەن زەعیم برازلی»یەوە دەبێتە ئەفسەری پایەبەرزی هێزی هەوایی سووریە و سەرەنجام لە ساڵی ۱۳۳۵[۱۹۵٦]دا لە فڕۆکەدا لە بەین دەچێ و دەمرێ. برایم خان لە سووریەش ژنێکی تر دێنێ و کوڕێکی دەبێ کە پاشان دەبێتە سەرلەشکر لە هێزەکانی سووری دا. لە ژنە کرماشانییەکەشی تەنیا کچێکی بووە. ئێستا لە حاڵی حازردا تەنێ خوشکێکی لە کرماشاندا هەیە و هەر ماوە.

دایک و بابی برایم خانیش هەتا ساڵەکانی ۱۳۵۰هەر لە کرماشان دەژیان و پاشان لەوێ مردن و تەسلیم بە خاک کران.

بەلام سەبارەت بە سەید تاهیری هاشمی زانای گەورە و ئەندامی ژ.ک لە کرماشان دەبێ بگوترێ، ئەو زاتە بە هێندێ هۆ نەچووە مەهاباد و بەشداری لە کۆماری کوردستاندا نەکرد و پێوەندی لەگەڵ حیزب لە بەردەو



ئیبراهیمی نادری لەگەڵ خێزانەکەی

برا و ئەویش سەرەنجام هەر لە کرماشان گیانی پاکی بەیەزدان سپارد.[5]

**چەند پەراوێز لەلایەن وەرگێڕەوە:**

۱) ئەبولقاسمی لاهووتی، شاعیر و شۆڕشگێڕی ئێرانی خەڵکی کرماشان بووە، خوادا لێخۆشبوو مامۆستا سەید تاهری هاشمی دەیفەرموو: ئەولقاسم هامووشۆی ماڵی ئێمەی دەکرد. لەگەڵ باوکم نێوانی فرە خۆش بوو. ئەشعاری کوردیشی بە زاراوەی کرماشانی هەبوون لە ناوچووگن.

۲) ڕۆژنامە یان حەوتەنامەی (**کوهستان**) لەلایەن دوکتور «ئیسماعیلی ئەردەلان»ەوە لە ساڵی ۲٦-۱۳۲۳دا وەشاوە، دوکتور ئەردەلان خۆشی ئەندامی ژ.ک بووە. کتێبێکی بە ناوی (اسرار بارزان) بە فارسی نووسیوە کە پێموایە لە ساڵی ۱۳۲٦ لە تاران چاپکراوە. هەروا دە کوهستان دا، زۆربەی ئەسناد و بەڵگەکانی حیزبی هیوا بە فارسی بڵاوکراونەوە. کوهستان گرینگترین سەرچاوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی حیزبی هیوا ـ جووڵانەوەی بارزان و کۆمەڵەی ژ.ک. خودا یاربێ دە وتارێکی تردا، باسی کەسایەتی دوکتور ئەردەلان کە هێندێ سەنەد و بەڵگەم لە سەر ئەندامیەتی ژ.ک بوونی وی لەلایە، دە گۆڤاری **گزینگ** دا دەکەم.

۳) مەحموود مەحدوود (ئەندازیار/موهەندیس) لە ئەندامە کاراکانی ژ.ک لە سنە بووە. هەتا چەند ساڵ پێش هەر مابوو و لە تاران دەژیا. پێموایە تەنیا دوو کچی هەبووە. کتێبێکی دوو پاژی لە سەر جووڵانەوەی کورد نووسیبوو کە بە حوزووری من دای بە کابرایەک بە نێوی (س. م) کە بۆی چاپ بکا. بەلام کابرا ئێستا حاشای لێدەکا.

٤) سەرچاوەی نووسەر ئەو وتووێژەیە کە لەوبارەیەوە لەگەڵ بەڕێز عوبەیدوڵلا ئەیووبیان کردوویە، بەلام بە داخەوە قسەکانی کاک عوبەیدوڵلا، بێ دەساوێژ و بەڵگەن، هیچ سەنەدێکی لەم بارەیەوە نییە.

٥) پێموایە سەید تاهیر نارایەکی ئەوتۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نەبوو. بەلام هەروا بە ژ.ک ی ما و وەفادار بە ژ.ک بوو. پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، زەبیحی ڕەحمەتی هەڵدێ و بە هۆی مامۆستا سەید تاهیرەوە ڕەوانەی کوردستانی باشوور دەکرێ. ئەم قسەیەم لە خودی مامۆستا ژنەفتووە. مامۆستا لە دانیشتنی دۆستانەدا، هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانیشی هەر باسی ژ.ک ی دەکرد و پێیوابوو یەگانە حیزبی کوردی بۆ کورد بووە.

هەروا مامۆستا زۆر سەیر باسی ڕەشیدخانی باجەلانی دەکرد و دەیگوت قەت کوردی وەک ڕەشیدخان نەبووە و نابێتەوە. هەموو ناوچەی پشتکۆ و لوڕستان و خانەقین و مەندەلی کردبوە لایەنگری ژ.ک.

ئەوەی ڕاستی بێ هێشتا سەبارەت بە ژ.ک هیچ نازانین. لە کۆتاییدا با ئەوەش بڵێم کە ژ.ک لە هەمەدانیشدا ڕێکخراوی هەبووە.

# سێ نووسینی کورت

حەمەسەعید حەسەن

## نامەزرۆیی بۆ ڕابردوو

کە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ دیل کرا، ساڵی ١٩٢٠ برایم خانی دەلۆ لە پێناوی ئازادکردنیدا شۆڕشێکی هەڵگیرساند. ئێستا کە عەبدوڵڵا ئۆجالان دیلە، مام جەلالی دۆستی دێرینی نەک هەر هەوڵی ئازادکردنی نادا، بەڵکوو ئەوەتا بۆ ئەوەی تورکیا متمانەی پێ بکا، سەرقاڵی قەلاچۆکردنی چەکدارەکانی پەکەکەیە.

ساڵانێکی دوور و درێژ پارتی لە ڕێی قەزوان خواردنەوە لە خزمەتی ئێراندا بوو. یەکێتی لە ماوەیەکی کورتدا بە گوێزێ پێش پارتی کەوت و تەنانەت خەریک بوو جێ بە ئەرتەش و پاسدار و بەسیجیش لێژ بکا. یەکێتی ئێستایش سەرقاڵی هەمان گەمەیە، بەڵام لەوە ناچێ مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە. ئاخر پارتی، حیزبە دەست و پێ سپییەکەی ڕاژان نییە. ئاخر قەدی درەختی پێوەندی نێوان تورکیا و پارتی، زۆر لەوە ئەستوورترە کە ڕەشەبای سلێمانی بیهەژێنێ.

کە شەڕ لە نێوان «ینک» و «پدک»دا گەرم بوو، پەکەکە هاوسەنگەری یەکێتی بوو. ئەو ڕۆژانە چەکدارەکانی ئاپۆ بە بەر چاوی مام جەلالەوە، منداڵی کوردیان لە کۆشی دایکی دەفڕاند و لە قۆپیی قەرەداخیان توند دەکرد. ئەو ڕۆژانە یەکێتی چونکە نەک تەنیا لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵکوو لە ڕووی داراییشەوە هانای بۆ پەکەکە دەبرد، چاوی لە هەموو سەرپێچییەکانی گەریللای سەر چیا دەنووقاند.

جاران کە کوردایەتی وەک ئێستا بە تەواوی ئابڕووی نەچوو بوو، مام جەلال بە نهێنی نامەی بۆ «کۆکساڵ»ی ڕاوێژکاری تورکیا دەنارد و پێی دەگوت: «ئێمە لە هەموو بوارێکدا ئامادەی هاوکاریی بەردەوامین لەگەڵ برا تورکەکانماندا.»[1] بەڵام هەنووکە کە کوردایەتی بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئەتک کراوە، مام جەلال بە ئاشکرا بە سەرکۆماری نوێی تورکیا دەڵێ: «شانازی بەو مێژووەوە دەکەین کە بە خوێنی پاکی تورک و کورد ئاو دراوە و ئاواتەخوازین وەک جاران خوێنی کورد و تورک لە پێناوی تورکیادا لە هەمان سەنگەردا بڕژێ.»[2]

جاران کە کوردایەتی وا سووک نەبووبوو، ڕەشترین لاپەڕە لە مێژووی کورددا ڕەوتاری سوارەی حەمیدی بوو، کەچی هەنووکە یەکێتی خوازیارە هەمان ڕۆڵی سوارەی حەمیدی بگێڕێ. جاران خەڵکی گۆشتی ڕانی خۆیانیان دەخوارد و منەتی قەسابیان هەڵنەدەگرت، جاران خەڵکی لێ دەگەڕان جەردە ڕووتیان بکاتەوە و بە پردی نامەرددا نەدەپەڕینەوە، کەچی هەنووکە پدک ٣١ی ئاب بە شانازی و شاکار و ڕۆژێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدا.[3]

جاران بارزانییەکان بۆ داکۆکی کردن لە کۆماری کوردستان ڕوویان کردبووە مەهاباد، هەنووکە چەکدارانی پەکەکە لە داگیرکەران سەرسەختانەتر دژایەتی ئەزموونەکەی باشوور دەکەن!

کەیومەرس ساڵح دەڵێ: «من کە وەک هەواڵنێری مانگنامەی ئەرتەش لە زۆربەی دادگاییەکاندا بەشداریم کردووە، هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە.»[4] من کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە ڕەحمەتی خودا دەزانم و شانازیی بەو مردنە مەردانەیەوە دەکەم.[5] ئەمە قسەی قازی محەمەدە لە دوا ساتەکانی دادگاییکردنیدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش دوای ڕووبارێ لە خوێنی لاوانی کورد، لە پێناوی قوتارکردنی خودی خۆیدا، کەساسانە داوای لێ بوردنی کرد!

٢٠٠٠/٩/٣٠

١) نامەی جەلال تالەبانی بە خەتی خۆی، بە زمانی عەرەبی بۆ سۆنەر کۆکساڵی ڕاوێژکاری تورکیا.

٢) بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرکۆماری نوێی تورکیا، کوردستانی نوێ، ژ: ٢١٤٩ پێنجشەممە ٢٠٠٠/٥/١٨

٣) برایەتی ژ: ٣١٧٣ دووشەممە ٢٠٠٠/٩/٤

٤) دەقی دادگاییکردنی پێشەوا، ئا: بەدرەدین ساڵح، برایەتی ژ: ٣١٧١ شەممە ٢٠٠٠/٩/٢

٥) دەقی دادگاییکردنی پێشەوا، ئا: بەدرەدین ساڵح، برایەتی ژ: ٣١٧٠ پێنجشەممە ٢٠٠٠/٨/٣١

## وەرزی ئێکسپایەربوونی شیعر

وەک چۆن لای خۆمان حیزب وا ڕاهاتووە بە هەموو بۆنەیەکەوە بەیاننامە دەربکا، شێرکۆ بێکەسیش پێی وایە دەبێ بە هەموو بۆنەیەکەوە شیعر بنووسێ. ئەگەرچی عەبدوڵلا ئۆجالان هەر بە ئاسمانەوە وردی بەردا و ڕووخا، کەچی ئەو هەر خۆی پێ نەگیرا و شیعرێکی وای بۆ گوت، لەوانەی مەگەر کەسێکی وەک ماندێلا یان گیڤارا شیاوی ئەو جۆرە پیاهەڵدانە بێ.

هەڵەیەکی دیکەی ئەوە بوو ئەو شیعرەی بە دەنگی زوڵاڵی خۆی بۆ تەلەڤیزیۆنی مەدیا خوێندەوە. ئاخر کە حیزبەکەی شاعیر مۆری ناپاکیی بە نێوچاوانی پەکەکەوە نا، ئیدی دەبوو دیسان هەڵوێست بنوێنێ و جارێ ئێکسپایەربوونی شیعرەکەی بدات و لێی پاشگەز بێتەوە. ئەوە بوو لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە یەکێک لە مەقاشەکانی دەستی پەکەکە، کشایەوە. مەدیا تیڤیش لە بەرسڤی ئەو هەڵوێستە «بۆ هەڤالانی باکوور چاوەڕواننەکراوە»ی شاعیردا، کەوتەوە لێدانەوەی ستایشنامە شیعرەکە. شێرکۆ چونکە شاعیرە و گوایە دەبێ هەمیشە هەڵوێستی هەبێ، هەندێ جار هەوڵ دەدا سنووری ئەو بازنەیەی حیزب بە دەوریدا کێشاوە، ببەزێنێ، بەڵام حیزب خێرا وە هۆش خۆیی دێنێتەوە و ناچاری دەکا، کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنێ.

کە «ی ن ک» ئەبوبەکر عەلیی شاعیری تیرۆر کرد، ئەو دەنگی نەکرد، ئەوەی زۆر لە سەر کەوت، بۆیە کە ئەم هاوینە یەکێتی پۆلێ کۆمۆنیستی لەسەر خواستی ئێران گوللەباران کرد، شێرکۆ ناڕەزایی دەربڕی، بەڵام هەر کە ئەوشیروان مستەفا چاوی لێ سوور کردەوە و ئەوەی بە بیر هێنایەوە کە یەکێتی بیست ساڵە بە ناز پەروەردەی دەکا، ئەوە بوو بۆ ڕاگرتنی باڵانسەکە و هێدی کردنەوەی ئەو سەرکردە تووڕەیە، شیعرێکی درێژی توند و تیژی بە بۆنەی سی و یەکی ئابەوە دژی پارتی نووسی. چونکە هێرشی ڕاگەیاندن لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ڕاگیرابوو، ئەو شیعرە شوومەی* لە «ئاڵای ئازادی»دا کە ئۆرگانی زەحمەتکێشانە و لەسەر نەفەقەی یەکێتی دەردەچێ، بڵاو کردەوە.

لە سیاسەتدا تاکتیکی کەسر و جەبر هەیە، «دێیت بە ئەنقەست دەستێک دەشکێنێت و دوایی لە گەچی دەگریت»، شێرکۆ وێڕای ئەوەی لە شیعری کوردیدا چەندین داهێنانی تۆمار کردووە، ئەو تەکنیکەشی لە بواری سیاسەتەوە، بۆ وڵاتی بەرینی شیعر گواستۆتەوە.

٢٠٠٠/١٠/١

* گەڕانەوەی ڕۆژژمێرە شوومەکان، شیعری: شێرکۆ بێکەس، ئاڵای ئازادی، ژ: ٣٧٩ ڕۆژی /٨/ ٢٠٠٠

## تاوان و تابوو

ئەو باڵەی لە نێوەڕاستی سالانی شەستدا لە پدک جیا بوودوە و دواتر لە ناو خەڵکیدا بە جەلالی ناوی ڕۆیشت، دەڵێی ئیدمانی لەسەر شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدان کردووە. ینک کە میراتگری هەمان باڵە، لە دوا ڕاگەیەنراویدا دەڵێ: «چەتەکانی ئۆجەلان دوو کەلاکیان لێ بەجێماوە و شوێنی ڕاکێشانی چەندین کەلاکی تریشیان دیارە.»[1]

ئینسان کە دەمرێ بە جەستەکەی دەگوترێ: تەرم، یان لاشە، کەلاک یان لاک: بۆ جەستەی مردارەوەبووی ئاژەڵ و گیانەوەر بە کار دێ. ئەو تەرمەی ئێستاکە هێندە سووک سەرنجی دەدرێ، تا ئەو ئاستەی حسابی گیانەوەرێکی مردارەوەبووی بۆ دەکرێ، دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەنگەری چەکدارەکانی یەکێتی بووە!

یەکێتی لە مێژە لە شار، گوند، دۆڵ، دەشت، بنار، قەدپاڵ و لوتکەی چیاکانی کوردستاندا «کەلاک» بە لایەنە کوردییەکان بەجێ دەهێڵێ. لە کۆتایی سالانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا «کەلاک»ی بە قیادە مەوقووتە، بەجێ دەهێشت. دواتر بە جووجە ڕەسووڵییەکان، بە تەحریفییەکان، بە مەنجەڵە یاپڕاخییەکان، بە ئاش، بە هێزی تاریکی، بە حیزبۆکەی کار، بە مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان، تەنانەت لاکی بە «لاک»یش بە جێهێشت.[2] سەردەمێکیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێی بۆ ئێران خۆش کردبوو، بە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕاوە کۆمەڵە و دیموکرات بکا. کە بەهادین نووری دژی قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بەیاننامەیەکی دەرکرد، چونکە گرووپەکەی چەکداری نەبوو، ینک نەیتوانی «کەلاک»یان پێ بەجێ بهێڵێ، بۆیە مووچەکەی بڕین و لە «هاوپەیمانی»شی دەرکردن.

لە کۆتایی سالانی شەستدا دامەزرێنەرانی یەکێتی بۆ کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و «کەلاک» بە مەلایی بەجێ هێشتن، سواری تانکی لەشکری عێراق دەبوون. تەنانەت هاوینی ١٩٩٦ بۆ کەلاک بە دیموکرات بەجێ هێشتن، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە نزیکەی دوو سەد کیلۆمەتر دەبێ، پێش لەشکری ئێران کەوتن. هەنووکەیش بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکیا سەرقاڵی قەلاچۆکردنی هاوسەنگەرەکانی دوێنێی خۆیانن.

تازەکی سەرانی ینک دەڵێن: «شەڕی کورد کردن و هێنانی داگیرکەر بۆ سەر کورد بە حەرام و بە تاوان دەزانین!» جا لایەنێکی کورد ماوە «کەلاک»یان پێ بەجێ نەهێشتبێ؟ جا داگیرکەری کورد ماوە، بۆ سەر کوردیان نەهێنابێ؟ بە ڕاست ئەم مێژووە جێگەی شانازییە؟

٢٠٠٠/١٠/٤

١) کوردستانی نوێ ژ: ٢٢٦٧ ڕۆژی ٢٠٠٠,١٠,٣.

٢) یەکێتی لە سەروەختی شەڕدا، ناوی نوێی لە لایەنەکان دەنا:

**پدک**: قیادەی مەوقووتە.

**حسیک**: جووجە ڕەسووڵ (جووجە: هەڤاڵ جووجەڵە «خاڵە حاجی» و ڕەسووڵیش: ڕەسووڵ مەممەند بوو).

**حیزبی شیوعی کوردستان**: تەحریفییەکان، وەک ینک بە موو لە ڕاستەڕێی مارکسیزم لینینیزم لای نەدابێ!

**پاسۆک**: مەنجەڵە یاپڕاخ.

**ئاڵای شۆڕش**: ئاش.

**بزووتنەوەی ئیسلامی**: هێزی تاریکی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**: مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان.

**لەشکری ئیسلامی کورد**: لاک.

# عیشق و بەراوردێکی سەمایی

## حەمە شوان شەریف

### ١) ملێکی دوکاندار..

گوڵەکانت خستە ناو سەتڵەکانەوە
تۆزی گەڵای گوڵەکانت بە ئاونگپرژان پاکردەوە..
ڕەنگەکانت بە یەکتری تێکەڵاو کرد.
لەمێژە بە پێوە وەستابووی!
چاوەڕێ بووی.. دڵدارێک بەو درەنگ وەختە..
گوڵێک بۆ نازەنینی عیشقێ بسێنێ.
چاوەڕێ.. چاوەڕوان..
کات ملی نا بۆ درەنگتر..
بە پرتاو کوڕێکی ڕەشتاڵە
لە ناو سەتڵە گەورەکەی بەردەمدا
دوو لقە گوڵی لێ دەرهێنا و پارەکەی دا..
تۆش.. چاوت وێڵی شوێن پێکانی کەوتن.
لە بەرخۆوە..
دوو ڕۆژە دوو لقەگوڵ ـ بە ڕەشتاڵەیەکی عاشق.
بینیت لە دوورەوە
پەڕ.. پەڕ.. گوڵەکانی دەوەراند و دەیدایە دەست
«با» و خۆیەوە.
چاوم لەو بزر بوو.. ئێوارە درەنگی کرد.
تۆش گوڵەکانت کۆکردەوە و
بۆ یەکجاری دوکانەت داخست.

### ٢) خێرا..

کە دەزانن دڵتان
جێگەی خۆشەویستی تیانەماوە هەڵیکێشن
وەک ئەو گوڵانەی سێ هەفتە بە سەر ئاودانیاندا
تێپەڕیوە و وشک بوون.
ملی ئەو لا ڕگانە مەگرن
لە دوو کورسی بۆش و
دوو ئاوێنەی ژەنگگرتوودا کۆتان دەکاتەوە.

من ماڵ ئاوا..
بە سێبەری مردوو
بە تەقەی جەنگ خەبەرتان نەبوویەوە!
لەو مێگەلە من ماڵ ئاوا.

### ٣) عیشقی لەوێ و لێرە

عیشق لێرە..
بیرێکە لە دۆزەخ
چلێکە لە شەڕ
خۆکوشتنێکە بۆ هیچ
ئاوێنەیەکە پڕ لە تاڵخی
دوو گەڵان بێ ماچ گۆڕینەوە
کۆڵانێکە بێ ڕێبوار
دڵێکە بێ لێدان.
عیشق لێرە بوتڵێکە خالی!
عیشق لەوێ..
ڕزدێنێکە بێ گوێزان
وانەیەکە بێ ئەزمون
هەگبەیەکە دڕاو
سوورە چنارێکە وشک
مەملەکەتێکە سەهۆڵبەندان
درەختێکە گوڵ گرتوو
گوڵێکە لە سەر پەنجەکانمان تەقیو.
ئەفسوس عیشقی ئێرە و ئەوێ
بوتڵێکە خالی
چلێکە لە شەڕ
ڕدێنێکە بێ گوێزان...

ڕەشمەی ٩٧

## سپی دەنگ

عومەر سوڵتانی .وەفا.

لە کام شوێنەوە بەرەو پیرت بێم؟
لە کام دەلاقەوە سەیرت بکەم؟
لە کام دەروازەوە بتدوێنم؟
کە دڵۆپێک لە ڕووباری سپی دەنگت
برژێتە سەر زامی کۆنی تەنیاییم و
کوڵی دڵم دامرکێنێ

بە کام شەراب مەستم دەکەی
هالاوی دەنگ
یان گولاوی سنگ و بەرۆک؟
بە کام شێعر هەستم دەکەی
نوێ یان غەزەل؟
بە کام زمان دەمدوێنی
نیشارەی چاو؟ چپەی ناو گوێ؟
کە هەر نەختێک
تەنیا نەختێک
ڕەنگی تۆخی سەرگەردانی و بێ پەناییم
کاڵ بێتەوە و
تامی تاڵی دەربەدەری
لە گەروومدا بشواتەوە

ئای...
چەندە غەریبم
لە ناو ئەوانەی وا خۆشم دەوێن
چەندە نامۆم
بۆ ئەوانەی وا خۆشیان دەوێم
چلۆن گوم بووم
لە شەقامی ئاڵۆزکاوی
ئەم ژیانە پڕ ژانەدا

لەندەن ٢٠/٧/٢٠٠٠

## ئاگردز

بۆ سەلیم بەرەکات

حەمید کەشکۆڵی

لە دەربەندی ئەشکەوتاندا
چاو دەڕوانن...
لە سەر هەڵهاتنی کوێران
گەواهی دەدەن و
لە نێو لێڕەواردا تەڵە دەنێنەوە
وەکوو تۆزی گوڵان
بە سەر مێرگوزاردا دەفڕن و
لە نێو بەلەمی کاغەزیندا
بە سەر ئاودا سەوڵ لێدەدەن.

لە ناو دایکە ئەشکەوتدا
خۆمان فێنک دەکردەوە
جلوبەرگی کلۆڵیمان دانایەوە و
ڕووتوقووت ڕوومان کردە ڕۆژ.

گەرووی ئوقیانووس ڕۆژی هەڵلووشی
بارانی مسینی ڕۆژ
دنیایەکی خۆڵەمێشی بەجێهێشت
لە سەر ئەو گردوڵکانەی
کە بە سەر دەریادا دەڕوانن،
جوامێران ڕاوەستابوون
وەکوو مەشخەڵانی خۆڕاگر هەر دەسووتان
بەیانی شەونم لە سەر بڵێسەی تینوو نیشتەوە...
ڕۆژ حەقیقەتی تاریکی یە
شەو خەونی تاریکی یە..
ئەستێران دیسان بریسکانەوە،
مەشخەلان دایسانەوە و
گریان لێ بەرز بووەوە
بڵێسەکانیان
چاوی ئاسنینی ئاسمانیان ڕادەمووسی
کانی فرمێسک وشک بوونەوە و
ئاگری ئەزەلی پرومیتیوس
هەرگیز نەکوژایەوە.

مالمو ١٠/٩/٢٠٠٠

دوو پارچە هۆنراوە: شەهلا

## ۱) کێم؟

خۆم دەدەمە دەست ئاو
کەچی ئاو
دەمباتە دەم با ،
با
چارشێوێکی تەنگە و
ڕەپێچەکەم دەدا
بەرەو شێوان.

گرانی مێژووی ونبوون
لە سەر شان
ماندوویی گەرانی
ناو زەمەن
لە پێیەکانم دا...

لێم مەپرسە کە کێم ئەمن!
نوختەیەک
بە دەوری گەردوون
نەبوون لە سێبەری
چوار ڕێی هەبوون
خەونێکی شکاو
لە چاوی خەیاڵی
پەپوولەیەک
لاولاوێکی تینوو
ئەندامێکی لەت لەت
کە با دەیبا
بەرەو شێوان
ئاو دەیبا
بەرەو نەمان...

## ۲) دووریت مەودای مابەینی دوو هەڵبەستە

لە شێت ترین ساتی دڵتەنگیما
بە نەرمایی
پەردە لە سەر مانگ لادەدەم
مانگ دایکمە و
خۆم دەدەمە بەر تریفەکانی
مانگ دایکمە
با ڕوومەت لە ڕوومەتم خشێنێ

با ماچم کا و بملاوێنێ.

پەردە لە سەر مانگ لادەدەم
چاو لێک دەنێم و
لە تاریکی دەنوارم...

دڵم تەنگە
فرمێسک لە گەرووما دەگەڕێ و
غروور لە بەرامبەر تۆدا
وەک سەربازێک
سەنگەر دەگرێ.

دووری و
دووریت مەودای مابەینی
دوو هەڵبەستە
بە ساتێک پڕ دەبێتەوە

خۆم دەدەمە دەست مانگ
با ڕام مووسێ...

## تەنیایی

**ئەحمەد ساڵح**

تەنیایی
بەهەشتی پڕ ئێش و ژانە
گرتووخانەی مرۆڤی
بێ تاوانە
تەنیایی
شەوەزەنگی ئەنگوستە چاوی
بە سامە،
مەیدانی ڕمبازیی
مۆتەکەی خەمانە.

تەنیایی
تیڕوانینی ساردی
جەللادە
تەنیایی
ئەفرەتە
هەڕەشەیە
شەختەیە
زریانە.

تەنیایی هاوارە:
هاواری
قەتیس ماوی دەروونە
بەرزبوونەوەی
لەناوچوونە
پەلەقاژەی دەریای عەدەم
نوقم بوونە.

تەنیایی
خلۆربوونەوەی تاوێرە،
هەڵدێری
هەپروون بە هەپروونە
تەنیایی :
نەبوونە
نەبوونە.

ژانویەی ۲۰۰۰

## «شاملوو»ش ماڵئاوایی له جیهانی شێعر کرد

«ئه‌حمه‌دی شاملوو (بامداد)» شاعیر و نووسه‌ری گه‌وره‌ی ئێرانی له ڕۆژی دووشه‌مۆ (١٣٧٩/٥/٣)، دڵی له لێدان ده‌که‌وێ و بۆ هه‌میشه ماڵئاوایی له جیهانی شێعر و شاعیری ده‌کا.

شاملوو له ساڵی ١٣٠٤(١٩٢٥) له شاری تاران له بنه‌ماڵه‌یه‌کی ئه‌رته‌شیی له‌دایک بووه و هه‌ر به هۆی ئیش و کاری باوکییه‌وه، سه‌رده‌می منداڵیی له زۆربه‌ی شاره‌کانی ئێران تێپه‌ڕ کردووه و دواتریش له تاران نیشته‌جێ بووه. شاملوو له به‌شێک له پارچه هۆنراوه‌یه‌کیدا خۆی به‌م جۆره ده‌ناسێنێ:

من بامیدادم
هاوشارییه‌ک به جه‌سته و هۆشێکی مامناونجی.
نه‌سه‌بم به ئاڵقه‌یه‌ک ئاواره‌کانی کابول ده‌گرێته‌وه.
نێوی چکۆڵه‌م عه‌ره‌بی یه
نێوی قه‌بیله‌م تورکی، له‌قه‌بم فارسی.
نێوی قه‌بیله‌ییم شه‌رمه‌زاری مێژوویه
وه نێوی چکۆڵه‌ی خۆم خۆشناوێ
(ته‌نیا کاتێ که تۆم بانگ ده‌که‌ی
ئه‌و نێوه جوانترین که‌لامی جیهانه و
ئه‌و ده‌نگه خه‌مناکترین ئاوازی فریاگه‌یشتن).

شاملوو نه‌ک هه‌ر شاعیر و نووسه‌رێکی گه‌وره بوو، به‌ڵکه ژۆرنالیستێکی پڕ کار و وه‌رگێڕه‌وه‌یه‌کی به‌تواناش بووه. ئه‌ویش وه‌ک زۆربه‌ی ڕۆشنبیرانی زه‌مانی خۆی، تێکۆشانی فه‌رهه‌نگیی خۆی به نووسین له گۆڤار و بڵاوکراوه‌کانی سه‌ر به ڕێبازی چه‌پ و له‌وسه‌رده‌مه‌دا حیزبی توده ده‌ست پێکرد. دوای ئه‌وه‌یکه له ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) له تاران گیرا و پاشان ئازاد کرا، هه‌رچه‌ند وه‌ک شاعیر و نووسه‌رێکی ئه‌مه‌گدار هه‌ر سیاسی مایه‌وه؛ به‌ڵام بۆ هه‌میشه له هه‌ر چه‌شنه حیزب و ڕێکخراوه‌یه‌کی سیاسی دووره‌په‌رێز ما و خۆی به هیچ ئیسم و و ڕێباز و ئیده‌ئۆلۆژییه‌کی تایبه‌ت نه‌به‌سته‌وه. له گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هیچکات پشتی له ئاوات و ئامانجی گه‌ل نه‌کرد و، هه‌تا ژیا شێعر و قه‌ڵه‌می وی، هه‌ست و زمانی خه‌ڵکی لێقه‌وماو و بێ ده‌ره‌تان بوو.

شاملوو، له ساڵی ١٣٢٧ به دواوه گه‌لێک مه‌جه‌لله و گۆڤاری فه‌رهه‌نگی و ئه‌ده‌بیی وه‌ک: (سخن نو)، (روزنه)، (آتشبار) به‌ڕێوه بردووه و ته‌نانه‌ت ساڵێکیش به خاتری هه‌ڵوێستی دژی پاشایه‌تی (آتشبار) ده‌که‌وێته زیندانه‌وه. له ساڵی ١٣٣٦ مه‌جلله‌ی (آشنا)ده‌داته‌ده‌ر و ساڵه‌کانی دواتریش (کتاب هفته) و مه‌جه‌لله‌ی (خوشه)و، له ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٥٩ حه‌وته‌نامه‌ی (کتاب جمعه) وه‌ڕێده‌خا، که ٢٦ ژماره‌ی لێده‌رچووه. جگه له‌وانه یه‌کێک له کاره گرینگه ئه‌ده‌بی و فه‌رهه‌نگییه‌کانی شاملوو بۆ کۆمه‌ڵگه‌ی ئێرانی، دانانی (کتاب کوچه)یه که قامووسێکی گه‌وره‌یه له وشه و زاروێژ و زاراوه‌گه‌لی زمانی خه‌ڵکی کوچه و بازار و ئه‌ده‌بی فۆلکلۆر و سه‌رزاره‌کی، که تا ئێستا نۆ به‌رگی لێ چاپ کراوه.

شاملوو، له جیهانی شێعر و ئه‌ده‌بدا، نێوێکی ڕازاوه و دره‌وشاوه بوو. یادی ئازیز بێ و گڵکۆی پڕ له نێرگیز!

(گزینگ)



## ئه‌من مه‌رگم کرده سرودێک

ئێسته شه‌پۆلی قورسی گوزه‌ری زه‌مانه ده مندا تێده‌په‌ڕێ
ئێسته شه‌پۆلی قورسی گوزه‌ری زه‌مانه وه‌ک ڕووباری ئاسن ده مندا تێده‌په‌ڕێ
ئێسته شه‌پۆلی قورسی گوزه‌ری زه‌مانه چه‌شنی ده‌ریایێ له پۆڵا و ئاسن ده مندا تێده‌په‌ڕێ.

له ڕێگوزه‌ری سرووه‌دا، سرودێکی دیکه‌م ده‌ستپێکرد
له ڕێگوزه‌ری باران، سرودێکی دیکه‌م ده‌ستپێکرد
له ڕێگوزه‌ری نیسێ، سرودێکی دیکه‌م ده‌ستپێکرد.

لاولاو و باران له تۆدا بوو
خه‌نجه‌ر و هاوارێ له من،
تاڤگه و خه‌یاڵ له تۆدا بوو
تالاو و ڕه‌شایی له من.

له ڕێگوزه‌رتدا سرودێکی دیکه‌م ده‌ستپێکرد.

ئه‌من گه‌ڵام کرده سرودێک
سه‌ر سه‌وزتر له مێشه

من شه‌پۆلم کرده سرودێک
پڕ نه‌بزتر له ئینسان

من عیشقم کرده سرودێک
پڕ ده‌هۆڵتر له نه‌مان.

سه‌ر سه‌وزتر له جه‌نگه‌ڵ
ئه‌من گه‌ڵام کرده سرودێک

پڕ نرکه‌تر له دڵی ده‌ریا
من شه‌پۆلم کرده سرودێک
پڕ ده‌هۆڵتر تر له ژیان
من مه‌رگم کرده سرودێک.

وه‌رگێڕانه‌وه: هێرش

# حیزبی زستانە

حەمە فەریق حەسەن

هەڤاڵ سەری ناوەتە کۆشی. بە سەر خۆیدا شکاوەتەوە و لە ناخەوە خەجڵ ماوە.. گۆرانییە خێرا و بە ڕەزمەکانی تەلەفزیۆن ناتوانن بۆ دنیای ژووره زستانییەکە کێشی بکەنەوە.. دیمەنی خەفەتباری هەڤاڵ سەرنجی باوکی ڕادەکیشێ. تەلەفزیۆنەکە بێدەنگ دەکات و دەپرسێ:

ــ ئەوە بۆ لووتت داژەندووە؟! سەرێک هەڵێنە هەڤاڵ؟

هەڤاڵ سەر هەڵدێنێ و دەڵێ:

ــ کرێی شەش مانگی دوکانەکە کەوتۆتە ئەستۆی من و بۆم هەڵناسووڕێ بابە!

ــ تمەس دوکانیشت هەیە و نەمانزانیوە!.. جا دوکانێک کرێیەکەی خۆی دەرنەهێنێ چۆن دوکانێکە؟

ــ مەبەستم بارەگای حیزبە!

ــ جا بارەگای حیزب لە دوکاندا؟!

ــ بێ دەرامەتی یە، دەنا دەبوایە تەلارێکمان بۆ بارەگای حیزب بەکرێ بگرتایە!

ــ حیزبەکەتان ناوی چییە؟

ــ حیزبی زستانە! خۆ بەیاننامەی دامەزراندنیم بۆ هێنای!

ــ وابوو. بە خەتێکی شەڕەپشیلەی زۆر ناخۆش نووسرابوو، بۆم نەخوێندرایەوە.. حیزبی زستانە!.. ناوێکی غەریبە.. باشە ناو بڕابوو؟!

ــ پیاوی سیاسی دەبێ دەرفەت بقۆزێتەوە.. هێشتا هاوین بوو، پێشبینیمان کرد کە ئەم زستانە نەوت نابێ خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە. کارەباش دەرقەت نایەت و پەکی دەکەوێ. وتمان بەڵکوو ئەم بۆشاییە بقۆزینەوە و بتوانین جەماوەر لە خۆمان خڕبکەینەوە. ئەگەر بڵێی لە بنەڕەتدا بیرۆکەکە هی من بوو. ئەوە بوو ناومانانا حیزبی زستانە.

ــ جا جەماوەرتان لە دەور خڕبۆتەوە؟

ــ سەرەتا هەر خۆم و نەجم و ئەوڕەحمان بووین.

ــ ئەوە دەکاتە حیزبێکی سێ قۆڵی.

ــ زۆر حیزب لە دنیادا وەها پێکهاتوون!

ــ ئافرەتی تێدایە؟

ــ دەبوو لە ماڵی خۆمانەوە دەستپێبکەین، کەچی دایکی هیچکاممان حەزی لە سیاسەت نییە. خوشکەکانیشمان سەر بە قوتابیان و خوێندکارانن. بەڵام بەم دواییە بێوەژنێک ببووە دۆستمان.

ــ بێوەژن؟!

ــ ئا، بێوەژنێکی تەڵاقدراو بوو!

ــ بیرم کەوتەوە، ئەگەر تۆ بەرپرسی دارایی نیت دەکرێ بە ئاسانی لێیدەربچیت.. با ئەوانی دیکە کرێکە بدەن!

ــ ئاخر کێشەکە لێرەدایە بابەگیان. سەرەتا بوومە جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی پەیوەندییەکان.

ــ نەتزانی پۆستی بەرپرسی دارایی گرینگترە!

ــ با بۆت باسبکەم: نەجم بوو بە سکرتێری گشتی و ئەوڕەحمان بە بەرپرسی دارایی. دوای چەند مانگێک حیزبی زستانە دووکەرت بوو. نەجم ئەوڕەحمانی فریودا و لەگەڵ خۆی بردی. پێکەوە حیزبێکی نوێیان دروستکرد بە ناوی (حیزبی زستانە و هاوینە)وە. نەجم لەوێش هەر سکرتێری گشتی بوو.

ــ پێویستی بە جیابوونەوە نەدەکرد. ناوەکەیتان بگۆڕیایە. تۆش لە گەڵیان دەمایتەوە و بڕایەوە!

ــ ئاخر ئەوان بە دزیی منەوە کارەکەیان براندبۆوە.

ــ دیارە بڕوایان پێت نەماوە بۆیە لە سەریان نەکردووی. ئەگەر بڕوایان پێت هەبوایە فنیشیان نەدەکردی!

ــ ئاخر وەها نییە بابەگیان. پێدەچێ ئەوان تەنیا و تەنیا مەبەستیان ئەوە بووبێ کرێ دوکانی، بڵێم کرێی شەش مانگی بارەگا بە من بدەن.

ــ باشە تۆ و نەجم لە دید و بۆچووندا جیاوازیتان چییە؟

ــ ئەو بۆچوونی وەها بوو جەماوەری کوردستان وەک چۆن زستان لە سەرماندا هەڵدەلەرزن، لە هاوینیشدا دوچاری گەرما دەبن. چونکە کارەبا هەر لە زستانەوە پەکی دەکەوێ. بۆیە هاوین کوندیشن و پانکە و بەفر نابن. لە بەرنامەکەیاندا بۆ هاوین بەڵێنی گۆمی مەلە و باوەشێنیشیان بە جەماوەر داوە. ئەگەر ئیمکانیش بوو، لە دەرەوە (مولدە)دێنن. وێڕای بەڵێنی لێفە و بەتانی و گۆرەویی خوری و دەستەوانە و پاڵتۆی ئەستوور بۆ زستانەکە.. ئیتر ئەوەبوو نەجم حیزبێکی نوێی بە ناوی (حیزبی زستانە و هاوینە)وە ڕاگەیاند و لە منی نەگێڕایەوە. بۆ نەگبەتی (عەقد)ی دوکانەکەیش لە ئەستۆی من بوو.

ــ باشە نەجم هیچی بۆ زستان کردووە تا خەڵک بڕوا بە بەڵێنەکانی هاوینی بکەن؟

ــ نەجم هەلپەرست بوو. دەنا ئێمە سوێندمان بۆ یەکدی خواردبوو لە خێر و شەڕدا هاوبەش بین. قەول وابوو: ئەگەر نەمانتوانی بەڵێنەکانی زستان ببەینەسەر، وەک حیزبێکی کوردستانیی ڕەسەن ڕوو لە کەلەپوور بکەین و ئەو پەندە بکەینە سەر

مەشق کە دەڵێ: (زستانان پینە و پەڕۆ، هاوینان قنج قنج بڕۆ.)

ــ دیارە زۆر بە گران داوتە بە کۆڵتا؟

ــ بێگومان!.. لەگەڵ نەجم هاوڕێی منداڵیین و کوڕی گەڕەکێکین. دوای ئەوەش ناکۆکییەکی ئەوتۆمان لە نێواندا نەبوو، کەچی ئەو هێندە کەمفرسەت بوو، حیزبی زستانە سێ چوار دۆستی هەبوون، ئەوانیشی فریودان و لەگەڵ خۆی بردنی.

ــ دەبوایە یەکەم کۆبوونەوە بتزانیبا کە نەجم دیکتاتۆرە.

ــ بە چدا؟.. خۆ فەتاح فاڵم پێ نییە؟!

ــ چونکە هەموو سکرتێرە گشتییەکان دیکتاتۆرن. ئەگەر نەجم دیکتاتۆر نییە ئەو (گشتی)یەی بۆ بە قوونی خۆیەوە ناوە؟ خۆ ئێوە بە هەمووتان تیپێکی ڤالیبۆڵتان لێ پێکنایەت. (سکرتێر) سەرو زیادێتی.

ــ ئەی ئافەرین بابەگیان دیارە تۆیش سیاسەتمەداری!

ــ تۆ لەوەی گەڕێ. دۆستەکان دەوڵەمەند بوون؟

ــ نەخێر، زیاتر سیحر لە نێوەکانیاندا هەبوو. نێویان پشکۆ و گەرمیان و بڵێسە بوون.. سێ نێوی زستانەن. گەرمی بەخشن. تۆ هەر بە نێوهێنانیان گەرمیت پێدەگات!

ــ ئەمە یەکەمجارە نێوی زستانە ببیستم. ئەی بۆ لە کاتی خۆیدا بەیانێکت لە سەر نەجم دەرنەکرد؟

ــ نیازم هەبوو بەیانێکی تێر و تەسەلی لە سەر بڵاو بکەمەوە. بەیانێکی گورچکبڕی وەهاهەر بەجارێک تەختی بکەم. بەڵام پارەی چاپ و ڕاکێشانیم نەبوو! پاشان ئەوانیش خراپیان لێقەوما!

ــ لێقەومانەکەیان چۆن بو هەڤاڵ؟

ــ پشکۆ کە سەرەتا دۆستی حیزبی زستانە بوو، نەجم لە (حیزبی زستانە و هاوینە)دا کردبووی بە ئەندامی سەرکردایەتی، نەیکردە نامەردی دوای مانگێک جیابۆوە. هەموویان لەگەڵی چوون. ئیدی نەجمی سکرتێری گشتی بە تەنێ مایەوە.

ــ وەڵڵا ئافەرین. خوای تۆ پێی نواند.. دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

ــ دوای ئەوە پوولێکیان بە نەجمەوە نا. پشکۆ حیزبێکی نوێی بە ناوی (حیزبی چوارووەرزی)یەوە دامەزراند. پشکۆ وەهای بۆ دەچێ کە مرۆڤی کورد هەر چوار وەرزەکە دوچاری سەرما و گەرما و برسێتی و فشار دەبێ. ئەو لە بەیاننامەی دامەزراندندا بەڵێنی بە جەماوەر داوە: وێڕای پێویستییەکانی زستان و هاوین، بەهاران بۆ سەیرانیان ببات و پاییزانیش هەر لە ساوەر و ترخێنە و دۆشاوی تەماتەوە بیگرە هەتا دەگاتە قەرمخەرمان و گەنمەکوتاو، ئازووخەیان بۆ بخات.

ــ بە ویژدانم پشکۆ لە هەمووتان وریاترە، هەتیو تۆ لە قوتابخانەشدا بە دوو ساڵ ئەمجا پۆلێکت دەبڕی، ئەویش بە ئیکمالی!

ــ نا بابەگیان نا. خۆ مەسەلەکە بە زیرەکی و تەمبەڵی و شەهادە نییە. حەز دەکەی ئێستا شازدە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبانەت بۆ بژمێرم کە هەموویان نەخوێندەوارن.

ــ ئەی مەسەلەکە چییە؟

ــ مەسەلەکە ئیمکانیاتە. من لە ژیانی سیاسی خۆمدا شتێکی زۆر گرینگ فێر بووم.

ــ هەر ئەقڵە لە خەسارێک. ئادەی ئەو شتە گرینگە فێری باوکی خۆشت بکە!

ــ ئا، ئیمکانیاتمان هەیە.. ئیمکانیاتمان نییە. مومکین دەبێ، مومکین نابێ. ئەم قسانە هەموویان یەک واتا دەبەخشن بابەگیان!

ــ واتایان چییە هەڤاڵ؟

ــ ئیمکانیات واتە: پارە!! ئەگەر پارەم هەبوایە نەک نەجم و پشکۆ، بەڵکوو دو زلهێزەکەشم بۆڕ دەدان. دە تۆیش بابە کرێی شەش مانگی دوکانەکەم بۆ بدە!

ــ دامنا ساڵی سالانە و بە حەوت سفرەوە گەڕاویتەوە. دوو کاوڕە لاتم هەن. سبەی بیانبە بۆ مەیدان.. نانا خۆم دەیاندەمە پێش. گومانم هەیە.. لە مەشەیاندا سەرکەوتوو نابی.. سبەی دوامکەوە ئەمەشت بۆ دەبژێرم.. ئەی بێوەژنەکەی دۆستی زستانە لەکوێ گیرسایەوە؟

ــ ئێستا خێزانی سکرتێری گشتیی حیزبی چوار وەرزەیە.. خێزانی پشکۆیە!

ــ بزانە.. بێوەژنێکیشت پێ هەڵنەخەڵەتا هەی سیاسەت نەدار! ■

## گوڵ چاندن بقەیە

عەباس شوان

لە تایمی چوونە سەرئاوکردن، بە پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاست یەکدووجار ژەندمە هاوزیندانە نوستووەکەم.

بەخەبەر هات، لە شوێنی خۆی چوار مەشقی دانیشت، بە هەر دوو پشتی دەست کەوتە هەڵگلۆفینی چاو و برۆ ڕەشەکانی.

ــ دەمێکە نوستووی، وەختی دەست بە ئاوگەیاندنە.

هەڵنەسایە سەر پێ و بڕوات، لە سەرخۆ بە میهرەوە ڕووی دەمی تێکردم، وتی:

ــ لێت تێکدام، خەوم دەبینی، وەک ئێستا پێکەوە بووین، حکوومەتی بەعس گەڕابووەوە، مەفرەزەی سەرباز و ئاسایش و جەیشی شەعبی بە هەموو شوێنێکدا بڵاوببوونەوە، بەرببوونە گیانی خەڵکی و داوای پێناسەیان دەکرد، پیر و گەنجانیان دەگرت... زۆر سەیر بوو هەروەک نابینا بن لە ئاست ئێمە، لێیان نەدەپرسین کە بە سەر ڕاستە شەقامەکەی کانێسکاندا بەرەو ژوور دەڕۆیشتین و تۆ گوڵ.. ئا.. ئا گوڵت لە نێو چاڵە هەڵکەنراوەکانی قەراغ شۆستەکە دەڕواند..

تۆزێ ڕامام، هیچم بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ گەرماوگەرم بڵێم:

ــ ئیتر ئەڵێی چی! حکوومەت هەرگیز لەگەڵ چاندنی گوڵێکدا نەبووە کە خەڵکی سەربەخۆیانە بیچێنن!! بۆ خۆشت دەزانی لە سەر چاندنی گوڵی ڕاستی خزێنراومەتە ئێرەکانێ. ■

# هەنار

یادێک لە مامۆستای زانای مەزنمان ، کاک تەهای فەیزی زادە.

کوردان کەریم مەحموود

دە رۆژ شەستەبارانی بێ پسانەوە، هەردی بەرینی مەڵبەندی بە چەشنێک خووساندووە، کە تەنانەت بەردی هەردیش ئاوی لێ هەڵدەچۆڕێت. ئاو بە خڕ و دۆڵەکاندا لێڵی لێڵ دێتەخوار و لەخوار دێدا تێکەڵی چۆمەچکۆڵەی خوار دێ دەبێتەوە. چۆمەچکۆڵەی دێ کولاوکوول هەستاوە و بەستێن و مێشەڵان و داوێنی لەوەڕگەکانی خوار دێیشی داگرتووە. ڕەقێنی دانگەی مەڕی بەرماڵان ئاویان تێدا کۆبۆتەوە. دێبەرەکان وەک زۆنگ زەلیون و پێ لەهەر شوێنێک دابنێی، هەتا قولاپەی پێ نوقمی قوڕ دەبی. ڕۆژ نییە سەربانی زۆربەی ماڵەکانی دێ بە پشتە خاکەنداز نەکوترێنەوە و باگردێنیان پێدا نەگێڕدرێت، کەچی وادیارە هەتا ئەم بارانە لە بارین دابێ، دڵۆپەی ناوماڵان بەری پێ ناگیرێت. جۆگە بچکۆڵانەکەی نێوەڕاستی دێ پڕاوپڕ ئاوی پێدا دێت و بە چەشنی چەمێکی بچکۆلانە، دێی دوولەت کردووە. لەو بەری دێ ، لەبەر هەیوانێکی کورتی نیوە داڕووخاو دا دە دوازدە منداڵی هاوتەمەن، کتێب بەژێرباخەڵەوە، خەریکی گەمە و یاری کردن و شەڕەچەقەن. لەم بەرەشەوە، چەند پیرەپیاو لەپەنا پەنجەرە شینەکانی بەر هەیوانی مزگەوت دانیشتوون و بەددەم دووکەڵ بەباکردنەوە، هێدی هێدی خەریکی گێڕانەوەی کۆنە بەسەرهاتانن. کەمێک خوارتری مزگەوت، لە ژێر پەناگەی پەلەسوانەی ماڵێکدا، کوڕە گەنجێکی بالابەرز ڕاوەستاوە و وەک بڵێی سەیری سەفەری بەپەلەی هەور و مژی ئاسۆی دووردەستان بکات، نوقمی بیرێکی قووڵە.

کەمێک ژێراتر، کوڕەگەنجێکی تر ڕێی هەر ئەو شوێنەی گرتۆتەبەر، کە وا کوڕەکەی تری لێ ڕاوەستاوە. لێی نزیک دەبێتەوە و بانگ دەکا:

ـ ئیسماعیل!... ئیسماعیل!...

گەنجەکە بە دەنگی خۆشی دۆست و ئاسیاوی خۆی بەئاگا دێتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەیکە چاو لە دوورە دەستان هەڵبگرێ ، زۆر بە دڵتەنگی وەڵام دەداتەوە :

ـ بەڵێ مامۆستا سلێمان... وەرە برا گیان... وەرە!... ئەوە لە کوێی؟ باش بوو هاتی... بڕوام پێ بکە چی نەماوە گیانم دەربچێ ...

ـ بۆ چما هێستا ملی نەداوە؟

ـ مل دانی چی مامۆستا ؟!... چۆن و بەچی مل بدات؟... پێم وانییە لە حەیاتی خۆیدا قەت ملی دابێت. کەڵەوەکێش و کەللە وشکێکە تای خۆی لەم دیو لەو دیوان دا دەست ناکەوێ... باوکی خۆمە و باش دەیناسم و دەزانم چ چەپ و چیرێکە و چەندە وشکە دەمارە. پیری بوڕهانەکەیشی دە دڵی بنێ ، هێشتا زەحمەتە مل بدات ...

ـ سەیرە!... پیاوێکی لەم تەمەنە دا بەم چەشنە وشک و کەللەیی بێ، زۆر سەیرە!... باشە قسەی ئاخرینێ چییە و دەڵێ چی؟

ـ هیچ!... سێ ڕۆژ پێشتر چی دەگوت، هەر ئەوەیە و چیتر...

ـ ئیسماعیل لێ بگەڕێ با من بچمە لای، من ئەمجارەکەش دەچمە لای و پێی دەڵێم. ئەگەر هەر پێی داگرت و ملی نەدا، شەڕی دەگەڵ دەکەم و بە زۆری ملی پێ دەدەم و...

ـ نەکەی مامۆستا... نەکەی ! ئیتر ئەمە لەتۆ ئاوەشێتەوە و بۆ تۆ نابێ. من چۆن دەهێڵم تۆ ئامبازی ورچی بریندار ببیت!... خۆ من ئیمڕۆ چیم نەگوت کە لێم دەرهەڵبوو! هەر نەک جوێنی پێدام و سووکایەتی پێ کردم، بەڵکە دەستیشی لێ هەڵێنامەوە... هەر پێش پێی تۆ، لەبەر چاوی ژن و ژاڵان تێی هەڵدام و لە ژوور دەری کردم. بەسەرمی دا شریخانە و چی جوێنی مەنگوڕایەتی و گەورکایەتی بوو، بە سەرمی دا باراند. دیارە لەم هەرا و جوێن و سووکایەتییەدا ئەتۆیشی بێ بەری نەکرد. تۆی بە بێ دین و، منی بە دین وەرگەڕاوی دەست پەروەردەی تۆ زڕاند. هەر نەک تاک خودی خۆت، بگرە مەدرەسە و قەڵەم و کتێبەکەیشتی تەقاندەوە... بچیتە ژوور، دەترسم لەبەر چاوی ژن و منداڵان دەستت لێ هەڵێنێتەوە و حەیامان پێ نەهێڵێت. باوکی خۆمە و باش دەیناسم. لە کات و دەمی تووڕەبوونی دا بەری چاوی تاریک دەبێ و ئەگەر دەست لە باوکەکەی خۆیشی هەڵ بێنێتەوە، هیچ غەورێکی لە دڵ نانیشێت... نەخێر تۆ دەستی لێ هەڵگری باشە... لێی گەڕێ ...

ـ چی لێ گەڕێم و چلۆنی دەست لێ هەڵگرم ئیسماعیل... ئەدی هەنارەکەت بمرێ ؟!...

[هەنار بمرێ ؟! وەی کە هەنار بمرێ ڕەنگ لە چاوانم دا دەمرێ و ڕۆژی ڕووناک قەت بەچاو نابینمەوە. هەموو ئێواران و سبەینان سەحەری، هەنار گیانەکەم وەک گوڵی ناو گوڵزاران بۆم ئەخەملێ و بەرامەی سمڵ و میخەکی بەرکۆژەکەی بەسەرم دا ئەکشێت، بەهاری تەمەنم بۆ هەمیشە لە ژێر پێی پایز دا دەمرێ.

هەنار لەسەرپێ نەمێنێ و هەموو ڕۆژێک لەسەر کانیەکەی بەرمالآن کۆتری نەشنیێتەوە و، بە لەنجـــە و لاری بەژنی نەوتوولی تەلی تاری موسیقای ئارەزوو لە هەناوم دا نەلەرێنێ، تامی ڕاوەستان و تووانی ڕابوونم نامێنێ و لە ڕگەوە پێ ڕادێم. سێبەری هەنارم لەسەر نەبێ و هەنار سێبەرم لەسەر نەکا، وەک زناوی ناو سنگی بیابانانی تاوەسووتی بێ بارژن، بۆ هەتا هەتایە ئاوێتــە و ئاوێزانی تراویلکەی ناو چۆلەزاران دەبم و تەڕاییم بەبا دەچێت. هەنار بمرێ، کانیاوم وشکاوی دێت، خۆرم تیشک ناوێژێ، گوێچکەم بەدەنگی خۆش ناکرێتەوە، گوڵم بەرامـەی هەڵاڵە ناپرژێنێ، پەپولە و هەنگی ئارەزووم لە هەڵمژینی هەڵاڵە بێ بەری دەبن ... هەنار بمرێ دنیای دڵم کاول دەبێ و کاوم کوێر دەبێتەوە و...]

ـ بیری چی هەڵی گرتووی ئیسماعیل؟ گەر دەست لە سەر دەست دابنێین، هەنار تێدا دەچێت... دەبێ دەست و بردێک بکەین و بزووین. لە گوندەوە هەتا دەگەینە سەر جادە، کاتژمێرێکمان سەڵتەڕێ لەبەرە. نازانم پەڵەبارانی بێ پسانەوەی ئەم دە ڕۆژەیش چی بەسەر کەند و لەندان هێناوە و بارمان چلۆن پێیدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام هەرچی هەیە و هەرچی دەبێ با ببێ، دەبێ ببزووین... دەی خێرا دەست و بردێک بکە و ببزوو !

ئیسماعیل بەپرتاو چاوی لە دووردەستان هەڵگرت و گورج بۆ مامۆستاسلێمان چوو. لێی نزیک کەوتەوە، ئەوەندەی لێ نزیک کەوتەوە، موویان لەنێواندا نەما. هاوارێک لە دەمی ئیسماعیل دا ڕێی بە ئەسپایی بری و بوو بە چپەیەکی بەئەسپایی:

ـ مامۆستاگیان، تۆ ناتوانی ئەو کۆنە گومبەزە داڕووخێنی کە لە ژێریا فەلسەفەیەکی کۆنتری تێدا جێگر کراوە... تۆ... من... من و تۆ لەم ئاواییەدا دوو کەسین. کوا، کەی من و تۆ دەتوانین لقە لە با بدەین و پشتی تۆفان بە مست بشکێنین! شەڕ دژ بە کۆنەقەڵفی پەل و پای باوڕی باوکان زەحمەتە بۆمان مامۆستا گیان!... تۆ دەست لەم هەرایە هەڵگرە و ڕێی خوێندنگەت بگرە و بڕۆ. تۆ و فێرگەکەت... تۆ و منداڵە مل بەکرێژە پێخاوسە برسییەکانی خوێندنگەکەت!... مرۆتە سوور و ڕابی گۆج دەستیان لە هەنار شوردووە و دەڵێین هەناریش وەکی دایکی لەسەرێتی. ئەوان و هەموویان دەڵێن چی ئافرەتی کە لەسەری بێ، چاری دەردی نایە! یان دایک لەسەر کاسە پێی دەچێت، یان کۆرپەی ساوا لە بەرەژانانەدا دەخنکێ، یان هەر دووکیان. دایکی هەنار بەم ئازارە چووە، ڕەنگە هەناریش پێی بچێ! لەوانەشە دایک و زارۆک پێکەوە بڕۆن... من لە جوابیاندا ڕێی شارم دەسنیشان کرد، کەچی ڕابی گۆج و مرۆتەسوور سەریان لێ بادام و بە ئەقڵی ساکارم زۆر بەناحەزی پێکەنین. باوکیشم لێم دەرهەڵبوو. باوکم، مرۆتەسوور و ڕابی گۆجی لەو ژێرانەوە بۆ دەرمانی دەردی هەنار کێشاوەتە ئێرە. ئەوان باوەڕیان چییە و چی دەبێژن، هەر ئەمەیە و چی تر نابێ. مرۆتەسوور نێوکی هەزار و یەک منداڵی ئەم دوو دۆڵەی بڕیوە و هەزارەی لە نێوک بڕین دا تەواو کردووە. دەڵێن ڕاوچی هەزار نێچیر بکوژێ، ئیتر هیچ نێچیرێک پێی ڕاکردنی نامێنێت و ڕاو بە کاوی دڵی ڕاوکەر دەبێ و ڕاوبەتاڵی ناوی نامێنێ. ڕابی گۆجیش چەندین جار بە نیوەشەوی ساردی چلەی زستان لە ماڵ براوەتە دەر و لە نێو شاخ و هەڵەمووتی هەزار دۆڵ و دەرەی کوێستانی«برایم جەلال»دا خاس مامانەتیی بەرلنگی شاژنی جنۆکانی پێکراوە. چی حەشیمەتی کە لەم دوو دۆڵە دان، دەس لەمل دەدەن کە ئەم دووە چاو بچووقێنن، ژن دەزێن. چاو بنووقێنن دەزانن کێ چی لەسەرە و کێ بەچی دەچێ. هەر دووکیان سەرینی دڵنیاییان خستۆتە ژێر سەری باوکم و دەستیان لە هەنار پێ شوردووین. تەنانەت لە ئاخرسەر دا و، لە بەر دڵی باوکم کە خاڵۆیەتی، ڕابی گۆج مووڕووی ملوانکەکەی ئەستۆیشی بەسەر زگی هەنار دا خشاندووە، بەڵام دەستێکی کە گۆیا لەسەر هەنارە، لە حوکمی مووڕووی ملی ڕابی گۆج دا نییە و ملوانکە دەرودستی نایە. مووڕووی ملی ڕابی گۆج لە ئێسقانی لوولاکی ژنی تێرمنداڵی جنۆکان سازکراوە و شاژنی جنۆکان ئەمی خەڵاتی ملی ڕابی گۆج کردووە. یەکجار خشاندنی ملوانکەی ملی ڕابی گۆج بەسەر زگی ژنی دووگیان دا، ڕۆژێک لە تەمەنی ڕابی کەم دەکاتەوە. ڕابی گۆج ڕۆژێک لە تەمەنی خۆی دەبەر کەم کەسان دەمرێنێ. ئەو لەبەر خاتری خاترداران ڕۆژێک لە تەمەنی خۆیی دەبەر هەنار مراندووە، بەڵام گۆیا ئەوەیکە لەسەر هەنارە، لەژێر فەرمانی ملوانکەی ڕابی گۆج دا نییە ؛ یان هەنار یان کۆرپەکەی، لەوانەشە هەر دووکیان...

ـ ئیسماعیل !... ئیسماعیل !!

ـ بەڵێ مامۆستا!... نەخێر من دەگەڵ ئەمانە نیم... ئەمانە کاوێژی وتەی دەمی حەشیمەتی ناو ژوورەکەی ماڵی خۆمانە و من بۆ تۆی دەگێڕمەوە. من لە چاردەوە پێم لە دێ بردۆتە دەر. لە چاردە هەتا بیست و دووی تەمەنم لە کورەخانەی هەندەراندا تێپەڕم کردووە و لەم ماوەیەدا بازنەی تەنگی بیرم بە تەواوی کراوەتەوە. لەوەتی تۆیشم دیوە و ناسیومی، ئیتر ئیسماعیلەکەی جاری جاران نەماوم. بەڵام کوا کەی بەگوڵێک بەهار دێ مامۆستا!؟... خۆت دەزانی کە من نیازی چوونی شارم لەسەر دابوو. بارانی ئەم دەرۆژە ماڵی شێواندم و کار و بەرنامەکەمی تێک دا. لە بەختی بەدفەڕم، هەناریش زووتری دەست پێکرد. من پێم وابوو... هەروەها هەناریش هەر پێی وابوو کە مانگێکی تری ماوە و پاش مانگی خەزەڵوەر بەرەژانی دەست پێدەکات. پێم وابوو پاش بارانان بە تەسەلی دەتوانین بەرەو شار ببین و لەوێ بار دابنێین ...

ـ بەرنامە تێک نەچووە ئیسماعیل. هەتا سەرجادە کاتژمێرێکمان سەڵتەڕێ لەبەرە و هەر ئەوەندەش بە ماشێن هەتا شار؛ بە دوو کاتژمێران دەگەینە شار... دەرمان و دوکتور دەفریای هەنارەکەت دێت و تەواو!... سەیرکە ئیسماعیل!... سەیرکە ئەوا مام فەرەجی باوکیشت لە ماڵ هاتە دەر. وەرە با بزانین خەبەر چییە و هەنارەکەت چۆنە و ئاخر قسەی مام فەرەج چییە...

ـ من نایەم مامۆستاسلێمان... من نایەم، تۆ چی دەکەی، بیکە... من نایەم.

***

ـ خۆش خەبەربی مام فەرەج !... داخوا خەبەر چییە و هەناری بووکت لە چ حاڵدایە ؟...

ـ خێر دەبێ ئیشەڵلا... چی نووسراوە، هەر ئەو دەبێ...

ـ مام فەرەج ئەوا ئیمرۆ دەبێتە سێیەم ڕۆژ... سێ ڕۆژ بۆ ئافرەتی دووگیان زۆرە بە ژانانەوە بوون... دەڵێم...

- چی نووسراوە، هەر ئەو دەبێ و لە سەری مەڕۆ!... دە ڕۆژی دیکەش بەژانانەوە بێ، چ قەیدی نییە. هەتا ئەمری هاتنەدەری پێ نەدرێ، منداڵ لە دایکی نابێتەوە... مەلا دەڵێ... کتێب دەڵێ... پێم وایە کتێبی تور ئەوهانەی تێدا نین میرزا !!

- دەرد و ئازار هەیە مام فەرەج، دەرمانیش هەیە... ئەو کەسەی کە دەرد و ئازاری داناوە، دەوا و دەرمانیشی بۆ داناوە. هەتا شار دوو سەعاتە ڕێمان لەبەرە. لەوێ، دەیان چازان و دوکتور ئامادەی خزمەت ڕاوەستاون. بە خەروار دەوا و دەرمان لە نەخۆشخانەکاندا بۆ حاڵی پەرێشانی هەنارەکان داندراوە... ناکرێ بۆ دوو سەعاتە ڕێیان دوو کەسان قوربانی بکەیت مام فەرەج...

- گوتم لە سەری مەڕۆ بەرخم!... چی نووسراوە هەر ئەو دەبێ... هەنار چ لێرە بێت و چ لەبۆ شار بچێ، چارەنووسەکەی لە پەنایەتی و لێی نابێتەوە. من لەجیاتی مامانێک، دوو خاس مامانم لەبۆ هێناوە... باری تەعالا بیدا و لێمانی نەستێنێتەوە، هیچ ئازارێک نای گەزێ ؛ بێتوو ئەویش نەیدا، هەزار و یەک حەکیم و لوقمانانی لەبۆ ڕەکێش بکەی، پەکی پێی ناکەوێ و هەر هەمووی بەبا دەچێ.

- مام فەرەج تۆ بۆچی مل نادەی؟ ئەوانەی کە تۆ دەیڵێی، وانییە!... من و ئیسماعیل هەڵی دەگرین و دەیبەینە شار و...

- ئاجایز دەکەی... هەنار بووکی منە... جارێکی دیکە باسی هەنار بکەی لە دێ دەرت دەکەم و لێرەت ناهێڵم... تۆ شوانی منداڵانی دێی و لە بۆ منداڵانمان ڕاگرتوویی. تۆ دەخڵت بەسەر ئەم کارانەوە نییە و بەس لە نێو منداڵان دا حوکمت ڕەوایە...

- مام فەرەج منیش کوری تۆم و برای ئیسماعیلم... چیم پێ دەڵێی ، پێم بڵێ و یەکیشی مەگێڕەوە... بەڵام ڕجات لێدەکەم ڕێمان بدە با هەنار بەرینە شار... مام فەرەج هێشتا درەنگ نەبووە و نەچووە بچێ... فەرمایش و فەرموودەی تۆ دەتوانێ دوو کەسان لە دەست مردن بستێنێتەوە و بە پێچەوانەش... تۆ پیرت مام فەرەج ڕێمان پێ بدە و دڵمان مەشکێنە ... تۆ ...

- دەڵێم لەسەری مەڕۆ !... ڕێیە خۆت بگرە و بڕۆ !...

- ئەی ئەگەر هەنار تێدا بچێت دەڵێی چی و جوابت چییە مام فەرەج... خۆ ئیتر ئەوددم ناتوانی...

- پەح!!... سەلا لە ئەقڵی ناتەواوت!... فەرەجی حاجی ئیسماعیل ئیوهای لێ بەسەرهاتووە دەمڕووتێک جوابی لێ بستێنێتەوە... کوڕە دەڵێم هەی...

- نەخێر مام فەرەج... تۆ سەبرت بێ مام فەرەج... مەبەست... ئەگەر هەنار بمرێ، ئیسماعیل چبکا و ڕوو لە کوێ بکا ؟!

- ئەگەر ئیسماعیل کوڕی من بێ و برادەری باشتری هەبێ، لەجێی ژنێک چوارانی لەبۆ دێنمەوە... کوڕی منیش نەبێ و دەستەبرای پیاوی بێ پیر بێ ، وەک سەگ بە لەعنەتی دەکەم و لە بەر دەرگاکەمی دەر دەکەم... ڕای ناگرمەوە...

- تۆ بۆچ دەنگت نایە ئیسماعیل؟ دەسا ئەتۆش دەنگت بێ!!... هەنار خێزانی تۆیە و لەوانەیە خێزانەکەت دوو شەوی دی بەرگەی ئەم ئازارە نەگرێ. لەوانەیە منداڵەکاتان لە تەنگانەدا بخنکێت و دایکیشی تووشی مەترسی بکات... دەڵێم... دەڵێم تۆ بۆچ ناچیتە بنکە و هاواری خۆت بەگوێی کوڕەکانی بنکە ڕاناگەیەنی... ڕێیە نیو سەعاتە... بەشکەم ئەوان...

- ئیسماعیل دەگەڵ تۆ ناجایز دەکا هاوار بۆ قوڵلەغ و دەمڕووت و سەر ڕووتان دەبا...

- مام فەرەج تۆ بۆت نییە کوڕانی زانای میللەت بە دەمڕووت و قوڵلەغ ناو بەری.

- پەح ح ح !! کێ نانت دەدا بەرخم ؟!... من یان کوڕەکانی بنکە؟ دەی ئەگەر سلاوات لە دیداری کوڕانی زانای میللەت لێ دەدی، هەر لەم سەعاتەوە دەبێ ئەوان نانت بدەن ... نانی من بۆ گەرووی پیاوی وەک تۆ نابێ. منداڵی منیش نابێ شوێنی کوڕانی زانای میللەت بگرن... تەواو و بڕایەوە!

- مام فەرەج تۆ هەڵەی... لەم بابەتەوە تەواو هەڵەی... ئەوان کوڕانی هەڵبژێردراوی شارن... خوێندەوار و خوێندکارانی زانای شارەکانن...

- هەهەهە... بەڵێ، بەڵێ کوڕی شارن، ناسک و نازدارن، خوێندەوارن، لە کۆشک و دیوەخانان دا گەورە کراون، لەشار هەڵاتوون و پەنایان بۆ دێ هێناوە. دەسا تۆ خوداکەتان خەڵکینە وەرن و شەرعی من و ئەم میرزایە بکەن... ئەرێ خودا لە کەسێک ئەگۆڕێ و چەواشەی ئەکا، بڵێی لە کۆشی خۆشی و حەسانەوە ڕابکات و خۆی بخاتە نێو زگی کەساسی و چارە ڕەشیی دێهاتەوە؟... تۆبی و خودا من کوڕی هەڵبژێردراوی شار بم، ڕوو لە دێهات دەکەم و ڕێگاکەم دوور دەکەمەوە؟! خۆ ئەگەر کوڕانی زانای بنکەکەت لە جیاتی هەڵاتن لەشار و دوور بوونەوە لە حەکیم و لە نەخۆشخانان، حەکیم و نەخۆشخانەیان لێ نزیک کردباینەوە گرفتمان زووتر ڕەها دەبوو... بەتووش وانییە میرزا؟!

- نەخێر !... ئەوان بۆ بنەبڕکردنی زۆرداری و بۆ سەقامگیرکردنی یەکسانی دەستیان لە حەسانەوەی خۆیان هەڵگرتووە. بۆ ئەستاندنەوەی مافی ئێوەی بێ بەش ڕوویان لە دێهات کردووە. ئەوان زانایانە ئەم ڕێگەیەیان بۆ بەرقەرارکردنی داهاتوویەکی ڕوونی میللەت هەڵبژاردووە... بۆ دەرمانی دەردی من و تۆ هەستاون مام فەرەج...

- دەردی چی و دەرمانی چی؟!... ئەوە چ دەرمان کردنێکە ئەمانە دەیکەن؟... کۆشک و تەلاری شاریان جێ هێشتووە و هەروەکی من لە خانووی دیوار قوڕینی لار و وێڕ دا دەژین. حەمام و خاوێنی و پوخت و پاراوی شاریان دەست لێ شوردووە و، چەشنی منی چڵکنی دژوێن، بە چڵکاوی چەمی خوارماڵان خۆیان پشیلەشۆر دەکەن. من لە کوێ ئاو دەخۆمەوە، ئەوانیش لێی دەخۆنەوە. من لە کوێ بۆ کاری پێشاو دادەنیشم، ئەوانیش شان بەشانی من دادەنیشن و قەراغ چەم و دۆڵیان لێ پڕکردووین... کوا کەی بەردێکیان ناوەتە سەر بەردێکی تر، تا کوو منی گوێلپاری کێوی لێیان فێر ببم... حوکمات ڕێی شارەکانی لە دێهاتی تەنگ کردۆتەوە، کوڕەکانی بنکەش وەکی من بۆ کوتاڵ و پێڵاو و پەتاتە و قەند و چای شاران لە شەقەتۆڵە کەوتوون... هەفتە نییە کوڕەکانی بنکە، شەو بەسەر ماڵاندا دابەش نەکرێن... دێن بەخێر بێن، میوان خۆشەویستی خودایە، بەڵام ئەمیان دێ بەلای ئێمەوە باسی خراپەی ئەوی تر دەکا. سبەی شەو ئەوی تریان دێ و لەو خەراپتر لەوەی پێشووتر دەژەنێ... قەت

نەبووە قسە و قەول و قەرارێکیان یەک بێ ... هیچ لایەکیان هیچ دەرمانێکیان پێ نییە بە دەردی ئێمەمانان بشێ. پیاو نازانێ گوێ بداتە کامیان و ڕوو لە کێیهەیان وەرگێڕێ... بەڵام هەرچی هەن، با بێن... ئەگەر چوار هەناریشم لێ بڕێ، ڕێ نادەم نە ئەتوو، نە ئەوان دەست دەکار و باری نێومالی من وەربدەن.. گوێت لێیە میرزا؟!

- بەڵێ مام فەرەج! بەڵێ...بەڵام تۆیش پێت وایە ئەم دنیایە سەری بە پووش گیراوە!... تۆ پێت وایە چی تۆ دڵت بیخوازێ ، دەتوانی بیڵێی و بیکەی!... هەنار بڕێنی و چوار هەناری دیکە بۆ ئیسماعیل بخوازی و ئەوانیش هەر وەکی هەنار بەم دەردە بەری و...

- زۆری لەسەر بڕۆی سەگانت تێ بەردەدەم هەتیو!... دەڵێم لەسەری مەڕۆ!...

- مام فەرەج تۆش زۆر توند مەڕۆ!... گوێ بگرە و بزانە من چی دەڵێم و چیت پێ دەڵێم. تۆی مام فەرەج پێت وایە خودای سەر ئەم هەردەی و خاوەنی هەست و نیستی ئەم خەڵکەیی. پێت وایە ئەم دنیایە سەری بە پووش گیراوە و لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە نییە. بە خەیاڵت مەحکەمە و یاسا و داوەر و میزان و تەرازوو لە سەر زەوی هەڵگیراوە و هەرچی دڵت بیخوازێ، بۆت دەلوێ و دەتوانی بیکەی؟... نەخێر مام فەرەج وەکی تۆ پێت وایە، وانییە... مراندنی هەنار و منداڵەکەی لەژێر دەستی تۆ و مزۆتەسوور و ڕابی گۆچ دا تاوانە. تاوان لێپرسینەوەی بەدوا دا دێت و لێی دەکۆڵرێتەوە... ئیمڕۆش نەبێت، سبەی، دووی، سێی، ئاخرسەر هەڵدەکەوێ خێرخودایەک چی بینیوێتی و چی ڕووی داوە، ئەیشارێتەوە و بە گوێی کتێب و قانوونی بگەیەنێتەوە... ئەوەدەم ئیتر شەل ناتوانی دەرچێ لە زەل مام فەرەج... هاتووچۆی شارانیش نەکەی و بە درێژایی هەموو تەمەن لە دێدا بمێنیتەوە، تاوانەکان نووسراون و ناسرێنەوە... تۆ ناتوانی لە دەست یاسا ئاسوودە دابنیشی... تێگەیشتی مام فەرەج؟!... ئەوە من گوتم و تۆیش بیستت...

-... گوێ بگرە میرزا!... ئاخر گوێ بگرە مامۆستا!... ڕاوەستە با پێتی بڵێم مامۆستا... بەینی خۆمان بێ و لە نێوانمان دەرنەچێ میرزا... هەنار لەسەرێتی... بەڵێ هەنار لە سەرێتی باوکەکەی باوکم... دایکی هەنار بەم دەردە چووە و هەناریش لە دایکەوە پێی براوە و لەسەرێتی... یان هەنار پێی دەچێت یان منداڵەکەی یان هەرتکیان. ئەمە لە حوکمی من و تۆ دا نییە... لە قەڵەمی حەکیم و لوقمانانیش دا نییە... کاری خودایە و دەبێ ببێ... ڕابی گۆچ سێ جاران ملوانکەی ئەجندانی بەسەر زگی هەنار دا گێڕا ! ملوانکەیەک کە ئەگەر بەسەر زگی هێستریش دا بخشێنرێت، بێشک دەی زێنێ. ڕابی لەبری جارێک، چەندجاران ئەمەی کرد. ئەوەتا لە ئیسماعیلیش بپرسە بزانە وایە یان نا...

- نەخێر وا نییە مام فەرەج. دایکی هەنار هیچ نازاری لەسەر نەبووە و هەناریش هیچی لەسەر نییە. ملوانکەی ڕابی گۆچ پڕی چڵک و چەپەڕە و بۆ ملی سەگیش نابێ... دایکی هەنار لە ژێر چاوەدێریی دوکتور دابوایە، هەتا هێستا جگە لە هەنار، لیمۆ و سێوێ و بەهێ پشی دەبوو. هەنار چاوەدێریی دوکتور و نامێری نەخۆشخانەی پێویستە مام فەرەج!...

- هەی هووو...!... ڕەحمەتێ خودا لە مردووانت بێ مام میرزا!... هەنار و لیمۆ و سێوێ و بەهێ!!... بۆچ نالێی حەوت کوڕانی دەبوو مامۆستا!... دێڵە لەشکر بەکاری چی دێ... باش بوو دایکی هەنار مرد و نەیتوانی دێڵە لەشکرمان بە سەر وەربکا... پیاو نازانێ هەنار چی پێیە... شەرتە ئەگەر بزانیایە بارەکەی کچە و کچی پێیە، لە تەنافیشیان دابایەم ئەم دەهێشت یەک هەنگاویش لە دێ بچێتە دەر. بەڵام تف لە ئەزانین... دەیبەن، بیبەن، بەڵام من دەگەڵتان نیم و یەک هەنگاو لەگەڵتان نایەم. دایکی ئیسماعیلیش قاچ بەرەو شار هەڵبێنێتەوە، قاچانی دەشکێنم... ئێمە پیاوی شار نین... ئێوە چی دەکەن، بیکەن... پێستی سەری ئیسماعیلیش بە لەعنەت دەکەم.

***

بارانی دڵۆپ ورد بە هێوری دەبارێ. تاتە بەردە تراوکەکانی پشت مالان هێندە شۆراونەتەوە، هەر دەڵێی چەور کراون، بریقەیان دێ. گەورەکچ و ژنانی دوو بەری دێ بە کۆمەڵ لە وێ ڕاوەستاون و زۆربەیان بە کلکەی لاپێچی سەریان، چاوی تەڕیان دەسڕنەوە. هەندێکیان هەر ئەوەندە بە کوڵ گەرمەشینیانە، هەر دەڵێی نازیز مردەن و تەرمی خۆشەویستیان هەر هەنووکە لە بەر چاو هەڵدەگیرێ. بە تێکڕا چاویان بڕیوەتە بەر دەگاکەی مالی مام فەرەج و چاوەڕوانی هاتنە دەری هەنار دەکەن. سەرەژنێکی بە بەژن و بالای خانومان، لە بەرەوەی ژنان ڕووی دەمی لە ئافرەتان دەکات و بەدەم گریانێکی خەستەوە دەڵێ :

- دەڵێین هەموو شت لە باریکی دەپسێ، غەدر و زۆرداری لە ئەستووری دا... ئەدی زۆرداری و زوڵم و چەوساندنەوە لەمە ئەستوورتر... ئەدی کەنگێ دەپسێ؟... بۆ ناپسێ؟!... فەرەجە شێتی باوکی ئیسماعیل سێ ژنی ڕەوانەی گۆڕستانی ئەم دێیە کردووە و هەر دەڵێی هیچ نەقەوماوە... ئەوە سێ ڕۆژە مامۆستای منداڵەکانمان دەست بە ڕیشی دا دێنێ و تکا و ڕجا لەم شێتی خوودارە دەکا، بەڵام فەرەجە شێت وەکی ورچ غەزریوە... ئیدی هەنار خوێنی لە ڕەگۆلان دا نەماوە مەزلوومە... تازە بۆ کوێی دەبەن!...

ئەوی تریان دەڵێ:

- کوا ئێمە لە ڕیزەی گیانداران دا بە حیساب بین... ئەگەر بە حیساب باین، کوا فەرەجی حاجی ئیسماعیل دەیتوانی لە نێومالێکدا خاوەنی چوارانمان بێ و دوای چواران، چواری دیکەش و... کوا ئەمە هەق و حیسابە!... ئەگەر ئێمە لە ڕیزەی دوو پێیان حیساب کرابای، پێغەمبەر و ئیمامێکمان تێدا هەڵدەکەوت کە دار و پەیاغێکمان بداتە دەست بۆ پاراستنی هەق و ماف و مزەی خۆمان...

گریانی ژنان بەرە بەرە بەرز تێ هەڵدەبێتەوە و دەبێتە دەنگ. دەنگ بەرزتر هەڵدەکشێ و دەبێتە هاوار. وەک بڵێی لە سەر گردەکەی پشت مالان یادی حسێنی کوڕی عەلی زیندوو کرابێتەوە، دوو لەپی دەستی ئافرەتان بۆ کوتانی سنگ خەریکی کێ بەرکێیەکی زۆر خێرایە. گریانیش هەر ئەوەندە خەستە، کەوچکی تێ ناگەڕێ.

هەناریان لە مالێ هێنایە دەر. خەوێکی قورسی وەک مۆتە نیشتۆتە سەر چاوەکانی هەنارەوە. دانیشتن و خۆڕاگرتن لەسەر پشتی ئەسپی بۆ ناکرێ. ئیسماعیل و مامۆستا سلێمان دارتابووتەکەی مزگەوت دێنن. کۆنە تەختەکانی

دوو پەراسووی داقڵیشاوی دارتابووتەکە، تامی کۆچی یەکجاریی تێدا خانەنشینە و بۆنی ماڵاوایی لێ هەڵدەستێت. دایکی ئیسماعیل بە بینینی دارتەرمەکە، لە توێی هەناوەوە، بە هەموو تواناوە دەگری. کەوێ و خەیاڵ، دوو خوشکەکانی ئیسماعیل لە دایکیان بە کوڵتر دەبارێن. کچ و ژنانی دێ بە بینینی ئەم گەرمە شینە، لە گردەکەی پشت ماڵانەوە شەکان دادەکشێنە خوار. شین لێک دەدرێت. کەس نازانێ کێ بۆ کێ دەگری، بەڵام گەرمە شینێکی تێکڕای ئافرەتانە.

پێخەفی سەردەمی نەوبووکێیی هەنار لە تابووتەکەدا هەنار لە هەمێز دەگرێتەوە. سەرینی ژێر سەری هەنار، حەریری لووسە و، گوڵ چندراوی دەسکار و دەسکردی خۆیەتی. هەنار دوو گوڵی گەشی لار بۆوەوەی بە خەیاتەی ئاڵ لە دوو بەری سەرینەکەدا چنیوە. گوڵێکیان جێی سەری ئیسماعیل و ئەوی تریان جێی سەری خۆیەتی. دوو گوڵەکان چوار غونچەی کاڵی وردیلانەیان لە هەمێز دا ڕاگرتووە. سەرپشتی لێفەکەیش هەر گوڵچندراوی دەسکردی خۆیەتی. لە نێوبەندی گوڵدۆزییەکەدا دوو کۆترەبارێکە لەنێو لک و پۆی گوڵزاراندا هێلانەیان کردۆتەوە و دلۆڤانانە و چوارچاو، بەسەر چوار بەچکە وردیلانەکانیان دا دەڕوانن.

کەزێ و بسکە ڕەش قەترانییەکەی هەنار لە دەوری ڕوخساری ‹› پەپکەی خواردۆتەوە. جووتی برۆی پەیوەستی، لەپاڵ قژی خاوی لاجانگەکانی دا پەنایان گرتووە. دوو ڕێز بژانگی ڕەش و گیانداری، چاوە خەوتووکان گۆشەدارتر دەنوێنن. لێوە گۆشتنەکانی هەروەکی ڕۆژانی پێشین شەکریان لێ دەبارێ و، گەورەکچەکانی دەور و بەری، هەر ئێستایش خۆزیای بیستنی نەرمە ورینگەی «خەج و سیامەند»یان لێیەتی. لووتە قیت و خۆش کەشمەکەی بە لاپەڕە تەنک و ناسکەکانیانەوە، پەسا پەسا و بە پەلە هەناسەیان پێدا دێت و دەچێت. پشووی زۆر سوارە. هەنار بێ ئاگا لە جیهانی دەور و بەرێتی. ساڵ و نیوێک بەر لەم ڕۆژە، هەنار بەئاگادارتر لە هەموو ڕۆژانی تەمەنی، هەر لە بەر ئەم دەرگایە لە ئەسپ دابەزی. هەر ئەو ڕۆژە، هەنار حەسانەوە و بەختیاریی هەموو دنیای بۆ ئیسماعیل بە دیاری هێنا. ئەو ڕۆژە چەندە جوان و ژیکەڵانە بوو هەنار، هەر ئێستاکەیش دە ئەوەندە دڵگر و دڵڕفێنە، بەڵام بێهۆش و بێ ئاگایە لە دەور و بەر.

مامۆستا سلێمان و ئیسماعیل لە پێشەوە، دوو کوڕە گەنجی هاوتەمەنیشیان لە دواوەوە، قۆڵی تابووتەکەیان گرت و خستیانە سەرشان. پۆلێک دەستەبرای ئیسماعیل لە بەرەوە ڕۆیشتن و تابووتەکە بە شوێنیان دا وەڕێ کەوت. ئەودەم کە کاروان لە ئاخر پێچی ڕێگای پشت ماڵان لەبەر چاوی دێهاتییەکان نەدیو دەبوو، دایکی ئیسماعیل داهاتەوە و پەنجەی چەپی لە قوڕی بەر پێی کاروانەکە پڕکرد و لیسپی سپیی قژی سەری خۆی پێ لە قوڕ گرت.

***

کاروانەڕێ بە تەوژمی سێڵاو شۆڕاونەتەوە. لە هەر دەروایێک لێشاوێک ئاو خۆی کێشاوەتە ناو خڕ و دۆڵێکەوە. ئاوی دەیان دۆپ و دۆڵانیش سەریان پێکەوە ناوە و کەوتوونەتە ناو چۆم. چۆم بە گرمە و هاوار و هەڕەشە و، بە تەوژمێکی گران کەنارانی ڕادەماڵێ و دەڕوا.

کاروان ئەوەندەی بۆی بکرێ، لە چەم و ئاودڕگە و زەلکاوان خۆی دەپارێزێ و هەر لاپاڵەولاپاڵ ڕێگا دەبڕێ و دەڕوا. کاروان سەعات و چارەگێک بە چۆڵ و چیایان دا دێت و سەرەنجام بە شەکەتی دەگاتە جادە؛ هەر نەک شەکەت، بەڵکە تەڕ و تلیساوەوە و ماندوو، بەڵام هومێدەوار. دەگەنە جادە، بەڵام جادە چۆڵە. بە هەویای هاتنی ماشێن نیو کاتژمێر دادەنیشن، ماشێن نایە. نیو دەبێتە یەک، دەبێتە دوو و لە دووش لادەدا، بەڵام هیچ مەکینەیەک لە جادە دا دیار نییە. لەوەتی شەڕ دەستی پێکردۆتەوە، هاتنی ماشێن لەم جادەیە دا بە هەڵکەوتە. جاری واهەیە دانێک لەڕۆژدا ماشێنێک نایە. دەبێ چاوڕوان بن. چاوەڕوانی ناخۆشە. بەتایبەت هەنار گەلێک هیلاکە و پشووی هەر ئەوەندە سوارە، هەردەڵێیی لە هەورازە ڕژدەکەی «برایم جەلال» یەک پشوو سەرکەوتووە. مشەمای سەر دارتەرمەکە لە بەرەوە وردە پڕیشکەی بارانی لەسەر نیشتووە و لەژێرەوە بە هالاوی دەمی هەنار هەڵمی گرتووە. مامۆستا سلێمان چمکی نایلۆنەکەی لادەدا و سەیرێکی هەنار دەکا. ڕەنگی ڕوخساری هەنار گۆڕاوە. لاجانگ و بەر گەردن و گۆناکەی ڕەنگێکی نیوە بنەوشی ئاماڵ ڕەشی بەسەر کشاوە. مامۆستا سلێمان چاوێک لە دوو بەری جادە دەکات و بێ هیوایانە نایلۆنەکە بەسەر دار تەرمەکە دا هەڵدەکێشێتەوە. لەجێ هەڵدەستێ، لە پانایی جادەکەدا دێت و دەچێ ، دیسان دادەنیشێتەوە. ماوەیەک دواتر نایلۆنەکە لادەداتەوە و سەری پەنجەی ڕاستی دەخاتە لاملی هەنارەوە. چەند چاوترووکانێک هەر لەم حاڵەتەدا دەمێنێتەوە. ئەوسا هێدیانە نایلۆنەکە دەخاتەوە سەرجێی خۆی و لە ڕێی چاوانەوە یەک یەکی کوڕەکان دەدوێنێ. چاوێکیشی لە ئیسماعیل دەکا. ئیسماعیل وەک لە دنیایەکی دیکەدا خەریکی فڕین و باڵ لێدان بووبێ، بە ڕوانینی مامۆستا سلێمان بەئاگا دێتەوە و بە وردە ورینگەی ژێر لێوانەوە دەڵێ:

ـ لەمێژە... چەند هەفتەیەکە شەو نییە خەونت پێوە نەبینم هەنارەکەم... خەونی هاڵۆز و پڕلە هاشە و پاشە ... هەر دوێ شەو لە خەونم دا، وەکی جاران شەنگ و شیرین و دەم پڕی پێکەنین شان بەشانم بووی. کراسی تەواو بەژنی سپیت کردبوویە بەر. سپی و ناسک وەکی پەریزادەکانی بەهەشتی خەیاڵی ئیسماعیل. لەو خەوەدا تۆ گوتت کە خەیاڵی کۆچی خێڵ بەرەو ژوورت لەسەر دایە. من گوتم دەستم بە داوێنت نەیکەی هەنا!... دایکم لەپەنا کوانووی ناوماڵەکەمان دا خەریکی ئاو گەرم کردن بوو. دایکم گوتی کۆچی ئەمجارەکەی هەنارەکەت ئیسماعیل، کۆچی سوورە و دەبێ بەخاوێنی ڕەوانەی ژوانگەی کۆچی سوور بکرێ. من خۆم هەنارەکەت دەشۆم کوڕی خۆم... ڕابێ گۆج بەدەم خۆڵماڵ کردنی قاپ و قاچاخەوە دیسان دەیگوت هەنار لە سەرێتی ، لە سەرێتی بۆیە منداڵەکە لە تۆڵی دا خنکێنرا، بۆیە خوێنەکەی هەنار بەربەس نابێ. کەوێ و خەیاڵی خوشکم دەیانگوت هەنار لە ڕێزدی شەهیدان دایە، بۆیە خوێنی قەت ون نابێ...

***

نم نمی باران ، ورد ورد بە دێمەکارەکاندا دەباری، کاروان لاپاڵەولاپاڵ بەرەو ماڵ دادەگەڕێتەوە.

پاییزی ساڵی ٢٠٠٠

تەنزی کۆمەڵایەتی

# گەرما و گومرگ

بێوار زەردەشتی

هێشتا تازە سواری فڕۆکە بووبوویت بست بە بستی کوردستانت دەهاتەوە بەرچاو.. ئاخۆ ئێستە چۆن بێت!.. کاتژمێر دوای کاتژمێر دەتبژارد و بە کاتدا دەچوویتەوە.. کاتێ فڕۆکەکە بە سەر شاری (دیاربەکر)دا دەفڕی وردە وردە، بۆ نیشتنەوە خۆی ئامادە دەکرد، پەیتا پەیتا تەزووی چواردەساڵ ئاوارەیی و نامۆیی سەرتاپای لەشتی دادەگرت.. پەلەی ئەوەت بوو کەی سواری ئۆتومبێل ببیت و بکەویتەڕێ.. کە کەوتیتەڕێ پڕ بە گلێنەی چاوت لە ڕێگا و بان ڕادەمای و ئۆخەیت دەکرد. بە دەم تێڕوانینەوە گەیشتیتە شارە دابەشکراوەکەی (نسێبین).. دەمێک بوو (ماردین) و زۆر شوێنی ترت بە جێهێشتبوو. دوای شاری (سلۆپی)، پاش نێوەڕۆ لە سەر هێڵی دابەشکردنی کوردستانەکەت ــ سنوور ــ خۆت دیتەوە.. لە پردەکەی (ئیبراهیم خەلیل) تابلۆیەک کە بە خەتێکی فارسی و نیمچە کوردی نووسرابوو: بخێر بێن بۆ کوردستان ــ کەوتەبەر چاوت. خەریک بوو فرمێسکی گریانی بەختەوەریت گوناکانتی تەڕ دەکرد.. لەپڕ چەکدارێکی سەر پردەکە یەکسەر ڕێگەی گومرگدانی پێ نیشان دایت.. گوتی:

ــ کاکە ژووری گومرگدان لێرەوەیە، پاسپۆرت و پەنجا دۆلارەکەتان ئامادە بکەن با زۆر نەوەستن.

دنیا گەرمە،، ویستت پارە و پاسپۆرتەکەی بدەیتێ.

ــ سەد دۆلارت پێ نییە.. تازە، نەک کۆن.. ئەمە چییە خۆ پەنجا دۆلارییەکەت کۆنەیە. کاکە لە ٩٦ کۆنتر بێ ئێمە وەری ناگرین.. بۆچی ئێمە چین ئەو هەموو وردە و پارەکۆنە وەرگرین...

بەم قسانە زۆریان وەستاندیت!! بە لالووتێکەوە ڕازی بوو. تۆش وات هەست دەکرد کەوا باجی نامۆیی چەند ساڵەت لێدەستێنن.. کە نزیک شاری (دهۆک) بوویتەوە.. دیسان تابلۆیەکی تر ئەمجارە بە عەرەبی (قف للتفتیش) هاتەوەڕێ.. چەکدارێکی گەنج پرسی ئاخۆ قەڵەمێ یان دیارییەکتان بۆ هێناوە.. هەرکە لە ناوچەی زەردان دەرچوون. شۆفێرەکە کەوتە پێیاهەڵدانی سەوزان.. براکەم وا خاکی ئازادی و ڕاپەڕین چاوەڕێمان دەکات.. هێندە خۆشە هەر مەپرسە. دیموکراتیەت دەڵێی لەوێ ناوکی براوە.. کاکە ئەوانە ڕۆستەم و زۆرابی سەردەمن. شۆفێرەکە هێندە باسی خاکی سەوزانی کرد، لە تۆ وابوو پووشە زەردەکەش بەو هاوینە سەوزە.

هێشتا کاکی شۆفێر لە باسی پێشکەوتنی وڵاتی سەوزان تەواو نەبووبوو، ئەوانی تر ئاسا لە بەردەم شاری (کۆیە)دا داوای قەڵەم و دیاری کرایەوە.. هێندەی نەمابوو قەڵەمەکە ببێتە قەل.. شۆفێرەکە نەیهێشت چەکدارەکانی ناو کۆنترۆڵەکە قسەکەیان تەواو بکەن.. ڕووی تێکردن:

ــ ئەی ماڵتانم بە قوڕ گرت، من تا ئێرە باسی میرخاسی و مرۆڤپەروەری ئێوەم کردووە، ئێوەش «ڕیسەکەتان لێ کردمەوە بە خوری».

چەکدارەکان ناسیاو دەرچوون. بۆیە خێرا بە لای بەخێرهاتن و ئازادیدا بایان دایەوە..

ــ یا خوا بەخێربێنەوە بۆ کوردستانی ڕاستەقینەتان. ئەرێ خۆ ئەزیەتیان نەداون.. بمانبوورن دەبێ بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵسین و جانتاکانتان بپشکنین.

باش بوو لەوێ کەمێک زووتر ڕزگارت بوو. کە گەیشتیتەجێ، پێش دابەزینت لە شۆفێرەکەت پرسی ئەرێ مەسەلەی ئەم قەڵەمە چییە؟! خۆ لە سنوورەوە تاکوو ئێرە داوای قەڵەمیان کرد.. خۆ یەک لۆری قەڵەمەشیان پێ بوایە بەشی نەدەکرد!! شۆفێرەکە بە خەندەیەکی پڕ ئاهەوە گوتی:

ــ تۆ دیارە بێ ئاگای لەوەی کە ئەگەر کەسێ شاعیر نەبێ بۆی نییە لە سەیتەرەکانی کوردستان کار بکات! تۆ دەمێکە لە دەرەوەی وڵاتی، ماڵت ئاوابێ.. ئەم پارتانەی کوردستان خەریکە نیوەی کورد دەکەنە شاعیر.. شاعیر و قەڵەم وەک کورد و کوردستانن تەواوکەری یەکترین..

# کورتە باسێک لە سەر ڕۆمانی (ما بی غمان مست)

**نووسینی: مەرزە**

| |
|---|
| ناوی کتێب: ما بیغمان مست |
| زمان: فارسی |
| بابەت: رۆمان |
| نووسەر: ئەنوەر ئێرانزادە |
| قەوارە: ٢٤٠لاپەرە |
| چاپی یەکەم: ١٣٧٧ ، تاران |

لەبەر ئەوەی نووسەری ئەو رۆمانە، کاک "ئەنوەر ئێرانزادە" کوردە و هەتا ئێستا دوو رۆمانی کەوتۆتە دەستی خوێنەران و، هەروەها بابەت و قارەمانەکانیشی کوردن، بە تایبەت لە رۆمانی (تاقە دار)دا، بە پێویست زانرا کە ئەو چەند دێڕەی لە سەر بنووسم. هەڵبەت جێگەی بوو کە ڕۆمانەکەی تری واتا "تاقە دار" بکەوێتە بەر رەخنەوە. هیوا وایە کە دەرفەتی ئەوەش بۆ خاوەن خامان برەخسێ.

رۆمانی (ما بیغمان مست) بەسەرهاتی لاوێکی تارانی یە، بە ناوی "شاداب". شاداب لە بنەماڵەیەکی هەژار و بەدبەخت و ناتەبادا گەورە دەبێ. باوکی دەستەنگ و تریاککێش دەبێ. ئەو هیچ چەشنە هەستی باوکانەی بەرانبەر بە شاداب و دوو خوشکەکانی شاداب بە ناوی "مەلیحە و سودابە" نابێ و هەمیشە مەست و سەرخۆش و نەشئەیە. لەگەڵ ژنەکەی، واتا دایکی شاداب هەمیشە شەڕ و کێشە هەڵدائیسێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە دایکی شاداب ژنێکی سووک و چرووک و خراپەیە و لەگەڵ پیاوان نێوانی خۆش دەبێ و هەر زوو لە تافی لاوێتیدا تووشی نەخۆشی جنسی دەبێ و دەمرێ. مەلیحە لە لایەن "جەلال" ناوێک کە دۆستی باوکیان دەبێ و شتی نەشئەهێن و سەر خۆشکەری بۆ دێنێ، ئەتک دەکرێ. جەلال سودابە دەخوازێ.

شادابی دەرسخوێنی ئاقل و شەرمێون، مەکتەب و خوێندن بەجێ دێڵێ و، مل لە کاسبی دەنێ و زۆر زوو سەرکەوتوو دەبێ. بەڵام شاداب کە تووشی نەخۆشی نەفسی و تۆڵە ئەستاندنەوە دەبێ و، ئەو کەسانەی کە پێیوایە دەستیان لە تێکدان و سەرشۆریی بنەماڵەکەیدا هەبووە یەک بە دوای یەکدا دەکوژێ. لەو بوارەدا تەنانەت بەزەیی بە پشیلەش دا نایە و...

هەر چەند نووسەر لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ریشە و سەرچاوەی ئەم گیروگرفتەی کە داوێنگیری کۆمەڵگە بووە سەرکەوتوو نییە، بەڵام توانیویەتی زۆر بە جوانی و رێکوپێکی نە تەنیا بەسەرهاتی دڵتەزێنی سێ بەران دەربڕێ، بەڵکوو هەر وەها توانیویەتی باری نالەباری کۆمەڵێکی دوا کەوتووی وەک ئێران بە خوێنەر بناسێنێ.

قارەمانەکانی رۆمانەکە، ژمارەیان ئەوەندە زۆرن کە ئیوایە هەر دێن و دەرۆن، بێ ئەوەیکە هیچ نەخشێکیان هەبێ تەنانەت خودی نووسەریش لێی تێکدەچێ و لەپڕ لە چەندین شوێن خەلیل دەبێتە جەلیل(لاپەرێ١٣٠-١٣١).

شاداب، وەستا نێعمەت دەکوژێ بەڵام جەنازەی وەستا یەعقووب لەژێرخانەکەی دا دەبێ(لاپەرێ١٤٦).

نووسەر ئەمە دەزانێ کە لە کۆتایی رستەی خەبەری و ئەمریدا نوختە(.) دادەندرێ، هەروەها رستەی پرسیاریی بە نیشانەی پرسیار(؟)و، رستەی سەرسوڕمانیش بە نیشانەی سەرسوڕمان(!)تەواو دەکرێ. بەڵام نووسەر ئەم خاڵانە کەمتر لە بەرچاو دەگرێ.

ـ لە لاپەرەی(٢٢٩)دا هاتووە کە: "**راننده مشرویخور هر کسی باشه...**"، دیارە، لێرەدا مەبەستی نووسەر شۆفیری مەستە نەک شۆفیری مەشروبخۆر.

لە دەسپێک هەتا تەواوبوونی رۆمانەکە، قارەمانەکان لە منداڵییەوە گەورەدەبن و دەبنە پیاو، بەڵام راوێژی زاریان ناگۆڕدرێ. زمانی بەکارهاتووی رۆمانەکە، زمانێکی نائەدەبی یە، لە زۆربەی شوێنەکاندا زمان، زمانی کووچە و کۆڵانانە، تەنانەت ئەگەر خودی نووسەریش قسە دەکا. نووسەر لە چەندین جێگەدا، بێجێ و بەجێ لە دەرفەت کەڵک وەردەگرێ هەتا تایبەتمەندی و کەسایەتی گشت ژنان بە دڵی خوی و ئەو سیستمەی کە تێیدا دەژی دەروونناسی بکا. لێرەدا خوێنەر بە تەواوی بۆی روون دەبێتەوە کە بیرو باوەری نووسەری بەرێز سەبارەت بە ژن و مافی ژن چییە. نموونەیەکی تیپیکی پیاوسالارانەی نیزامی مەوجوود کە لە دەستی نووسەر دەرچووە دەڵێ:

"**همە می گویند دختر خوب محلە، سارا دختر استاد اکبر است. چون سنگین و متین لباس می پوشد. نجیب و سربزیر است کسی او را با مینی ژوپ و شلوار تنگ ندیدە و هیچوقت هم حرف و شایعەای دنبالش نبودە...**"(هەموو دەڵێن کیژی باشی گەڕەک، سارا کچی وەستا ئەکبەرە، چونکو جلی سەنگین و گران دەبەر

دەکا. نەجیب و حەیابەخۆیە و کەس ئەوی بە دامێنی کورت و شاڵواری تەنگەوە نەدیوە و هیچ کاتیش قسە و باسی بە دوادا نەبووە..."

نووسەر لەجیاتی ئەوە کە وێڕای نیشاندانی بارودۆخی ژن لە ئێراندا، هەستی بێ لایەنانە، یان دلسۆزانە سەبارەت بە ژن لە خۆ نیشان بدا، نەک هەر ئەوەی ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەگەڵ فەرهەنگی ژن بە چووکزانین و بیرو بۆچوونی دەسەڵاتداران لەو ئاستەداهاوسەنگی نیشان دەدا.

سفەتی بە کار هاتووی "نەجیب" لەو رۆمانەدا سەبارەت بە ژن، بێجگە لە دووپاتکردنەوەی فەرهەنگی دەسەڵاتدار هیچ شتێکی دیکە ناگەیەنێ.

با بێینە سەر باسێکی تر: فەرهاد کە یەکێکی تر لە قارەمانەکانە و دۆستی هەرە نێزیکی شادابە، کوردی کرماشانە و لە ناو هەواڵەکانیدا هەر بە فەرهاد کرمانشاهی ناو دەبردرێ. ناو، کەسایەتی و ئاواتی فەرهاد کە پارێزەر بوونە، خوێنەر وە بیر فەرهادی مەحامی قارەمانی ئەسڵی رۆمانی تاقەدار دێنێتەوە. لە دەمەقاڵەیەک کە لە نێوان سادق (لە شەڕی نێوان ئێران و ئێراق دا بریندار دەکرێ و لە ئاکامی ئەوەدا ئیفلیج دەبێ و هەر بەو بۆنەوە دەیکەنە گەورەپیاو و باوەڕپێکراوی گەڕەک) و مەحموود(ئەویش لە شەری ئێران و ئێراق دا بەشدار بووە، بەڵام بە ساخی گەڕاوەتەوە و ئەو جێ و مەقامەی کە سادق هەیەتی ئەو نییەتی) ڕوودەدا، فەرهاد کرمانشاهی پارێزەر، دەچێتە نێو دەمەقاڵەکەیان و بە وتارێکی دوور و درێژ هەروەک کۆمەڵناس و سیاسەتمەدار و مێژوونووسێکی شۆڤێنیستی فارس بە شاخ و باڵی ئێران و ئێرانییاندا هەڵدەڵێ و بەچەشنێک کە هەردوو شەهیدە




زیندووەکان واقیان وڕ دەمێنێ (لاپەڕێ ١٢٥-١٤٠). خودا ڕوحم دەکا کاتی نوێژکردن دێ و وتاره بەتینەکە کۆتایی پێدێ!

لێرەدا پێویستە ئیشارە بکرێ کە زۆربەی نووسەران کاتێک دەیانەوێ سەبارەت بە گەل یان وڵاتێک بنووسن، هەتا ئەو جێگەی بۆیان بگونجێ تێدەکۆشن لە نێزیکەوە ئەم خەڵکە بناسن و هەر نەبێ چەندان کتێبی لە بارەدا بخوێننەوە، ئینجا ئیزن بە خۆیان دەدەن چاک یان خراپ لەسەر ئەم خەڵکە بنووسن. بەڵام نووسەر هەر بە هەمان شێوە کە لە کتێبی "تاقە دار"دا بە ناهەق سوێد و خەڵکی سوێدیی، بێ زانیارییەکی تەواو وەبەر پەلاماری تیرو تانە دابوو، لێرەشدا هەر بە هەمان شێوە و بێ هیچ هۆیەکی مەنتیقی ئەو تیر و تانانە دووپات دەکاتەوە، بێئەوەی کەمترین تێبینێ لەبەر چاو بگرێ کە ئەو وەڵاتەی ئەو باسی دەکا نێزیک بە نۆ میلیۆن کەسی تێدادەژی و لانیکەمیش، نێزیک بە میلیۆنێک لەو خەڵکە پەنابەرن. لەوانەش دەیان هەزاری کوردی هەر چوارپارچەی کوردستانی بەشکراو و بەشخوراوە. لە نێو ئەو کوردانەشدا هەزاران کوردی لێقەوماو و دەربەدەر و زوڵملێکراوی کوردستانی ئێرانە. هەر ئەو ئێرانەی کە قارەمانەکانی ئەو رۆمانە بە کانگەی مروڤ پەروەریی و ئینسانیەت و زانست و مەعرەفەت و... بنکەی گەورە پیاوانی دادەنێن! بە تێڕادیوی دەکرێ بگوترێ زۆربەی ئەم پەنابەرانە بەگشتی، بە هیمەتی خویان هەم لەباری مەعنەوی و هەم لەباری مادییەوە بەشانازییەوە خۆیان پێگەیاندووە و، وەک چەقڵی چاوی دوژمن، مڵکی دوارۆژی میللەتی بەشخوراوی کوردن.

لە کوردستانی وەپاشخراوی ئێمەدا، هەزاران مەسەلەی بچووک و گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و هونەریی هەیە. مۆتەیەکی قورس سواری سینگی خەڵکی کوردبووە و هەناسەبڕکەی وێخستووە. کەچی، نووسەری خۆش خامەی کورد لە جیاتی دەربڕینی دەردی لە ژمارنەهاتووی ئەو خەڵکە لەلایەک و، ئاوەدانکردنەوەی گۆشەیەک لە کتێبخانەی فەقیر و هەژاری کوردی، کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی زەنگینتر دەکا. یاشار کەمال و محەمەدی قازی و دەیان نووسەر و هونەرمەندی دیکە کە کورد بوون و بە زمانی دیکەیان نووسیوە، هەرگیز مڵکی کورد بە حیساب نایەن، هەرچەند لە مەزنترین خامە بە دەستانی رۆژگاری سەردەمی خۆشیان بوون. هەربۆیە مێژووی ئەدەبیی فارس ئەو کارەی نووسەر لە لاپەڕەی خۆیدا بە کارێکی باش تۆمار دەکا.

لە کۆتاییدا، وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەری بەڕێز و خامە رەنگین ئۆمێد وایە ئەو قسانە بە دڵیکی ئاواڵەوە وەرگرێ و لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیشدا قەڵەم تاقی کاتەوە و کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەندتر بکا.

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و چەند ڕوونکردنەوەیەک

حامید گەوهەری

لە گزینگی ژمارە ۲۸دا وتارێکی بەڕێز عەبدولقادر دەباغی، لەژێر سەردێڕی (ڕوونکردنەوەیەکی پێویست) لەسەر کتێبی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە. مامە قالە، هەرچەند وتارەکەی بە ڕوونکردنەوە دەناسێنێ و دەڵێ «ڕەخنە و لێکۆڵینەوە نییە»، بەڵام لە هەندێ جێدا خۆی گوتەنی قەڵەم سەرکێشی کردووە و بە تێکخستنەوەی چەند وشەی ناحەز و ناشیرین نووسینەکەی لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوە و تەنانەت ڕەخنە دوورخستووەتەوە و ئینجا داوای لە من کردووە کە وەڵامی بدەمەوە. بۆ زانیاری پتری بەڕێزیان و خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری گزینگ و کتێبی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)، وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکانی بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکانی ژێکاف دەدەمەوە، بەڵام سەرەتا چەند ڕوونکردنەوەیەک:

١- لە دەستپێکی کتێبی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دا نووسیومە کە من ئەم کتێبەم لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامە نهێنییانە نووسیوە کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردی نێوان ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەدەستهاتوون، وەک ئەرشیڤی حیزبی کۆمونیستی ڕوسیا، ئارشیڤی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان، ئارشیڤی کتێبخانەی کۆنگریس Librayofcongressـی ئەمریکا لە واشنتۆن، ئارشیڤی ئارچیف ڕۆزڤێلت نووسەری ئەمریکایی کتێبی (*کۆماری کورد لە مهاباد*) و بەڵگەنامەکانی ژێکاف و چەند بەڵگەنامەی تر، کە ئەوانیشم لە کۆتایی کتێبەکەمدا بڵاوکردووەتەوە.

٢- هەروەک لە ناوەڕۆکی کتێبی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دەردەکەوێ، من لە نووسینەکەمدا بەتەواوی بێلایەنی خۆم پاراستووە و ڕووداوەکانم بەبێ دەستکاری خستووەتە ڕوو و لە خۆمەوە شتێکم لێ کەم و زیاد نەکردوون.

٣- باشتر وابوو مامە قالە یان کادێرە هەڵسوڕەکانی تری ژێکاف، خۆیان لەسەر مێژووی ژێکاف نووسیبایان، کە هەتا ئێستا ئەو ئەرکەیان بەجێ نەگەیاندووە و دەتوانم بڵێم، ئەو بەڕێزانە جیا لە هەندێ بیرەوەریی ڕۆژانی خەبات لە ژێکافدا، ئاگادارییەکی زۆریان لەسەر پرۆگرام، ستروکتوور و پێوەندییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف نەبووە. بۆ وێنە، مامە قالە لە نامیلکەی (ڕاپەرینی ژێ ــ کاف)دا کە لە وەڵامی نامیلکەی (ژێ ــ کاف چ بوو، چی کرد و چی بەسەر هات؟)، لەنووسینی «سەید محەمەدی سەمەدی» دا نووسیویەتی، لە لایەک مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی بە هەڵە نووسیوە[1] و لە لایەکی تریشەوە چونکە ناوی تەواوی کۆمەڵەی بە دروستی نەزانیوە، لە هەر ٤٧ لاپەڕەی نامیلکەکەیدا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی تەنیا بە دوو وشەی ژێ ــ کاف ناساندووە، کە ئەمە لە پرنسیپی گشتی لە ناساندنی دیاردەیەکدا بەتەواوی هەڵەیە.

مامە قالە لە خاڵی یەکەمی (ڕوونکردنەوەیەکی پێویست)دا دەڵێ: «لام وایە بە گورجی بەسەر بەسەرهاتی تاڵی پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوی .....دا تێپەڕیوە، دەبوو چەند لاپەڕەیەکی دیکەش سەبارەت بە ئاکام و زیانەکانی ئەو کارەساتەی نووسیبا» و لە خاڵی سێیەمیشدا ڕادەگەیەنێ: «لە باسی پەیمانی سیڤردا دەبوو ئەو سێ مادەی کە ڕێگای پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەدات بنووسرابا و هەروەها پەیمانی شوومی لۆزان و هۆیە سیاسییەکانی، گەرچی لە باسی کۆمەڵەشەوە دوور بن.»

ئەمە حەز و پێشنیازی مامە قالەیە سەبارەت بە نووسینەوەی مێژووی ژێکاف و ڕەنگە کەسی تریش هەبێ کە حەز بە نووسینی ئەو دوو بابەتە نەکات لە مێژووی ژێکافدا، بەڵام من بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بەدروستی ئاگاداری مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بێ، بە کورتی ئاماژەم بەو دوو ڕووداوە کردووە و پەنجەم بۆ چەندین تەوەرەی تریش ڕاکێشاوە کە بەر لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە کوردستاندا ڕوویان داوە.

مامە قالە لە خاڵی دووهەمدا دەڵێ: «سەبارەت بە شۆڕشی ڕێبەر و سیاسەتوانی مەزنی کورد شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی، ڕەنگە بێ لوتفی کرابێ، چونکە ئەو زاتە پیرۆزە داهێنەر و برەوپێدەری هەستی

کوردایەتی و سەربەخۆییخوازە لە کوردستانی ئێراندا».

من نازانم چ بێ لوتفییەکم سەبارەت بە بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە؟ من نووسیومە: گرینگترین بزوتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەنجامی گرتووە.

مامە قالە، شێخ عوبەیدوڵڵا بە داهێنەر و برەوپێدەری هەستی کوردایەتی و سەربەخۆیخواز لە کوردستانی ئێران دەناسێنێ، کە لە راستیدا ئەو بۆچوونەی ڕاست نییە، چونکە بە پێچەوانەی نووسینی مامە قالە، شێخ عوبەیدوڵڵا داهێنەری هەستی کوردایەتی نەبووە، بەڵکوو هەستی کوردایەتی لە تیۆرییەوە کە ئەحمەدی خانی داهێنەری بووە، لە قالبی نوێدا ئۆرگانیزەی کردووە و خستویەتە بواری پراکتیکەوە و یەکەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی پێ ڕێکخستووە. هەروەها بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شێخ، یەکەم بزوتنەوەی سەرتاسەری و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بووە و بەتەنیا نەبەستراوەتەوە بە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

مامە قالە لە خاڵی چوارەمی نووسینەکەیدا پەنجە بۆ بەسەرهاتی دوکتور عەزیزی زەند ڕادەکێشێ و دوای نووسینەوەی دوو دێڕ لە کتێبەکەی من، دەڵێ: «خوێندنەوەی ئەو داستانە بۆ من جێگای سەرسوورمانە، ئاخر چۆن کابرایەکی پینەچی لەو گەرمەی شەڕی جیهانیی دووهەمدا لە کوردستانەوە دەگاتە ئاڵمان؟! بە کام وەسیلە و پاسپۆرت لەو سەردەمدا... هەروەها بەهەشتی عەزیز ئاڵمانی ئەو ئینگلیسییە لە کوێ فێر بوو کە بتوانێ کتێبی ڕەق و تەقی ئایینی پێ وەرگێڕێ؟ زۆر پرسیاری دیکەش دێتەگۆڕێ... ئایا خەیاڵ پڵاو نین؟!».

بۆ ئاگاداریی مامە قالە، هەروەک لە کۆمەڵەی ژێکافدا ئاماژەم پێکردووە، عەزیزی زەند لە ساڵی ١٨٩٨زایینی لە دایک بووە و لە تەمەنی ١٣-١٤ ساڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە گوندی (قالوێ)ی زەندانەوە هاتووەتە مهاباد. هەتا سەرەتای دەیەکان، سەرنج بدەن هەتا سەرەتای دەیەکان، پێبەچی بووە، نەک بۆ هەمیشە. ناوبراو لە ١٨-١٩ ساڵییەوە لە لای میسیونرە ئاڵمانییەکان دامەزراوە و نزیکەی بیست ساڵ کاری لەگەڵ کردوون. لە لای ئەوان زمانی ئاڵمانی و ئینگلیزی فێر بووە و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە بەرەو ئاینی خاچهەڵگران عەلاقەی پەیدا کردووە. ناوبراو لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا لەگەڵ حوسێنی فروهەر، کەریمی یاهو، حوسێنی مکایلی، غەفوری مەحموودیان و ...هتد، کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستانی دامەزراندووە.[٢]

بەڵێ ئەوە ڕاستە و خەیاڵ پڵاو نییە کە عەزیزی زەندی، کتێبی (ڕێنوێنی گوناحکاران)ی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی. کتێبەکەی ئێستا لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا لە واشنتۆنە. من بەهۆی دوکتور «ئەمیری حەسەنپوور»ەوە چەند بەشێکی کۆپیکراوی کتێبەکەم پێگەیشتووە و لاپەڕەی ٢٤٥ی (ڕێنوێنی گوناحکاران)م لە کۆتایی کتێبی(کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)دا چاپ کردووە، کە ناوی زەندیی لە سەرە کە ساڵی ١٩٤٧ لە مهاباد کردوویەتە کوردی.

لەم بارەیەوە کە داخوا بە زەویدا چوویێتە ئاڵمان یان بە فڕۆکە، زانکۆی یاساناسی تەواو کردبێ یان نا، بەڵگەیەکی ڕوون بە دەستەوە نییە، بەڵام هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکان، لەوانە: گۆڤاری **ڕۆژی نوێ** لە ژمارەی ١٠ی ساڵی ١٩٦١یدا، دوکتور «جەمال نەبەز» لە لاپەڕەی ٣٠ی (*گۆڤاری نیشتمان زمانی حاڵ ژێکاف*) دا، «غەنی بلوریان» لە (ئاڵەکۆک)دا، دوکتور قادری مەحمود زادە لە (خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو، «چهره مهاباد») و... هتد، باس لە چوونی بۆ ئاڵمان دەکەن و بە دوکتور زەندیی دەیناسێنن. جیا لەوانە، بەپێی بەڵگەی دامەزرانیشی لە وەزارەتی دادی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٧دا، وەک پارێزەری ڕەسمی وەزارەتی داد دامەزراوە.

هەروەها بەپێچەوانەی نووسینی مامە قالە، بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی ژێکاف کە «قاسمی ئیلخانی زاد»ە ئاراستەی کۆنسولی ڕوسیای کردووە لە تەورێز، کۆمەڵەی ژێکاف هەمان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە، کە دوای جیابوونەوەی زەندی و مەحموودیان لەو، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١-١٩٤٢دا ناویان گۆڕیوە و سەرئەنجام لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤-١٩٤٥دا کراوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

مامە قالە لە خاڵی پێنجەمی نووسینەکەیدا پەنجە بۆ دوو تەوەرەی لێک جیاواز ڕادەکێشێ لە بەشی یەکەمیدا ئاماژە بە گیران و دوورخستنەوەی حوسێنی فروهەر و هەڤاڵانی دەکات و دەڵێ: «گیران و دوورخستنەوەیان هۆی سیاسی و حیزبی و ئازادیخوازی نەبوو چونکە ئەگەر سیاسی بایە ئەگەر ئیعدام نەکرابان لانیکەم حەبسی ئەبەد یان ٢٠ ساڵ زیندانیی هەبوو.»

ئەمەش ڕاست نییە، چونکە گیراو و دوورخراوەکان سیاسی بوون و «اسفندیار بزرگمهر» کاربەدەستی باوەڕپێکراوی ڕژێم ، لە کتێبی «کاروان عمر»دا کە بەسەرهاتەکانی ژیانیەتی و ساڵی ١٣٧٢ لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە، لە فەسڵی حەوتەم، «دیدار از آذربایجان و کردستان»، لە لاپەڕەی ٩٧دا پەنجە بۆ گرتن و دوورخستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە لایەن دەزگا پۆلیسییەکانی ڕەزا شا ڕادەکێشێ. ئەگەر دەوڵەت نەیویستووە ناوی سیاسییان لێ بنێ و لە چوارچێوەی پەیمانی (سەعد ئاباد)دا تاوانی قاچاخچی و بەزاندنی سنووری دەستکردی لێ ناون، دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی خۆیان. هەروەها ئەوەش ڕاست نییە، کە ئەگەر هۆی سیاسی و حیزبی و ئازادیخوازییان لێ درابایە، وەک مامە قالە دەڵێ: «ئەگەر ئیعدام نەکرابان لانیکەم حەبسی ئەبەد یان ٢٠ ساڵ زیندانیی هەبوو»، چونکە ئێمە گیراوی کوردمان نییە لە سییەکاندا ئەو حوکمانەیان بۆ درابێ و تەنانەت هیچکام لە هەڤاڵانی سمایل ئاغای سمکۆ ئیعدام و زیندانی درێژخایان نەکران.

مامە قالە لە تەوەرەی دووەمی خاڵی پێنجەمی نووسینەکەیدا پەنجە بۆ چەند دێڕێک لە نووسینی من سەبارەت بە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا ڕادەکێشێ و زۆر بە توڕەیی چەند گوتنی ناشیرین دوویات دەکاتەوە و بە هەڵبەستنی بوختانی ناڕەوا، دەیەوێ بەرەی نوێی تازەپێگەیشتوو هوشیار بکاتەوە!! بۆ وەڵامی مامە قالە

من لە بەڕێزیان و خوێنەرانی گزینگ دەپرسم: داخوا لە ناو ئەو کەسانەدا، کە ڕۆژی یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە لایەن ڕێبەرایەتی ژێکافەوە لە مەهاباد کۆکرانەوە بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەند کەسیان جووتیار و ڕوناکبیر بوون؟ مامە قالە باش دەزانێ کە هەموو کۆکراوەکان، ئاغا و دەرەبەگی کوردستان بوون. بۆ دەرخستنی ڕاستی بڕواننە، یەکەم ژمارەی (گۆڤاری کوردستان)، کە باس لە کۆنگرەی یەکەم و دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات.

بە ڕای من ئەو شێوە نووسین و هەڵوێست گرتنە کاتی بەسەر چووە و نووسەری کورد ناتوانێ بە پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان، ئەوەی تازە پێگەیشتوو پەروەردە بکات و ئەوەندە بەڵگە بەدەستەوەن کە فریو نەخۆن. دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم، کە من قەت نەمگوتووە ڕێبەرایەتی ژێکاف دەرەبەگی کوردی نەناسیوە و نەشمگوتووە هەموو دەرەبەگەکان دژی کۆمەڵە بوون. من بە بەڵگە پەنجەم بۆ ڕووداوەکان ڕاکێشاوە و ڕۆڵی هەرکامەشیانم دەرخستووە و هۆکارییە دەرەکی و ناوخۆییەکانیشم لە ڕووخاندنی ژێکافدا زەق کردووەتەوە و نووسیومە: «هۆی بەربەرەکانیی کردنی دەرەبەگەکان دژی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەگەڕایەوە سەر هەوڵی ژێکاف بۆ گەشەپێدانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەلی کورد، بەرگریکردنی لە مافی جوتیاران و زەحمەتکێشان، بەدەست گرتنی دەسەڵات لە کوردستاندا، کە ئەوانە زەبری کارییان لە دەسەڵاتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی دەرەبەگەکان دەدا و بەرژەوەندیی ئەوانیان دەخستە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە بەرژەوەندیخوازانی ناوخۆیی و لە ڕیزی یەکەمدا دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی کوردستان دوژمنی سەرەکیی کۆمەڵە بوون. ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە گەلێک جاران لە گۆڤاری نیشتمان و بەڵگەنامەکانیدا ئاماژەی بەو دیاردەیە کردووە و تەنانەت لە بەڵگەنامە ڕوسییەکانیشدا پەنجەیان بۆ ڕاکێشراوە».

هەروەها ڕامگەیاندووە، کە «جیا لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی کورد، کۆمەڵی کوردەواریش بە هۆی لاوازیی فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەمپەری بەر پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵە بووە. لەو کۆمەڵگە کاڵ و ناڕەسە دواکەوتووەی ئەوکاتی کوردستاندا، کە هێشتا سەردەمی دەرەبەگایەتی وەپشت سەر نەنابوو و، بورژوازیی بچووک لە شارەکاندا، دەورێکی کاریگەری نەبوو، خەڵک و لە پێشەوەی هەمووان توێژی ڕوناکبیری بورژوازیی بچووکی کورد خۆی بۆ ساخ نەدەکرایەوە و هەرجارەی بە لایەکدا دەکەوت و کەم بوون ئەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانێ فیدای بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کورد بکەن».

بەپێی ئەو ڕووداوانەی کە لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا ئاماژەم پێ کردوون، دەتوانین بڵێین دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی دەستیان دایە دەستی یەک و هۆکاری دەرەکی لەباری مادی و مەعنەوی و فکرییەوە زەمینەی بۆ هۆکاری ناخۆیی خۆش کرد تا ڕۆڵی کاریی خۆی بۆ هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژێکاف بگێڕێ. دیارە ئەوەش دەبێ بڵێم، کە هەرکام لە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان و دۆست و لایەنگرەکانیان، شۆڤینیستەکانی فارس، تورک، عەرەب، ئۆرگانەکانی سەر بەو تاقمانە، لە هیچ هەوڵ و کۆششێک بۆ لەناوبردنی هەستی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و بزوتنەوەکانی، لە پێشەوەی هەموان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەڵگری ئەم بیرە کۆتاییان نەکردووە و بە شێوە و ڕێگای جۆراوجۆر بەربەرەکانییان لەگەڵ کردووە. هێشتا دوای تێپەڕبوونی پتر لە سەدەیەک بەسەر بزووتنەوە نەپساوەکانی گەلی کورد لە کوردستاندا، نەتەوە سەردەستەکان دەرسیان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە و پروپاگەندەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیان ڕێگای نەداون لە تەنگژەی بیری مەزنخوازی دەرچن و فکری ئازادیخوازی لە مێشکیاندا چەکەرە بکات و بەلانی کەمەوە خۆ لە دوژمنایەتیی گەلی کوردی کۆڵۆنی بپارێزن. ڕاستی تاڵە، بەڵام گوتنی پێویستە، لە سەردەمی ئەمڕۆشدا کە دەیان حیزب و ڕێکخراوی ڕەنگاورەنگی هەڵگری دروشمی دێموکراتی دژ بە دیکتاتۆرەکانی ئانکارا، بەغدا، دیمشق و تاران دامەزراون و دروشمی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و تەنانەت چینایەتی، ئیسلامی و مافی بەرامبەریی مرۆڤیان هەڵگرتووە، ئەگەر تەنانەت بۆ تاکتیکیش پێویست بێ، باسی مەسەلەی کورد بکەن، دێموکراتییەکەیان ڕەنگ دەداتەوە و لە بەرامبەر ویستی ڕەوای نەتەوەی کورددا، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان نامێنێ و بگرە لە هەندێ جار لەوانیش توند و تیژتر دەبن.

کورتوومە، لە هۆکارییەکانی نێوخۆییدا ناتوانین ڕەخنە لە ستراتیژی کۆمەڵە بگرین، چونکە کۆمەڵە ستراتیژێکی ڕوونی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبووە. ئامانجی کۆمەڵە بۆ «تێکخستنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئازادکردنی نەتەوەی کوردی بندەست»، دروشمی ئەوکاتی هەموو کوردێکی ولاتپارێز و نیشتمانپەروەر بووە و ئەم دروشمە، کوردی لە ئۆرگانێکی سەرتاسەری فکریدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی کۆ کردووەتەوە و هەڵگرانی بە کردەوە ڕێبەرایەتی خەباتی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانیان کردووە. لەم ڕوانگەوە، کوردە نیشتمانپەروەرەکانی بەحەق کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیان بە ڕێکخراوەی خۆیان زانیوە. ئەوەش دەبێ لەبیر نەکەین کە دروشمی کۆمەڵە، تەنیا دروشمی نیشتمانپەروەرانی کورد نەبووە، بەڵکوو دروشمی گەلانی کۆڵۆنی و چەوساوەی هەموو جیهان بووە و کۆمەڵە بە زانیاری لە باری سایکۆلۆژیکیی گەلی کورد، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیونالی کوردی داوە. کۆمەڵە هەروەها هەم بۆ سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و هەم بۆ دوای تەواوبوونی شەڕ، تاکتیکی تایبەتی هەبووە و ڕێبازی خۆی بەدروستی دەستنیشان کردووە و بۆ هەر قۆناخێک پرۆگرامی تایبەت بەو قوناخەی دارشتووە.

بەڵام ئاماژەم بەو ڕاستییەش کردووە، کە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف دوای کۆبوونەوەی ٢٢ی گوڵانی ١٣٢٢ی قەڵای سارمێ، بەبێ وەرگرتنی هیچ چەشنە بەڵێنییەک لە کاربەدەستانی سۆڤیەت و ئاگاداربوونیان لە تیۆریی و نیازی سیاسیی ئەوان سەبارەت بە

نەتەوە ژێردەستەکان و بەتایبەتی گەلی کوردی دراوسێی ئازەربایجان و هەڵسەنگاندنی دوارۆژی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ڕەمەکی خۆیان هاویشتۆتە باوەشی سۆڤیەتەوە و کاریان گەیاندووەتە جێیەک، کە کۆنسوڵەکان و فەرماندەکانی ئەرتەشی سۆڤیەت لەژێر پەردەی لایەنگریکردن لە بیری ئینترناسیۆنالیستیدا، ڕاستەخۆ کار بکەنە سەر ئەندامانی کۆمەڵە و تەنانەت لە بەشێکیان بەقازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن. گوتوومە، کۆمەڵە لەم بارەیەوە سیاسەتێکی دروست و حیسابکراوی نەگرتۆتەبەر و بەرپرسایەتییەکەشی پتر دەکەوێتە سەرشانی عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە پێوەندیی کۆمەڵەی لەگەڵ حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز دامەزراندووە.

جیا لەوە، لەبەشێ ژێکاف و یەکێتیی سۆڤیەتدا بە بەڵگە بیروبۆچوون و بڕیاری بەرژەوەندیخوازانەی سۆڤیەتم لەمەڕ پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکانی گەلی کورد، لەوانە بزووتنەوەی شێخ مەحموود و کۆمەڵەی خۆیبوون بۆ خوێنەران ڕوون کردووەتەوە و گوتوومە: یەکێتی سۆڤیەت ویستوویەتی بەچەشنی بازرگانێک بۆ گەیشتن بە ستراتیژی خۆی لە کورد کەڵک وەرگرێ و نەیشاردووەتەوە، کە هەوڵی داوە هەستی کوردایەتیی گەلی کورد لاواز بکات و قەڵش بخاتە نێو ڕیزی بزوتنەوە گەلییەکانی و لە ئاکامدا کورد و کوردستان بە ئازەربایجانی ژێردەستی ئێرانەوە بلکێنێ و لە ڕێگای ئازەربایجانەوە گوشار بخاتە سەر ئێران. ئەگەر بۆی کرابا بە باکووری ئازەربایجانەوە بلکێنێ، ئەگەرنا لەوێوە هەوڵی دێموکراتیزە کردنی ئێران بدات و ئەو وڵاتە بکاتە پێگەیەکی سیاسی، سەربازی و ئابووریی و دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کەڵکی لێ وەرگرێ.

ئەوەش ڕاستە کە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥)وە، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ڕووناکبیرانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پاڵپشتی بوون، ڕێبەرایەتییەکەی لەباری بەڕێوەبردنی حیزبەوە تووشی ئاڵۆزی فکری و سەرلێشێواویی بووە و پرۆگرام و پرنسیپەکانی حیزبی لە ژێرپێ ناوە و بۆ ڕازیکردنی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان، ئەوانی کردووەتە نوێنەری کۆمەڵە لە ناوچەی خۆیاندا و ڕێکخستنەکانی ژێکافی پێ سپاردوون و بەمکارەیان دەستی دەرەبەگە خۆبەدەستەوەدەرەکانی لەناو ژێکافدا ئاواڵاکردووەتەوە و زەمینەی هەڵوەشانی خۆشکردووە.

هەموو لایەک دەزانن، کە ئەو ئاڵۆزییە لەنێو کۆمەڵەدا پتر دوای گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتییە نێردراوەکەی بۆ باکۆ و وەرگرتنی ئامۆژگاری و بەڵێنی یارمەتیدانی سۆڤیەت بە کورد لە لایەن «باقرۆڤ» سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بەشەرتی وازهێنان لە بیری ڕزگاریخوازانە سەری هەڵداوە و گەیشتووەتە لوتکەیەک کە شیرازەی کاری کۆمەڵە بپچڕێنێ. ڕێبەرانی کۆمەڵە لە لایەک لەژێر گوشاری کاربەدەستانی سۆڤیەت و لە لایەکی ترەوە لە ژێر گوشاری پیلانگێڕیی دەرەبەگەکاندا کە هەرکامەیان لە ناوچەی خۆیاندا بە شێوەیەک پێوەندییان بە لێپرسراوانی سەربازی و کۆنسوڵخانەکانی سۆڤیەتەوە هەبووە و ڕاپۆرتی کار و خەباتی ڕۆژانەی کۆمەڵەیان داونەتێ و ئامۆژگاریی ئەوانیان بەڕێوە بردووە، ناچار بوون بۆ ئەوەی هەلی ڕەخساویان لە کیس نەچێ، گوێڕایەڵیی کاربەدەستانی سۆڤیەت بن.

بەم جۆرە هۆکاری دەرەوە کە بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و دانی دەرەتانی ماڵیی، کەلوپەل و ئامۆژگاریکردن دژی هەڵگرتنی دروشمی ڕزگاریخوازانەی ژێکاف جوڵاوەتەوە، یەکێتیی سۆڤیەتی دۆست بووە، کە ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانی بە قازانجی ئیمپریالیزمی ئینگلیز هەڵسەنگاندووە. من نازانم نووسینی ئەو دێڕانە چ پێوەندییەکی بە حیزبی تودەوە هەیە، کە تا ئەو ڕادەیە مامە قالەی توورە کردووە، بە ڕای من هەر کەس ئەو ڕاستییە بنووسێ، جێگەی سوپاس و پێزانینە، تەنانەت ئەگەر تودەیی و غەیرە کوردیش بێ!

مامە قالە لە خاڵی شەشەمدا کە خاڵی کۆتایی نووسینەکەیەتی، دەڵێ: «خاڵێکی گرینگ کە بە داخەوە کاک حامیدی گەوهەری بەلایدا نەچووە، ژیانەوەی زمانی شیرینی کوردی و ئەدەبیاتە بەرزەکەیەتی کە زۆر لە فەوتان نزیک بوو....»

کەس نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکات، کە کۆمەڵەی ژێکاف خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبیات و کولتووری کوردی کردووە و منیش بە ڕاشکاوی نووسیومە: مێژووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پێشانی دەدات کە ئەو حیزبە بایەخێکی تایبەتی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، کتێب و ڕۆژنامە داوە و خەباتی ڕۆشنبیریی و کاروباری ڕاگەیاندنی گشتیی وەک ڕادیۆ و خەباتی شانۆگەریی زۆر بۆ گرینگ بووە. کاتێک مرۆڤ دەڕوانێتە دۆخی ئەوکاتی کوردستان، بەو ئاکامە دەگات، کە ئەو هەنگاوانەی ژێکاف بۆ گەشەپیدانی بیری نەتەوەیی و وشیارکردنەوەی خەڵک، زۆر گرینگ و بەجێ بوون. هەروەها من دوو بەشی تایبەتم بۆ گۆڤاری ***نیشتمان*** و شانۆی **دایکی نیشتمان** لە کتێبەکەدا تەرخان کردووە و ژمارە٧،٨ و٩ ی **نیشتمان**، دیاریی کۆمەڵەی ژ ــ ک بۆ لاوەکانی کورد: (دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی، گوڵبژێرێک لە دیوانی حاجی قادری کۆیی...، دەستەگوڵێکی بۆنخۆش لە باغی نیشتمسنپەروەری)م بڵاوکردووەتەوە.

پەراوێز

١) بڕوانە ڕاپەرینی ژێ ــ کاف، نووسینی عبدالقادر دەباغی، ل ٩، چاپ لە ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٦١/١٢/١٤.

٢) بۆ دیتنی پڕۆگرامی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، بڕوانە: (تاریخ احـزاب) کە دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لە تاران چاپ کراوە.

***

# گۆ شینگیان وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (٢٠٠٠)

**وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی ئەمساڵ «گۆ شینگیان» Gao Xingjian ـ نێوێک کە لە لای ڕاستی خۆشنووسی(خەتخۆشی) دەکێشرێ، نێوێک کە لە سەروو دەنووسرێ ـ لە کۆنەماڵێکی سێ هودەیی (باگنۆلت) گەڕەکێکی کارگەریی دەوروبەری پاریس دەژی، شوێنێک کە داگنس نیهیتر(DN) دیداری لەگەڵ پێکهێناوە. ئەویش وەک خەڵکی دیکەی جیهان خافڵگیربووە، جیهانێک کە شێکەرەوانی بەتەواوی لەو نووسەرەی تا ئێستاش لە چین دا نەناسە، سەریان سوڕماوە.**

**پاریس.** ئەمن هەرگیز نەمدەتوانی ئەوەم هەست پێکردبا، بزەیەکی کەمڕوویانەی دێتێ بۆ ئەو شێوە هەڵبژاردنەی خەلاتی نۆبێل، یان ڕەنگە هەست بەوەبکا کە وەک ئەو شانۆنووسە وایە کە دروست حازرجوابیی چاوەڕوانێتی.

ئەوە لە هەموو ڕووداوەکاندا تەواو وەڕاست ناگەڕێ.

گڕە بایەکی خەسیس و سەمدار لە (باگنۆلت) گەڕەکی کارگەریی پاریس هەڵدەکا و، لەو ڕیزەڵە خانووە بڵیندانە لە تەبەقەی سەروو، بۆنی ماچ دە ئاسانسۆردا بڵاودەکاتەوە.

**ـ ئایا ئەوە هەر ئەوکەسەیە کە خەریکی وێنەگەری یە؟** دانیشتووان وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لەوانەیە ئەو خەلات وەرگرە جیرانی خۆیان بێ، ئاوا دەدەنەوە.

لە تەبەقەی ١٨، گۆ شینگیان لە نێوان چینییە نەشۆڕاوەکان و تابلۆ نیوە سازکراوەکاندا ڕاوەستاوە و خەریکی وەلامدانەوەی تەلەفۆنێکە کە هەرئێستا لە «نەناس»ێکەوە بۆی کراوە و نازانێ کێ یە.

**نا، ددانی پێدادەنێ،** تەواو خافڵگیر نەبووە، چونکە دۆستێکی و وەرگێڕەکەی خۆی «یۆران مالمکویست» چەند دەقیقە پێشتر زەنگیان لێداوە و ئاگادار بووە.

ــ بەلام چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، ئەو وادەڵێ.

ئەوە ناعەقڵانی بوو پیاو چاوەڕێی خەلاتی نۆبێل بێ.

ئەو قسەیەی هەر بەو دەنگە خەجتکراوییە بەو کەسە گوت کە پێشتر ئێوارێ بەڵێی پێگوتووە، ئەو ئەمە تێگەیشتووە کە ئەوجار ڕۆژ ڕۆژی چینە و، ئەوەش شتێکی ڕاست و مەنتیقی یە، کە ئەو چینییەش دەبوو دروست بۆخۆی بایە.

ئەو چی لە جوابی ویدا گوت؟

ـ بەڵێ، پیاو چ وەلام بداتەوە، وا دەڵێ.

خۆشحاڵ بوو؟

ـ من خۆشحاڵ بووم؟ دووپاتی دەکاتەوە و، لە کاتێکدا وەلامی دروستی پرسیارە پێخۆشبووەکان دەداتەوە هەروا دێ و دەچێ.

بەر لە هەموو شت، پیاو هەست بەوە دەکا، کە گۆ شینگیان هەر بە ڕاستی خەجاڵەتە کە ڕاستەوخۆ نازانێ پیاو وەکوو تازە خەلات وەرگرێک چۆن دەتوانێ لە بەرانبەر هەواڵدەرە جیهانییەکان وەک ئەو ساتەی ئێستا تێیدایە هەڵسوکەوت بکا.

**ئەو دەڵێ،** بەشێک لە سەرسامیی پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئەو نازانێ لەگەڵ پارەکان چ بکا.

ـ ئەو تەلەفۆنە ئەناسە باسی پارەی نەکرد. ئەو دەڵێ، تەنیا باسی خەلاتی کرد.

ئەو هیوادارە ـ لە هەر هەلومەرجێکدا ئەو دەڵێ هیوادارە ـ کە خەلاتی نۆبێل جگە لە کاروکردەوەی باش نەبێتە هۆی گۆڕینی ژیانی داهاتووی وی.

لە ڕاڕەوی ماڵەکەیدا تەلەفۆن لێکدا لێکدا زەنگ لێدەدا. ئەو خەتە تەلەفۆنەی کە بە میدیای جیهانییەوە وەسڵە، هەرئێستا پەیامێکی بە وەلامدانەوەی دەستاولەجێ خوێندووەتەوە، بەلام گۆ شینگیان خەریکی قسەکردن لەگەڵ خەڵکێکی زۆرە کە لە ماڵە کۆنە سێ وەتاغەکەی هاتوونەتە دیداری.

ئەو سەبارەت بە چین دەدوێ کە ١٤ ساڵ پێشتر بە هۆی هەڵوێستی سیاسییەوە ناچار بووە جێیبهێڵێ. ئایا ئارەزووی ئەوێی لەسەردایە؟

ئارەزوو...، بیردەکاتەوە. ڕەنگە بە واتایەکی تر بۆی دڵتەنگ بێ، هەرچەند ڕەنگە ڕاستەوخۆ نە ئەم بێ و نە ئەو. چینیی زمانێکە کە ئەو پێی دەنووسێ. چین نیشتمانی ئەوە و، بۆخۆشی دەڵێ زۆر شتێکی سەیرە کە لە بەستێنی ژیاندا لە ئاست ئەو نیشتمانەی کە تێیدا گەورەبووە لاساری نواندووە.

**ـ ئەوە ئیحساسێکی ئەستەمە** کە هەموو کارە پێشنووسە بڵاونەکراوەکانم بە زۆری سووتێندران. تازە درەنگە گۆ شینگیان بیهەوێ لە ڕەخنەگرتنی چین خۆی بکێشێتەوە.

پێشتر ئەو گەلێک جار لە سوێد ماوەتەوە. بە نەزاکەتەوە دەڵێ:

ـ وڵاتێکی جوانە.

ـ وڵاتێکی ئاشتیخواز و فرە کولتوور، ئەو بە ڕووکراوەییەکی زۆرەوە سەبارەت بە سوێد ئەوە دەڵێ کە لە ڕێی کتێبی "سەفەرە خۆشەکەی نیلس هۆلێرسۆن بە دەوری سوێد"ی «سێلما لاگرلۆف»ەوە پێی ئاشنا بووە.

ـ وڵاتێکی باش، بەکورتی دەبێژێ.

**یەکێک سەبارەت بە بوونی شامپاین لە درەنگانی ئێوارەدا دەپرسێ و،** گۆ شینگیان پرسیارەکەی بە هەڵە تێدەگا.

ـ نا، ئەوە ئاوی مەعدەنی یە، ئەو وادەڵێ و، دەست بۆ بۆتری ئاوەکان ڕادەدێرێ کە لەسەر مێزەکە ڕیزکراون.

بەلام ئاماڵ جێژنەیەکی خۆش وخۆمانە هەر نەشێ ببێ، پرسیارکەرەکە پێدادەگرێ، کە هەرچی بێ، هەرچۆنێک بێ، پێمواپە خەلات وەرگری تازەش دەبێ هۆشیاریی ئەوەندەی لە سەر پێویستی گاڵتە و جەفەنگ هەبێ.

شینگیان، کۆمەڵە پیاڵەیەکی جۆراوجۆر لە دەوروبەری قاپشۆرییەکە پڕدەکا لە شەڕاب. ئەو لە گەڵ هاوژینەکەی «چێلینە یانگ»، بێوازێکی بێزار لە زرینگی و وریایی، لە ڕووبەڕووی کامێراکان قیافە دەگرێ.

ئێستە، گۆ شینگیان پیاڵەی خۆی هەڵدێنێ و پێدەکەنێ.

DN. Fredag 13 Oktober 2000.



## «گۆ شینگیان»
## و
## وەرگرانی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (لە ساڵی ١٩٠١ تا ساڵی ٢٠٠٠)

❏ «گۆ شینگیان» Gao Xingjian، لە ساڵی ١٩٤٠ لە بنەماڵەیەکی پڕ خێزان لە هەرێمی (یانگشی) هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی چین لە دایک بووە. شینگیان، دوای تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی و ناوەندی، بۆ درێژەدانی دەرس و خوێندن، لە ساڵی ١٩٦٢ دەچێتە شاری (پەکەن)و، لە ئەنستیتووی زمانە بیانییەکان زمانی فەڕانسەیی دەخوێنێ و هەر لەو ماوەیەشدا بۆ فێر بوون و ڕاهێنانی زیاتری خۆی، وردە وردە کاری تەرجەمە و وەرگێڕانەوە دەست پێدەکا و بۆ ماوەی چەند ساڵان گەلێک بەرهەمی ئەدەبی لە زمانی فەڕانسەیی وەردەگێڕێتە سەر زمانی چینی.

گۆ شینگیان، دوای تەواوکردنی ئەنستیتوو، کە لەگەڵ شۆڕشیی فەرهەنگی دەورانی مائۆ هاوکاتە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و، تەواوی ئەو ماوەیە بە کاری نووسین خەریک دەبێ. بەڵام تا ساڵی ١٩٧٦ کە «مائۆ تسە دۆنگ» کۆچی دوایی دەکا، شینگیان ناتوانێ بەرهەمەکانی خۆی بە چاپکراوی بڵاوبکاتەوە. شینگیان لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی چین بووە ، بەڵام هەر لە سەرەتای شۆڕشی فەرهەنگیی زەمانی مائۆ، ماکەی ناڕەزایەتی تێدا شکڵ دەگرێ و پێیوابووە دەبێ جیاوازییەک هەبێ لە نێوان ئەدەبییاتی ڕەسەن و خەڵکیی و، ئەدەبییاتی سیاسی و ڕەسمیی کە لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت دایە.

«تۆربیۆرن لۆدێن» پرۆفیسۆری زمانی چینیی پێیوایە کە شینگیان یەکێک لەو نووسەرانەیە کە توانیویەتی ئەدەبی دراماتیکی چینیی نوێ بکاتەوە، ئەو ئەدەبەی کە لە ساڵانی ١٩٤٩ تا ١٩٧٦ەوە، بە ناوی ریالیسمی سۆسیالیستی، تەواو لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دابوو. شینگیان لە ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٧ کە وڵاتی چین بە جێدێڵێ وەک نووسەری پیەس و دراما و شانۆ لە بنکەی هونەریی تیاتر لە شاری پەکەن خەریکی کار دەبێ و کارەکانی ئەو ماوەیەی دەکەوێتە بەر دڵی خەڵک. بەتایبەت درامای «وێستگەی ئوتوبووس»(١٩٨١) کە ناوەرۆکیکی توندی ڕەخنەیی هەیە، لە خەباتی ساڵەکانی ٨٤-١٩٨٣ دژی «ئالوودەبوونی مەعنەویات» دەبێتە بابەتی ڕۆژ.

لە ٤ی ژوئێنی ١٩٨٩کە کوشتاری خەڵکی پەکەن لە لایەن ئەرتەشەوە ڕوودەدا، گۆ شینگیان درامای «موهاجیرەت» دەنووسێ و هەر بەم بۆنەشەوە لەلایەن ڕێژیمەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە و لە حیزبی کۆمۆنیستی چین دەردەکرێ.

ئەوەیکە ئایا بەرهەم و کارە ئەدەبییەکانی گۆ شینگیان، بە بەراوردکردن لەگەڵ کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهانیی لە کام پلە و پایە ڕادەوەستێ و چ قەدر و بایەخێکی دەبێ، یان ئەوەیکە دەوڵەتی چین تا چ ڕادەیەک بە هەڵبژاردنی ئەو چینییە کۆمۆنیستە دەرکراوە ناڕازی و خەڵکی چین ڕازی و خۆشحاڵن؟ لێی تێدەپەڕین و هەرچۆنێک بێ، تازە ئەو بازە لە لایەن ئاکادیمی سوێدەوە هەڵاویشتراوە و لە سەر «شینگیان» نیشتووە! ئەوەش کە ئاکادیمی سوێد کەی دەتوانێ لەو شێوە هەڵبژاردنەی خۆی دەست هەڵگرێ کە تەواو بە «مولاحەزات و تێبینی سیاسی»یەوە بەڕێوەدەچێ، باسێکی دیکەیە.[1]

❏ لە ناو خەڵاتەکانی ئەدەبیدا، خەڵاتی نۆبێل گرینگترین و پرشانازیترینی خەڵاتەکانە. ئەو خەڵاتە یەکێک لەو چەند خەڵاتەیە کە بە گوێرەی وەسێتی «ئالفرێد بێرنهارد نۆبێل» (١٨٣٣-١٨٩٩) شیمیدان(کیمیازان)ی سوێدی، پێکهات. نۆبێل کە بە دۆزینەوەی دینامیت و بارووتی بێ دووکەڵ (نیترۆگلیسرین) سەروەتێکی زۆری بە نسیب بووبوو، وەختایەک دیتی کە لە دۆزینەوەی وی، بەپێچەوانەی مەیلی ئەو، بۆ زیادکردنی وزەی تەقەمەنیی شەڕ و ئینسانکوژی کەڵک وەردەگیرێ زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو؛ تەواوی سەرمایە و داهاتی خۆی لە پێناو پاداش و چاکە بە هەڵبژاردەکانی زانست و ئەدەب و ئاشتیی جیهانی تەرخان کرد. بە گوێرەی وەسێتنامەی نۆبێل، لە داهاتی سەرمایەی ٩ میلیۆن دۆلاریی وی، پێنج خەڵات لە ڕشتەکانی فیزیک(فیزیا)، شیمی (کیمیا)، پزیشکی، ئەدەبییات و ئاشتی داندرا تا هەموو ساڵێک بە ژنان و پیاوانێک، بێ لەبەرچاوگرتنی میللییەتیان پێشکێش بکرێ کە خزمەتی شایانیان بە «بەرژەوەندیی ئینسانی» گەیاندبێ. ئەو خەڵاتانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠١ بە براوەکان پێشکێش کرا. لە ساڵی ١٩٦٩دا خەڵاتێکیش بۆ زانستی ئابوور(ئیقتیصاد)ی لەبەرچاو گیرا.

خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبییات «بە کەسێک دەدرێ کە لە بواری ئەدەبەییات، درەوشاوەترین بەرهەم ــ بە ناوەرۆک مەعنەوی ــ ی خولقاندبێ». ئەو خەڵاتە بریتی یە لە میدالی زێڕ، دیپلۆم و چەردەیەک پارە کە لە ٤٢,٠٠٠ دۆلار لە ساڵی ١٩٥٣دا بە ١,٤٠٠,٠٠٠ لە ساڵی

١٩٩٣زیادی کرد(دیارە ساڵ لەگەڵ ساڵیش هەر زیاد دەکا). خەڵاتەکە هەموو ساڵێ لە مانگی دیسامبر (ساڵرۆژی مەرگی نۆبێل) لەلایەن ئاکادیمیای سوێد لە ستۆکهۆڵم، بە بەشداربوونی پادشای سوێد، پێشکێش دەکرێ. خۆناسایی، خەڵات بە کۆمەڵە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر دەدرێ نەک تەنیا بە بەرهەمێکی تایبەت، جاری وایە لەلایەن دوو یا سێ کەس بە هاوبەشبی ئەو خەڵاتە وەردەگیرێ. هێندێک ساڵان هەڵدەکەوێ ئەو خەڵاتە بێ وەرگر یا هەڵپەسارده بمێنێتەوە. هەروەک لە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠-١٩٤٣، خەڵاتەکە بە کەس نەدرا.

١٩٠١ سالی پرودۆم Sully Prudhomme (١٨٣٩-١٩٠٧، فەڕانسەیی) بە بۆنەی کۆمەڵە شێعرەکانی.

١٩٠٢ تیۆدۆر مۆمسێن Teodor Mommsen (١٨١٧-١٩١٠، ئاڵمانی) بە بۆنەی بەرهەمە مێژووییەکانی.

١٩٠٣ بیۆرنستیرنە بیۆرنسۆن Bjørnstjerne Bjørnson (١٨٣٢-١٩١٠، نۆروێژی) بە بۆنەی ڕۆمانەکان، کۆمەڵە شێعر و شانۆنامەکانی.

١٩٠٤ فرێدێریک میسترال Fréderic Mistral (١٨٣٠-١٩١٤، فەڕانسەیی) بە بۆنەی کۆمەڵە شێعرەکانی؛

خۆزە ئیچێگارای José Echegaray (١٨٣٢-١٩١٠، ئیسپانیایی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩٠٥ هێنریک سینکیویچ Henryk Sienkiewicz (١٨٤٦-١٩١٦، پۆلەندی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٠٦ ژۆزوئە کاردوچی Giosué Carduci (١٨٣٥-١٩٠٧، ئیتالیایی) بە بۆنەی کۆمەڵە شێعرەکانی.

١٩٠٧ رودیارد کیپلینگ Rudyard Kipling (١٨٦٥-١٩٣٦، ئینگلیسی) بە بۆنەی چیرۆک، ڕۆمان و شێعرەکانی.

١٩٠٨ رودۆلف ئوکێن Rudolf Eucken (١٨٤٦-١٩٢٦، ئاڵمانی) بە بۆنەی داستانە فەلسەفییەکانی.

١٩٠٩ سێلما لاگرلیۆف Selma Lagerlöf (١٨٥٨-١٩٤٠، سوێدی) بە بۆنەی ڕۆمانەکان و شێعرەکانی.

١٩١٠ پۆل لودویگ هەیسە Paul L heyse (١٨٣٠-١٩١٤) بە بۆنەی شێعر و ڕۆمان و شانۆنامەکانی.

١٩١١ موریس مێترلینگ Maurice Maeterlinck (١٨٦٢-١٩٤٩، بێلژیکی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩١٢ گێرهارت هۆپمان Gerhart Haoptmann (١٨٦٢-١٩٤٦، ئاڵمانی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩١٣ رابیندرانات تاگور Rabindranath Tagore (١٨٦١- ١٩٤١، هیندی) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩١٤ بە بۆنەی شەڕی یەکەمی جیهانی، خەڵاتەکە نەدرا.

١٩١٥ ڕۆمەن ڕۆلان Romain Rolland (١٨٦٦- ١٩٤١، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩١٦ وێرنێر ڤان هێدینستام Verner von Heidenstam (١٨٥٩- ١٩٤٠، سوێدی) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩١٧ کارل گیلێروپ karl gjellerup (١٨٥٧-١٩١٩، دانمارکی) بە بۆنەی شێعرەکانی؛

هێنریک پۆنتۆپیدان Henrik Pontoppidmann (١٨٥٧-١٩٤٣، دانمارکی) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی.

١٩١٨ خەڵاتەکە نەدرا.

١٩١٩ کارل شپیتێلێر Carl Spitteler (١٨٤٥-١٩٢٤، سویسی) بە بۆنەی حیماسە و کورتەچیرۆکەکان و وتارەکانی.

١٩٢٠ کنوت هامسن Knut Hamsun (١٨٥٩-١٩٥٢، نۆروێژی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٢١ ئاناتول فرانس Anatole France (١٨٤٤-١٩٢٤، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمان، کورتەچیرۆک و وتارەکانی.

١٩٢٢ خاسینتۆ بێناوێنتە Jacinto Benavente (١٨٦٦-١٩٥٤، ئیسپانیایی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩٢٣ ویلیام باتلێر یەتس William Butler Yeats (١٨٦٥-١٩٣٩، ئیرلەندی) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩٢٤ ولادیسلاو ڕەیمۆنت Wladyslaw Reymont (١٨٦٧-١٩٢٥، پۆلەندی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٢٥ جۆرج بێرنارد شاو George Bernard Shaw (١٨٥٦-١٩٥٠، ئینگلیسی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩٢٦ گرازیا دێلێددا Grazia Deledda (١٨٧٥-١٩٣٦، ئیتالیایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٢٧ هێنری بێرگسۆن Hanry Bergson (١٨٥٩-١٩٤١، فەڕانسەیی) بە بۆنەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی.

١٩٢٨ سیگرید ئوندێست Sigrid Undest (١٨٨٢١٩٤٩، نۆروێژی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٢٩ تۆماس مان Tomase Mann (١٨٧٥-١٩٥٥، ئاڵمانی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٣٠ سینکلەیر لویس Sinclair Lewis (١٨٨٥-١٩٥١، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٣١ ئێریک ئاکسل کارلفێلت Erik Axel Karlfeldt (١٨٦٤-١٩٣١، سوێدی) بە بۆنەی شێعرە غەرامییەکانی.

١٩٣٢ جان گالسڤۆرسی Joan galsworthy (١٨٦٧-١٩٣٣، ئینگلیسی) بە بۆنەی ڕۆمان، کورتەچیرۆک و شانۆنامەکانی.

١٩٣٣ ئیوان ئالێکسیویچ بونین Ivan A Bunin (١٨٧٠-١٩٥٣، ڕووسی) بە بۆنەی ڕۆمان، کورتەچیرۆک و شێعرەکانی.

١٩٣٤ لوئیجی پیراندێللۆ Luigi Pirandello (١٨٦٧-١٩٣٦، ئیتالیایی) بە بۆنەی شانۆنامەکانی.

١٩٣٥ خەڵات نەدرا.

١٩٣٦ ئوجێن ئۆ نیل Eugene O´Neill (١٨٨٨-١٩٥٣، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٣٧ ڕۆژە مارتێن دوگار Roger Martin du Gard (١٨٨١-١٩٥٧، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٣٨ پێرل باک Pearl Buck (١٨٩٢-١٩٧٣، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٣٩ فرانس ئێمیل سیلانپا Frans Eemil Sillanpää (١٨٨٨-١٩٦٤، فینلاندی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.

١٩٤٠-١٩٤٣ خەڵات نەدرا.

١٩٤٤ یوهانس ویلهێلم یێنسن Johannes V. Jensen (١٨٧٣-١٩٥٠، دانمارکی) بە بۆنەی شێعر و ڕۆمانەکانی.
١٩٤٥ گابریلا میسترال Gabriela Mistral (١٨٩٩-١٩٥٧، شیلیایی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٤٦ هێرمان هێسسە Hermann Hesse (١٨٧٧-١٩٦٢، سویسی) بە بۆنەی شێعر و وتارەکانی.
١٩٤٧ ئاندرە ژید André Gide (١٨٦٩-١٩٥١، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٤٨ تۆماس ستێرنس ئیلیۆت Thomas Stearns Eliot(١٨٨٨-١٩٦٥، ئینگلیسی) بە بۆنەی شێعر و وتار و شانۆنامەکانی.
١٩٤٩ ویلیام فاکنێر William Faulkner (١٨٩٧-١٩٦٢، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٥٠ بێرتراند ڕاسێل Bertrand Russell (١٨٧٢-١٩٧٠، ئینگلیسی) بە بۆنەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی.
١٩٥١ پێر لاگرکویست Pär lagerkvist (١٨٩١-١٩٧٤، سوێدی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی، بەتایبەت **باراباس**.
١٩٥٢ فرانسوا موریاک Francois Mauriac (١٨٥٥-١٩٧٠، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمان، شێعر و وتارەکانی.
١٩٥٣ وینستۆن چرچیل Winston Churchill (١٨٧٤-١٩٦٥، ئینگلیسی) بە بۆنەی وتار و بەرهەمە مێژووییەکانی.
١٩٥٤ ئەرنێست هەمینگوای Ernest Hemingway(١٨٩٩-١٩٦١، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی.
١٩٥٥ هالدۆر لاکسنێس Halldor K Laxness (١٩٠٢-؟، ئیسلەندی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٥٦ خوان ڕامون خیمێنز Juan Ramon Jiménez (١٨٨١-١٩٥١، ئیسپانیایی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٥٧ ئالبێر کامۆ Albert Camus (١٩١٣-١٩٦٠، فەڕانسەیی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٥٨ بوریس پاسترناک Boris Pasternak (١٨٩٠-١٩٦٠، ڕووسی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی، بەتایبەت **دوکتور ژیواگۆ**. پاسترناک خەلاتەکەی خۆی وەرنەگرت.
١٩٥٩ سالواتور کواسیمۆدۆ Salvatore Quasimido (١٩٠١-١٩٦٨، ئیتالیایی) بە بۆنەی شێعرە غەرامییەکانی.
١٩٦٠ سێن ژان پێرس Saint-John Perse (١٨٨٧-؟، فەڕانسەیی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٦١ ئیڤۆ ئاندریچ Ivo Andric (١٨٩٢-١٩٧٥، یۆگوسلاویایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٦٢ جان شتەینبێک John Stainbeck (١٨٠٢-١٩٦٨، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٦٣ گیۆرگ سێفێریس Giorgos Seferris (١٩٠٠-١٩٧١، یۆنانی) بە بۆنەی شێعرە غەرامییەکانی.
١٩٦٤ ژان پۆل سارتر Jean- Paul sartre (١٩٠٥-١٩٨٠، فەڕانسەیی) بە بۆنەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی. سارتر خەلاتەکەی وەرنەگرت.
١٩٦٥ میخائیل شۆلۆخۆڤ Michail Sjolochov (١٩٠٥-١٩٨٤، ڕووسی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٦٦ شمۆئیل(سامۆئێل) ئاگنۆن Samuel Agnon (١٨٨٨-١٩٧٠، ئیسرائیلی) بە بۆنەی چیرۆکەکانی سەبارەت بە جوولەکەکانی ئورووپای ڕۆژهەلات؛ نێلی زاکس Nelly Sachs (١٨٩١-١٩٧٠، سوێدی) بە بۆنەی شێعر و شانۆنامەکانی سەبارەت بە جوولەکان.
١٩٦٧ میگول ئانخێل ئاستورياس Miguel Angel Asturias (١٨٩٩-١٩٧٤، گواتمالایی) بە بۆنەی بەرهەمەکانی سەبارەت بە کەسایەتی و دابونەریتی خەلکی ولاتەکەی.
١٩٦٨ یاسوناری کاواباتا Yasunari Kawabata (١٨٩٩-١٩٧٢، ژاپۆنی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٦٩ سامونێل بێکت Samuel Beckett (١٩٠٦-١٩٩٠، ئیرلەندی) بە بۆنەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی.
١٩٧٠ ئەلەکساندر سۆلژنیتسین Alexander Solzjenitsyn(١٩١٨- ، ڕووسی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٧١ پابلۆ نێرودا Pablo Neruda (١٩٠٤-١٩٧٣، شیلیایی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٧٢ هاینریش بۆل Heinrich Böll (١٩١٧-١٩٨٥، ئالمانی) بە بۆنەی ڕۆمان، کورتەچیرۆک و شانۆنامەکانی.
١٩٧٣ پاتریک وایت Patric White (١٩١٢-...، ئوسترالیایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٧٤ ئەیڤیند یونسۆن Eyvind Johson (١٩٠٠-١٩٧٦، سوێدی) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی؛ هانری مارتینسۆن Hanry Martinson (١٩٠٤-١٩٧٨، سوێدی) بە بۆنەی کۆمەلە بەرهەمەکانی.
١٩٧٥ ئوجێنیۆ مۆنتالە Eugenio Montale (١٨٩٦-١٩٨١، ئیتالیایی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٧٦ سائول بێلۆ saul Bellow (١٩١٥-...، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٧٧ ویسێنتە ئالێکساندر Vicente Aleixandre (١٨٩٨-١٩٨٤، ئیسپانیایی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٧٨ ئیساک باشێویس سینگر Isaac Bashevis Singer(١٩٠٤- ...، ئەمریکایی و لە دایکبووی پۆلەند) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی.
١٩٧٩ ئۆدیسە ئیلیتس Odysseus Elyts (١٩١٢-...، یۆنانی) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٨٠ چێسلاو میلۆش Czeslaw Milosz (١٩١١- ، ئەمریکایی و لەدایکبووی پۆلەند) بە بۆنەی شێعرەکانی.
١٩٨١ ئەلیاس کانتی Elias Canetti(١٩٠٥-، ئینگلیسی و لە دایکبووی بولغارستان) بە بۆنەی داستانەکانی.
١٩٨٢ گابریل گارسیا مارکز Gabriel Garcia Marquez (١٩٢٨- ، کلۆمبیایی) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی.
١٩٨٣ ویلیام گۆلدینگ William Golding (١٩١١- ، ئینگلیسی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی.
١٩٨٤ یاڕۆسلاو سیفێرت Jaroslaw Seifert (١٩١٠- ، چەکوسلاواکی) بە بۆنەی شێعرەکانی. **(پاشماوە لە لاپەڕەی ٧١)**

برینەکانی دەکولێنەوە

(١)

# شەست کەس بە پووشێک

(باسێک لە سەر پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار)

ب. ئارام

سەرتان لەو ڕستەیەی سەرەوە سووڕنەمێنێ، بەڵێ ڕاستە، عەینی ڕاستی، شەست کەس بە پووشێک. سات و سەودای وا لە دنیای «سیاسەت» ئەویش لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا، شتێکی سەیروسەمەرە نییە، گەلێک جار کەسانی وا هەبوون و هەن کە «بە مێزەری زل و عەبای فش و ڕیشی قەڵەمکار خۆیان بەسەر بەستزمانان بە هەیبەت کردووە»، بۆیان هەبووە مامەڵەی واش بکەن و هیچیش نەقەومێ. دەڵێن نا؟ فەرموون با ئەمنیش لەو «سەمەرانە» سەرچڵێکتان بۆ بگێڕمەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ حەڤدە ساڵ لەمەوبەر، بۆ ڕۆژانی پڕ هەمهەمەی ئێران، بۆ دەورانی پڕ کارەساتی کوردستان.

وەرز وەرزی بەهارە، دەستەچیلەی ئاگر باوەش باوەش بۆ تاودانی شەڕی «عیزەت و شەڕەف»ی ئیسلام و گرتنی کەربەلا ڕەوانە دەکرێ. لە ناوخۆشدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە جەنگەی بەرگری و بەربەرەکانیی خۆی دایە. خەرمانە گزگلی حیزبی تودە ڕۆچووە و «دێوی شەڕ هەروا سمکۆڵ دەکا و بۆ لێدانی وەچەیەکی دی تەورزینەکەی لە هەسان دەدا». دەنکەکانی تەزبێحی ئەو ڕایەڵە پۆلکیوە بە شکانی ئەستۆی «ئیمامەکەی» پرژ و بڵاو بۆتەوە، هێندێکیان کەوکوژی لێیان دراوە و ژمارەیەکیان لە تەپکەدا دەست بەسەر ڕاگیراون و زۆربەی ئەوانەشی لە کوردستان بوون، هەر لە سۆنگەی خێروبێری بارودۆخی کوردستاندا لە خەم ڕەخساون و پەڕیونەتەوە.

ئەو ڕۆژانە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان «دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشایان خواردبێ» و لەو بازنەیەدا جێگایان بووبێتەوە بەڕاستی ڕۆژانێکی سەخت و دژوار و هەناسەبڕ بووە. لەو فەرتەنەیەدا هەرکەس بە لایەکدا ڕای دەکرد، ڕیسای تئۆرییەکان یەکبەر بووبوو. باڵی چاک و خراپی ڕژێم، یان وەک گوتەنی «قیر و گوو» پێکڕا هاتبوونە سەر چۆک و هەوهەویان دەکرد: کوڕە کێ ئازایە بەشی خۆی بگرێ.

لەو بەزم و فەرتەنەیەدا، جەماعەتی «**پەیڕەوی کۆنگرەی چوار**»یش کە حیزبی تودە بەو هیوایەی بە سازدانی شەڕی یەکدی کوژی (لە کوردستان) بەردی بناخەی «بەرەی یەکگرتووی گەل» یان (لە ئێران) پێ ساز بکا، دەستی سڕ و لەرزۆکی گوشیبوون، وەبەر ئەو سێڵاوە هاتن. ئەمانیش لە ژێر سێبەری «جود» لە (گادەر) پەڕینەوە و ئاودیوی ڕووکاری (کێلەشین) بوون.

سەرتان نەیەشێنم، پتر لە شەست کەس لەم جەماعەتە کە ئەمنیش یەکێک لەوان بووم، بە هەزار ناری عەلی و بە دڵەتەپە و لەڕاستیدا بۆ دۆزینەوەی خۆمان و بۆ دەربازبوون لەو داوە جاڵجاڵۆکەی کە تێیدا قەتیس ببووین، ڕوومان لەو کەژ و کێوانە کرد تا هەناسەیەکی بە ئاسوودەیی و بە ئازادی هەڵمژین. ئەمن ئەودەمی لە شاری سنە قوڕەکارییم دەکرد، ببوومە وەستای مالان. هەڵبەت پێشتریش ساڵێک زیاتر هەر لەو شارە لە چاپخانەی دەوری مەیدان "پیتچن"یم دەکرد. لەو شارە زل و زەبەلاحەدا بە خۆشییەوە ژمارەی جووتباقیەکراوەکان بە «کۆنگرەی چوار» لە ژمارەی قامکی تاقە دەستێک واوەتر نەدەچوو. نە کەسی وای هەبوو بە دڵ بۆی تێبکۆشێ نە هێندەش لە بەر دڵان بوو کەس وەدووی کەوێ. بۆیە دەڵێم بە خۆشییەوە چونکە ئەگەر وانەبا ژمارەی قوربانییەکانی پتر دەبوو.

ئەو ڕۆژانە زۆر دەنگ و باسی ناخۆش و جۆربەجۆرم دەبیست. تاڵترینیان هەواڵی دڵتەزێنی گوللەباران کرانی دۆست و هاوڕێی تافی منداڵیی هەتا ئەودەمیم «ناسری خۆشکەلام» بوو لە شاری بانە، کە بە قەدەر ساڵێک پێشتر هەر لەو شارە لەگەڵ دۆستێکی خۆشەویستی دیکەمدا گیرابوون. چۆنیەتی گیران و هەڵسوکەوت و بەربەرەکانیکردنی لەگەڵ قەسابەکانی ئیمامی زەمان لە ناو زینداندا و پاشانیش گوللەباران کردنەکەی لە ٢ی بانەمەڕی ١٣٦٢(١٩٨٣)، داستانێکی تاڵ و تراژیک و لەبیرنەچووی لاوێکی پێگەیشتووی بە ئارەزوو نەگەیشتووە، کە بەداخەوە هەتا ئێستا باس نەکراوە و بە نەناسراوی ماوەتەوە.

هەر ئەو دەمانە و بە دووسێ ڕۆژ دواتریش چاوم بە وەسێتنامەکەی کەوت کە لە کاغەزێکی زەردی تەنکەڵەدا نووسیبووی و لە پاکەتە جگەرەیەکدا شاردبوویەوە، کە پاش گەڕاندنەوەی تەرمە گوللەدابێژکراوەکەی دۆزرایەوە. هەڵوێست و ورەی ناسر لە کاتی

نووسینی ئەو وەسیەتنامەیەدا، سەعات یەکی هەمان شەوی گوللەباران، ئازایەتی و بڕواپتەویی مرۆڤێکی دەردەخست کە بە هەموو دڵنیاییی خۆیەوە دڵی بۆ "ئاوەدانکردنەوەی باخی ژیان" تەنانەت ئەگەر بە خوێنی خۆشی بێ، لێدەدات. ئەو پەترۆکە کاغەزە پڕ بایەخە زۆر بە قووڵی کاری دەکردە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە ناسریان دەناسی. ئەمن ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵانە هەر کاتێک ئەو ساتانەم دێتەوە بیر کارتێکردنەکەی لە خۆمدا هەستپێدەکەم، بە جۆرێک کە دڵم دەگوشرێ. پاشانیش کە ئاگادار بووم ڕێبەرایەتی «کۆنگرەی چوار» ئیزنیان نەدا لە دەرفەتی گونجاودا لە زیندان دەربچێ، کارتێکەریی ئەو تاوانە گەورەیە پتریش دەبێ.

ئەو دەمانە بارودۆخێکی سەیر بوو. ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە تەلەڤیزیۆندا مێزگردیان دەگێڕا، هەوڵیان دەدا بۆ تاوانبارکردنی یەکتر، پاشەوبڕ لە یەکدی بدەنەوە. شەڕێکی هیستریکی ئاوسار پساو لە گوڕێدا بوو. دڵکرمۆڵی و دڵەڕاوکێ بە تەواوی پشووی سوار کردبوو. لەم بارو زروفەدا دۆستێکی شاری سەقز سەری لێ هەڵێناین و دەستی کرد بە وەسفی یاران لە دەرەوە و خۆ مەڵاسدان بۆ، گورمی نوێ. وەک کەسێکی لە تەنگاوکەوتوو ــ دەروویەکی لێکرابێتەوە ــ لە ئامێزم گرت و پاش یەکدوو ڕۆژ و هاتنی دۆستێکی دیکەمان بە سێ قۆڵیی وەڕێکەوتین و بە هەزار دڵەتەپە و چەرمەسەریی سەرمان لە بناری (کێلەشین)، لە پاڵ دەواری هەوارچییانی میواندار دەرهێنا. چ ببینین؟! هەر ئینسانن، دوودوو و سێ سێ وەک کارگۆکی بەهاری لە گوێی ئەم بنار و ئەو تەپک سەریان دەردێنا. غەڵبەغەڵب و حەشامەتێک بوو ئەو سەری دیار نەبێ، هەر لەوێ پۆل پۆل و وەجبە وەجبە پاک و پیس دەکران و هەرکام لە بەرەبابی خۆی توند دەکرا. تا لامان کردەوە دیتمان سەدان کەس لە ناوچەی (ڕۆست) و (خەڵیفان) گردەوەکۆیی کراون. ئەوجار بە قەد پاڵ و گەلاجاڕانەوە وەربووین و کەوتینە کەپر سازکردن. دیترا ئەو وەزعە بەم جۆرە دەریناهێنێ و ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا، بڕیاردرا هەرکەس بەشە ماڵی خۆی جیابکاتەوە. ئێمە کە لە هەمووان کەمتر بووین لە پەنا زۆنگاو و لاپاڵێکی قەراخ چۆمی (دەراو)ی لۆلان دامەزراین. لە کاولەکۆنێکی کاولکراوی دەستی بەعسدا بە چنگ و ددان و بە دەستی خاڵی، وەک مرۆڤە سەرەتاییەکان بە تاقە تەورێکی کول و پاچێکی کۆڵ و پێمەڕەیەک وەخۆکەوتین و کەوتینە گیانی شاخ و داخان. تا ئاوڕمان لە خۆمان دایەوە و سەرمان هەڵبڕی سارد و سەرمای پاییزیشمان بە سەرداهات...

ماڵی حیزبی شیوعی ئاوەدان بێ، گەلێکیان زەحمەت پێوە کێشاین، ئەوانیش شاگەشگە ببوون کە لێی گەڕێ ئەوە سەدان کەسی تازەکورە، بەرق و بڕستی بەزەبرتر هاتوون، ئەمجار دەبینی جا چۆن پاشی وچانێک تەنووری شۆڕش تاودەدرێ! بەڵام هەر لە سەرەتاوە نیشانەکان دەریان خست کە ئەم مەنجەڵە بە حەوت ساڵ جا دێتە کوڵ. بەرەبەرە کاتێ ئەو پشوو درێژییە بینرا، شێعر و شاعیری پەرەی گرت. هەرکەس ئازابا لە ژێر سێبەری دار بەڕوودا و لە بەر خشپەی کەڕەگەڵادا شێعری هۆنیبایەوە. یادی بەخێر دۆستێکی خۆشەویستم لە کاتی حەرەسیات و بەتاریکان بە دەم ڕاوێچکەی سەربانەوە شێعری بۆ هاتبوو، شێعرەکە هێندە قووڵ بوو دۆستە خۆشەویستەکەم تا لای کردبووەوە بە دەستێکی هەڵبەستراو و قاچێکی ئازاردیتوو خۆی لە بن جێگادا بینیبووەوە.

دەڵێن شەڕ لە بەتاڵی خۆشترە، جا وەرە جەماعەتێکی "بەرپرس" و "ڕووناکبیر" کە جگە لە خەفەریات وحەرەسیات و شێعر کردن چی دیکە بە ڕەوا نازانێ و چ کاری نەبێ و بگرە خۆی لە هەموو دنیا بە مەزنتر بزانێ و بە خوارەوە ڕازی نەبێ و لە سەریشەوە جێگای نەبێ، چ شتێک باشتر دەبێ لە ددان خستنە ناو جەرگی یەکتر و لە سەر تاج و تەختی هۆمەرپاشا ئاوقای یەکتر بوون؟ کۆمیتەی ئەیالەتی حیزبی تودە بوونە سێ قۆڵی «شەخسی» کە سێبەری یەکتریان دەنگاوت، جناحی «جان وین»ی فیداییەکان کاک ئەنوەری بەسزمانیان وەلانا، شەڕی سەرەکانی کۆنگرەی چواریش تەنانەت بۆ دانانی کەسێک لە جێی بەتاڵبووی «ناسری خۆشکەلام» بە جێگای زۆر باریک کێشرا. ئەمانە و گەلێک بابەتی لەو چەشنە لەڕاستیدا زبجیرە حیکایەتێکی چەند ساڵەی جێگای جەخار و ئەسەفن کە بەداخەوە لێرەدا مەجالی لە سەرڕۆیشتنیان نییە. بریا دەست و قەڵەمێکی بە توانا و ئەمین هەبا و بیانگێڕێتەوە، تا ئەم تەنزە کۆمەڵایەتییانە پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە بخاتە سەر لێوی وەچەی داهاتوو.

پێموایە ئەم پێشەکییە کورت و پچڕپچڕە بۆ خوێنەری هێژا گەلێک پێویستە تا باشتر بتوانێ مامەڵەی شەست کەس بە پووشێک بهێنێتە پێش چاوی خۆی و لە قورسایی ژانەکانی تێبگات.

لەو بارو رزوفە ئەستەمەدا کە پێشتر ئیشارەم پێکرد، شەست کەس لە کەسانی «پەیڕەوی کۆنگرەی چوار» خۆیان قوتار کرد و لە زەبر و زەنگی سەربازەکانی ئیمامی زەمان دەرباز بوون و لە دۆڵی (لۆلان) گیرسانەوە. هەر لە سەرەتاوە مقۆمقۆی ئەوە پەیدابیوو کە لێرە بە دوا دەبێ چ بکرێ؟ شتێکی سروشتی بوو کە پاش ئەم هەموو بگرە و بەردە و شەق شەقێنە هەر ئەم بابەتە ببێتە دەستوری جەلسەی «کۆمیتەی ناوەندی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار». دەرکەوت کە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری گشتی هاتووەتە سەر ئەوەی کە ئێمە لێرە دەستەوەستانین و چمان پێناکرێ. بلا هەیئەتێک ساز بکەین تا بچینە خزمەت کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە بۆ «ڕا و مەشوەرەت و تەگبیر». تا ئێرە هیچ شتێکی نائاسایی لەم هەڵوێست و تێڕامانەدا بە دی ناکرێ، "ڕێبەرایەتی"یەکی ئەوتۆ کە تا ئەودەمی نەک بە گوێرەی عەقڵ و مەزندەی خۆی، بەڵکە تەنیا بە ئەمری ڕێبەرایەتی حیزبی تودە قامکی بە ئاودا دەکرد و سەروماڵی لە خزمەتی دا بوو، شتێکی سەیر نییە ئەگەر لە تەنگانەیەکی ئەوتۆشدا دەست لە سەر ئەژنۆ چاوەڕێی نووشتەی بارەگا بێ. لە کوردەواریدا دەڵێن سەفەر و سەودا دوو مەرجی سەرەکین بۆ یەکتر ناسین. مرۆڤەکان تا کەمتر دەستیان بە یەکتر ڕابگا و لە یەکدی دوور بن، زۆر شتی یەکتریان بۆ دەرناکەوێ. جا ئەگەر پێوەندییەکە حیزبایەتی بێ و ئەویش لە نەوعی

لە باوەژنەکەش بێ و هەموو شتێکیش بڤە بێ، ئەوە هەر گەلێک خراپترە و زۆر ئاسان دەکرێ بۆ خۆڵ بە چاوداکردن و تەفرەدانی ژێردەستە و ڕەشۆکییەکان، دەیان شتی چارەنووسساز لە ژێر بەرەدا بشاردرێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە زەبر و زەنگی خۆی هەموومانی لە کاولەکۆنێک و لە ژێر میچی چەند ژوورێکدا کۆکردبووەوە، سەروبەری ئەو قەوارەیە وەک هێلکەی پاککراو هاتبوە سەر لەپی دەست. ئەمجار بە گوێرەی جاران چ شاردنەوەیەک مومکین نەبوو. وردە وردە دەردەکەوت کە مەسەلەی ڕەوانەکردنی هەیئەت بۆ دەرەوەی وڵات هیچ شتێک نەبووە جگە لە فێڵ و فەرەجێکی «سیاسەتبازانە» تەنیا بۆ خۆ دەربازکردن و خۆدزینەوە لە «بەرپرسیارەتی»یەک کە تا ئەدەمی گۆیا خستبوویانە سەر شانی خۆیان. بە تێکخستنەوە و لەپاڵیەکدانانی ئەو قسە و باسانەی کە لەم و لەو و لەوانەش کاک «ئەحمەدی عەزیزی» و «دوکتور مەحموود» ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هیترم دەبیست، دیاربوو کە وەستای ئەو پلانە کاک «حەمەدەمینی سیراجی» بووە و بە ئەزموونی کۆنی خۆی بەنی ئەو فێڵەی زۆر چاک ڕستووە. سەرەتا لە یەکەم کۆبوونەوەدا هەرکام لە ئەندامانی «کۆمیتەی ناوەندی» ئالترناتیڤی خۆی بۆ داهاتووی ئەو قەوارەیە پێشکەش دەکات. یەک دەڵێ پێوەندی بە حیزبی دێمۆکراتەوە بگرین، یەک دەڵێ ناوی خۆمان بگۆڕین، یەکی دی دەڵێ لە گەڵ حیزبی تودە یەکبگرینەوە و هیتر... کاک حەمەدەمینیش بە حەراڕەتەوە ئالترناتیڤەکەی خۆی باس دەکات کە دواترر بە گاڵتە ناوی «تەشکیلاتی تەلەفۆنی» بە سەردادەبرێ. کاک حەمەدەمین دەڵێ: «کاکی خۆم، لە وەزعێکی نالەباردایین، ئەمن پێشنیهاد دەکەم هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بچنە دەرەوە، با ئەم جەماعەتەش پاش نیشتنەوەی تەپ و تۆزەکان بچنەوە ناوەوەی ئێران، دواتر پێوەندییان پێوە دەگرینەوە و تەشکیلات ساغ دەکەینەوە!» لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش کە لێی دەکرێ، باشە دواتر چۆن پێوەندی دەگرینەوە؟ زۆر ڕاحەت دەڵێ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە!! هەر لە سەر ئەم ڕوونکردنەوەش دەبێ کە تێزەکەی بە "تەشکیلاتی تەلەفۆنی" ناودەردەکات. کاک حەمەدەمین کاتێک دەبینێ تێزەکەی برەوی نییە، ئەمجار بە دەم و ڕاوێژێکی خۆماڵییانە دەڵێ: «کاکی خۆم، کە وای لێهات با جارێ بۆ یەک دوو مانگ لەم باسانە گەڕێین، تا ئێرەمان هێناوە با ئەو یەکدوو مانگەشی لە سەر بێ، ئێمە بە مەشوەرەتی حیزبی تودە و ڕاگۆڕینەوە لە گەڵ ئەوان جیابووینەتەوە، باش وایە ئێستاش ئەوانمان لەبیر بێ و «تەگبیر و مەشوەرەت»ێک بە وان بکەین، با چەند کەسێک لە ئێمە بچین و قسەیان لە گەڵدا بکەین، ئەمە زۆر عاقڵانەیە و بەری بڕیاری بە پەلە دەگرێ کە ڕەنگە پەژیوان بوونەوەی لە دوا بێ». جارێکی دیکەش لە سەر لانی زۆر دوو مانگە بوونی ئەو «ڕاسپاردە»یە پێدادەگرێتەوە. بۆ هەیئەتەکەش خۆی و کاک «غەنی بلوریان» و کاک«نەویدی موعینی» پێشنیهاد دەکات. ئەم تیرە نیشانەی پێکا و، بە خێر و خۆشی کاروان بەڕێکرا.

پاییز و جستان ڕۆیی، بەهار و هاوینیش بە سەرداهات، بەڵام هیچ سۆراغ و وەڵامێک لە کاروانچییەکان هەر نەبوو. ئێمەش جارێکی دیکە کەوتبووینەوە ماڵگوێزانەوە و قوڕەکاری، لە پاڵ ئەوەشدا کێویلە و گۆیژ و گوێزتەکاندن، بۆ نانەسکێ و دانەوێڵەی جستان. کاک ئەحمەدی عەزیزی کە زۆر ددان بە جەرگی خۆیدا دەگرێ و بە چکە چکە نەبێ حەزی لەوە نەبوو "ئۆتۆریتە"ی تەشکیلاتی بشکێ، ڕۆژێکیان پەتی قسەی شل کرد و وتی: ڕاستییەکەی ئەمن تا ئێستاش سووکە دڕدۆنگییەکم هەر مابوو، بەڵام ئەمڕۆ دڵنیام کە ئەو زەلامانە کڵاویان لە سەرناوین». هەروەها گێڕایەوە کە لەو کۆبوونەوە نامبارەکەیەدا ئەمن موخالیفی ناردنی هەیئەت نەبووم، بەڵام شکم لەوەدا هەبوو کە بگەڕێنەوە. ئەمن هەر ئەودەمی لە کۆبوونەوەکەدا وتوومە، کاکەگیان، مانگ و دو مانگ کە ئێوە دەیڵێن هەمووی قسەیە، بڕوای پێناکەم، کاکە، شەش مانگیش خاتری ئێوە بێ، بەڵام پیاوانە بگەڕێنەوە، با لە لای ئەو جەماعەتە ترۆ نەبین». ئەمن لە کاک ئەحمەدم پرسی: «باشە بۆچی بۆ خۆت نەدەچووی، کە پێموایە حەتمەن دەگەڕایتەوە؟ لە وەڵامدا وتی: «دیاربوو کاک حەمەدەمین پێشتر قسەی لەگەڵدا کردبوون. کاک غەنی خۆشەکرابوو، نەویدیش بۆ خەرجی ناو ڕێگا پارەی لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو، ئەگەر خۆی تێدا نەبا بە کەسی نەدەدا، ئێمەش دەستمان بەتاڵ بوو، کاک حەمەدەمینیش ئەمەی هەر لە بەر خۆی سازکردبوو کە خۆشی تێدابێ». هەروەها وتی: «ئێوە ئاگاتان لە چییە، کاک حەمەدەمین هەر لە یەکەم ڕۆژدا ژن و منداڵەکەی خۆی، هەر لە ڕێگای ئەو "باندی قاسملوو"ەی خۆمانەوە و کاک یوسفی ڕیزوانی ڕەوانەی عێراق کردەوە تا ئەوانیش خۆیان بگەیەننە دەرەوە و لەوێ یەکبگرنەوە...».

بە هەرحاڵ ساڵێکی تریش تێپەڕی، ئێمە هەر خەریکی وڵاخداری و خۆدزین و گەڕان بەم کەوێڵ و ئەو کۆختەدا بووین بۆ نانە سکێی ڕۆژانە. هەر لەو ماوەیەشدا ڕاسپاردەی حیزبی تودە سەردانی برادەرانی خۆیانی کردبوو. تەنانەت نەفەری ناردراوی جەماعەتی تودە کە هەر لەگەڵ ڕاسپاردەکانی «ئێمە»دا ڕۆیشتبوون، گەڕایەوە، بەڵام لە مەرد و ڕەندەکانی ئێمە هیچ خەبەرێک نەبوو. پاشی زیاتر لە دووساڵ مقۆمقۆ پەیدابوو کە شوکور بۆ خوا نامەی جەماعەت هات. هەموو تامەزرۆ بووین کە بزانین چی تێدایە، بەڵام بە دیتنی بیچمی کز و توورەی کاک ئەحمەدی عەزیزی و زەردەخەنەی دوکتور مەحموود دەرکەوت کە ئەو هەمبانەیەش گەلێک بەتاڵە. دواتریش باسکرا کە کاک حەمەدەمین لە نامەکەیدا هەر بە ڕاوێژی جاران و کاکی خۆم کاکی خۆم دڵخۆشی جەماعەتی دابووەوە. پیاو حەق بڵێ ئیشارەشی بەوە کردبوو، کە لەم دوو ساڵەدا بێکار دانەنیشتووە و دوو کتێبی گرینگی تەشکیلاتی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی.

ئیتر هیچ شتێک نەمابوو کە چ کڵاوێکی ڕەهۆڵمان سەرچووە و چلۆن کایە بە متمانە و ڕاستی و سەداقەت و ژیان ومان و نەمانی شەست ئینسان کراوە. وە چلۆن دەکرێ و دەشێ ئینسان بکرێتە پردەبازی لووتبەرزیی و خواست و ویستی بێبایەخی تاکەکەسەکان. سێ ساڵی ڕەبەق بە سەر ئەو بارودۆخە یەکجار تاڵ و و ئەستەمەدا تێدەپەڕی. هیچ متمانەیەک نەمابوو، کەس لە کەس ئەمین نەبوو، دەست لە عەرز و ئاسمان بڕابوو. هەموو ئەو چاوەڕوانییانەی لەمەڕ یەکلاکردنەوەی

چارەنووسی تاڵی هاوبەش ــ بەتێکڕایی و پشت بە پشتی یەک ــ ببوە بڵقی سەر ئاو. ئەو کەسانەی سوێند بە سەریان دەخورا و خۆیان لە دەرووی سەر سلامەتی خست و چ ئاوڕێکیان لە گفت و بەڵێن و بەرپرسیارەتی خۆیان نەدایەوە.

ئەمن کاتێک بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، زۆر بە داخەوە دەبم کە چلۆن ژیانی دەیان ئینسانی شەریف و لێبوردوو لە بەر پێ و لاقی سیاسەتبازانی مەرد و ڕەند پێخوست کرا. ئەمن زۆر بە داخەوە دەبم کە دەبینم چلۆن ئەنرژی و توانای دەیان کەسی لێهاتوو تەنیا بۆ دامرکاندنی حەزی تاکەکەسیی بە لاڕێدا برا و پووچەڵ کرایەوە...

پاشان و زۆر دواتر زانیم کە ئەم کاروانە دوای نزیکەی سێ ساڵ چوارمەشقی دانیشتن و باوێشکدان لە سووریە و لە بەر پێداگری و سووربوونیان لە سەر بە ئەنجام گەیاندنی مەئموریەتەکەیان، سەرەنجام بە خێروخۆشییەوە، سێ پاسپۆرتی «چێکوسلاواکی»یان لە باخەڵ توند کرد و لە فرۆکەی سەربەرزیدا ڕۆدەنیشن و لەگەڵ پێشوازی شایانەی هەیئەتی تایبەتی حیزبی تودە بەرەوڕوو دەبنەوە. «عەلی خاوەری» سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە بە نوێنەرایەتی هاوڕێکانی بە خێر هاتنی گەرمیان لێدەکا و دەڵێ: بە خێر بێن بۆ باوەشی حیزبی تودە». کاک غەنیش وەک کوردی دۆ نەدیو لە وەڵامدا دەڵێ: تۆ حەقت چییە بە من بڵێی بەخێر بێن بۆ باوەشی حیزبی تودە، ئەمن لە ساڵی ١٣٢٧ وە ئەندامی حیزبی تودەم». ئەم بەستزمانە کاتێک ئەم ئازایەتییەی بۆ «بەردەستەکانی» دەگێڕایەوە، نەیدەزانی ئێستا پاش زیاتر لە چواردەساڵ لێی دەبێتە تۆق و ئەو پاکانەیەی لێدەکاتەوە بە خوری کە لە «ئاڵەکۆک»ەکەیدا دەڵێ: بە چەند سوێند و قورئان ئەمن هیچ فرم بە حیزبی تودەوە نەبووە.

بەهەرحاڵ، ئەم ڕاسپاردانە پاشی وەرەزبوونێکی زۆر پێیان دەگاتە مەملەکەتی "خۆر و ئەوین". ئەم ئازیزانە بەم سەرفرازییە هێندە شاگەشکە ببوون کە بەر لاقی خۆشیان بزرکردبوو، بە جۆرێک کە بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە پاشی خۆیان بدەنەوە، وەک بڵێی نە باشیان دیتبێ و نە بۆران، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە کەوتنە مەلەکردن لە گۆمی خەیالاتی خۆیان، ئەمجار «لە بەر مەسڵەحەتی ستراتێژی کوردایەتی و پێوەندی کوردان لە گەڵ سەرکردایەتی سۆڤیەت» و کردنەوەی رادیۆی کوردی چارەکە سەعاتی لە سۆڤیەت!! تف لە هێنەکەی جاران کرا و بە پەترۆکە کاغەزێکیش شێر و ڕێوی بۆ هێنرایەوە. دیارە ئەم فیداکارییەش بێ وەڵام نەمایەوە. کاک غەنی بە پەیژەی دەفتەری سیاسیدا وەسەرخرا، کاک حەمەدەمین بەرگی ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی بە بەردا کرا و کاک نەویدیش وەک داشە هارەیەکی چالاک وەگەڕ خرا.

وە، بەمجۆرە مامەڵەکە بە سەرەنجام گەیشت. هەڵبەت ڕەنگە، من بە هەڵەدا چووبێتم و ئەو ئازیزانە لەوە تووڕە بن و بڵێن: هێنەکە هەروا سووک و سادە و لە سەر پووشێک نەبووە. لەوەدا حەق بە ئێوەیە خۆشەویستان دەبوا نووسیبام «شەست کەس بە سێ پاسی سووری چێکی...».

ئاڵمان ٢٠٠٠/٨/٢٥

(پاشماوەی لاپەڕەی ٦٧)

١٩٨٥ کلوود سیمۆن Claude Simon (١٩١٣- ، فەڕانسەیی) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩٨٦ وال سۆینکا Wole Soyinka (١٩٣٤- ، نیجەریایی) بە بۆنەی شێعر، شانۆ و ڕۆمانەکانی.

١٩٨٧ ژۆزێف برۆدسکی Joseph Brodsky (١٩٤٠- ، ڕووسی و نیشتەجێی ئەمریکا) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩٨٨ نەجیب مەحفوظ Nadjib Mahfouz (١٩١٢- ، میصری) بە بۆنەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی.

١٩٨٩ خورخە لوئیس بورخێس (١٨٩٩-١٩٨٦، ئارژانتینی) بە بۆنەی شێعرەکانی.

١٩٩٠ ئۆکتاڤیۆ پاز Octavio Paz (١٩١٤-١٩٩٨، مێکزیکی) بە بۆنەی شێعرەکانی. (بڕوانە گزینگی ژمارە ٢٠، هاوینی ١٩٩٨).

١٩٩١ نادین گۆردمیر Nadine Gordimer (١٩٢٣- ، ئەفریقای جنوبی) بە بۆنەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی.

١٩٩٢ دێرێک والکۆت Derek Walcott (١٩٢٩- ، سێنت لوسیا ــ دوورگەی هیندی ڕۆژئاوایی لە دەریای کارایب) بە بۆنەی بەرهەمە ئەدەبییە ئاماڵ شێعرەکانی.

١٩٩٣ تۆنی مۆریسۆن Toni Marrison(١٩٣١- ، ئەمریکایی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە١، پاییزی ١٩٩٣)

١٩٩٤ ئۆیە کەنزابورۆ Oe Kenzaburo (١٩٣٥- ، ژاپۆنی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە ٦، زستانی ١٩٩٥)

١٩٩٥ شیموس هینی Seamus Heaney (١٩٣٩- ، ئیرلەندی) بە بۆنەی کۆمەڵە شێعرەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە ١٠، زستانی ١٩٩٦)

١٩٩٦ ویسلاوا شیمبۆرسکا Wislawa Szymborska (١٩٢٣- ، پۆلەندی) بە بۆنەی کۆمەڵە شێعرەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧).

١٩٩٧ داریۆ فۆ Dario Fo (١٩٢٦- ، ئیتالیایی) بە بۆنەی شانۆنامە و کارەتیاترەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩٨)

١٩٩٨ خۆزە ساراماگۆ José Saramago (١٩٢٢- ، پورتەقالی) بە بۆنەی کارە ئەدەبییەکانی. (بڕوانە: گزینگ ژمارە٢٢، زستانی١٩٩٩)

١٩٩٩ گونتێر گراس Günter Grass (١٩٢٧- ، ئالمانی) بە بۆنەی ڕۆمانەکانی (بڕوانە: گزینگ ژمارە ٢٥، پاییزی ١٩٩٩)

٢٠٠٠ گۆ شینگیان (١٩٤٠- ... چینی) بە بۆنەی دراما و ڕۆمانەکانی.[٢]

١) بۆ نووسینی ئەو کورتە باسە لە ڕۆژنامەی DN (١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٠) کەڵک وەرگیراوە. (هێرش)

٢) *تاریخ ادبیات جهان* (جلد دوم)، **باکتر تراویک**، ترجمه: عربعلی رضائی، تهران ١٣٧٣.

# نامەیەک لە کوردستانەوە

مـاویەک لەمـەوبەر، لەلایەن بەڕێزکـاک «بەهمـەنی سـەددیقی» کـوڕی مـەرحـووم «خـەلیلی سـەددیقی»، نامـە و ژیاننامەیەک، وێڕای چەند وێنەی یادگاریی و دوو کاسێت لە بەرهەمەکانی مەرحوومی «خەلیلی سەددیقی» بە هۆی دۆستی بەڕێز کاک «س. لاوەیی» بۆ گۆڤاری گزینگ ڕەوانە کراوە کە جێگەی سپاس و پێزانینە. کاک بەهمەن، ئەو نامەیەی وەک سکالایەک، سەبارەت بە نووسراوەی «ئاوڕێک وە سەر ژیان و بەرهەمی... خەلیلی سەددیقی(گزینگ، ژمارە ٢٧)» بە قـەڵەمی نووسـەری ڕێزدار «ع. مـازیار»، وێڕای ژیاننامەکە، بە نیازی بلاوکـردنەوە ناردووە. بەڵام چونکە ناوەڕۆکی ژیاننامەکە، لەگەڵ دەقە چاپکراوەکەی کاک «م. مـازیار» کە بەوپەڕی سەداقەت و دڵسـۆزی و جوانکارییەوە نووسراوە، فەرقێکی ئەوتۆی نییە، لێرەدا تەنیا نامەکە و چەند وێنەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو «خەلیلی سەددیقی» پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێ و، لە کۆتاییدا هیواداریـن ئەگەر سووکە دڵنێشانێکیش لە نێوان کـاک بەهمـەنی خۆشەویست و نووسـەری خـامـە ڕەنگین کـاک «م. مـازیار» بە بۆنەی ئەم وتارەوە ڕوویدابێ ـ کە هەردووک لا بۆ ئێمە ئازیزن ـ هێور و ئەهوەن ببنەوە. (گزینگ)

بەڕێز.......

وێڕای عـەرزی سـلاو و درودی بێ پـایان بۆ جـەنابت و هـاوکـارانی ئازیزی دیکـەتان، هەر ڕۆژ زیاتر لە پێـشـوو لە کـاری گـەورە و گرینگ کە هەمان خزمەت لە پێناوی گەشەپێدانی فەرهەنگی و ئەدەبی و بەتێکڕایی ڕۆشنگەری یە، سەربڵیند و سەرکەتوو بن. هەروەها لەوەیکە لە ژمارەی ٢٧ی گۆڤارە سەرکەوتووەکەتان، ژیاننامەی باوکی هونەرمەندم مەرحووم «خەلیلی سەددیقی»تان بە قەڵەمی «ع. مازیار» چاپ کردووە بێنیهایەت منەتبار و سپاسمەندم، هیوادارم لە بەستێنی ناساندنی سیما و شەخسییەتگەلی سیاسی ــ ئەدەبی ــ فەرهەنگیی نەتەوەی کورد کە بە زۆر هۆیان بە دەشتی فەرامۆشی ئەسپاردراون هەر ئەو میتۆد و شێوەیەی کە ڕەچاوتان کردووە درێژە بدەن کە کارێکی تابڵێی مەزن و شیاوی پەسنە. ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە هەوڵدا دەبین بە گوێرەی هێز و توانایی لە داهاتوودا زیاتر لە خزمەت ئێوە دڵسۆزان و ئەمەگدارانـدا بین، ئیشاڵلا.

برای گـەورەم کـاک هێـرش، بیـرهێنانەوەی خـاڵێک سەبارەت بە وتاری ئاماژەپێکراو بـۆ منی چکۆڵە خـاوەنی گرینگی یە و لە کانگای دڵمەوە دەخوازم کە هەم ئێوە دڵسۆزان و هەم خوێنەرەوانی گۆڤارەکەش ئاگاداری جەریانی کارەکە بن و ئەویش ئەوەیە کە نووسەری وتارەکە «ع. مازیار» بە ئانقەست یا بە سەهو نەخشی منی لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ژیاننامەکە نە تەنیا لەبەرچاو نەگرتووە بەڵکە لە ئاخری وتارەکەدا وایداناوە کە زانیـارییـەکـانی بەردەستی نێـو بیـۆگـرافییـەکە دەبەرگری مـەتڵـەبگەلێکە کە تەنانەت بەهمەنی سەددیقی و خوسەرەوی سەددیقی کوڕانی مەرحووم خەلیلی سەددیقی لێی بێ خەبەربوون کە بچووک ئەوکارەی ئاغای «ع. مـازیار» و ئەو ئیدعـایەی وی کـە بۆنی هەقـیـقـەتی لێ نایە و شـەخـسی ئەوانیش باشـتر لە هەرکـەس دەزانن تەواوی مـەتڵـەب و زانیـارییـەکـانی تۆمـارکراو لە وتارەکـەدا لە لایەن منەوە لە ئیـخـتـیـار ئەوان نراوە نازانم چۆن هەڵـسـەنگێنم تەنیـا داوەرییەک کە دەبێ بیکەم ئەوەیە کە بەڕاست کاری فەرهەنگی و ئەدەبی و کاری مەعریفەتی ئەشێ بە ڕەوشتی تایبەت بە خۆی و ڕەسەنایەتی شاز تێکەڵاو بێ، لە کاری ڕۆشنگەری و ئەدەبیدا نابێ ڕەوشتی ناجوامێرانە ڕێگەبدرێ و لە ئەساسدا لە شێوەگەلی مـاکیـاڤێلی لانیکەم لەو عـەرسەیەدا دەبێ دووری بکرێ ئەگـەر لە گۆڕەپانی سیاسـەتدا وەسوەسەی دەسەڵات (وەسـیلە هەدەفی تەوجیە دەکا) لەو شەرگەیەدا ئەخلاقیات حاکمی موتڵەقن. لە کۆتاییدا دەبێ ئەوەشی بخەمەسەر کە وتاری ژیاننامەی خەلیلی سەددیقی (بە ڕواڵەت بە قەڵەمی ع. مـازیار) تەواوی هەوڵی منی بچـووک لەو زانیـارییـە دەگمـەنانە بووە کـە لە ئیـخـتـیـاری بنەماڵەدا هەبووە و خۆم ئەوانم کۆکردووەتەوە و سادقانە بە نیازی خزمەت لە ئیختیاری «ع. مازیار»م ناون.

بۆ خەتمی کەلام، بچووک ئارەزووی سەرکەوتوویی هەرچی زیاتر بۆ ئێوە سەروەران و ڕێرەوانی ڕێگەی ئازادی دەخوازێ.

بەو پەڕی ڕێزەوە: کاوە (بەهمەن)ی سەددیقی



خەلیلی سەددیقی لە تەمەنی ٢٧ سالیدا



خەلیلی سەددیقی لە تەمەنی ٣٥ سالیدا



لاوانی دیمۆکرات کە لە سالی ١٣٢٥(١٩٤٦) بە پێشنیاری پێشەوا قازی موحەممەد بۆ تێپەڕاندنی دەورەی سیاسی ـ نیزامی ڕەوانەی باکۆ دەکرێن و لە زانکۆی (سالیانسکی)خەریکی دەرس خوێندن دەبن. ئەوان نزیکەی ٥٠ کەس دەبوون کە «خەلیلی سەددیقی» هونەرمەندیش (ڕیزی دووهەمی دانیشتووان، نەفەری سێهەم) یەکێک لەوان بووە.

# بەرقەرار بێت ئاشتی لە کوردستان

## کاروانی ئاشتی

کاتێک لۆژیکی جەنگ و ناتەبایی، دەسەڵات و قازانج دەبن بە ڕێگری سەرسەخت لە بەردەم بەرژەوەندی و ویست و ئارەزووی زۆربەی گەلی کوردستاندا و دژایەتی ژیانی ژێر سێبەری ئاشتی دەکەن. کاتێک کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبنە ماراتۆنی شکستی و کوشتنی هیوای بەرقەراربوونی ئاشتی. کاتێک دەبینین لە ناو ڕیزەکانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبدا کەسانێک هەن تینووی شەڕ و کوشتارن. کەسانی ئاگرخۆشکەرەوە هەن، کەسانی گومانلێکراو هەن کە خاوەن دەسەڵاتن و دەبن بە هۆی دواخستنی پرۆسیسی ئاشتی، ئەوا ئێمە وەک کۆمەڵێ شاعیر، هونەرمەند، نووسەر، مۆسیقاژەن و گۆرانی بێژ، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر، بە لۆژیکی ئاشتی و تەباییەوە، دوور لە دەسەڵات و قازانج لە پێناوی سەپاندنی بێ قەید و شەرتی ئاشتیدا ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەین!

ئێمە هەر لە ئێستاوە بانگەوازی هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە دەیانەوێت شان بە شانی ئێمە بێن بە چەقڵ لە چاوی ئەوانەدا کە خزمەتی جەنگ و باری (نە شەڕ، نە ئاشتی) دەکەن، دەست لە ناو دەستی خوشک و برا شاعیر، هونەرمەند، نووسەر، مۆسیقاژەن، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان دەنێین، ئەوانەی کە لەگەڵ پەرلەمانتار و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا کە بەشداری شەڕی ناوخۆیان نەکردووە، لەگەڵ سەندیکای کرێکاران و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا، دەنگی ئاشتی پێک دەهێنین.

ئێمە پشت ئەستوورین بە هۆشیاری و ئیرادە و هەستی بەرپرسیاریی ناو ڕیزەکانی گەلەکەمان و پێمان وایە توانا لە بن نەهاتووەکانی پێیدەکرێت ئاشتی بسەپێنێت بێ ئەوەی ڕوو لە دەوڵەتانی تر بکرێت یا پشت بە دەوڵەتانی ناوچەکە ببەسرێت.

مەترسی جەنگ و باری (نە شەڕ، نە ئاشتی) هەڕەشە لە ئازادی بیروڕا و لە سەرجەمی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین دەکات، دوژمنانی گەل و بازرگانەکانی چەک و گرانفرۆشی بە هێز دەکات، زەمینە خۆشدەکات بۆ لە ناوبردنی تاقیکردنەوەکان. بۆیە ئێمە بە پێنووس، بە شیعر، کەمان و فلچە و بیر و کتێب و وتارەکانمانەوە، بە گیان و هەستێکی پڕ سۆز وخۆشەویستییەوە، بە چەکی ئاشتی و گفتوگۆ، دژ بە پیلان گێران و ڕێگرانی ئاشتی ڕوو لە کوردستان دەکەین، وا هاتین!

**لیستی ناوەکان:**

ڕەئووف حەسەن: نووسەر ـ تورکیا، سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم: نووسەرـ ئەڵمانیا، کاروان کەریم ئەحمەد: مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژـ ئەڵمانیا، یاسین بانیخێلانی: نووسەرـ ئەڵمانیا، ئەختەر شاکر: نووسەرـ ئەڵمانیا، خەسرەو پیرباڵ: نووسەر ـ فینلەند، فایق عومەر ڕەسوڵ: هونەرمەندی تەشکیلی ـ نەمسا، کاردۆ کامۆ: ڕۆژنامەنووس ـ ئەڵمانیا، سەرکەوت جەلال دەباغ: نووسەر ـ سوید، حەمید کەشکۆڵ: نووسەر ـ سوید، عەبدوڵلا سەراج: نووسەر ـ فینلەند، ئاڤان مەریوانی، دڵشاد حوسێن، خالد وەلید، ئەکرەم عەلی: نووسەر ـ سوید، عەباس شوان: نووسەرـ فینلەند، سەربەست ئاکرێیی: نووسەرـ ئەڵمانیا، سیروان کاروانی: شاعیر ـ سوید، مەجید حەقی: نووسەر ـ فینلەند، هەرێم جاف: نووسەر ـ بریتانیا، حەسیب پشدەری: نووسەر ـ سوید، حاجی ئەنوەر: نووسەر ـ سویسرا، عەزیز سەلیم: تەشکیلی ـ فینلەند، تەها ئەمین هەڵەدنی ـ سوید، حوسێن خوشناو: ڕۆژنامەنووس ـ ئوستralیا، سالار سۆفی: تەشکیلی ـ فینلەند، شۆڕش عەزیز سورمی: نووسەر ـ ئیتالیا، حەسەن سەید باقی: نووسەر ـ ئەڵمانیا، عبد الوهاب تاڵەبانی: ڕۆژنامەنووس ـ ئوستralیا، ئاراس نوری: نووسەر ـ ئەڵمانیا، مژدە خەلیل: نووسەر ـ سوید، ئەشنا کەمال: نووسەر ـ سوید، هیشام ئاکرەیی: بەرپرسی ڕادیۆی هێڤی ـ سوید، عەندان کەرکووکی: فیلمکار ـ ئوستralیا، بەختیار شەعبان: نووسەر ـ ئەڵمانیا، د. ناسر سۆرانی: نووسەر ـ سویسرا، دانا قادر: هونەرمەند ـ ئوستralیا...


**ژمارەی تەلەفۆن و فاکس و ئیمێل بۆ پێشنیار، ئیمزا، بەشداری و پەیوەندی کردن:**

* سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم، ئەڵمانیا:

Email: baukiprawda@hotmail.com ph: 0049 551 531 4082

* خەسرەو پیرباڵ، فینلەند:

Email: pirbal@mail.com Mobil: 358-503204815 Fax:00 358 3780 7672

* حوسێن خوشناو، ئەسترالیا:

Email: kurd@chariot.net.au Mobil:61041880556 ph: 0061882422793

* فایق عومەر ڕەسوڵ، نەمسا:

ph: 0043 6991941690

* هەرێم جاف، بریتانیا:

ph: 0044 7977799674

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 29 Autumn 2000 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 29 Autumn 2000**


**قامووسی کوردستان: گیوی موکریانی**





**KITAB-I ARZAN**

Helsingforsg. 15

164 78 Kista - Sweden

Tel & fax: +46 (0) 8 752 77 09

Mobil: +46 (0)7 492 69 24

ئادرێسی سەرلێدان (besök): **Akalla: Helsingfors g 15**

e-postadress: arzan@telia.com